مجلـــة

# الصِراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# رێگـــای راســـت

**گۆڤارێكی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزییە**
**دەستەیەك لە مامۆستایانی ئاینی دەری دەكات**


خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى


---

## ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾

(النساء:١)

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا. يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾.

(الأحزاب:٧١/٧٠)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

سەروتار

# پەنا بەخوا لە دۆستی دوژمن

**سەرنوسەر: م/ عبداللطيف أحمد مصطفى**
**ئیمام وخەطیبی مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**ئـەبو هـورەيرە (رەزای خـوای لـیٚ بیٚـت) دەفــەرمویٚت: یـەکیٚك لـە دوعـاو پاڕانــەوەو داواکاریەکانی پیٚغەمبەر ﷺ لە خوای پەروەردگار بریتی بوو لەم دوعایە:**

( اللهم إني أعوذ بك من جار السوء، ومن زوج تُشَيِّبني قبل المشيب، ومن ولد يكون عليَّ ربّاً – وفي رواية (وبالا)–، ومن مال يكون عليَّ عذابا، ومن خليل ماكرٍ عينه تراني وقلبُه يرعــاني، إن رأى حسنة دفنها، وإذا رأى سيئةً أذاعها)[1].

**لەم حەدیسەدا پیٚغەمبەری خوا ﷺ پەنای بەخوا گرتووە لە پیٚنج شت، کە هـەموویان لـە مرۆڤ نزیکن بـە بـەردەوامی، وە نزیکییـان وپابەنـد بوونیـان بـە مرۆڤـەوە ترسـناکی گـەورە دروست دەکات بۆ سـەر ئـەو موسـڵمانە، چونکە ئەگـەر دوژمنیٚکی دوور بوونایـە، ئـەوە تـا رادەیەك موسڵمان لە ئیسراحەتدا دەبوو، چونکە بەردەوام دوژمنەکەی بەرامبەری نـەدەبوو، بەڵام ئەم پیٚنج دوژمنە لە دوژمنی دەرەکی زیانیان زیاترە، لەبەر دوو هۆ:**

**١- بەردەوام لەگەڵت دان.**

**٢- وا دەرناکـەون کـە دوژمـن بـن، بـەڵکو بـە دۆسـت وخۆشەویسـت وسـوود بـەخش دەردەکەون‌و خۆنیشان دەدەن‌و مرۆڤیش دڵی پیٚیان خۆشەو خۆ پاریٚزیان لیٚ ناکات‌و ووریـا نابیٚت لە شەڕیان. لەبەرئەوە دەکەویٚتە داویانەوەو زەرەری زۆری پیٚ دەگـات لەوانـەوە بـیٚ ئەوەی هەستیش بەخۆی بکات‌و دوژمنیٚکی دیارو ئاشکراش ببینیٚت! ! !.**

**ئەم پیٚنج دوژمنەش کە پیٚغەمبەر ﷺ داوای لە خوای گەورە کردووە پەنای بـدات لیٚیـان و بیپاریٚزیٚت لە شەڕیان ئەمانەن:**

---

(١) (أخرجه الطبراني في: الدعاء: ٣/٤٥٥)، وصححه الشيخ الألباني في (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣١٣٧).

**یەکەم: دراوسێی خراپ**

دراوسێ یان ماڵی بە ماڵەکەتەوەیە، یان بەرامبەریەتی" لەبەر ئەوە ئاگای لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەت هەیەو ئاگاداری تایبەتیەکانی خێزانیشتەو، باش و خراپ دەبینێت.

جا کە دراوسێیەکی باش بوو، ئەوا لەبەر خاتری خوا ئامۆژگاریت دەکات کە واز بهێنیت لە خراپەو بەردەوام بیت لەسەر چاکە، وە بەڕێزو دڵسۆزانەوە ئامۆژگاریەکەی پێشکەش دەکات، وە کە خەلەلو کەمو کورتیەکیشی بینی، عەیبەت دەپۆشێتو لای کەس باسی خراپەت ناکات، بەڵام پەنا بەخوا کە خراپ بوو، ئەوە دەچێتە کەمینەوە لێت و بەزەڕەبین دەگەڕێت بەدوای هەڵەکانتاندا، و پەردە رادەماڵێ لەسەر هەموو عەیبو تایبەتیەکانی خێزانت. وە شتی بچووکت لێ گەورە دەکاتو بە خراپ باست دەکاتو حەسوودیت پێ دەباتو کێشەت بۆ زیاد دەکات، نەك حەلی بکات.

وە ئەم ئاگادار بوونی دراوسێیەشت بەناو ماڵت بەردەوامە بە درێژای تەمەن، بۆیە موسڵمان زۆر ئازار دەبینێت بە دەست ئەم دراوسێ خراپە، خوا بمانپارێزێت لە دراوسێی خراپ.

**دووەم: هاوسەرێکی خراپ کە پیرت بکات، پیش تەمەنی پیریەتیت!** ئەم هاوسەرە (ان حضرت آذتك، وان غبت عنها خانتك في نفسها ومالك)[٢].

واتە سیفەتی ئەم هاوسەرە وایە کە کاتێ: لای ئەویت لە ماڵەوە بێزارت دەکاتو ئازارت دەداتو دڵخۆش نابیت پێی، ڕووگەشو قسەخۆش نیە لەگەڵت، بەڵکو خوێن تاڵەو ڕەزا گرانەو هەڵسوکەوتی ناشرینە لەگەڵت، وە ئەگەر دووریش کەوتیتەوە لێیو لەبەرچاوی نەبوویتو لەماڵ چوویتە دەر، یان ئەو لەلات نەبوو، ئەوە خیانەتت لێ دەکات لەماڵەکەتو لە شەخسی خۆشیدا، واتە تەقوای خوا ناکاتو بە شەرمو حەیا نیە، بەڵکو لەگەڵ پیاوی بێگانە (نا مەحرەم) دادەنیشێت بە تەنهاو خۆی ناپارێزێت لە حەرام، ئەوەش خیانەتە لەتۆی دەکات.

وە خیانەت کردنیشی لە ماڵەکەت ئەوەیە کە ناپیارێزێتو دەست بڵاوی تێدا دەکاتو لە شتی حەرامدا سەرفی دەکات، یان وا فشار دەخاتە سەر مێردەکەی کە پارەکەی سەرف بکات لە شتی زیان بەخشو حەرام، وەك کڕینی جلی مۆدێلو بەرەلایی، وە سەتەلایتو مەسائیلی تر کە بێ شەرعیو بێ شەرمی لەناو خێزاندا بڵاو دەکاتەوە.

وە لەلایەکی تریشەوە ڕێگری پیاوەکەیەتی کە بەشێ لە ماڵەکەی سەرف بکات لە ڕێگەی خێرو چاکەدا، وە هەروەها ناهێڵێت پیاوەکەی پشوو بداتو ئیسراحەت بکات، بەڵکو

(٢) ( الزهد لهناد السري: ٤/١٠).

ناچاری دەکات بەردەوام ماندوو بێتو بگەڕێتو هەوڵی پارە پەیداکردن بدات، ئەگەر بە حەرامیش بێت بۆئەوەی پێداویستیەکانی مۆدیلی تازەی پێ بۆ دابین بکات.

بەم شێوەیە ئەم پیاوە بە هیلاك دەچێتو سەری سپی دەبێت لەداخی ئەم ژنە خراپە کە شەوو ڕۆژ لەگەڵیەتی بە درێژایی تەمەن، وە لەناخۆشیو ماندوو بوونو خەفەتو دەردەسەری زیاتری لێ نابینێت.

کەواتە پێویستە موسڵمان پەنا بگرێت بەخوا لەم جۆرە ژنانە، وە هەروەها کە هەستی کرد ژنەکەی لەم جۆرانەیەو ئامۆژگاری دادی نادات، با خۆی ڕزگار بکات لێیو تەلاقی بدات.

وە لە حەدیسی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، کە دراوسێی باشو هاوسەری باش هۆی بەختەوەری موسڵمانە.

وەدراوسێی خراپو هاوسەری خراپیش هۆی بەدبەختیو ژیان تاڵیو ناخۆشحاڵی مرۆڤە .

**سێیەم :- منداڵی خراپ کەدەبێتە گەورە بەسەر باوك و دایکیەوە .**

ئەم جۆرە منداڵە ئەوەیە کە لەبچوکیەوە باوك و دایکی پەروەردەیان نەکردووە بەپەروەردەیەکی موسڵمانانەو بەڕەوشتانە، بەڵکو بەڕەڵایان کردوەو چ شتێکی کردبێت لەخراپە ڕێیان لێ نەگرتوەو سەرزەنشتیان نەکردووە لەسەری، وە چ ئارەزویەکی هەبووبێت یەکسەر بۆیان دابین کردوە .

باوکەکەی بەکرێکاری و بگرە بەحەرامیش پارەی بۆپەیدا کردوە بۆئەوەی چ حەزێکی هەیە بۆی بهێنێتە دی لەجل وبەرگ و لەمۆبایل و لەسەیارەو لەچونە سەفرەو چونە دەرەوەی وولات، بەم شێوەیە منداڵێکی خوانەناس و ڕەوشت نەناس و هەڵەشەو بێ شەرمی لێ دروست بوو کەچی حەز لێبێت دەبێت بیکات ئەگەر حەرامیش بێت، وەمزگەوت ناناسێت و ڕێز لەگەورەی خۆی ناگرێت، وەنەترسی خوای هەیەو نەترسی دایك و باوك، وەشەرم لەکەس ناکات و بێ ئابڕوەو کێشەی زۆر دروست دەکات بۆباوکی، وەبێ ڕێزە لەگەڵی و دەنگی بەسەردا بەرز دەکاتەوە وقسەی ناشرینیشی پێ دەڵێت، وە لەوانەیە بگاتە لێدانیشی پەنا بەخوا .

وەوا مامەڵە دەکات لەگەڵ دایك و باوك کەئەو گەورەیان بێت و ئەوانیش عەبدی ئەو بن، ئەم جۆرە منداڵانە نەلەبچوکیدا ئیسراحەت بوون بۆدایك و باوکیان نەلەگەورەیش، بەڵکو هۆی ناڕەحەتی و ئازارن بۆ باوکیان بەبەردەوامی .

وەئەم جۆرە منداڵ و هاوسەرانە دوژمنن هەروەك خوای پەروەردگار موسڵمانانی لێ ئاگادار کردونەتەوە کەدەفەرموێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ﴾

[التغابن: ١٤] .

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، بەڕاستی لەهاوسەرەکانتان و منداڵەکانتاندا هەیانە دوژمنە بۆئێوە کەوابوو وریابن لێیان چونکە ئازارتان دەدەن بیٚ ئەوەی هەست بکەن .

- وریابن گوێڕایەڵیان نەکەن لەشتی بێ شەرعیدا .
- وریابن ڕێگەیان نەدەن لەکارێکدا کەخوا پێی ناخۆشە .
- وریابن خۆشەویستی وڕازی بوونی ئەوان نەخەنە پێش خۆشەویستی خوای گەورەوە، وەڕازی بوونی ئەوان نەخەنە پێش ڕازی بوونی خوای گەورە .

باترسی خوا گەورەتر بێت لەدڵتاندا لەسۆز بۆئەوان، چونکە ئەوانە لەعەزابی خوا ڕزگارت ناکەن، بەڵکو پێویستە ڕێگریان بیت بەهەموو توانایەکت لەخراپە، چونکە ئەگەر ڕێگریان بیت ئەوە ئەوانیش و تۆش قازانج دەکەن لەدونیاو لەدوا ڕۆژیش، بەڵام کەوا نەبویت ئەوە دەبن بە بەلا بەسەرتەوەو تۆش توشی عەزاب دەبیت بەدەستیانەوە لەدونیاو قیامەت .

خوای گەورە دەفەموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ﴾ [التحريم: ٦]

واتە: ئەی بڕواداران خۆتان و کەس و کارتان و خێزان و منداڵتان بپارێزن لەئاگرێك کەسوتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە . پەنا بەخوا .

کەواتە هاوسەرو منداڵەکانت لەئەستۆی تۆدان واپەروەردەیان بکەیت کەلەدونیا ئیسراحەت بکەی لەدەستیان و لەدوا ڕۆژیش بیان پارێزیت لەئاگر . کەوابوو وریابە وەهەوڵدە تۆکاریگەری باشت لەسەریان هەبێت نەك ئەوان کاریگەری خراپیان بیٚ لەسەرتۆ.

**چوارەم:** ( ومن مال يكون عليَّ عذابا ) **واتە: پەنا بەتۆ خوایە لە ماڵ و سامانێك کە ببێتە عەزاب بەسەرمەوە .**

بەڵیٚ ماڵی باش و حەلاڵ خۆشە بۆ موسڵمانی چاك، چونکە بەحەلاڵی و بەیارمەتی خوا پەیدای کردووە، وە لەڕێگای باشیش سەرفی دەکات .

بەڵام ئەو ماڵەی کە بە حەرام و درۆو فێڵ پەیدا دەکرێت، وە لەخراپەیشدا سەرف دەکرێت، ئەوە ئەو ماڵە مایەی ئیسراحەت نیە بۆ خاوەنەکەی، بەڵکو پەیدا کردنەکەی عەزاب و ماندوبوونەو لە دەست چونەکەشی خەم وخەفەتە و دوا ڕۆژیشی موحاسەبەو عەزابە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَأَوْلَادُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُعَذِّبَهُمْ بِهَا فِي الدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنْفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ﴾ [التوبة: ٨٥] .

واتە: ئەی ( محمد ) ﷺ ماڵ و منداڵی بیٚ باوەڕانت بەلاوە سەیر نەبێت کە پێمان بەخشیون، ئەوە خوای پەروەردگار دەیەوێت عەزابیان بدات بەو ماڵ و منداڵانەیان لە دنیا، چونکە دڵیان لەخەم و خەفەت دایە بەردەوام بەهۆی ماڵ و منداڵیانەوە، وە کە مردیشن

دڵیان هەر سوتاوە بۆئەو ماڵ ومنداڵەی کە لەدوایان جێ دەمێنێت، وە بەکافریش دەمرن و ژیان تاڵی دنیاو قیامەت دەبن.

وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾ [الأنفال: ٢٨] .

واتە: بزانن کە ماڵ و منداڵەکانتان فیتنەن بۆ ئێوە، واتە ئێوەی پێ تاقی دەکرێنەوە، ئایا خۆشەویستی ماڵ و منداڵ دەخەنە پێش خۆش ویستن و ڕەزا بونی خوا یان بە پێچەوانەوە.

﴿وَأَنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾

واتە: وە خوای پەروەردگار پاداشتی گەورەی لایە، جا هەر کەسێك ڕەزا بوونی خوای گەورە هەڵبـژێرێت بەسەر ڕەزا بوونی منداڵ و دەست کەوتنی ماڵ ئەوە پاداشتی زۆری هەیە، وە هەر کەسێکیش وا نەبێت ئەوە پاداشتی خوای لە دەست دەچێت و عەزابی توش دەبێت.

وە خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ [المنافقون: ٩] .

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە با ماڵ و منداڵتان بێ ئاگاتان نەکەن لە یادی خواو لە گوێڕایەڵی ئەو ودەست گرتن بە شەرعەکەی، وە هەر کەسێك بەهۆی ماڵ ومنداڵیەوە بێ ئاگابێت لە زیکری خوا ئەوە ئەوان دەبنە خەسارەت مەندو زەرەرمەند .

کەواتە برای موسڵمان خۆت ڕەنجەڕۆو زەرەرمەندی دنیاو قیامەت مەکە بەهۆی ماڵ ومنداڵت.

وە خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا﴾ [ الكهف: ٤٦].

واتە: سامان وماڵ ومنداڵ خۆشی وزینەتی ژیانی دونیان، بەڵام یەکخواپەرستی وگوێڕایەڵی وئەنجامدانی کردەوە چاکەکان گەلێك چاکتر و باشترن وپاداشتیان باشترە لای خوای گەورە.

شێخ عبدالرحمن بن ناصر السعدی لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ: (ئەوەی کە لە دونیادا هەیە دوو جۆرە: یەکەمیان: جوانی ورازاوەیی دونیایە، کە مرۆڤ لەزەتێکی کەمی لێ وەردەگرێت، پاشان بێ سود دەڕوات ونامێنێت، بەڵکو زۆر جار هەیە کەزەرەر مەندیش دەبیت لەسەری کە ئەویش ماڵ و منداڵ وسامانەکەیەتی.

دووەمیان: کە بەردەوام دەمێنێتەوەو سود بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت بەبەردەوامی بریتییە لە کاروکردەوەی چاك).

وە خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ [آل عمران: ١٤- ١٥].

واتە: خۆشەویستی هەواو ئارەزووەکان بۆ خەڵکی رازێنراوەتەوە لە ئافرەت ومندالّ وسەروەت وسامانی زۆر لە زێڕو زیوو.........کە بۆ حەز وئارەزووەکانی دونیان، بەڵام خوای گەورە زۆر لەوانە خۆشتر و باشتری لایە، کە بریتییە لە رەزامەندی خوای گەورە وناز و بەخششەکانی تر، وە تۆ ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئایا هەواڵی شتی باشترتان نیشان بدەم بەڵام بۆ کەسانێك کە لە خوا دەترسن وخۆپارێزن؟ کە بریتییە لە بەهەشتانێك کە ڕوباریان بە ژێردا دەڕوات وهاوسەرانی پاك وخاوێنیان بۆ هەیە، وەلە سەروی ئەمەیشەوە کە هیچ خۆشییەك نایگاتێ ئەویش رەزامەندی خوای پەروەردگارە کە لە هەموو خۆشیەك گەورەترە، وە خوای گەورە بە ئاگاو بینایە بە هەموو بەندەکانی.

**پێنجەم: ( ومن خليل ماكر عينه تراني، وقلبه يرعاني إن رأى مني حسنة دفنـــها وإذا رأى سيئة أذاعها): واتە: پەنا بە خوا لە دۆست و برادەرێکی فێڵباز، کە من پاك و ڕاستم لەگەڵی بەڵام ئەو ناپاك و نادڵسۆزە بەرامبەرم** . وە واش دەردەخات کە ڕاستە لەگەڵم و دڵسۆزە بۆم، بەڵام لەڕاستیدا پێکەنین و قسە لوس و نەرمەکانی فێڵن، و لێم لە کەمیندایەو چاکەکانم دەشارێتەوەو دەفنی دەکات، وە خراپەکانیشم یەك یەك لەسەر دەنوسێ و کۆیان دەکاتەوەو بۆ کاتی خۆی بلاّویان دەکاتەوەو ئیعلانی دەکات.

ئەم جۆرە کەسانەچاوی بەچاکەکانم هەڵ نایەت و دڵی خۆش نیە بە پێشکەوتنم، بەڵام گەش دەبێتەوە کە خراپەیەکم دەبینێت و هەڵەیەکم لێ بەدی دەکات .

بەخاوەنی نهێنی خۆمی دادەنێم بەڵام نازانم کە ئەو سجیلی داناوە بۆ نهێنی و پێ خلیسکانەکانم بۆ ئەوەی لەکاتی بێ پێویست بوونی لێم کەشفی بکات و بیان کاتە خاڵ لەسەرم وە لای خەڵکی باسیان بکات.

بێ وەفایەو چاکەی منی لەبەر چاو نەماوەو ئەو کاتەی چاکەی لەگەڵ دەکەی بێ دەنگە، وەهەر کە لێی وون بوی دەکەوێتە غەیبەت و باس کردنت، سپڵەیەو ناسوپاس گوزارە، بێ وەفایەو ئەگەر شتێکت لێ ببینێ کەبەدڵی نەبێت دوژمنایەتیت دەکات دوژمنایەتیەکی بێ ویژدانانە، هەڵەی بچوکت لێ گەورە دەکات و کارێك کە مەجالی تەفسیری چاك بۆ کردنی هەبێت هەڵی دەگێڕێتەوە بۆ خراپەو لێکدانەوەیەکی خراپی

بۆدەکات، چونکە گومانی باشت پێ نابات و حەز لەوە ناکات بەسەرکەوتوو باش باس بکرێیت .

**بۆچی؟!**

بۆئەوەی ئەگەر تۆ بکەویت بەڵکو خۆی سەرکەوێت و ئەو جێگای تۆ بگرێتەوەو مەنزلەتی تۆ بەدەست بهێنێت لەناو کۆمەڵگادا!!

بەڵام نازانێت هەر کەسێك خراپەی بۆ برای موسڵمانی بوێت ئەوا خوا دیفاعی لێ دەکات و ئەویش سەر شۆڕ دەکات و بۆ خەڵکی دەری دەخات کە پیاوێکی حەسودە و پاڵنەری ڕەخنەکانی حەسادەتە!! وە ئەم جۆرە دۆستە بێ وەفایانە زیان بەخشن بۆیە پێویستە موسڵمان وریا بێت لێیان، وە پەنا بەخوا بگرێت لێیان . هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای بەخوا گرتووە لەم جۆرە دۆست و برادەرانە.

وە زانایەك کتێبێکی نوسیوە لە سەر ئەم بێ وەفایانە بەناوی: ( تفضيل الكلاب علـى كثير ممن لبس الثياب)

واتە : هەڵبژاردنی سەگەکان بەسەر زۆر لەوانەی کە جلیان لەبەر کردووە

( واتە مرۆڤەکان) واتە: سەگ زۆر باشترە مرۆڤ ڕای بگرێت لە دۆستایەتی زۆر لە ڕەفیق و هاوەڵان، چونکە سەگ ئەگەر بیدەیتێ سوپاست دەکات و ئەگەر نەشی دەیتێ سەبر دەگرێت و زەرەرت لێ نادات . وە بە وەفایەو پاسەوانیت لێ دەکات و ناهێڵێت دوژمن زەفەرت پێ بەرێت، بەڵام دۆستی نادڵسۆز بێ وەفایەو فێڵبازەو لەکەمین دایە لێت و دەستی ناحەزان ڕادەکێشێت بۆسەرت و هەڵەکانت دەگەیەنێت بەوان .

وە لەم بارەیەوەش چەندەها دێڕە شعر دانراوە بۆ نمونە:

ذهب الذي يعاش في أكنافهم        وبقيت في خلف كجلد الأجرب

وە شاعیرێکی تر فەرمویەتی:

وما كل من تهوى يحبك قلبه        ولا كل من صاحبته لك منصف

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

www.ba8.org

# مرۆڤی دوو ڕوو

نوسینی: م/ عبيد فقی محمد أمين
ئیمام وخه طیبی مزگەوتی
مجمع لە چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين وبعد:

﴿وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَتْ تِجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ﴾ [البقرة: ١٤-١٦].

﴿وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ واتە: کاتێك کە دووڕووەکان دەگەیشتن بە باوەڕدارەکان واتە هاوەڵان﴿قَالُوا آمَنَّا﴾دەیانووت ئێمە باوەڕمان هێناو بەڵام﴿وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ﴾ کاتێك دەگەنە سەرکردەو گەورەکانیان و لەگەڵیاندا تەنها دەبنەوە﴿قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ﴾ دەڵێن: ئێمە لەگەڵ ئێوەداین لەسەر بەرنامەو ڕێبازی ئێوەین، دڵنیابن لە ئەوەی کە ڕاست دەکەین چونکە﴿إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ﴾ بێگومان ئێمە گاڵتە بە باوەڕداران دەکەین‌و پێیان ڕادەبوێرین، واتە: لەوەدا کە دەڵێین: باوەڕمان هێناوە.

بەڵام خەیاڵیان خاوە ئەو بێ ڕێزو درۆزنانە چونکە﴿اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ﴾ خوای پەروەردگار گاڵتەیان پێ دەکات و سوک و ڕسوای هەردوو جیهانیان دەکات﴿وَيَمُدُّهُمْ﴾ وەمۆڵت وماوەیان دەدات تا﴿فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾ لەسەر کەشیو گومڕایی وسەرلێ-شێواوی خۆیاندا بتلێنەوەو سەرگەردان بن.

لەم دووئایەتەوە چەند حوکم و سودێك وەردەگرین لەوانە:

١-فەرموودەی خوا: ﴿وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکان(رضي الله عنهم) قسەیان لەگەڵ دوو ڕوەکان کردووە وهەجریان نەکردوون.

ئەگەر بەووردی تەماشای ئەم ئایەتەو چەند ئایەتەکەی پێشوو بکەیت ئەوا بەتەواوی بۆت ڕوون دەبێتەوە کە قسەو وتووێژ کردن لە نێوان هاوەڵە بەڕێزەکان (ﷺ) ودووڕوەکاندا هەبووە.

چونکە ڕستەی﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ....وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُــوا﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باسمان کرد.

وەنەبێ هاوەڵانی بەڕێزو خۆشەویست(ﷺ)دووڕووەکانیان خۆش ویستبێت بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر ڕقیان لە دووڕووەکان بوو، زانایان دەفەرموون: قسە نەکردن لەگەڵ خەڵکدا (الهجر) کاتێك دروستە کە:

یەکەم: لەبەر خاتری خوا بێت و بەس، نەك لەبەر بەرژەوەندی خۆت.

دووەم: دەبێت ئەو قسە نەکردنە بەرژەوەندی تێدا بێت و سود بەبەرامبەر بگەیەنێت بە پێچەوانەوە دروست نییە.

کەواتە: قسە نەکردن لە گەڵیاندا دیارە بەرژەوەندی تێدا نەبووە بۆیە جێبەجێیان نەکردووە. والله أعلم.

دووڕوەکان بە ڕواڵەت موسوڵمانن و خۆیشیان بە موسڵمان دەردەخەن و گەواهی دێنن و باسی موسڵمانان بە چاکە دەکەن لای باوەڕداراندا، بەڵام لەناخەوە دڵیان پڕە لە بێ باوەڕی دژی ئیسلام و موسڵمانان.

هاوەڵانیش(ﷺ) پاش ئەوەی سەرزاری ئەوانیان دەخوێندەوەو قسەیان لەگەڵیاندا دەکردو سەلامیشیان لێ دەکردن.

٢-فەرموودەی خوا: ﴿قَالُوا آمَنَّا﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دووڕووەکان متمانەیان بە خۆیان نییە وهیچ کاتێك جێگای متمانە نین بەڵکو جێگای گومانن.

گەر ڕاستیان بکردایەو باوەڕدار بوونایە ئەوە پێویستی نەدەکرد لای باوەڕداران بە شان و باڵی خۆیاندا هەڵبدەن و بانگەشەی باوەڕداری بکەن.

هاوەڵە بەڕێزەکان(ﷺ) چونکە جێگای متمانە بوون هیچ کاتێك بەم شێوەیە مەدحی خۆیانیان نەدەکرد.

بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو کات لای یەکتری سەرزەنشتی یەکتریان دەکرد و بە شان و باڵی خۆیاندا هەڵیان نەدەدا. ئەم مەدح کردنی دووڕووانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گومانیان لە باوەڕە درۆینەکەی خۆیاندا هەبووەو لە ڕاستیشدا هەروایەو گومانەکەیان لە شوێنی خۆیدایە.

٣-فەرموودەی خوا: ﴿وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَــيَاطِينِهِمْ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی درۆ کردن وناپاکی وفڕو فێڵ کردن لەبەرامبەر موسڵماناندا یەکێکە لە سیفەت وخوڕەوشتی دووڕووەکان.

لای باوەڕداران قسەیەك دەكەن و لای بێ باوەڕان قسەیەكی تر دەكەن، بە پێچەوانەی قسەی پێشویان، دەبا ئێمەش ئاگامان لە خۆمان بێت وهەركەسێك باسی ئیسلامی كرد بە چاكە لە بەرامبەرماندا یەكسەر باوەڕی پێ نەكەین و پێی هەڵنەخەڵەتێین.

**سودێك:**

أ- **پێشەوا عبدالله بن عباس (ﷺ) لە تەفسیری﴿شَيَاطِينِهِمْ﴾ دەفەرمێت:**

(من يهود الذين يأمروهم بالتكذيب وخلاف ما جاء به الرسول (ﷺ))[1].

**واتە: كاتێك كە دووڕووەكان كە تەنها دەبنەوە لەگەڵ ئەو جولەكانەی كە فەرمانیان پێ دەكەن بە درۆخستنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وسەرپێچی كردنی ئەو بەرنامەیەی كە پێغەمبەری خوا(ﷺ) هێناویەتی.**

ب- **پێشەوا (قتادة) لە تەفسیری ﴿شَيَاطِينِهِمْ﴾ دەفەرمیت:**

(رؤسائهم في الشر)[2].

**واتە: كاتێك دووڕووەكان تەنها دەبنەوە لەگەڵ سەركردە وگەورە وخراپەكانیاندا.**

ج- **پێشەوا (مجاهد) لە تەفسیریدا دەفەرمێت:** (إذا خلا المنافقون الى أصحابهم من الكفار)[3].

**واتە: كاتێك دووڕووەكان تەنیا دەبنەوە لەگەڵ هاوڕێ ودۆستەكانیان لە بێ باوەڕان.**

**كەسانێك ئەمانە سەركردەو گوێڕایەڵیان بن دەبێت چ ئومێدێكی خێریان لێ بكرێت؟**

٤- **فەرموودەی خوا: ﴿ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە گاڵتەوگەپ وڕابواردن بە باوەڕداران یەكێكە لە سیفەتی دووڕووەكان.**

**(عبدالله بن عمر) (ﷺ) دەفەرمێت: پیاوێك لەكاتی جەنگی تەبوكدا ڕۆژێك لەناو كۆمەڵێكدا ووتی: وێنەی ئەم قورئان خوێنانەی خۆمانم نەدیوە نە لەزۆر خۆری وسك تێركردندا، وە نەلە درۆزنی ونە لە ترسنۆكیدا لە كاتی ڕوبەڕوو بوونەوەی دوژمندا -مەبەستی لە هاوەڵە بەڕێزەكان بوو(ﷺ) ئەو بێ ڕێزو بێ نرخە- پیاوێك لە ناو كۆمەڵەكەدا ووتی: درۆت كرد، بەڵكو تۆ دووڕوویت، سوێند بە خوا ئەم قسەیەت دەگەیەنمە پێغەمبەری خوا(ﷺ) پاشان ئایەتی خوا هاتە خوارەوە، پێشەوا عبدالله(ﷺ) دەفەرمێت: بینیم ئەو پیاوە خۆی هەڵواسیبوو بە قایشی پشتی ووشترەكەی پێغەمبەر خواوە(ﷺ) وڕای دەكێشاو بەرد دەیدا بە قاچەكانیداو ئەو پیاوە دەیووت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە گاڵتەمان دەكردو بەڕاستمان نەبوو.**

---

(١) أخرجه إبن أبي حاتم، وانظر: التفسير الصحيح: (١/ ١١١).

(٢) أخرجه الطبري، وانظر: التفسير الصحيح: (١/ ١١١).

(٣) أخرجه الطبري، وانظر: التفسير الصحيح: (١/ ١١١).

پێغەمبەری خواش(ﷺ) ئەو ئایەتەی کە دەرهەقی ئەو پیاوە دابەزیبوو دەیخویندەوە کە دەفەرمێت:

﴿ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ﴾ [التوبة: ٦٥].

واتە: ئایا ئێوە گاڵتە بە خواو ئایەتەکانی وپێغەمبەرەکەی(ﷺ) دەکەن...؟

٥- فەرموودەی خوا: ﴿وَإِذَا خَلَوْاْ إِلَى شَيَاطِينِهِمْ﴾بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەندێك ئادەمیزاد هەن وەك شەیتانن و دروستە پێیان بووترێ شەیتان.

پەروەردگار دەفەرمێت:

﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا﴾ [الأنعام: ١١٢].

واتە: هەر بەو شێوەی بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنێكمان داناوە لە شەیتانەكانی ئادەمیزاد و جنۆكە كە بە نهێنی بە یەكتر ڕادەگەیەنن ووتەی ڕازاوە بۆ فریو دانیان.

ووشەی﴿الشَّيطان﴾ مانای دوور خستنەوەو دورکەوتنەوەیە لە میهرەبانی پەروەردگار (إبليس) پێش ئەوەی سەرپێچی لە فەرمانی پەروەردگاریدا بكات ناوی شەیتان نەبوو، بەڵام دوای سەرپێچی كردنەكەی پەروەردگار لە میهرەبانی خۆی دەری كردو ناوی شەیتانی بەسەردا سەپا لە لایەن پەروەردگارییەوە.

**سودێك:**

پرسیار: ئایا حیكمەت چیە لەوەدا كە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿إِلَى شَيَاطِينِهِمْ﴾ نەیفەرمووە: (بشَيَاطِينِهِمْ) لە كاتێكدا بەكار هێنانی(خلوت بفلان) زیاتر وبەربڵاو ترو ڕەوانبێژ ترە لە ناو خەڵكیدا لە بەكارهێنانی(خلوت الى فلان).

وەڵام: زانایان چەند بۆچونێكیان هەیە سەبارەت بەمە بەم شێوەیە:

أ- هەندێك لە زانایانی زمانی عەرەبی (البصرى) دەڵێن: دەوترێت: (خلوت الى فلان) كاتێك كە مەبەست پێی بە تەنها بوونەوەیەك بێت بۆ كاری پێویست و جێ بەجێ كردنی كاروبار.

واتە: ئەگەر پیتی(الى) بەكارهێنرا ئەوا تەنها مەبەست پێی جێبەجێ كردنی كاروبارەو هیچی تر.

بەڵام ئەگەر بوترێ(خلوت بفلان) ئەوە دوو مانا دەگرێتە خۆی:

١- تەنها بوونەوە بە مەبەستی جێبە جێ كردنی كاروبار.

٢- تەنیا بوونەوە بە مەبەستی ڕابواردن و گاڵتە پێ كردن.

لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كە بەكارهێنانی پیتی(الى) شیاوترو گونجاو ترو بەهێزترە لەم شوێنەدا لەبەكارهێنانی پیتی(ب)چونكە بێگومان كاتێك دووڕووەكان لەگەڵ گەورەو سەركردەكانیان كۆدەبنەوە بە هیچ شێوەیەك مەبەستیان ڕابواردن نیە پێیانەوە، بەڵكو بۆ

جێبەجێ کردنی کارەکانیان لەگەڵیاندا تەنیا دەبنەوە. کاری ئەوانیش لای سەرکردەکانیان بریتی‌یە لە دووزمانی وغەیبەت کردنی موسڵمانان ونەخشە وپیلان دانان لە دژیاندا.

ب- پیتی (الی) هەر لەسەر مانای خۆیەتی ئەم ڕایە پێشەوا (الطبري) هەڵیبژاردووە و پەسەنی کردووە.

ج- پیتی(الی) بەمانای لەگەڵ (مع) دێت لەسەر ئەم ڕایە ئایەتەکە بەم شێوەیە دێت: (وإذا خلوا مع شیاطینهم).

بیروڕای یەکەم زۆر بەهێزەو لەگەڵ کردارو ڕەفتاری ئەواندا زۆر گونجاوە. والله اعلم.

٧-فەرموودەی خوا: ﴿اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پەروەردگار پشت گیری و پشتیوانی باوەڕداران دەکات و یارمەتیان دەدات و دوژمنانیان سوك و ڕسوا دەکات.

دوو ڕووەکان دەیانەوێت گاڵتە بە باوەڕداران بکەن و بۆیشیان بچێتە سەر، بەڵام مزگێنی بێت لێیان کە:

﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾

[الحج: ٣٨].

واتە: بێگومان خوای پەروەردگار پشگیری لە باوەڕداران دەکات.

پشگیری کردنی پەروەردگار بۆ هاوەڵان(ﷺ) گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵان(ﷺ) خۆشەویستی پەروەردگارن و ڕێزی تایبەتیان هەیە بەڵام دوو ڕووەکان بە پێچەوانەوە.

٨- فەرموودەی خوا: ﴿اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گاڵتە کردن بە بێ باوەڕان و دووڕووان یەکێکە لە سیفەتە بەرزو بڵندەکانی خوای پەروەردگار.

**تێبینی‌یەکی گرنگ:**

دروست نی‌یە هەواڵ بدەین و بڵێین: خوای گەورە گاڵتە دەکات بە ڕەهایی(مطلقـي) چونکە گاڵتە کردن جۆرێکە لە گاڵتەو گەپ ویاری ئەمەیش دوورە لە سیفەتە جوانەکانی پەروەردگارەوە.

بەڵام لەبەرامبەری کەسێکدا کە گاڵتە بکات وەك دووڕووەکان دروستە جێگیری بکەین بۆ خوای پەروەردگار.

چونکە لەم حاڵەتەدا سیفەتی تەواوە بۆ پەروەردگار.

ئێمە وەك شوێن کەوتووی پێشینانی چاك ئەم سیفەتە بۆ پەروەردگار جێگیر دەکەین بەو شێوەیەی کە چەند دێڕێك لەمەو پێش باسمان لێوە کرد، بە جۆرێك جێگیری دەکەین کە شایستەی گەورەیی و دەسەڵاتی خۆی بێت و چۆنێتی‌یەکەی نازانین.

گاڵتە کردنی پەروەردگار بە دوو ڕووەکان بەچەند جۆرێکە لەوانە:

أ–پەروەردگار لە دواڕۆژدا ڕووناكی دەدات بە دووڕووەكان و لەگەڵ باوەڕ داراندا دەڕۆن بەهۆی ئەو ڕووناكییەوە بەڵام لە پڕ ڕووناكییەكەیان دەكوژێتەوەو سەرلێشێوا و سەرگەردان دەبن و توانای ڕێگا بڕینیان نامێنێت(٤).

ب–ئەوەی ئەوان لەسەرین لە خراپەو درۆ و ڕووڕەشی خوای پەروەردگار بۆیانی جوان دەكات تا زیاتر گومڕا ببن و ئاگری بڵێسەداری دۆزەخ بۆ خۆیان مسۆگەر بكەن.

وە نەبێت پەروەردگار ستەمی لێیان كردبێت، بەڵكو خۆیان حەزیان لێیەتیو پەروەردگار لە دونیادا لە زۆربەی ئاواتەكانیاندا بێ دڵییان ناكات.

٩–فەرموودەی خوا:

﴿وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە بەخشینی مۆڵەت و مانەوەو تەمەن درێژی بۆ بێ باوەڕان و دووڕوان و ستەمكاران، مانای ئەوە نییە كە پەروەردگار خۆشیانی دەوێ و ڕێزیان لێ دەگرێت.

پەروەردگار دەفەرمێت:

﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِأَنْفُسِهِمْ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا﴾ [آل عمران: ١٧٨].

واتە: بێ باوەڕان وانەزانن و واتێ نەگەن كە ئێمە مۆڵەتیان پێ دەدەین و جڵەویان بۆ شل دەكەین بۆ ئەوان خێرو چاكە وسودی هەیە بۆیان، بەڵكو مۆڵەتیان پێ دەدەین تاكو تاوان و گوناهیان زیاد بكات و بە تاوانی زۆرەوە سەربنێنەوەو دونیا بەجێ بهێڵن. والله اعلم.

وەنەبێت پەروەردگار ستەمی لێیان كردبێت بەڵكو ئەوپەڕی دادوەرییە چونكە:

﴿ أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَى﴾.

ئەوانە كەسانێكن گومڕایی و سەرلێ شێواویان وەرگرتووەو ڕێنمونیان واز لێ هێناوە، واتە: ڕێنمونیان گۆڕاوەتەوە بە گومڕای وسەرلێ شێواوی بەڵام: ﴿فَمَا رَبِحَتْ تِجَارَتُهُمْ﴾.

ئەو ڕوو ڕەشانە لە گۆڕان و ئاڵو گۆڕ كردندا هیچ قازانجێكیان نەكرد، نەك هەر ئەوەندە زەرەر وزیان وبەس بەڵكو: ﴿وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ﴾.

ڕێنمونیان دەست نەكەوت و ڕێگای ڕاستیان نەدۆزییەوە.

لەم ئایەتەوە چەند حوكم و سودێك وەردەگرین، لەوانە:

١–فەرموودەی خوا:

﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَى﴾.

---

(٤) بڕوانە ئایەتی: ١٣–١٤ ی سورەتی: (الحديد).

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دووڕووەکان فەزڵی گومڕایی وسەرلێ شێواویان داوە بەسەر ڕێنمونی وباوەڕدا، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باوەڕ لای دوو ڕووەکان نییە وخاوەن باوەڕ نین چونکە گەر باوەڕدار بوونایە ئەوە ئامادە نەدەبوون ئەو باوەڕە بە نرخ وبەهایە لەدەست خۆیان بدەن وخۆیانی لێ بێ بەش بکەن.

دووڕووەکان تام وچێژی باوەڕیان نەکردووە، هەرکەسێك تام وچێژی باوەڕ بکات چەندە پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ئاگرەوە ئەوەندەش بگرە زیاتر پێی ناخۆشە بیروباوەڕی لەدەست بدات و بیدۆڕێنێ.

چونکە لەدەست دانی باوەڕ گەورەترین زەرەرو زیانەو ئادەمیزاد بە هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەهێڵێتەوە.

ئەم ئاڵو گۆڕو کڕین و فرۆشتنەی دووڕووەکان شتێکی سەیر نییە، چونکە ئەوان خۆیان بە شوێن کەوتەی بێ باوەڕان دەزانن و هەموو شتێك لەوانەوە فێر دەبن.

**سودێك:**

**أ–پێشەوا (عبدالله بن عباس) (رضي الله عنه) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا:**

**﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَى﴾.**

دەفەرمێت: (أي الكفر بالإيمان)(٥).

واتە: بێ باوەڕییان کڕیوە بە باوەڕ.

**ب–پێشەوا (عبدالله بن مسعود) (رضي الله عنه) لەتەفسیریدا دەفەرمێت:**

(أخذوا الضلالة وتركوا الهدى)(٦).

واتە: دووڕووەکان گومڕایی و بێ باوەڕیان وەرگرتووەو وازیان لە ڕێنمونی وباوەڕ هێناوە.

**ج–پێشەوا (قتادة) لە تەفسیریدا دەفەرمێت:**

(إستحبوا الضلالة على الهدى)(٧).

واتە: دووڕووەکان گومڕایی و سەرلێ شێواویان پێ خۆشترە و فەزڵیان داوە بەسەر باوەڕو ڕێنمونیدا. والله اعلم.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

www.ba8.org

---

(٥) (إسناده حسن أخرجه الطبري وابن أبي حاتم (التفسير الصحيح: ١/ ١١٢).

(٦) (إسناده حسن أخرجه الطبري (التفسير الصحيح: ١ / ١١٢).

(٧) (إسناده حسن أخرجه الطبري (التفسير الصحيح: ١/ ١١٢).

# بەردەوام بوون لە سەر ئایین

وەرگێرانی : دایکی سوننە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على عبده ورسوله نبينا محمد واله وصحبه.

## بەردەوام بوون لەسەر ئایین

## ( الإستقامة )

### چەند ئایەتێك سەبارەت بە بەردەوام بوون لە سەر ئایین:

**خوای پەروەردگار فەرموویەتی:**

﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ﴾ [هود: ١١٢].

**وە خوای بڵند و پایە بەرز فەرموویەتی:**

﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴾ [ فصلت: ٣٠ - ٣٢].

**وە فەرمویەتی:**

﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا جَزَاء بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ [ الأحقاف: ١٣ ــ ١٤] .

## واتای بەردەوام بوون لە سەر ئایین

## ( الاستقامة ):

**پێناسەی بەردەوام بوون لەسەر ئایین:** ئەوەیە کە مرۆڤ جێگیر و بەردەوام بێت لەسەر شەریعەت و ئایینی خوای بێ گەرد، و بڵند و باڵا دەست، بەو شێوەی کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووە، لە پێش هەموو ئەوەش ئەبێت ئەنجام دانی تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بێت .

### لێکدانەوە و ڕاڤەی ئایەتەکان:

**ئایەتی یەکەم:** خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ ﴾[ هــود: ١١٢]. دەبینین نووسەری ئەم پەرتوکە[1] چەند ئایەتێکی هێناوەتەوە لەم بارەیەو، یەکێك لەو ئایەتانە ئەوەیە کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ ﴾ [هود: ١١٢].

ووتاری ئەم ئایەتە لە بنەوادا ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خوا ﷺ، بەلام هەموو ئەو ووتارانەی کە ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خوا، ئوممەتەکەشی دەگرێتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە بەلگەیەکی تایبەتکار هاتبێت لەسەر ئەوەی کە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە ﷺ، بەلام ئەگەر بەلگە نەبوو لەسەر تایبەتکردنی بەوەوە ﷺ، ئەوا بۆ خۆی و ئوممەتەکەشی دەبێت .

لەو شتانەی کە بەلگە هاتووە لەسەر تایبەتکردنیان بەوەوە ﷺ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴾[ الشرح: ١ ــ ٣] .

ئەمە تایبەتە بە پێغەمبەری خواوە ﷺ، هەر وەکو ئەو ئایەتەی کە تێدا فەرموویەتی:

﴿وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ﴾ [ الحجر: ٨٧ ] .

ئەمەشیان تایبەتە بە پێغەمبەری خواوە ﷺ .

وە ئەگەر بەلگە نەبوو لەسەر ئەوەی کە تایبەتمەندە، ئەوا بۆ خۆی و ئوممەتەکەشی دەبێت، وە لە سەر ئەم بنەوایە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ﴾ [سورة هود: ١١٢]. کە گشتی‌یە بۆ خۆی وئوممەتەکەی.

پێویستە لەسەر هەموو تاکە کەسێك بەردەوام بێت لە سەر ئایینەکەی بەو شێوەیەی کە فەرمانی پێکراوە، بە شێوەیەك هیچ گۆڕانکاریەك لە ئایینی خوادا نەکات، واتە نە هیچ زیادەیەك ی بخاتە سەر نەش لێی کەم بکاتەوە، هەر بۆ ئەمەیە خوای پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی:

﴿ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ ﴾ [ الشورى: ١٥].

واتە: بەردەوام بە لەسەر ئایینەکەت، و شوێنی هەوا، و ئارەزووی ئەوان مەکەوە .

**ئایەتی دووەم:** خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴾ [ فصلت: ٣٠ - ٣٢ ].

---

١) واتە پەرتوکی: ( رياض الصالحين: باب الاستقامة: ١ / ٢٩٨ ــ ٣٠٢ ) کە پێشەوا ( النووي ) نووسیویەتی، وشێخ ( محمد بن صالح العثيمين ) واتا ولێکدانەوەی کردووە .

﴿ رَبُّنَا اللَّهُ ﴾: پەروەردگارمان ( ﷲ ) یە، و هەر ئەویشە دروستکار و خاوەن و بەڕێوبەری کارەکانمان، وە ئێمەش لە بەرامبەر ئەوە هەموو کردارەکانما تەنها بۆ ئەو ئەنجام دەدەین . ﴿ ثُمَّ اسْتَقَامُوا﴾: پاشان بەردەوام بوون لە سەری، واتە: لە سەر ئەو ووتەیەیان کە ووتوویانە: ( ﷲ ) پەروەردگارمانە، کەوا بوو پەیڕەوی شەریعەتەکەی خوا دەکەن.

ئەو کەسانەی کە ئەم دوو سیفەتەیان تێدا بێت، بەم شێوەیە پاداشت دەدرێنەوە: ﴿تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ﴾، واتە: فریشتە لە دوای فریشتە، و پێیان دەڵێن: ﴿ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا﴾،

واتە: فریشتەکان دائەبەزنە سەریان بە فرمانی پەروەردگار لە هەموو شوێنێك کە شوێنی ترسانە، بە تایبەت لە کات، و ساتی سەرەمەرگدا، و پێیان دەڵێن:
﴿ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا﴾،

واتە: مەترسن لەوەی کە دێتە ڕێتان، و خەم مەخۆن و بێتاقەتیش مەبن لەوەی کە کردووتانە، و ڕۆشتوون .
وە پێیان دەڵێن: ﴿ وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾،

واتە: موژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە پێشتر پەیمانتان پێدرا بوو، وە **موژدەش بریتییە:** لە پێڕاگەیاندنی هەواڵی ئەو شتانەی کە دڵخۆشکارن، وە بێگومان مرۆڤیش دڵخۆشە بەوەی کە ئەهلی بەهەشت بێت، داواکارم لە خوای میهرەبان من و ئێوەش لەوانە بگێڕێت .

وە بۆچی ئەم موژدەیەیان پێ دەدرێت: ﴿ وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾؟ چونکە هەموو کەسێك کە دەڵێت پەروەردگار ( ﷲ ) مە، و بەردەوامیشە لە سەر ئایینی خوا، ئەوا لە ئەهلی بەهەشت دەبێت، بۆیە ئەم موژدەیەیان پێ دەدرێت .

هەروەها پێشیان دەووترێت:
﴿نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ﴾، کەوا فریشتەکان پاڵپشتن بۆ ئەوانەی کە دەڵێن: پەروەردگار ( ﷲ ) مانە، و پاشان بەردەوامن لە سەری، لە ژیانی دونیادا وایان لێ دەکەن کە ڕاستیەکان ببێکن، و یارمەتی دەریشیان دەبن، هەروەها فریشتەکان لە دوا ڕۆژیشدا پێیان دەگەن، لە ڕۆژی زیندوو بوونەوە، و لێپرسینەوە پێیان دەڵێن: ﴿هَذَا يَوْمُكُمُ الَّذِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾

[ الأنبياء: ١٠٣] ، وە موژدەی ئەوەشیان پێ دەدەن بە چاکە لە کاتی ترس و تەنگ و چەڵەمەدا .

وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ﴾، ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا﴾،

واتە: لە دواڕۆژدا، ﴿ مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ﴾، وە ئەمەش لە خۆشگوزەرانی بەهەشتدایە، چونکە بەهەشت هەرچی دەروون حەزی لێ هەبێت، و داواکاری بێت، و چاو چێژیش لێ وەرگرێت تێیدایە .
﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴾،

واتـه: ئـەوەی کـە داوای دەکـەن لـە بەهەشـتدا هەیـە، بـەڵکو سـەرەڕای ئـەوش: ﴿ لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ﴾

[ ق: ٣٥] .لەوەش زیاتریان بۆ هەیە تێیدا کە داوای دەکەن، و ئاواتی دەخوازن .

ئەو هەموو پاداشتەش

﴿ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴾،

واتــە: بەڕاسـتی بەهەشـت خـواردن پێـدان، و مێوانداریێتیەکـە بۆیـان لـە لایـەن خـوای پەروەردگاری لێبووردە، و بە بەزەییەوە .

﴿ غَفُورٍ ﴾، واتە: لە تاوانـەکانیان خۆش دەبێت، و بـە بەزەیشـە بۆیـان، و پلەشیان بـەرز دەکاتەوە .

ئەمەیە پاداشتی ئەوانەی کە دەڵێن کە ( ٱللَّهُ ) پەروەردگارمانـە، پاشـان بـەردەوام دەبـن لـە سەر ئایینەکەیان .

لەمەشدا بەڵگە بەرچاو دەکەوێت لە سەر گرنگی دان بە **بەردەوامی بوون لـە سـەر ئاییینەکـەی خوای گەورە**، بەوەی کە مرۆڤ جێگیر بێت، و زیاد و کەم گۆڕانکاری نەکات لـە ئایینەکەیدا، بـەڵام ئەگەر کەسێك زیاد ڕەویکرد، یان کەمتەرخەمی کرد، یان گۆڕانکاری کرد، ئـەوا ڕاسـت و بـەردەوام نەبووە لەسەر یاساکەی خوا، بەردەوامیش پێویست بەوە دەکات مرۆڤ لە هەموو شتێکدا میـانڕەو بێت .

## ئەو فەرموودانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون :

**فەرموودەی یەکەم :** " عن أبي عمرو وقيل عن أبي عمرة سُفْيَان بن عبد الله رضي الله عنه قال: قلـت: يـا رسول الله قل لي في الإسلام قولا لا أسأل عنه أحدا غيرك . قال: قل آمنت بالله ثم استقم " [٢].

**لێکدانەوەی فەرموودەکە :** ووتەی:

" قل لي في الإسلام قولا لا أسأل عنه أحدا غيرك "، واتـە: ووتەیـەکم پـێ بڵـێ ئەوەنـدە ڕوون و یەك لا بێت پێویست نەکات، پرسیاری لە کەسی تر بکەم دوای تۆ، پێغەمبەری خـواش ﷺ پـێی فەرموو:

" قل آمنت بالله ثم استقم " .

وە ووتـەی " قل آمنت "، لێرەدا مەبەستی تەنها ووتەی زمان نیـە، چونکە بـە ڕاسـتی لـە نـاو خەڵکیدا کەسانێکی وا هـەن کـە دەڵێن: باوەڕمـان بـە خـوا، و بـە ڕۆژی دوایـی هەیـە، سـەرەڕای ئەوەش بێ باوەڕن بە خوای پەروەردگار و بە ڕۆژی دواییش .

بەڵام مەبەست لێرەدا ووتەی دڵە، و هەروەها زمانیش .

---

(٢) ( رواه مسلم، برقم: ٣٨ ) .

واتە: بە زمان بیڵێ پاش ئەوەی کە لە دڵیدا جێگیر بوو بێت، لەگەڵ بوونی بیروباوەڕێکی تەواو، و پتەو کە هیچ گومانێکی تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی باوەڕ بوون تەنها بە دڵ بەس نیە، و تەنهاش بە زمان بەس نیە، بەڵکو پێویستە باوەڕەکە بە هەردووکیان بێت .

بۆ ئەمە بوو دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی بانگەشە کردنیدا بۆ ئیسلام، بە خەڵکی دەفەرموو: " يا أيها الناس قولوا: لا إله إلا الله تفلحوا " [١٥]، واتە: ئەی خەڵکینە بڵێن: **(لا إله إلا الله)** ـ واتە: هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ( اللَّهُ ) نەبێت ـ بەو کارەتان سەرفراز دەبن، پێغەمبەری خوا پێی فەرموون: " قولوا"، واتە: بە زمانتان بیڵێن، هەروەکو چۆن پێویستە، و دەبێت دڵیش هاودەنگ بێت لە گەڵ ئەو ووتنەدا .

وە کە فەرموویەتی: **" آمنت بالله "**، باوەڕ بوون بە بوونی خوا دەگرێتەوە، و بە پەروەردگاریتی، و ناووسیفەتەکانی، و حوکمەکانی، و بە هەواڵ وە بە هەموو ئەوانەی کە لە لای خواوە دێت، ئەگەر باوەڕت هەبوو بە هەموو ئەمانە، ئەوا بەردەوام بە لەسەر ئایینی خوا، و لێی لا مەدە، نە بە لای ڕاست، و نە بەلای چەپدا، نە زیاد و نە کەمی بکەوە .

وە بەردەوامیش بە لەسەر شایەتی دان بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ( اللَّهُ ) نەبێت، و محمدیش ﷺ نێرراوی خوایە، ئەوەش بە ئەنجامدانی تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار، و شوێنکەوتنت بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ، کەوا بوو بەردەوام بە لە سەر نوێژکردن، و زەکات دان، و ڕۆژوو گرتن، و حەجکردن، وە لە سەر هەموو فەرمان پێکراوەکانی شەرع .

وە کە فەرموویەتی: " قل آمنت بالله ثُمَّ "، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەردەوامی بوون نابێت ئیللا پاش باوەڕ پێبوون نەبێت، وە لە مەرجەکانی کردەوە چاکەکانە، بەو واتایەی: لە مەرجی تەواوی وەرگرتنێتی کە دەبێت دابمەزرێت لەسەر باوەڕ .

ئەگەر مرۆڤ کردەوە ڕوخسارییەکان بکات بەڵام لە دڵەوە کاول بوو بێت، وە لە گومان و دڵە ڕاوکێدا بێت، یان لە ئینکار کردن، و بەدرۆ زانیندا بێت، ئەوا هیچ سوودێکی نیە بۆی، هەر بۆ ئەمەشە زانایان ـ ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ـ یەك دەنگ، و کۆڕان لەسەر ئەوەی لە مەرج و تەواوی پەرستشەکان، و وەرگرتنی ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕی هەبێت بە خوای پەروەردگار، واتە: دان بنێت بە بوونی خوا، وە بە هەموو ئەوانەش کە لە لای ئەوەوە هاتوون .

---

(١٥) قال العلامة الألباني في (دفاع عن الحديث النبوي : ص٢٢) : (( هذا الحديث قد أخرجه الإمام أحمد في (المسند) (٤٩٢/٣ و٦٣/٤ و٣٤١ و٣٧٦/٥) والبيهقي بأسانيد عن غير واحد من الصحابة وأحدهما عند ابن إسحاق في (السيرة) (٦٤/٢ – ٦٥) بنحوه وأحد إسنادي أحمد صحيح وأخرجه البيهقي أيضا كما في (البداية) (١٣٩/٣) وطرفه الأول لـه شاهد في (المستدرك) (٦٢٤/٢) من حديث جابر مطولا وصححه ووافقه الذهبي )) .

**هەروەها ئەم سوودانەش لەم فەرموودەیەوە وەردەگیرێت:** پێویستە لە سەر مرۆڤ ئەگەر هەستا بە کردەوەیەك دەبێت بزانێت کە ئەو کردەوەیەی تەنها لەبەر خوای پەروەردگار ئەنجام داوە، ئەوەش کە توانای ئەنجامدانی ئەو کردارەی پێ بەخشیوە هەر ( ﷲ ) یە، و بە پێی شەرعەکەی ئەویش ئەنجامی دەدات، وە بەردەوام نابێت لەسەر ئایینی خوا ئیللا پاش باوەڕبوون نەبێت، بە خوا.

بەوەش وا هەست دەکات کە تەنها لە بەر خاتری خوایە، و بە یارمەتی خوا ئەنجامی داوە، و لەبەر ئەویشە کە شوێنی شەرعەکەی دەکەوێت، وە ئەمەش سوود وەرگرتنە لەم ئایەتە:

﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ ﴾ [ الفاتحة: ٥ ــ ٦] .

کەوابوو یەکەمیان پێهەستانیەتی بۆ خوا، و دووەمیشیان شوێنکەوتنی شەریعەتەکەی خوایە . بۆیە لێرەدا دەڵێین: مەبەست بە ( **الصراط المستقيم** ) ڕێگەی ڕاست لە ئایەتەکەدا شەریعەتەکەی خوایە کە دەمانگەیەنێت، بە خۆی، هەر ئەویشە سەرخەر بۆ ڕەوایی.

**فەرموودەی دووەم:** وە لە ( **أبو هريرة** ) ەوە، دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " قاربوا وسددوا واعلموا أنه لن ينجو أحد منكم بعمله " قالوا: ولا أنت يا رسول الله ؟ قال: " ولا أنا إلا أن يتغمدني الله برحمة منه وفضل " [١٧] .

پێشەوا (النووي) فەرموویەتی: مەبەست بە (المقاربة) ئەوەیە کە نە زیادڕەوی بکرێت تێیدا، نەش لێی کەم بکرێتەوە، وە (السداد) بەردەوام بوون، وپێکاندنە، وە (يتغمدني) بمگرێتەوە، و بمپۆشی .

**زانایانیش فەرموویانە:** واتای بەردەوام بوون لەسەر ئایین (**الاستقامة**): پەیوەست بوونە بە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورەوە، وە فەرموویانە: ئەم فەرموودەیە لە ووتە کورت و پڕ ماناکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ (جوامع الكلم )، وە ڕێك خەری هەموو کارەکانە، و خوای پەروەردگاریش پشتیوانە .

**لێکدانەوەی فەرموودەکە:** ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەردەوام بوون بە پێی توانایە، ئەوەش لەوەوە دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " قاربوا وسدِّدوا "، واتە: نزك بنەوە لەوەی کە فرمانم پێ کردوون، وسوریش بن لە سەر ئەوەی کە نزیکبنەوە لێی بە پێی تواناتان .

وە کە فەرموویەتی: " سدِّدوا "، واتە: هەوڵی نزیك بوونەوە بدەن لە پێکاندن، واتە: سوربن لەسەر ئەوەی کە کردەوەکانتان ڕەوا بپێکن بە پێی توانای خۆتان .

وە مرۆڤیش هەرچەندە تەقوا، و لە خوا ترسانی هەبێت، ئەوا قابیلە بۆ هەڵە کردن، هەروەکو چۆن هاتووە لەم فەرموودەیەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " كل بني آدم خطاء وخير

(١٧) ( صحيح البخاري، برقم: ٥٦٧٣، ومسلم، برقم: ٢٨١٦ ) .

الخطائين التوابون " [١٨] . یان ئەو فەرموودەیەی کە فەرموویەتی: " لو لم تذنبوا، لذهب الله بكم، ثمَّ لجاء بقوم يذنبون، فيستغفرون الله فيغفر لهم " [١٩]، کەوا بوو مرۆڤ فەرمان پێکراوە کە نزیك بێتەوە، و پێکەری ڕەوایی بێت بە پێی توانای خۆی .

پاشان فەرمووی: " واعلموا أنه لن ينجو أحد منكم بعمله "[٢٠] ، واتە: ئەوەش بزانن کە هیچ یەکێك لە ئێوە ڕزگاری نابێت لە ئاگری دۆزەخ، بە کردەوەی خۆی، وە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کردەوە ناگات بەوەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ خوای پەروەردگار لە سوپاس و ستایش کردنی، وە ئەوەش کە پێویستە لەسەر بەندەکانی لە مافەکان، بەڵام خوای گەورە بەزەیی خۆی دەرێژێت بە سەر بەندەکەیدا، و لێی خۆش دەبێت .

کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی فەرموو، پێیان ووت: " ولا أنت يا رسول الله " ؟! تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: " ولا أنا إلا أن يتغمدني الله برحمة منه وفضل " تەنانەت منیش، ئیللا ئەوە نەبێت کە خوای گەورە بەزەیی خۆی بڕێژێت بە سەرمدا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ هەرچەندە بگات بە پلە و پایە، و فەرمان ڕەواش بێت، ئەوا ڕزگاری نابێت بە کردەوەی خۆی، تەنانەت پێغەمبەری خواش ﷺ، ئیللا ئەوە نەبێت کە خوای گەورە نیعمەتی خۆی ڕشاندووە بە سەریدا، بەوەی کە لە تاوانی ڕابردوو، و داهاتووشی خۆش بووە، ئەگەر نا بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نەدەبوو .

**ئەگەر یەکێك بڵێت:** لە قورئانی پیرۆز و سوننەتیشدا چەندەها بەڵگە هەن، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە کردەوەی چاکە ڕزگارت دەکات لە ئاگری دۆزەخ، و دەتخاتە بەهەشتەوە، لەوانەش ئەو ئایەتەی کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾

[ النحل: ٩٧ ] ، جا چۆن ئەم ئایەتە، و فەرموودەکەی کە لە پێش دا هێناومانەتەوە، لەگەڵ یەکدا کۆ بکەینەوە؟!!

وەڵامیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە بووترێت: ئەوەی کە لە فەرموودەکەدا نەفی کراوە ئەوەیە کە کەس ئەوندە کردار ناکات بەرامبەر بێت لەگەڵ پاداشتەکەدا ( کە بەهەشتە )، وە ئەوەی کە لە ئایەتەکە جێگیر کراوە ئەوەیە کە کردارەکان هۆکارن بۆ ڕۆشتنە بەهەشتەوە نەك بەرامبەر بن بە پاداشتەکە .

---

(١٨) ( حسنه العلامة الألباني في: صحيح الجامع الصغير، برقم: ٤٥١٥ ) .

(١٩) ( رواه مسلم في صحيحه، من حديث أبي هريرة، برقم: ٤٩٣٦ ) .

(٢٠) (صحيح الجامع الصغير: ٤٢٩٧).

کەوا بوو کردەوەی چاك بێگومان هۆکارە بۆ ڕۆشتنە بەهەشتەوە، ڕزگار کاریشە لە ڕۆشتنە ئاگری دۆزەخەوە، بەڵام کردەوەکان بەرامبەر نین لەگەڵ ئەو پاداشتەدا، وە تەنها ئەوەش مرۆڤ ناباتە بەهەشتەوە، بەڵکو چاکەو بەزەیی خوای گەورەیە دوو هۆکارن بۆ ڕۆشتنە بەهەشت، و ڕزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ.

**وە لەم فەرموودەشدا چەندەها سوود هەن لەوانە: یەکەم:** مرۆڤ بوغرا نەبێت، و خۆی لێ نەگۆڕێت، بە کردەوەکانی هەرچۆنێك بێت کردەوەکان زۆر کەمترن بەرامبەر بە هەموو ئەو مافانەی خوای پەروەردگار بە سەرتەوە .

**دووەم:** وە هەروەها ئەم سوودەشی تێدایە کە پێویستە لە سەر مرۆڤ زۆر زیکر و یادی خوا بکا، و بە بەردەوامی داوا بکات لە خوای پەروەردگار کە بەزەیی خۆی بڕێژێت بە سەریدا .

وە بە بەردەوامی بڵێت: (( اللهم تغمدني برحمة منك وفضل )) .

لەبەر ئەوەی کردەوەکانت لەبەر ڕازی بوونی خوا نابێت، ئیللا بە بەزیی خوا نەبێت .

**سێیەم:** وە ئەوەشی تێدایە کە بەڵگەیە لەسەر سووربوونی هاوەڵان ﷺ لەسەر زانستی شەرعی، وە هەر بۆ ئەمەشە کە داوای ڕوونکردنەوەیان کردووە، کە ئایا ئەم ووتە گشتییە ئەویش دەگرێتەوە، یان نە؟ ئەویش ﷺ ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە کە ئەویش دەگرێتەوە .

وە هەر کەسێك تێبفکرێت لە حاڵ و باری هاوەڵان دەزانێت کە لە هەموو خەڵك زیاتر سوورتر بوونە لەسەر زانستی شەرعی، وە وازیان نەدەهێنا لەو شتانەی کە پێویستیان پێدەبوو لە بوارەکانی ئایین و دونیاشدا، ئیللا هەوڵی بە دەستهێنانیان دەدا، خوای پەروەردگاریش سەرخەر، و پشت و پەنایە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

✍ سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە: ( **رياض الصالحين** ) ی پێشەوا ( **النووي** )ە، بە لێکدانەوەی (العلامة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين، المجلد الأول / باب الاستقامة: ص ٢٩٨ ــ ص ٣٠٢) .

www.ba8.org

# مژدەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ هاوەڵانی ﷺ

**ئامادەکردنی: م/ أبوبکر سیارەیی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين،وبعد:**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر مژدەی خۆشی بە هاوەڵانی داوە (ﷺ) لە زۆر بواری جۆراو جۆردا، ئێمە لێرەدا هەندێك لەو مژدانە باس دەکەین سەبارەت بەوەی کە دوائەنجام سەرکەوتن بۆ ئەم ئاینە پیرۆزەیە، لەوانە:**

**١- سوهەیب(ﷺ) هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) لەژێر دیواری کەعبەدا بوو سکاڵای حاڵی خۆی و سەرجەم موسڵمانانی تری کردو ووتی:** (ألا تستنصر لنا، ألا تدعو لنا ربك).

**واتە: ئایا داوای سەرکەوتنمان بۆ ناکەی، ئایا ناپاڕێەوە لە خودا رزگارمان بکات.**

**پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:** (إنه ليجاء بأحد من قبلكم فيجعل المنشار من رأسه الى قدمه فيجعله نصفين مايرده ذلك عن دينه)[1].

**واتە: لەو کەسانەی کەلە پێش ئێمە هاتوون مشاریان لەسەر سەریان دادەنا هەتا سەروپێ یان لەیەك جیا دەکردنەوە بۆ ئەوەی لە ئاینەکەیان پاش گەز ببنەوە، ئەوان دەکران بەدوو پارچەوە کافر نەدەبوونەوە.**

**پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆتایی قسەکەیدا فەرمووی:** (والله لينجو الله هذا الدين حتى يسير الراكب من حضرموت الى العراق لايخاف الا الله والذئب على غنمه؟!)[2].

---

(١) (متفق عليه، وانظر: صحيح سنن أبي داود: ٢٦٤٩).

(٢) (متفق عليه، وانظر: صحيح سنن أبي داود: ٢٦٤٩).

واتە: سوێند بەخودا خوای گەورە ئەم ئایینە سەرکەوتوو دەکات هەتا وای لێ دێت سوار لە حەزرەمەوتەوە دەڕوات بۆ عێراق تەنها لە خودا دەترسێ و پاشان لە گورگ کە زەرەر بە ئاژەڵەکانی بگەیەنێ.

تێبینی: ئەمە ڕووی دا لە کاتی عومەری کوڕی خەتابدا(ﷺ) هەتا دەی فەرموو: دەترسم خودا موحاسەبەم بکات لەوەی کە پیرەژنێك لە ڕێگەدا بکەوێت خودا پێم بڵێت: ئەی عومەر بۆچی ڕێگەت چاك نەکردووە بۆ خەڵك؟!!!

٢- سوراقە(ﷺ) کاتێ شوێنی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبو بەکری صدیق(ﷺ) کەتبوو بۆ ئەوەی یان بیان کوژێ یان بیان گرێ خەڵاتی سەد وشتری قورەیش بۆ خۆی مسۆگەر بکات، لە پاش ئەوەی کە ئەبوو بەکر(ﷺ) زۆر ڕووی دەکردە سوراقەو دەیووت ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوە سوراقەیە زۆر نزیك بۆتەوە تیری بەدەستەوەیە؟؟؟ بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) هەر بەدڵنیاییەوە دەڕۆیشت هیچ حسابی بۆ مەترسی سوراقە نەدەکرد!!

بەڵام سوراقە زۆری لە ئەسپەکەی کرد بۆ ئەوەی زیاتر نزیك بێتەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبو بەکری صدیق(ﷺ) بەڵام ئەسپەکە فڕێیداو کەوتە خوارێ، داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە ئەوان دڵنیا بن لە ئەو کە هیچ زیانێکیان لێ نادا، لە پاش ئەوەی کە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبو بەکری صدیق، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: (سوراقە بۆ باوەڕ ناهێنی سوێند بەخوا موڵکو عەرشی کیسرا دەکەوێتە ژێر دەستی ئەم ئوممەتەی منەوە) سوراقە(ﷺ) ووتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) من باوەڕم پێ هێنای بەڵام بپاڕێرەوە کەمن لەو سوپایە بم کە شەڕی کیسرا دەکات، بەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی پاڕایەوە.

لەپاشان سوارقە(ﷺ) ووتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) نان و ئاوتان بخەمە خزمەت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پێویستمان بەنان و ئاو نییە باوەڕی خۆت بشارەوە، وەئەگەر لێیان پرسیت ڕیگەی ئێمەیان لێ هەڵە بکەن..

بەڵێ سوراقە(ﭬ) یەكێك بوو لەوانەی كە عەرشی فارس كەوتە ژێر دەستیان لە كاتی عومەری كوڕی خەتتاب(ﭬ)، واتە ئەم پەیمانی سەركەوتنەی پێغەمبەر(ﷺ) لەپاش نزیكەی پانزە ساڵ هاتە جێ[٣] ! ! !

٣- لە كاتی هەڵكەندنی خەندەق دا كاتێ هەموو هۆزو خێڵ و تیرەو تایفەكان هاتن و هێرشیان بۆ مەدینە هێنا پێغەمبەر (ﷺ) و یارانی بەتایبەت سەلمانی فارسی(ﭬ) بۆچونیان وابوو كە چاڵێك هەڵ كەنن بە چوار دەوری مەدینەدا بۆ ئەوەی بتوانن بەرەڤانی بكەن لەمەدینە ئەو كەم و كورتی‌یەی گەورەی سنووری مەدینە زۆری دوژمنان كە بریتی بوو زیاتر (٥١) هەزار سەربازو چەك بەدەست توانای شەركردنیان هەبوو. لە كاتی هەڵكەندنی چاڵەكە موسڵمانان زۆر برسی و ماندوو بوون هێزو توانا و مەعنەویان دەڕوخا بەتایبەت دوو ڕووەكان پاگەندەی زیاد لە حەدیان دەكرد بۆ ئەوەی باوەڕداران هەڵ بێن.

لەو كاتە ناسكەدا بەردێكی زۆر گەورە و سەخت زۆر ئازاری موسڵمانانی دا نە ئەوە بوو بتوانن بیشكێنن، وەنە ئەوەبوو بتوانن هەڵی بكەنن و لە جێی خۆی لایدەن، بۆیە ئەم باسەیان بردە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) سەیریان كرد پێغەمبەر(ﷺ) لەبرسا بەردی لەزگ و گەدەی بەستووە بەپشتێن! !

كاتێ ئەمەی زانی كەو ئەو بەردە ئەوانی هیلاك كردووە داوای پاچێك یان هەرشتێكی كرد كە ئەوان كاری لەسەر دەكەن بۆ هەڵ كۆڵین . دەستی دایە و فەرمووی: (بسم الله) بە ناوی خودا پارچەیەكی گەورەی لێ بۆوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (الله أكبر) گەورەیی هەر بۆ خودایە (أبشروا فتحت كيسرى)[٤].

واتە: مژدەتان پێ دەدەم بەئێوە كە موڵكی كیسری دەكەوێتە ژێر دەستی ئێوە؟! ! !.

لە پاشان جارێكی تر لەبەردەكەیدا بەردەكە پارچە پارچە بوو فەرمووی:

(الله اكبر فتحت كنوز قيصر).

---

(٣) (صحيح البخاري، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٨٦٩).

(٤) **فەرموودەكە بەم شێوەیەیە:** (بسم الله، الله أكبر أعطيت مفاتح الشام، والله إني لأنظر قصورها الحمر الساعة)، الله أكبر أعطيت فارس، والله إني لأبصر قصر المدائن الأبيض الآن )، (بسم الله، الله أكبر، أعطيت مفاتح اليمن، والله إني لأبصر أبواب صنعاء من مكاني ) سنن النسائي وأحمد في مسنده.

گەورەیی هەر بۆ خودایە سامان و قەسری قەیسەر دەکەوێتە ژێر دەستی موسڵمان! !
ئەم پەیمان و مژدانەی پێغەمبەر(ﷺ) لەکەی فەرموویەتی؟!لەو پەڕی لاوازی وهەژاری و هی تر ..قورئان تۆماری کردووە دەفەرمووێت:

﴿وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا﴾ [الأحزاب: ١٠] .

واتە: ئێوە دڵەکانتان هاتبووە ناو قوڕگە کانتانەوە گومانی جۆراو جۆرتان بەخودا دەبرد .

بەڵێ چەند ساڵانێکی کەم بوو هەردوو ئیمپراتۆرێتی زل هێزی ئەو زەمانەیە کەوتنە ژێر دەستی موسڵمانان (کە بریتی بوون لە ئیمپراتۆری ساسانی کەتەمەنی، ئەم ئیمپراتۆریە زیاتر لە هەزار ساڵ بوو! ! !

وە ئیمپراتۆری بێزەنتینی (البزنطية) کە تەمەنی زیاتر لە (٧٠٠) ساڵ بوو، بە ماوەیەکی قیاسی زۆر کەم کەوتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەوە لەنێوان پەنجا ساڵ تا شەست ساڵ لە کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە ! ! !

٤- پێغەمبەر دەفەرمووێت: (إن الله زوى لي الأرض فرأيت مشارقها ومغربها وإن ملك أمتي سيبلغ مازوى لي منها)[٥].

واتە: خودای گەورە زەوی بۆ نزیك کردمەوە هەتا بینیم خۆرهەڵات و خۆرنیشی زەوی، بەدڵنیاییەوە، پێتان دەڵێم سەروەت و سامان و موڵکی ئوممەتی من دەگاتە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا.

بێ گومان ئیسلام گەیشتە روسیا و ئەورپا و ئەندەلوس واسپانیا گەیشتە نیوەکەی تری جیهان کە بریتی بوو لە چین ئیمپراتۆری چین سەرانەی بۆ موسڵمانان دەنارد بەرامبەر ئەوەی کەلەسەر خۆیان بمێنێتەوە ئەمە هێشتا کەمتر بوو لەسەد ساڵ دوای کۆچی پێغەمبەر ! ! !

٥- عەبدوللای کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب (ﷺ) دەڵێت: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووین لێیان پرسی کام دوو شارە لە پێش ئەوی تریان دێتە باوەشی

---

(٥) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣٢/١).

ئیسلام؟ (أي المدينتين تفتح أولا القسطنطينية او رومية؟ فقال(ﷺ) مدينة هرقل تفتح أولاً يعني قسطنطينية)[٦] .

فەرمووی شاری قەیسر واتە قستەنتینیە بۆیە یاوەرانی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر خۆشحاڵ بوون بۆ ئەوەی بەشداری ئەو خێرە بن کە شاری قەیسەر دەکەوێتە ژێر دەستی موسڵمانان بۆیە کۆمەڵێکی زۆر لەخواناسان وکۆشش کاران بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام لەوێ بەڕێکەوتن بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەتایبەتی فەرموودەی تری پێغەمبەر (ﷺ) هەیە کە دەفەرمووێت: (نعم الأمير أميرها ونعم الجيش جيشها)[٧].

واتە: باشترین گەورەو سەرکردە سەرکردەی ئەو لەشکرەیە، باشترین لەشکریش ئەو لەشکرەیە کە ئەوێ رزگار دەکات.

بەلاّم پاش شەرو پیادانێکی زۆر لەیاوەران و تێکۆشەران گیانیان لەدەست دا.

ئەبوو ئەیوبی ئەنساریش لەوێ مردو هەر لەنزیکیانەوە ناشتیان.

هەر ناو بەناو موسڵمانان خۆیان کۆ دەکردەوە ودەچوون بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەلاّم دەگەڕانەوە یان دەکوژران ئەم جەنگانە نزیکەی (٧٠٠) حەوت ساڵی ڕەبەقی خایاند ئەو موسڵمانانەی بەهێزو بازوویەکی ئیمانی و ماددیەوە لە ژێر ئاڵای محمد فاتح دا هاتن بەرەو شاری قستەنتینیە .

پاش ئەوەی شەڕ کرا توانرا بۆ دوا جار ڕزگار بکرێت.

لە ساڵی (١٤٥٢)ی زاینی کە دەکاتە ٨٥٧ کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) ئەم مژدەیەی پێغەمبەر هاتە جێ !!!بەلاّم ئەوەی جێی سەرنجە فەرموودەکەی بەشێکی تری ماوە کە هێشتا نەهاتۆتە جێ و هێشتا موسڵمانان تائێستاش نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بتوانن ئەوێش رزگار کەن کە بریتیە لە رۆما؟!!!

بەلاّم ئەوەی جێی دڵنیایی هەر موسڵمانێکە ئەوەیە ئەبێت ئەوەش بێتە جێ بەلاّم کەی و چۆن و بەکێ ئەوە خودا دەزانێ؟!!!

---

(٦) (نفس المصدر).

(٧) رواه أحمد، وضعفه الشيخ الألباني في: (ضعيف الجامع الصغير، رقم: ٤٦٥٥)، و(سلسلة الأحاديث الضعيفة: ٢/ ٢٦٨).

**کەنیسەی ئەورووپا و ڕۆما**

چاك ئاگایان لەو فەرموودەیە هەیە کە پێغەمبەر وەعدی فەرمووە، چونکە ئەوانیش دەزانن کە پێغەمبەر(ﷺ) ڕاستە وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ﴾

[البقرة: ١٤٦] .

واتە: ئەوان پێغەمبەر (ﷺ)دەناسن وەك منداڵەکانی خۆیان دەناسن .

٦-مژدەیەکی تری پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: (ليتمن هذا الأمر مابلغ الليل والنهار، ومايترك الله بيت مدر ولا وبر إلا وأدخله هذا الدين بعز عزيز او ذل ذليل)[٨].

واتە: ئەم ئیسلامە دەگاتە ئەو جێ گەیەی کە شەو وڕۆژی پێ گەیشتبێ، هیچ ماڵێك بەجێ ناهێڵێ چ لە قوڕ دروست کرابێ یان لە خێوەت واتە: لە موو و خوری دروست کرابێ ئەم ئایینەی دەچێتێ ئینجا یان بە هۆی ئازایی و لیهاتوویی تێ کۆشەران کە دەبنە خاوەن دەسەڵات؟!!

یا بەهۆی کەمی و بێ نرخی ئەوانەوە کە بێ دەسەڵاتە ؟!!

بەیەکێك لەم دوو هۆکارە ئەبێ ئیسلام ڕێزو کەرامەت و حورمەتی بۆ بگەڕێتەوە، بێ بڕوایانیش زەلیل و بێ دەسەلات ببەنەوە.

ئەوەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێ ئەوەیە:

*ئەگەر موسڵمانان خۆیان بەهێزو بازو توانا بوون لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوا خودا سەرکەوتن دەنێرێ .

*ئەگەر نا ئەو کات خودا بەهۆی کەسێك لە کافران کەسووك وچرۆکە کارێ دەکات ئیسلام دەبێتەوە خاوەن کەرامەتی جاران.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

www.ba8.org

(٨) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣٢/١).

# بنچینەکانی بەکافردانان

نووسینی: زانای پایەبەرز
شێخ صالح بن فوزان الفوزان
وەرگێڕانی: م/ عبدالغفور عبدالله

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى اله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين أما بعد:

بەڕاستی ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر گرنگە و زۆر باس کراوە و وروژێنراوە لەکۆن و تازەدا و گومڕاکەری تێگەیشتنەکانە، وەخلسکێنەری پێیەکانە و هۆکاری دەمەقاڵ و پارچە پارچە بوونی ئومەتە . ئەویش بابەتی (بەکافردانان و بیدعەچی دانان و فاسق کردنە بەبێ زانیاری و ڕێ ڕۆشنی) ( التكفير والتبديع والتفسيق بغير علم و بصيرة) .

وە لەبەرترسناکی ئەم بابەتە زانایان زۆر بایەخیان پێ داوە و کتێبی زۆریان داناوە لەسەر ڕوونکردنەوەی هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام و حوکمی ئەو کەسەی تاوانە گەورەکانی کردووە، کە ئەوەش لەخوار هەڵوەشێنەرەوەکانە لە پێناو دورخستنەوەی مەترسی لەسەر ئەم ئوممەتە . وە جیاکردنەوەی حەق و ڕاستی لەخراپە و بەتاڵ لەو بوارەدا بۆ ئەوەی کەسێك قسەی تیادا نەکات کە شارەزایی نییە، یان کەسێك نەچێتە ناویەوە کە بەتەواوەتی بنچینە و ڕێساکانی شارەزا نەبووە، یان ئاسانکاری بکات تیایدا کە خەمخۆری وپیاوەتی‌یەکی نەبێت لەسەر دینی خوای گەورە وبڵاوکردنەوە وتەشەنەکردنی بیروباوەڕی خراپ وگومڕایی لە دینی خوای گەورەدا و حەق وبەتاڵ تێکەڵ دەکات، وەلەسەر ئوممەت حیسابی دەکات ئەوەی کە تێیدا نییە، وە شتێك دەخاتە ناو دینەوە کە تێیدا نییە .

وە ئەو بابەتەش دروست نییە کەسێك قسەی تێیدا بکات کە عیلم و زانیاری و بەرچاو ڕۆشنی پێ نەبێت، نابێت حوکمی کوفر بدات بەسەر هیچ کەسێکدا تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەکافریان داناوە بەهۆی ئەنجامدانی یەکێك لە

هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام لەوەی کە زانایان کۆڕان لەسەری، وەپێویستە لەسەر موسڵمانان کە هەوڵی فێربوون بدەن لەپێش قسەکردن، وەقسە نەکەن تەنها لەسەر عیلم و زانیاری نەبێت، بەلأم کەوانەبوو، ئەگەر موسڵمانێك بەکافر دانێت ئەوا دوو تاوانی گەورەی ئەنجام داوە:

**یەکەمیان:** گەورەترە لەدووەمیان، ئەویش ئەوەیە کە:

قسەی کردووە لەسەر خوای گەورە بەبێ عیلم و زانست، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾ [الأنعام :٢١].

واتە: کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ وشتی نادروست بۆ خوا هەڵدەبەستێت؟

وەدەفەرمووێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ [الأعراف : ٣٣] .

واتە: ئەی محمد (ﷺ)بڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم حەرامی کردووە هەموو گوناهو خراپەیەك، چ ئەوانەی ئاشکران و چ ئەوانەی پەنهانن، وە گوناهو دەست درێژی بەناحەق، وە حەرامی کردووە کە هاوەڵ و شەریك بۆ خوا دابنێن لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووە و دەسەلأتی پێ نەداوە، وەحەرامی کردووە کە بەناوی خواوە قسە بکەن بەبێ هیچ زانست و زانیارییەك

وە قسەکردن لەسەر خوای گەورە بەبێ عیلم و زانیاری بەگەورەتر دانا لە شیرك، لەبەر ئەوەی لەدوای شیرك باسی کردووە، وەخوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾ [ الإسراء : ٣٦] .

واتە: لەشتێك مەدوێ وشوێنی مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نییە، بەڕاستی بیستن و بینین و دڵ هەموویان لەو کردەوانە بەرپرسن.

بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤ پێش ئەوەی قسە بکات فێری زانست و زانیاری بێت، وە فێربوونی زانستیش پێش گوفتارو کردەوە کردن (القول والعمل) خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ﴾ [محمد:١٩].

واتە: بزانە جگە لەخوای گەورە هیچ خوایەکی تری حەق نییە کە شایانی پەرستن بێت.

وە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عیلم و زانیاری پێش قسە و کردەوەیە، چونکە ئەو قسەیەی کە لەسەر عیلم و زانیاری نەبێت بەتایبەت لەکاروباری دیندا وبەتایبەتی

تریش لەبواری عەقیدەدا، ئەوە قسەیەکی بەتاڵەو درۆیە لەسەر خوای پەروەردگار، ئەمە تاوانی یەکەم بوو کە قسە کردن بوو لەسەر خوای گەورە بەبێ عیلم.

**تاوانی دووەم:** تاوان کردنە بەرامبەر ئەم موسڵمانە، ئەویش حوکمی بە کافردانان و دەرکردنێتی لە ئیسلام، وەئەو کاتەش چەند حوکمێکی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، لەوانە: خێزانەکەی لێی جیادەبێتەوەو لەگەڵیدا دانانیشێت، وە میرات ناگرێت و میراتیشی لێ ناگیرێت، وە کە مردیش ناشۆرێت و کفن ناکرێ و نوێژی لەسەر ناکرێ و دوعای بۆناکرێ و نابێت لە گۆڕستانی موسڵمانانیش بنێژرێت .

وەئەوەی حوکمی کافربوونی بەسەردا دەدات بەبێ حەق، ئەوە هەموو ئەوانەی دەکەوێتە سەر، لەبەر ئەوەی لەسەر قسەو گوفتاری ئەو بنیات نراوە، وە پێویستە ئینسان فێری ئەو شتانە بێت کە کافربوون و مرتد بوونەوەیان لەسەر بنیات دەنرێت، پێویستە فێربێت و بەنەزانین قسە نەکات، وە وانەبینێت کە هەرچی پێچەوانەی ڕەئی ئەو بوو کافرە، لەگەڵ ئەوەدا هیچ کەس بەکافر دانانرێت تەنها ئەوە نەبێت کە بەڵگە لەسەر بەکافردانانی هەیە لەقورئانی پیرۆز یان سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) یان کۆڕای موسڵمانان (زانایان) .

وەعیلم و زانیاریش لەسەر ئەو بنچینانە لە کوێ وەردەگیرێت؟ ئایا عیلم و زانیاری لەکتێب وەردەگیرێت؟ یان لەخوێندنەوەو کۆشش کردن و لەبەرکردنی دەقەکان؟

"نەخێر" عیلم و زانیاری وەرناگیرێت تەنها لە ئەهلی عیلم و ئەو زانایانە نەبن کە ڕۆچوون لە عیلم و زانست، عیلم وەرناگیرێت لە خوێندنەوەو بەدواداچوون لەکتێبدا یان لەبەرکردنی دەقەکان ئەگەر چی دەقە لەبەر کراوەکانیش زۆربن، وە مەرج نییە هەرچی دەقی زۆری لەبەر بوو وەك لەبەر بوونی قورئان یا لەبەرکردنی زۆرێك لەفەرموودە عالم و زانا بێت، وە بەوەش نابێت بەزانا، بەڕاستی عالم ئەوەیە کە فەقیە بێت، وە عیلمیش ئەوەیە تێگەیشتن و شارەزا بوون بێت لەدینی خوای گەورەدا، وە ئەوەش نابێت تەنها بەخوێندن و وەرگرتنی نەبێت لەشارەزاو زانایان، ئەو زانایانەی کە هەموو ئەو دەقانەی لەبەرکراون و خوێنراونەوە ڕوون دەکەنەوە بۆیان، کە لەوانەیە بەشێوەیەك تێی گەیشتبێت زۆر دوربێت و هیچ پەیوەندییەکی نەبێت بەقورئانی پیرۆز یان سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)

بەڵام کە بگەڕێتەوە بۆلای ئەهلی عیلم ئەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە کە بەهەڵە تێی گەیشتووە و لێی تێکەڵ بووە، بۆیە پێویستە لەسەری کە بگەڕێتەوە بۆلای ئەهلی عیلم و زانستی بەسودیان لێ وەرگرێت تا ببێت بە ئینسانێك کە لەسەر بەرچاو ڕۆشنی بێت بەوەی کە دەیڵێت و کاری پێ دەکات وحوکمی لەسەر دەدات.

پاشان ئەگەر فێری زانست و زانیاری شەرعی بوو لەئایینەکەی خوای گەورە تێ گەیشت، وە شارەزای هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلامیش بوو، ئەو هەڵوەشێنەرەوانەی کە ئینسان پێی لەئیسلام دەردەچێت، پێویستە لەسەری کە بەدواداچوون بکات لەحەق و مافی کەسێك پێش ئەوەی حوکمی بەکافردانان یان شیرك یان دەرچوون لەدینی بەسەردا بدات . وە دەبێت حوکمی شەرعی بەسەر ئەوکەسەدا جێ بەجێ بکرێت بۆیە دەبێت لە سەرەتادا دامەزراو و جێگیر بێت لەسەر ئەوە، کۆمەڵێك لە هاوەڵان (ﭫ) لەسەفەرێکدا دەرچوون و پیاوێکی شوان بەلایاندا تێپەڕی و ووتی: السلام علیکم، بە خێرایی ویستیان بیکوژن بەگومانی ئەوەی کافرە، وەمەڕەکەی بەغەنیمە وەرگرن، وە پەلەیان کرد لەوەو خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرمووێت[1]:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلَامَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَعِنْدَ اللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ كَذَلِكَ كُنْتُمْ مِنْ قَبْلُ فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوا إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ [ النساء: ٩٤] .

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە کاتێك دەردەچن بۆ جیهاد لەپێناوی خوادا هەموو شتێك ڕوون بکەنەوە و وەبەو کەسانەی کە سەلامتان لێ دەکەن مەڵێن تۆ ئیماندار نیت و مەبەستتان دەست کەوتنی ژیانی دنیا بێت، وەلای خوای گەورە دەست کەوتی زۆر زیاتر هەیە، خۆ کاتی خۆی ئێوەش وابوون و دواتر خوای گەورە بەخششی خۆی ڕژاند بە سەرتان و سەرکەوتنی پێ بەخشین، کەواتە وردبین بن و شت ڕوون بکەنەوە، چونکە خوای گەورە ئاگادارە بەهەموو ئەو کردەوانەی کە دەیکەن .

خوای پەروەردگار لۆمەی کردن لەکاتێکدا هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، بەهۆی ئەوەی پەلەیان کرد، وە پێویست وایە بەدواداچوون بکەین و پەلە نەکەین لەحوکم دان بەسەر خەڵکیدا تەنها بە بەرچاو ڕۆشنی نەبێت.

(وەکۆمەڵێ لەهاوەڵان (ﭫ) لەیەکێك لە جەنگەکاندا کە ئوسامەی کوڕی زەیدی (ﭬ) لەگەڵدا بوو، وە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) و کوڕی خۆشەویستی بوو، شەڕ لەنێوان ئیمانداران و موشریکەکان ڕویدا، پیاوێك لە موشریکەکان هەڵ هات و ئوسامە (ﭬ) و یەکێك لە ئەنصاریەکان پێی گەیشتن و ویستیان بیکوژن بەڵام کە لێی نزیك بوونەوە، ووتی: لاإله إلا الله، وە کەوتی: لا إله إلا الله ئەنصاریەکە وازی لێی هێنا، بەلام ئوسامە(ﭬ)گومانی برد کە لەترسی کوشتن ووتویەتی: لا إله إلا الله و کوشتی، بەو گومانەی کە لەترسی شمشێر وای ووتوە و ڕاستگۆ نەبووە لە ووتنی، کاتێك گەڕانەوە لای پێغەمبەر خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) پێی ووت: ئایا کوشتت دوای ئەوەی ووتی: لا

(١) رواه الترمذي وصححه الشيخ الألباني في: صحيح جامع الترمذي: ٣٠٣٠).

إله إلا الله؟ چی دەكەی لەو (لا إله إلا الله) یە كە ڕۆژی قیامەت هات؟ دوای دووبارەی كردەوە لەسەری: ئایا كوشتت دوای ئەوەی ووتی: لا إله إلا الله؟ دوایی بۆجاری سێیەمیش لەسەری دووبارەی كردوە: ئایا كوشتت دوای ئەوەی ووتی: لا إله إلا الله؟، ووتی: ئەی پێغەمبەر خوا (ﷺ)، بەڕاستی ئەو بۆیە وای ووت تا خۆی پەنا بدات لە شمشێر.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا دڵی ئەوت شەق كرد بوو تا بزانی بۆ پەنا گرتن وای ووتوە؟ چی دەكەیت لە لا إله إلا الله كە ڕۆژی قیامەت هات؟ ئوسامە (رضي الله عنه) دەفەرمێت: ئاواتم دەخواست من پێش ئەو ڕووداوە موسڵمان نەبووبام، لە توندی ئەو ئینكاریەی پێغەمبەر (ﷺ) كە بینیم لەسەری)[٢] .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە پێویستە بەدواداچوون بكرێت لەهەموو شتێكداو پەلە نەكرێت لەحوكمدان لەسەر خەڵكی، وەپێویستە لەسەر عیلم و شارەزایی و بەدواداچوونی حاڵی كەسەكان حوكم بدرێت بە سەریاندا، وە هەركەسێك موسڵمان بوونی خۆی دەرخات و شەهادە بهێنێ پێویستە وازی لێ بهێنرێت وەك چۆن ئەم چیرۆكە گەورەیە بەڵگەیە لەسەری تا ئەو كاتەی یەكێك لەهەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام بەدی دێت، وەك ئەوەی هاوەڵ بۆخوا دابنێت یان هاوار بكاتە غەیری خوا، یان یەكێك لە هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام كە لای زانایان ناسراوە ئەنجام بدات ئەو كاتە حوكمی هەڵگەڕاوەی بەسەردا دەدرێت .

وەمادام هیچ شتێك دەرنەكەوت كە پێچەوانەی ئیسلام بێت ئەوە گومانی چاكی پێ ببرێت و حوكمی ئیسلامی بەسەردا بدرێت ئەگەر چی هەندێ سەرپێچی ئەنجام دابێت كە لەخوار شیرك و كوفرەوەن وەك ئەوەی تاوانێك یان گوناهێكی كردبێت ئەوە حوكمی كافر بوونی بەسەردا نادرێت، هەتا ئەوكاتەی یەكێك لەهەڵوەشێنەرەوە ناسراوەكانی لای ئەهلی عیلم ئەنجام نەدات و هیچ عوزرێكی نەبێت، چونكە جاری وا هەیە كەسێكی نەزان و جاهیلە یان تازە موسڵمان بوەو نازانێت كە ئەوە كوفرە . (وەكاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو بۆ جەنگی (حونەین) لە دوای فەتحی مەككە لەگەڵ هەندێ خەڵكی مەككە دەرچوو لەوانەی كە تازە هاتبوونە ناو ئیسلامەوە كە یەكێكیان (أبو واقد الليثـي ) بوو (رضي الله عنه) ـ واتە تازە موسڵمان ببو ـ موشریكەكانی بینی درەختێكیان دیاری كردبوو لەلای دادەنیشتن و چەكەكانیان پێ هەڵدەواسی پێی دەوترا: (ذات الأنواط) بە پیرۆزیان دادەنا و لەلای دەمانەوە، بڕوایان وا بوو كە بەرەكەتی پێوەیە وچەكەكانیان پێ هەڵدەواسی تا پێی بەبەرەكەت بن، ئەو كەسانە وتیان: ـ ئەوانەی كە تازە هاتبوونە ناو ئیسلام ـ ئەی

(٢) ( رواه البخاري: ٢١٤٣/٤ ) برقم: (٦٨٧٢) (كتاب الديات).

پێغەمبەری خوا(ﷺ) (ذات الأ نواط) ێکمان بۆ دابنێ هەر وەك چۆن ئەوان (ذات الأ نواط) یان هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) حوکمی کافری بەسەردا نەدان بەهۆی نەزانیانەوە، بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، ئەوە ڕێبازێکە وتتان ـ سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە وەك ئەوەیە کە بەنی ئیسرائیل بە موسا(ﷺ) یان ووت: پەرستراوێك بۆئێمە دانێ وەك چۆن ئەوان پەرستراویان هەیە، ووتی: بەڕاستی ئێوە قەومێکی نەزان و جاهیلن)[٣] .

وە پێغەمبەر (ﷺ) ئینکاری کردن و ڕوونی کردەوە کە قسەکەیان وەك قسەی بەنی ئیسرائیل وایە کە بە موسا(ﷺ)یان ووت، بەلاّم ئەوان حوکمەکەیان نەدەزانی و پێغەمبەر (ﷺ) بۆی ڕوون کردنەوە کە ئەمە شیرکە، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەوان نەزان بوون و عوزری نەزانیان هەبوو حوکمی کوفری بەسەردا نەدان، وەهەر کەسێك کە تازە هاتبێتە ناو ئیسلام و هەلی بۆ نەڕەخسا بێت شارەزای ئەحکام و بنچینەکانی ئیسلام بووبێت، و شتێك بکات وەك ئەوەی کە ڕویدا هەتا ئەگەر ڕوکارەکەی شیرك و کوفریش بێت ئەوا بۆی ڕوون دەکرێتەوە و ئەو هەڵوەشێنەرەوەی ئیسلامی بۆ شەرح دەکرێ ئەگەر هەر سووربوو لەسەری و وازی لێ نەهێنا ئەو کاتە حوکمی کوفری بەسەردا دەدرێ .

وەهەموو ئەو حوکمانە پێویستە دڵنیایی و بەدواداچوونی تێدا بێت، چونکە زۆر لەوانەی حوکمی کوفر دەدەن بەسەر خەڵکیدا جاهیلن و شارەزانین، وە زۆریش لەوانەی حوکمیان بەسەردا دەدرێت، جاهیل و نەزانن و شایستەی ئەو حوکمە نین تا بۆیان ڕوون دەکرێتەوە، وە پێویستە لەو بڕیارانەدا بگەڕێنەوە لای زانایان و پرسیار کردن لێیان دەربارەی ئەو شتەو کەسەکەش .

چۆن حوکم دەدرێت بەسەریدا لەکاتێکدا حەقی قوتابیان سەرەتایی و خوێنەرەکان نییە کە خەڵك کافر بکەن و لە دین دەریان بکەن لەکاتێکدا هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام نازانن، وە ئەمە زۆر ترسناکە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی کە کەوتوونەتە ناو یەکێك لەمانە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خوای گەورە و قسەنەکەن دەربارەی بەکافردانان و فێری زانستی شەرعی ببن پێش ئەوەی قسەبکەن و پرسیار لەئەهلی عیلم بکەن و بیربکەنەوە و بڕواننە حاڵی کەسەکە ئایا عوزری هەیە یان نا؟ چونکە ئەمە پێویستی بە ڕوون کردنەوەو تێگەیشتنی قوڵ هەیە لەدین، وە کوشتنی کەسێك لەگەڵ ئەوەی کوشتن بەناهەق تاوانێکی گەورەیە سوکترە لەوەی کە حوکمی کافر بوونی بدەی

(٣) ( رواه أحمد في مسنده: ٢٢٥/٦) برقم: (٢١٨٩٧)، و(الترمذي في سننه: ٤١٢/٤) برقم: ( ٢١٨٠)، وصححه الشيخ الألباني في: (مشكاة المصابيح: ٥٤٠٨)، و(ظلال الجنة: ٧٦) .

بەسەردا، وەکوشتنی ئیماندار بەئەنقەست هەڕەشەی توندی لێ کراوە، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ٩٣] .

واتە: هەرکەسێك بەئەنقەست ئیمانداڕێك بکوژێت ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخەو بەنەمری تێیدا دەمێنێتەوە، و خوای گەورە لێی تورەیە و نەفرەتی لێ کردوەو سزایەکی گەورەی بۆ ئامادەکراوە .

ئەوە حورمەت و ڕێزی خوێنە، وە حورمەت و ڕێزی دین گەورەترە، وە دەرکردنی ئیماندار لەدین و ئیسلام گەورەترە لە کوشتن لای خوای پەروەردگار، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: ( إن دمائكم وأموالكم وأعراضكم عليكم حرام)(٤).

واتە: بەڕاستی خوێن و ماڵ و ناموستان لەسەرتان حەرامە.

ئەگەر هەموو ماڵەکەی ببەی بەزوڵم و لێی داگیر بکەی، ئەوا ئەوە سوکترە لەوەی حوکمی کافربوون و هەڵگەڕانەوەی بەسەردا بدەی لەکاتێکدا شایستەی ئەو حوکمە نییە .

وە بزانە کە تۆ حوکمی هەڵگەڕانەوە یان کافربوون بدەی بەسەر کەسێکدا، یان پێی بڵێی: کافر، یان ئەی دوژمنی خوا، یان ئەی مونافیق، وە ئەو کەسەش شایانی ئەوە نەبێت ئەوە ئەو قسەیە بەسەر خۆتدا دەگەڕێتەوە وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە:

( من قال لأخيه ياكافر أو يا منافق أو يا خبيث أو يا عدو الله وهو ليس كذلك إلا حار عليه)(٥).

واتە: یەکێك بەبراکەی بڵێت ئەی کافر، یان منافیق، یان پیس، یان ئەی دوژمنی خوا، وە ئەو کەسەش وا نەبێت ئەوە تەنها بەسەر خۆیدا دەگەڕێتەوە. (واتە: تاوانی ئەو قسەیە دەگەڕێتەوە بەسەر قسەکەردا و ناگەڕێتەوە سەر قسە پێ وتراو، ئەگەر هاتوو شایانی ئەوە نەبوو) . بەوە تۆ تاوانێکت لەنەفسی خۆت کرد.

کەواتە: لە خوا بترسە ئەی موسڵمان وە زمانی خۆت بپارێزە وحوکمی کافربوون مەدە بەسەر کەسێکدا کە شایەنی ئەوە نەبێت و پەلەی تیدا مەکە، وە بگەڕێرەوە لای ئەهلی علیم و زانایان لەو بوارەدا پێش ئەوەی حوکمی کافربوون بدەی بەسەر یەکێکدا لەوانەی کە موسڵمانن.

---

(٤) ( رواه البخاري: ٦١/١) برقم: (١٠٥) .

(٥) (رواه مسلم: ٧٩/١) برقم: (١١٢) .

وە یەکەم کەس کە کەوتە ناو تەکفیر کردن لەم ئوممەتە خـەواریج بـوون، وە فیتنـەی خەواریج لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) دەرکـەوت (کاتێـك پیاوێـك هـات بـۆلای پێغەمبـەر (ﷺ) کاتێـك غەنیمـەتی دابـەش دەکـرد دوای گەڕانـەوەی لەحونـەین ئـەو پیـاوە بـە پێغەمبەری (ﷺ) ووت: ئەی محمد (ﷺ) دادپەروەربە چونکە تـۆ دادپـەرەوەر نـەبویت، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هاوار بۆ تۆ کێ دادپەروەرە ئەگەر من دادپـەروەر نـەبم پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەنەوەی ئەم پیـاوە خـەڵکانێك دەردەچـن نوێـژەکانی خۆتـان بەکـەم دەزانـن بەرامبـەر نوێـژەکانی ئـەوان، وە ڕۆژووەکانتـان بەکـەم دەزانـن بەرامبەر ڕۆژووی ئەوان، دەردەچن لەئیسلام وەك چۆن تیر لـە نیشـانەکەوە دەردەچێت )[٦].

لەگەڵ زۆری نوێژو ڕۆژوو و قورئـان خوێنـدن و زۆری یـادی خـوا کـردن، بـەڵام دواتـر موسڵمان کافر دەکەن، وە پێغەمبەر (ﷺ) حوکی دەرچون لە دینی بە سە ردادان لەبـەر ئەوەی کەسانێکیان بە کافردانا کەشایستەی ئەوە نەبوون، وەهەرکەسێك حـوکمی کـافر بوون بدات بە سەر یەکێکدا وئەو کەسەش وا نەبێت، ئەوە لەو خەواریجانەیە کەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

(أينما لقيتموهم فاقتلوهم لئن أدركتهم لاقتلنهم قتل عاد)[٧].

واتە: لەهەر شوێنێك پێیان گەیشتن بیان کوژن، وەئەگەر من پێیان بگـەم کوشـتاریان دەکەم وەك کوشتاری عاد.

(وەلەسەردەمی خەلافەتی ئیمام عەلی (رضي الله عنه) کاتێك جەنگ رویدا لە نێوان ئـەوو ئـەهلی شامدا لە ناوچەی (صفين)، ئەهلی شام قورئانیـان بـەرزکردەوەو داوای حوکمیـان کـرد و دەیان ویست بگەڕێنەوە بۆ قورئان، ئیمامی عەلی (رضي الله عنه) ووتی: ئەمە فێڵە، خەواریج کە لە ناو سوپاکەی علی(رضي الله عنه)دابوون هەستان و وتیان: پێویستە ودەبێت بوەستین لەشەرکردن لەگەڵیانـدا، ئیمـامی عـەلی(رضي الله عنه) ووتـی: بەڕاسـتی ئەمـە فێڵـە، ئـەوانیش وتیـان: نـەخێر، پێویسـتە ودەبێـت بوەسـتین لەشـەرکردن لەگەڵیانـدا، ئـەویش وەسـتا لەشـەر کردنیـان، پاشان دوو لە هاوەڵان (رضي الله عنهم) دانران بۆ حوکم کردن لەنێوانـدا و حوکمیـان کـرد، خـەواریج بـەحوکمی ئـەوان رازی نـەبوون ودەرچـوون لـە گوێڕایـەڵی کردنـی ئیمـامی عـەلی (رضي الله عنه) وتەکفیریان کرد و وتیان: تۆ حوکم بە پیـاوان دەکـەیت و خـوای گـەورەش دەفـەرمووێ: ﴿إنِ الحُكْمُ إلا لله﴾ و تـۆ حـوکم بـە پیـاوان دەکـەیت و تـۆ کافریـت ئیمـامی عـەلی (رضي الله عنه) و

(٦) (رواه البخاري: /٦١٦٣ ).

(٧) (صحيح الجامع الصغير: ٢٢٢٧).

هاوەڵانیان ﷺ تەکفیر کرد ودەرچون لە گوێ ڕایەڵی کردنی و لەشوێنێك کۆبوونەوە پێ دەوترا: (حروراء).

دواتر ئیمامی عەلی (ﷺ) عبدالله کوڕی عەباسی مامی(ﷺ) نارد بۆ لایان و قسەی لەگەڵدا کردن و وەڵامی شوبهەکانی دانەوە و هەڵەکانیانی ڕوون کردەوە و(٦٠٠٠) کەسیان لێ گەڕانەوە ووازیان لە خەواریج هێنا، وە زۆربەی ئەوانەی مانەوە سوربون لەسەر گومڕاییەکان و لەسەر تەکفیر کردنی ئەمیری ئیمانداران ئیمامی عەلی (ﷺ) وە ئەوانەی لە گەڵیدا بوون لە (هاوەڵان ﷺ)، ئەوە سەرەتایی تەکفیر بوو، وە ئیمامی عەلی (ﷺ) لە گەڵیان جەنگا لە نەهرەوان و خوای پەروەردگار سەری خست بەسەریانداو کوشتارێکی گەورەی لێ کردن و گەیشت بەو پاداشتە زۆرەی کە پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پێ دابوو)(٨) .

ئەوە یەکەم تەکفیر کردن بوو لە ئیسلامدا، بەڵام بەردەوام و لەهەموو کاتێکدا خەواریج دەردەکەون و موسڵمانان کافردەکەن و بەردەوامیش موسڵمانان کوشتاریان دەکەن، ولەهەر کاتێك دەرکەوتبن کوژراون سوپاس بۆ خوا .

لەسەردەمی ئیمامی معاویە (ﷺ) دەرکەوتن، وە لەسەردەمی عبدالملکی کوڕی مەروان دەرکەوتن، وە لەزۆر کاتی جیاوازدا لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەرکەوتن وە هەرکاتێك دەرکەوتبن خوای گەورە موسڵمانانی سەرخستووە بەسەریاندا، ئەوانەی کە پێغەمبەر دەربارەیان دەفەرموێ:

(یقاتلون أهل الإیمان ویترکون أهل الأوثان)(٩) .

واتە: ئیمانداران دەکوژن و واز دەهێنن لەبت پەرستان، کافران ناکوژن بەڵام موسڵمان دەکوژن.

ئەمە حاڵی خەواریجە لەهەموو کاتێدا، وە هەرکەسێك ئەو مەزهەبە بینابکاو موسڵمانان و کاربەدەستانی موسڵمانان و زانایان بەکافر بزانێت ئەوە لەو کۆمەڵە گومڕایەیە، پێویستە کوشتار بکرێت، بەڵام دوای ئەوەی داوای لێ کرا بگەڕێتەوە بۆ حەق، بەڵام ئەگەر سوور بوو لەسەری ئەوە دەبێ کوشتار بکرێت هەروەك چۆن ئیمامی عەلی (ﷺ) کوشتاری کردن و ئەوانەی دوای ئەویش کردیان لە کاربەدەستانی موسڵمانان .

(٨) (انظر تاریخ الطبري: ٧٢/٥ ومابعدها، ثم انظر:
ص٨٥-٨٨ ومابعد ها).

(٩) (رواه البخاري برقم: ٣٣٤٤).

وه ئـەوە دیاردەیـەکی خـراپ وترسـناکە و پێویسـتە موسـڵمان لـە خـوا بترسـێت و هەڵگەڕانەوە وکافربون نـەدات بەسـەر هـیچ یەکێکدا بـەبێ عـیلم و بەدواداچـون نـەبێت . زانایان هیچ کەسێك کافر ناکـەن تـەنها ئەوەنـەبێت کـە خـوا و پێغەمبـەر (ﷺ) کافریـان کردبێت، ڕۆچوان لە عیلم زانستیشدا حوکمی کوفر نادەن تەنها لەسەر یەکێك نـەبێت کـە کوفرەکەی جێگیرو ڕوون بووبێت لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)، بـەڵام لای نەزان و ئەوانەی بەپەلەن لە کافر کردنی خەڵك سوکترین شت بەکافر دانانی خەڵکـە (فلا حول ولاقوة الابالله )، وە هەرکەسێکیش پێچەوانەی ڕەئی ئەوان یان مەزهەبی ئەوان بێت ئەوە حوکمی کوفر دەدەن بەسەر ئەویشدا، کـە ئەمـەش خاسـیەتێکی بێـزراو قێزەونـە، ودیـاردەی بـەکافردانان (الـتکفیر) پـێ خلیسـکانێکی گەورەیـە و پێویسـتە لەسـەر ئـەو کەسەی ترسی خوای لەدڵدایە، ئەگەر جاهیل و ناشارەزایە لە دین ئەوا بۆی دروست نىیە قسە لەو بابەتە بکات بەبێ عـیلم و زانیـاری، وە ئەگـەر شـارەزاو زاناشـە ئـەوا پێویسـتە بەدوا داچون بکات و حوکم نەدات تا بەتەواوی ڕوونی دەکاتەوە و دڵنیـا دەبێـت کـە ئـەو کەسە یان ئەو کۆمەڵە دەرچون لە ئیسلام، وە پێویستە لەسەر موسڵمان کە زمانی خۆی بگرێـت لـەو بابەتـە ترسـناکەو دانیشـێ و هـاوەڵێتی ئەوانـە نـەکات کـە ئـەوە سـیفەت و ئاکاریانە، وە دانەنیشـێ لای ئـەو کۆمەڵـەی کـە موسـڵمانان کافردەکـەن، چـونکە ئەگـەر دانیشت لە گەڵیاندا ئەوە وەك ئەوانی لێ دێت، بەڵکو پێویسـتە لێیـان جیابێتـەوە و دوور کەوێتەوە لێیان .

(لەجـەنگی تـەبوك هەنـدێ لـە مونافقیـەکان دانیشـتبون قسـەیان دەکـرد لـە نێـوان خۆیانـدا، قسـەیان دەربـارەی پێغەمبـەر (ﷺ) و هـاوەڵانی (ﭫ) دەکـرد ودەیـان ووت: لەمانە درۆزنـتر و ترسـنۆکتر وبـەهۆڵی سـکەوە ترمـان نـەبینیوە، مەبەسـتیان پێغەمبـەر (ﷺ) و هاوەڵان (ﭫ) بوو، وەگەنجێك لە ئیمانداران ئامادەبوو لەگەڵیانداو بـەو کەسـەی قسـەکەی کـرد وت: درۆ دەکـەیت و تـۆ مونـافیقی و هـەواڵ دەدەم بـە پێغەمبـەر(ﷺ)، ئینکاری کرد لەبەر ئـەوەی ئیمـان و غـیرەت لەدڵیـدا هـەبوو بـەدینی خـوای پـەروەدگار، پاشان ڕۆیشت هـەواڵ بـدات بـە پێغەمبـەر(ﷺ)، بـەڵام پـێش گەیشـتنی ئـەو کەسـە بـە پێغەمبەر (ﷺ) وەحی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دابەزی و خوای گـەورە هـەواڵی دا بـەوەی کـە پێی وتراوە، وە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ وەحی بۆ دابەزی دەربـارەی ئەمانـە فـەرمانی کـرد کە ئەو شوێنە جێ بهێڵن و ڕۆیشتن و پێغەمبەر(ﷺ) سواری ولاغەکەی بوو.

دواتـر ئەمانـە هـاتن بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) و عوزریـان هێنایـەوە و وتیـان: ئـەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە تەنها قسەی ڕیگـا بـوو دەمـان ووت تـا دووری و نارەحـەتی ڕێگامان لەسەر ئاسان بێت.

وە پێغەمبەر(ﷺ) ڕووی لێ نەدەکردن لە کاتێکدا ئەوان نوسابوون بە ولاغەکەی پێغەمبەر(ﷺ) وە دەیان وت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڕاستی ئەوە قسەی سواری و ڕێگا بووە تا قورسی ڕێگامان لەسەر ئاسان بێت، پێغەمبەریش (ﷺ) سەیری نەکردن و ئەو ئایەتەی خوای گەورەی دەخوێندەوە:

﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ [التوبة: ٦٥،٦٦].

واتە: کاتێك لێیان دەپرسیت دەربارەی ئەو شتەی کە کردوویانە، دەڵێن ئێمە تەنها قسەو گاڵتەمان دەکرد، پێیان بڵێ: ئایا ئێوە گاڵتە بەخوا و ئایەت و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکەن؟! پاکانە مەکەن و عوزر مەهێننەوە بەڕاستی ئێوە کافر بوون دوای ئەوەی باوەڕتان هێنابوو.

وە ئەوەی قسەی کرد لەو دانیشتنەدا یەك کەس بوو، بەلاَم ئەوانی تر بێ دەنگ بوون و ئینکاریان نەکرد، خوای گەورەش حوکمی کوفری دا بەسەر هەموویاندا جگە لەو کەسەی کە هەستاو ئینکاری کردو ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) .

هەرچۆنێك بێت ئەو بابەتە ترسناکە و دروست نییە ئینسان دانیشێت یان هاوەڵێتی ئەو کۆمەڵە گومڕایە بکات کە موسڵمانان و کار بەدەستانی موسڵمانان کافر دەکەن بەبێ عیلم بەرچاو ڕۆشنی و خوێن و ماڵی موسڵمان حەلاَڵ دەکەن، وەپێویستە لەسەرمان کەدوورکەوینەوە لێیان و گوێ لەقسەکانیان نەگرین و دەست بەرداریان بین و لەگەڵیاندا دانەنیشین، ئەمە دەربارەی مەسەلەی تەکفیرو خەڵك بەکافردانان.

بەلاَم مەسەلەی بەموبتەدیع دانانی کەسێك (التبديع)، ئەوا ناتوانیت حوکم بدەی بەسەر خەڵکدا کەوا داهێنەرە (مبتدع) تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەو شتەی هێناویێتی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەبێت نە لە قورئانی پیرۆز، وەنەلە سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)، یان زانایان حوکمیان لەسەر داوە بەوەی کە بیدعەیە ئەو کاتەش تۆ دەڵێی: زانایان فەرموویانە کە ئەو کردەوەیە بیدعەیە، بەلاَم ئەگەر حوکمەت لەسەردا بەبێ بەدواداچون و گەڕانەوە بۆ قسەو فەتوای زانایان ئەوە گەورەترین هەڵەیە و دەبێتە هۆی:-

١- دووبەرەکی لەنێوان موسڵماندا .

٢- دژایەتی و دوژمنایەتی دەکەوێتە نێوان موسڵمان.

٣- زەرەری زۆری لێ دەکەوێتەوە .

٤- گومانی خراپ لە نێوان خەڵکیدا دروست دەبێت لەگەڵ یەکتری.

بۆیە حوکمی داهێنەرو مبتدع بەبێ بەڵگە لە قورئانی پیرۆز یان لە سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) یان لە کۆڕای زانایان بەسەر هیچ کەسێکدا مەدە بەوەی کە ئەو

کردەوەیە بیدعەیە، بەڵکو گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسەدا بکە و بۆی ڕوون بکەوە، بەڵکو ئەم کارەی کە کردویەتی لەجەهل و نەزانیەوە بوبێت، یان تەقلیدی کەسێکی کردبێت و وای گومان برد بێت کەحەقە، یان هەر عوزرێکی تری هەبێت، بەلاَم ئەگەر دوای ڕوون کردنەوە هەر سوور بوو لەسەری ئەو کاتە حوکمی بەسەردا بدە بەوەی کە داهێنەرە (مبتدع)، لەبەر ئەوەی لەسەر شتێك سوورە و بەرگری لێ دەکات کە لەدین دا نىیە، بۆیە ئەو کاتە دەبێت بە(مبتدع). بۆیە ئەمەش پێویستی بە بەدواداچون هەیە و نابێت پەلەی تیادا بکرێت.

ئێستاش جەهل و نەفامی زۆربووە لەناو خەڵکدا و زۆرن ئەوانەی بانگەشەی عیلم دەکەن و قورئان خوێن زۆرن، بەلاَم فەقیە وشارەزا کەمن وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی لەسەرداوە .

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان بەدواداچونیان هەبێت و پەلە نەکەن لەسەر ئەحکام و بنچینەکانی دین، لە بەکافردانان و بەبیدعەچی دانانی و جگە لەوانیش هەتا ئەو کاتەی حوکمە شەرعیەکە جێگیرو دامەزراو دەبێت لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) یان کۆڕای زانایان، وەبابەتێکی ترسناکەو دروست نىیە جگە لە زانایان کەس قسەی تیادا بکات .

**ئەوانەی هەڵ دەستن بەکاری تەقینەوە دەرچون لەحوکمی ئیسلام .**

الحمد الله والصلاة والسلام على نبينا محمد وآله وصحبه وبعد،

گومانی تێدا نىیە کە دەستە بەربوونی هێمنی و ئاسایش داوایەکی پێویست ومرۆڤایەتیە و پێویست ترە لەخواردن و خواردنەوە، هەربۆیە إبراهیم (ﷺ) لە دواکانیدا لە پێش رزق داوای کردووە و دەیفەرموو:

﴿فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُمْ مِنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾ [إبراهيم:٣٧]

.

واتە: دڵی هەندێ لەو خەڵکە ئارام و کەمەندکێش بکە بۆی ولەرزق ورۆزیە جۆراو جۆرەیان پێ ببەخشە بەڵکو سوپاس گوزاربن.

چونکە خەڵك هێمن و دڵ ئارام نابێت بەخواردن و خواردنەوە لەگەڵ بوونی ترس و نائارامی. وە لەبەر ئەوەی بەهۆی ترسەوە ئەو ڕێگایانەش دەپچرێت کە بەهۆیانەوە خۆراك دەگوازرێتەوە لە ولاَتێکی تر، خوای گەورە هەڕەشەی توندی داناوە بۆ ئەوانەی ڕێگاکان دەگرن و دەفەرمووێت:

﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [المائدة: ٣٣] .

واتە: بەڕاستی پاداشتی ئەوانەی کە دوژمنایەتی خواو پێغەمبەر(ﷺ) دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوبوونەوەی فەسادو بەدڕەوشتی لەزەویدا ئەوەیە کە دەبێت بکوژرێن یان لە خاچ بدرێن یان دەست و قاچیان بەپێچەوانەوە دەبڕدرێت، یان دووربخرێنەوە لە وڵات، ئەو سزایە جێی خەجاڵەتی و سەر شۆڕیە بۆیان لەدنیا دا، وە لە قیامەتیشدا سزایەکی توندو گەورەیان بۆهەیە.

وەئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی پێنج پێداویستیە سەرەکیەکان بپارێزێت کە ئەوانیش: (دین و نەفس و عەقڵ و ناموس ومال)ن، وەسنوری داناوە بۆ ئەوانەی کەوا دەست درێژی دەکەنە سەر ئەو پێداویستیانە، جا ئەو پێویستیانە بۆ موسڵمانان بن یان بۆ ئەوانەی کە بە پێی پەیمانێك لە ناو موسڵمانان ماونەتەوە، وە ئەو کافرەی کە بەپەیمان ماوەتەوە هەموو ئەو مافانەی هەیە کە موسڵمان هەیەتی و ئەو ئەرکانەشی کە لەسەر موسڵمانانە، پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت: (من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة)[١٠].

واتە: هەرکەسێك کافرێك بکوژێت کە بە پەیمانێك ماوەتەوە، ئەوە بۆنی بەهەشت ناکات.

وەخوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [التوبة: ٦] .

واتە: ئەگەر یەکێك لەموشریکەکان داوای پەنای لێ کردیت، ئەوا تۆش پەنای بدە تا گوێی لە وتەی خوا دەبێت کە (قورئانە) پاشان بیگەیەنە بەو شوێنەی دەیەوێت و تیایدا پارێزراوە.

وە ئەگەر موسڵمانان ترسیان هەبوو لێ یان لەوەی کە خیانەت لە پەیمانەکە بکەن ئەوە بۆیان نیە کە کوشتاریان لەگەڵدا بکەن تا ئەو کاتەی دەزانن کە کاتی پەیمانەکە کۆتایی هاتووە و نابێت دەست پێشخەربن بەبێ روون کردنەوە، خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ﴾ [الأنفال: ٥٨].

---

(١٠) (رواه البخاري برقم: ٣١٦٦).

واتە: ئەگەر ترسایت لە کۆمەڵێك کە خیانەت بکەن و پەیمانەکە هەڵ بوەشێننەوە ئەوە تۆش پەیمانەکە بدەوە بەڕوویاندا، بەڕاستی خوای گەورە خەڵکی پەیمان شکێن و خیانەت کاری خۆش ناوێت .

وە ئەوانەی دەچنە ژێر ئەو پەیمان بەستنانەی موسڵمانان لە کافرەکان سێ جۆرن:

١- ئەوەی کە داوای ئەمان و ئاسایش دەکات ئەویش ئەوەیە کە دەچنە وڵاتی موسڵمانان بە ئامانەوە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرك و فرمانێك، پاشان دوای کۆتایی هاتنی پەیمانەکە دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی.

٢- وە ئەو پەیمان بەستەی دەچێتە ژێر ڕێك کەوتنی نێوان موسڵمانان وکافران، ئەوەش لە ئەماندایە هەتا ئەو کاتەی پەیمانەکە کۆتایی دێت لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵەیەدا، وەدروست نی‌یە بۆ هیچ کەسێك کەدەست درێژی بکاتە سەری هەروەك چۆن بۆ ئەو دروست نی‌یە دەست درێژی بکاتە سەر یەکێك لەموسڵمانان.

٣- وە ئەوەشی کە جزیە دەدات بەموسڵمان ودەچێتە ژێر حوکمی ئەوان، ئەوە ئیسلام ئەمن و ئاسایشی بۆ فەراهەم کردوون لەسەر خوێن و ماڵ و ناموسیان، وەهەر کەسێك دەست درێژیان بکاتە سەر ئەوە بەڕاستی خیانەتی لە ئیسلام کردوو و شایستەی سزاو تۆڵەیە، وەدادگەری واجبە لەگەڵ موسڵمانان و کافران لەوانەی پەیمانیان بەستووە یان داوای ئەمانیان کردووە، یان ئەهلی زیمەن و جزیە دەدەن، خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَنْ صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَنْ تَعْتَدُوا﴾ [المائدة: ٢].

واتە: دوژمنایەتی و ڕەقەبەرایەتی کەسانێك کە نەیانهێشت (طواف )ی کەعبە بکەن مەکەنە هۆی دەست درێژی و بەرپاکردنی ناخۆشی .

وەدەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ [المائدة: ٨].

واتە: ئەی باوەڕداران هەستن بە ئەنجامدانی شاهیدی دادپەروەرانە لەبەر خوا، وە ڕق و دوژمنایەتی هیچ قەومێك واتان لێ نەکات کە دادپەروەری لابدەن، دادپەروەربن ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە.

وە ئەوانەی دەست درێژی دەکەنە سەر ئەمن و ئاسایش، ئەوە یان خەواریجە، یان ڕێگرە، یان زیادەڕەوی کردووە، وە ئەوانەی هەڵ دەستن بەتەقاندنەوەو وێران کردن لە هەر شوێنێك بێت و خەڵکی بێ تاوان بکوژن و ماڵ و سامانی موسڵمانان یان ئەوانەی پەیمانیان لەگەڵدا بەستون بەفیڕۆ دەدەن و ئافرەتان بێوەژن دەکەن و منداڵ هەتیو وبێ باوك دەکەن، ئەوانەن کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ

قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾

[البقرة: ٢٠٤-٢٠٦] .

واتە: هەندێ خەڵك هەن قسەو گوفتاریان سەرسامت دەكات لەبارەی ژیانی دونیاوە، وە خواش بەشاهید دەگرێت لەسەر ئەوەی كە لە دڵی دایە، لە كاتێكدا ئەو سەرسەخترین كەسە لەدوژمنایەتیدا، وە ئەگەر پشتی هەڵگرد، هەوڵ دەدات لەزەویدا ئاشوب و خراپە بروێنێت و كشتوكاڵ و نەوەخستنەوە لەناوبەرێت خواش فەسادو خراپەی خۆش ناوێت، وە ئەگەر پێی بوترێت: لەخوا بترسە، شانازی بەگوناه و تاوانەوە دەكات و بەردەوام دەبێت لەسەری، ئەو خوا نەناسە دۆزەخی بەسە، كە خراپترین شوێن و جێگەیە.

وە ئەوەی جێی سەرسورمانیشە ئەوەیە كە ئەو دەست درێژی كارو دەرچوانە لە حوكمی ئیسلام، كردەوەكانیان ناو دەنێنن بە جیهاد و تێكۆشان لەپێناوی خوادا . ئەوەش گەورەترین درۆیە كە لەسەر خوا ئەنجامی دەدەن، بەڵكو خوای گەورە ئەوە بە فەسادو تاوان دادەنێت نەك بەجیهاد و تێكۆشان، بەلأم سەرمان سوڕنامێنێ كاتێ كەزانیمان كە پێشنی پێشەوای ئەم خەواریجانە هاوەڵانیان ﷺ كافر كردووە وئیمامی(عثمان وعلی) یان ﷺ شەهید كردووە، لەكاتێكدا ئەوان جێ نیشینی پێغەمبەرن (ﷺ) و لەو دە كەسانەن كە موژدەی بەهەشتیان پێ دراوە، كوشتیانن و ناویان نا جیهاد لەپێناوی خوا! ! !

بەڕاستی ئەوە جیهادە لە پێناوی شەیتاندا، خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ﴾ [النساء : ٧٦] .

واتە: ئەوانەی ئیماندارن لە پێناوی خوادا دەجەنگن و شەڕدەكەن و ئەوانەش كەبێ باوەڕن لەپێناوی زۆردارو طاغوت دا دەجەنگن.

وە ئەوانە ئەگەر كافریش نەبن، لێیان بترسە لە كوفر بەوەی لە پێناوی (طاغوت) دا دەجەنگن.

وە ئاینی ئیسلام دوورە لە كردەوەی ئەوان وپەیوەندی پێوە نییە، وەك دوژمنانی ئیسلام لە كافر و مونافیقەكان دەڵێن ئیسلام دینی ئیرهاب و توندڕەویە، وە كردەوەی ئەو تاوانبارانە دەكەن بەبەڵگە لە كاتێكدا كردەوەی ئەوان لە ئیسلام دا نییە و بەهیچ

شێوەیەك دینی ئیسلام دانی بەو کارانەدا نەناوە، بەڵکو ئەوە بیرو باوەڕێکی خەواریجە و پێغەمبەر(ﷺ) هانی هاوەڵانی داوە(رضي الله عنهم) کە کوشتاریان بکەن و فەرمویەتی:

(أينما لقيتموهم فاقتلوهم)[١١].

واتە: لە هەر شوێنێك پێیان گەیشتن بیان کوژن .

وە بەڵێنی پاداشتی گەورەی داوە بەو کەسەی کە دەیان کوژێت، وە دەبێت وەلی ئەمری موسڵمانان کوشتاریان بکات  هەروەك چۆن هاوەڵان(رضي الله عنهم) کوشتاریان کردن بە پێشەوایەتی پێشەوای موسڵمانان علی کوڕی ئەبوطالب(رضي الله عنه).

وە هەندێ لە مونافیق و جاهیل و نەزانەکان وا گومان دەبەن کە خوێندنگە ئاینی-یەکان ئەو بیروباوەڕە بلاّودەکەنەوە و ئەو بیروباوەڕە شێوێنراوە هەڵقوڵاوی ئەو مەنهەجی خوێندنەیەو داوا دەکەن ئەو مەنهەجی خوێندنە بگۆڕێت، ئێمەش دەڵێین: هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە لە قوتابخانە دینی‌یەکانی موسڵمانان دەرنەچوون و عیلم وزانستیان لە زانایانی راستەقینە وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوەی ئەوان خوێندن بەحەرام دەزانن لە قوتابخانە و پەیمانگاو زانکۆکان و زانایانی موسڵمان بەجاهیل و نەزان و کەم دەزانن و بە کرێ گرتەو پیاوی دەسەڵات دارانیان وەسف دەکەن، بەڵکو لەبەردەستی خاوەن فکرە گومڕا بووەکان و کەم تەمەن پەروەردە بوون، ئەوانەی کە هاوەڵانیان (رضي الله عنهم)بەجاهل و کافر دەزانی. وەئەوەی پێویستیشە لەسەر باوکان بۆ کوڕەکانیان ئاگادار بکەن و وازیان لێ نەهێنن بۆ هەڵگرانی ئەو بیروباوەڕە تێك دەرانەیە تا گومڕا نەبن و نەکەونە ناو ئەو مەنهەجە شێوێنراوە و رێکخراو و کۆمەڵە گومان لێکراوەکان و........هتد، وە پێویستە لەسەر زانایانیش کە هەستن بەڕێنمونی کردن و فێرکردنی عەقیدەو بیروباوەڕی ڕاستەقینە لەقوتابخانەو مزگەوتەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن تا بوارێك نەمێنێتەوە بۆ ئەو گومڕاو سەر لێ شێواوانە کە لەکاتی تاریکایی و بێ ئاگایی چاکە کاراند دەردەچن .

خوای گەورە هەموومان سەرخات بۆ فێربوونی زانستی شەرعی ڕاستەقینە و ئەنجامدانی کردەوەی چاك .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه

www.ba8.org

(١٠) (رواه البخاري برقم: ٥٠٥٧).

# ئیسلام ئایینی میانڕەوییە

م/ باسم محمد مزوری

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:**

﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ [البقرة: ١٤٣] .

خوێنەرانی بەڕێز :.

ئەم ئایەتە پیرۆزە زۆر بە ڕوونی ڕێبازی ئوممەتی ئیسلامی نەخشە کێشاوە ...ئەو سیفەتە جیاکەرەوەیەی دەستنیشان کردووە کەڕەنگدانەوەی حەقیقەتی ئیسلامی تێدا دەردەکەوێت و حەق وایە زۆر بەجوانی لە ژیانی موسڵماناندا وەك خۆری ڕووناك بدرەوشێتەوە، ئەو سیفەتە بنەڕەتییە جیاکەرەوەیەش بریتییە لە میانڕەوی لە هەموو ڕوویەکەوە: میانڕەوی لە بۆچوون و باوەڕ (التصور والإعتقاد).

ئایینی جوولەکەی بەرەو مادیگەری و دونیا پەرستی برد، لەهەمان کاتدا نەسرانی-یەت ملی نایەرە و گۆشەگیری و چەمانەوە بەسەر گیان و دەروون دا.. بەلاّم ئیسلام هاوسەنگییە لەنێوان ماددە و گیاندا... بە ڕوونی دان بەوەدا دەنێت کە مرۆڤ لە گیان و جەستە پێك هاتووە گیان داخۆازی و پەروشی خۆی هەیە ... جەستەش خۆراکی تایبەتی جیاوازی پێویستە، ئیسلام بەچاکی پێداویستییەکانی هەردوو لایەنەکەی لەهاوکێشەیەکی هاوسەنگ و تەریبدا دابین کردووە، هەوڵ دەدات ژیان خاوێن و بڵند بێتەوە بەبێ لادان و ڕێ لێ تێکچوون...

**میانڕەوی لە پەرستنەکاندا:-**

ئێمە هەواڵی ئەو سێ هاوەڵ یەی پێغەمبەرمان ﷺ لا ئاشکرایە کە ڕۆیشتن بۆ لای خاتوو عائیشە (رضي الله عنها) بۆ ئەوەی لە چۆنێتی و چەندێتی عیبادەتەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاگادار بن .. کاتێك هەواڵیان زانی ... وەك بەکەمی بزانن وتیان ئێمە لەکوێ وئەو لەکوێ؟

یەکێکیان ووتی: من بەدرێژایی ڕۆژەکانی ساڵ بەردەوام بە ڕۆژوو دەبم، دووەمیان ووتی: من شەوانە ناخەوم و شەونوێژ وعیبادەت دەکەم، سێیەمیشیان ووتی: من دەست لە خۆشی ژیانی دونیا هەڵ دەگرم و ژن ناخوازم، کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەرﷺ ڕۆیشتە مزگەوت بەڕوونی ئەم بۆچونە هەڵەیەی ڕەت کردەوەو فەرمووی: من لە هەموو کەسێ زیاتر خواناسم و لە خوا دەترسم لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕۆژوو دەبم و شەوانە دەخەوم وشەونوێژیش دەکەم، ئینجا هاوسەریشم هەیە، لێرەدا بە جوانی میانڕەوی خۆی ڕاگەیاند وفەرمووی:

(فمن رغبَ عن سنتي فليسَ مني)[1] .

واتە: هەر کەس لە ڕەوشتم لابدات لەئێمە نییە .

**میانڕەوی لە بواری بیرکردنەوەدا:**

ئیسلام داخراو نییە و دەرگاکانی تاقیکاری لەمرۆڤ داناخات، لە هەمان کاتیشدا بەدوای هەموو دەنگێکشیدا ڕاناکات و کوێرانە لاسایی ناکاتەوە، بەڵکو لە تەوەرەی نەگۆڕی خۆیدا لەناو سنووری بازنەیەکی فراواندا ئاڵوگۆڕ دەکات، بەڕێزەوە دەڕوانێت بۆ هەموو بەرهەمێکی فیکرو تاقیکاری سوود بەخش، دروشمی هەمیشەیی ئەوەیە کە حیکمەت و ڕاستی ونبووی خاوەن باوەڕە، لە هەرکات و لەهەرشوێنێك دۆزییەوە بەدڵنیاییەوە وەری دەگرێت.

**میانڕەوەی لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دا!**

---

(١) متفق عليه، البخاري: (٥٠٦٣، ١٠٤/٩)، ومسلم: (١٤٠١/ ١٠٢٠/ ٢).

ئیسلام کاروباری ژیان ناداتە دەستی ویژدان و هەست و سۆزی مرۆڤ بەتەنها، لەهەمان کاتشیدا نایخاتە بەر نەشتەری یاساو لێپرسینەوە، بەڵکو دڵ و دەروون و ڕەوشتی مرۆڤەکان پەروەردە دەکات و ژیانی کۆمەڵگەش بەپێی یاسا و لێ پرسینەوە ڕێك دەخات...

**میانڕەوی لەدیاری کردنی چۆنێتی پەیوەندی تاك بە کۆمەڵەوە:**

یاسای ئیسلام کەسایەتی تاك لەناو کۆمەڵ و دەوڵەتدا ناتوێنێتەوە و وردی ناکات، لەو لاشەوە سەربەست و بەرەڵای ناکات کە بەئارەزووی خۆی لەپێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا هەموو سنورێك بشکێنێت و مافەکانی کۆمەڵ پێشێل بکات، بەڵکو تاك دەکاتە خزمەتگوزاری کۆمەڵ و کۆمەڵیش پێداویستی‌یەکانی تاك ئامادە دەکات... ئیسلام دوورە لە توندڕەوی و زیادەڕەوی بەهەردوولای ڕاستەڕێ دا ... چونکە توند ڕەوی دژی فیترەتی مرۆڤەو پێچەوانەی یاساکانی خوایە لە (بوون)، بۆیە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ هەمیشە لەمەترسی زیادەڕەوی ئاگادارمان دەکەنەوە، ئەوەتا شەریعەتی خوا لەسەر بنچینەی ئاسانکردن و ڕەحمەت و چاو پۆشی کردن و لابردنی هۆکانی قورسایەتی (حرج) بنیات نراوە.. بۆ نموونە خوای دانا و زانا لەبارەی ڕۆژوو گرتنەوە دەفەرمووێت:

﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ [البقرة: ١٨٥].

واتە: خوای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت ونایەوێت شتتان لەسەر قورس بکات.

وە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج: ٧٨] .

واتە: خوای گەورە لە دیندا هیچ قورسی وبارگرانی‌یەکی لەسەر دانەناون.

یان فێرمان دەکات کە لە دووعاکانماندا بڵێن: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ﴾ [البقرة: ٢٨٦] .

واتە: ئەی پەروەردگارمان لێمان مەگرە ئەگەر شتێکمان بەهەڵە کرد یاخود بەنەزانی (کاتێك کە هاوەڵان ﷺ ئەم دوعایەیان کرد لە خوای گەورە ئەویش وەڵامی دانەوە: ئەوا

رازی بووم که تاوانی لەبیرچون وهەڵەتان لەسەر هەڵگرم) ، وەئەی پەروەردگارمان باری قورس وگران مەخەرە سەرشانمان کە لەتوانامانددا نەبێت، هەروەکو چۆن بەهۆی تاوانی خۆیانەوە خستبووتە سەر شانی بەنی ئیسرائیل، وە ئەی پەروەردگارمان باری وا نەخەیتە سەرشانمان کە لە توانامانددا نەبێت.

هەروەها پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێت: (یسروا ولاتعسروا)(٢) .

واتە: ئاسانکار بن وشت لەسەر خەڵکی قورس مەکەن.

وە هەروەها دەفەرموێت:

(یابني إن هذا الدین متین، فأوغل فیه برفق فیه، ولن یشاد الدین أحد إلا غلبه)(٣).

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە خەڵکی لەم سەردەمەدا ولە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بەوەیە کە ڕەحمەت و بەزەیی و ئاسان کردن و چاوپۆشی یان لەبەرامبەردا بەکاربهێنرێت، چونکە دووری لە خوا تەشەنەی کردووە و ئیمان و یەقین لاواز بووە ودەروازەکانی هەواو ئارەزوو بڵاوبۆتەوە، ئەوەتا پێغەمبەرﷺ لەگەڵ تازە موسڵمانەکاندا بە مۆڵەت (رخصة) و ئاسانکردن مامەڵەی دەکرد، جگە لەوەش موسڵمان دەتوانێت بۆ خۆی (عزائم) هەڵبژێرێت، ئیسلام بەو شێوەیە بۆ مەسەلەی تۆندڕەوی دەڕوانێت، لەهەمان کاتیشدا ڕێگە لەبەرەڵابوون و شل گرتن دەگرێت و داوا دەکات کە بەهێز دەست بە بنچینەکانی ئایینەوە بگرن کەبنەڕەتی بەهاکانن و ڕەوشتی خاوێنن، چونکە زۆر جار وا دەبێ کار دانەوەی بەرەڵا بوون و لەسنوور دەرچوون دەبێتەوە توندڕەوی و زیادە ڕەوی، بۆیە پێویستە هەموو لایەك بەچاکی بەرنامەی ڕاستی ئیسلامەتی لەسەر میانەڕەوی ئیسلامی پەروەردە بکەین.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

# www.ba8.org

(٢) (متفق علیه، وانظر: صحیح الجامع الصغیر:٨٠٨٦).

(٣) (البخاري ومسلم، وانظر: صحیح الجامع الصغیر: ٢٢٤٦).

# خوشکی بەڕێزم......
# چی ڕێگریت دەکات لە باڵا پۆشی؟!

**نوسینی: د. هوید إسماعیل**
**وەرگێڕانی: م/ فەرەیدون موحەممەد**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على عبده ورسوله نبينا محمد واله وصحبه.

بێگومان شەریعەتی ئیسلام شەریعەتی هەمە لایەنەیەو هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوەو هیچ لایەنێکی فەرامۆش نەکردووە و هەر لە بچوکترین شت تاوەك گەورەترین شت کە بگونجێت بۆ هەموو کات و شوێن وچینەکانی کۆمەڵگە بە نێرو مێیەوە، یەکێك لەو باسانەی کە خوای گەورە زۆر گرنگی پێ داوە بریتی‌یە لە مافەکانی ئافرەت هەر لە ژیان ومیراتی‌و شوکردن وخوورەوشت وپۆشینی جلو بەرگ ودایکایەتی‌و.......هتد

جا لێرەوە ئەوەی مەبەستمانە لەم پەیامەوە بیگەیەنین بەهەموو موسڵمانێکی حەق ویست ئەوەیە کە بە ڕاستی خوای گەورە زۆر گرنگی داوە بە پۆشاکی ئافرەتی موسوڵمان وجەختیش لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە ئافرەتی موسڵمان هەموو لاشەی داپۆشێت، چونکە خوای گەورە خۆی کە دروست کەری مرۆڤەکانە دەزانێت کە لەشی ئافرەت چەند کاریگەری هەیە لەسەر پیاو، هەر بۆیە لەم ڕووەوەیە کە دوژمنانی ئیسلام هەستیان بەم خاڵە کردووەو یەکێك لەو چەکانەی کەبەکاریان هێناوە لە دژی موسڵمان بریتی‌یە لە بانگەشەکردنی ڕووتی‌و سفووری ئافرەت، کەواتە خوشکی بەڕێزم باڵاپۆشی چقڵی چاووی دوژمنانی ئیسلام وموسڵمانەو هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ پاراستی کۆمەڵگە لە بەدڕەوشتی‌و خراپەکاری‌و ئابڕوو چوون، چونکە بە ڕاستی ئێوە بناغەی کۆمەڵگەن وکۆمەڵگەیش بە ئێوەوە بەندە جا ئەگەر بەڕێزت پەیوەست بووی بە حیجاب وپۆشاکی شەرعی ئەوا خۆت لە تووڕەیی خوای گەورە دەپارێزیت، وە ئەگەر بە پێچەوانەوە بوویت ئەوا یەکێکی لەوانەی کە بەر توڕەیی خوای گەورە دەکەویت پەنا بە خوا، بۆیە ئەوەی لەم بابەتەدا دەیخوێنیتەوە کۆمەڵێك پرسیارن ئاراستەی چەند خوشکێك کراوە سەبارەت بەوەی: (ڕێگرەکانی بەردەم باڵا پۆشیت چین؟).

جابۆیه خوای گەورە باڵا پۆشی لەسەر ئافرەتان فەرز کردووەو تۆیش ئەگەر دەتەوێت شوێنکەوتەی خێزانەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بیت ئەوا دەبێت جلو پۆشاکەکەت بە وێنەی جلو پۆشاکەکەی ئەوان بێت، هەروەها هۆی حیجاب نەکردنی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ چەند عوزرو بیانوویەك کە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو پرسیارەی ئاراستەی چەند ئافرەتێك کراوە دەرکەوت چەند بیانوویەکیان هەبوو زۆر لاوازو وەرنەگیراو، کەواتە خوشکی بەڕێزم لەوانەیە بیانووەکانی تۆش یەکێك بێت لەم بیانووانە:

پ/ ئەو هۆکارانە چین کە ناهێڵن ببیت بە(حجاب) باڵا پۆش؟

**بیانووی یەکەم:** یەکێك لەو ئافرەتانە ووتی: من هێشتا قەناعەتم بە حجاب نییە.

ئێمەش دوو پرسیار لەو خوشکە دەکەین:

١- ئایا تۆ لە بنەڕەتدا قەناعەتت بە ئیسلام هەیەو باوەڕی پێ دەکەیت؟ بێگومان لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ، (أشهد أن لا إله إلا ألله وأشهد أن محمداً رسول الله) کە ئەمەش قەناعەتە بەدینی ئیسلام وبەمەش حسابی موسڵمانت بۆ دەکرێت، واتە: یاساکانی ئیسلامت بە دڵنیایییەوە وەرگرتووەو بە بەرنامەی ژیانی خۆشتی دەزانی.

٢- ئەی ئایا باڵا پۆش لە ئیسلامدا فەرز نییە؟ لێرەشدا ئەگەر خۆی وێڵ نەکات ولە تەواوی ڕاستییەکان پشت هەڵنەکات دەڵێت: بەڵێ .

دەی کەواتە ئەو خوایەی کە تۆ باوەڕت پێی هێناوەو بە خوای خۆتی دەزانی وئەو پێغەمبەرەی (ﷺ) کە دانی پێدا دەنێیت وبە ڕاستی دەزانیت هەر ئەویش فەرمانت پێ دەکات بە باڵا پۆشی، جا لێرەوە ئایا دەبێت باوەڕت بە خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) وبەرنامەکەی هەبێت، بەڵام فەرمانەکانیشی پشت گوێ بخەیت وکاری پێ نەکەیت لە کاتێکدا ئەگەر پێچەوانەی قسەکەی خۆت بیت ئەوا ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە ناتگرێتەوە کە دەفەرمێت:

﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ [النور: ٥١].

واتە: گوفتاری باوەڕداران کاتێك بانگ دەکرێت بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) تا فەرمانڕەوای بکات لە نێوانیاندا تەنها ئەوەیە کە دەڵێن: بیستمان و گوێڕایەڵین بۆ هەموو فەرمانێکی شەرع، وە هەر ئەوانەشن کە سەرفرازوو سەرکەوتوون.

**بیانووی دووەم:** ئافرەتێکی تر ووتی: لە وڵاتەکەم ئاوو هەوا گەرمەو ناتوانم حیجاب بکەم؟

ئێمەش لە وەڵامدا بەو ئافرەتەو نمونەی ئەو ئافرەتە دەڵێین: خوشكی بەڕێز ئایا گەرمای دونیاو گەرمای تیشكی خۆر گەرمترە یان گەرماو هەڵاوی ئاگری دۆزەخ؟ وەك خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ﴾ [التوبة: ٨١].

واتە: ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ ئاگری دۆزەخ زۆر گەرمترە ئەگەر تێبگەن وبیرو هۆشیان بخەنە كار.

كەواتە چۆن گەرمی وڵاتەكەت وەك ئاگری دۆزەخە؟!.

بۆیە بزانە ئەوە تەنها شەیتان تۆی لە خشتە بردووەو هەڵی خەڵەتاندووی وكەوتویتەتە داویەوەو بە بیانووی ئەوەی لە گەرمای لاوازی دونیاوە بتگوێزێتەوە بۆ گەرمای بەتین و بلێسەداری دۆزەخ، وە بزانە خوشكی بەڕێز ژیانی دونیا تەنها گەرمای هاوین و ساردی زستان نییە، بەڵكو ئەی چی دەڵێی بۆ وەرزەكانی تر؟! بۆیە پێویستە خۆشی دونیاو ڕازاوەكەی بكەیتە قوربانی ڕزگار بوون لە گەرمای دۆزەخ.

خوای گەورەیش دەفەرمێت:

﴿ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا﴾ [النبأ: ٢٤-٢٥].

واتە: لە دۆزەخدا هیچ فێنكی وخواردنێك ناچێژن جگە لە ئاوی كوڵاو وكێم وزوخاو.

**بیانووی سێیەم:** یەكێكی تر لەو ئافرەتانە لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ووتی: من قەناعەتم بە واجب بوونی حیجاب هەیە بەڵام دایكم ڕێگریم لێ دەكات، وەئەگەر بێ فەرمانی دایكیشم بكەم ئەوا دۆزەخ جێگەمە.

بۆ وەڵامی ئەم خوشكەش دەڵێین: بەڕێزەكەم ئاگادارو وشیار بە ڕاستە دایك وباوكت ڕێزی خۆیان هەیەو بە تایبەتیش دایك، بەڵام لە كاتێكدا ئەوان هانت بدەن بۆ سەرپێچی خوا ئەوا لەو كاتەدا بە گوێ كردنیان دروست نییەو ڕێی پێ نەدراوە چونكە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمێت: (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق)[1].

واتە: گوێڕایەڵی هیچ دروست كراوێكی خوا ناكرێت لە شتێكدا كە یاخی بوونی خوای تێدا بێت.

بەڵێ ڕاستە خوای گەورە ڕێزی دایك و باوكی گرتووەو دەفەرمێت:

﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ [النساء: ٣٦].

---

(١) (صحيح الجامع الصغير، رقم: ٧٥٢٠).

واتە: ئەی خەڵکینە تەنها خوا بپەرستن و هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ پەیدا مەکەن و چاکەکار بن لەگەڵ دایك وباوکتاندا، بەڵام لە کاتێکدا داوای سەرپێچی خوایان لێ کردی ئەوا:

﴿وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا﴾ [لقمان: ١٥].

واتە: ئەگەر دایك وباوکت کۆششیان لەگەڵت کرد تا بە بێ هیچ بەڵگەیەك و زانیارییەك هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدەیت ئەوا بە هیچ جۆرێك فەرمان بەرداریان مەبە وبەقسەشیان مەکە.

دەی کەواتە چۆن گوێڕایەڵی دایکت دروستە بۆ پشت گوێ خستنی فەرمانی خوایەك کە خۆت ودایکیشتی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون؟! لە کاتێکدا خوا بانگت دەکات بۆ بەهەشت و دایکیشت دوورت دەخاتەوە لە بەهەشت، کەواتە فەرمانی کامیان جێبەجێ دەکەیت؟

**بیانووی چوارەم:** خوشکێکی تر بیانووی ئەوە بوو کە دەستیان ناڕوات تا پۆشاکێکی شەرعی لەبەر بکات.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش: ئەم خوشکە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە.

یەکەم: یان ڕاستگۆو دڵسۆزە.

دووەم: یان ڕاست ناکات و حیجابێکی گران بەهاو بە مۆدێل وڕازاوەی دەوێ، جارێ لە خوشکی ڕاستگۆوە دەست پێ دەکەین.

بەڵێ لە کاتێکدا تۆ دەزانی دروست نییە بۆ ئافرەتی موسڵمان بە جلو پۆشاکی ناشەرعییەوە بچێتە دەرەوەی ماڵ کە مەرجەکانی شەرعییەتی تێدا نەبوو کە ئەویش پێویستە لەسەر هەموو ئافرەتێکی موسڵمان ئەوە بزانێت، ئەگەر نا ئەوا با پرسیار لە کەسێکی شارەزا بکات: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ [النحل: ٤٣].

واتە: پرسیار بکە لە کەسانی زیرەك و خاوەن زانیاری لە کاتێکدا کە خۆت نایزانی.

بۆیە لێرەوە پێویستە خۆت یەکلا بکەیتەوەو لە شوێنکەوتنی شەیتانی سەرشۆڕ خۆت ڕزگار بکەو ئەوجا هەزاران خوشکی موسڵمان و برایانی دیندار هەن کە دەستی یارمەتیت بۆ درێژ دەکەنو خوای گەورەیش دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾ [الطلاق: ٢-٣].

واتە: جا ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزگار بێت ئەوا خوای گەورە دەروی لێ دەکاتەوە، وە بە شێوەیەك ڕزق و ڕۆزی بۆ دەنێرێت کە حسابی بۆ نەکردبێت و خۆی پەی پێ نەبردبێت.

هەروەها بۆ دووەم کە ئەمەیان بە دوای مۆدێلو جوانیدا دەگەڕێت کە ئەمەش لە دینی خوای گەورەدا زەم کراوە، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ [النور: ٣١].

واتە: با جوانی لەش ولاری خۆیان دەرنەخەن بەوەی كە حیجاب دەپۆشن، چونكە حیكمەتی حیجاب ئەوەیە كە جوانی ئافرەت بشارێتەوەو سەرەنجی پیاوی پێ ڕانەكێشێ، بەڵام ئەگەر خۆی ڕازاندەوەو جوانی خۆی دەرخست ئەوا پێی ناوترێت باڵا پۆش، وە ئەوەی خوا لەسەری فەرز كردووە جێ بەجێی نەكردووە. هەروەها بەڕاستی هەڵەیە ئەگەر وابزانرێت كە ڕێزو پلەو پایە بە خۆڕازاندنەوەو شتی جوانەوەیە لە كاتێكدا چاولێ كەری سەردەم پلەی هیچ كەسی بەرز نەكردۆتەوە، بەڵكو پلەی بەرزی تۆ بە: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ە [الحجرات: ١٣].

واتە: بەڕێزترینتان لای خوا ئەوەتانە كە زیاتر لە خوا دەترسێت و فەرمانەكانی جێ بەجێ دەكات.

هەر بۆیە پرسیار كرا لە شێخی پایەبەرز (محمد بن صالح العثيمين) دەربارەی حیجاب و جوانكاری تێیدا؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: (ڕازاندنەوەی جلو بەرگی شەرعی بۆ ئافرەتان بە نەخشو جوانكاری دروست نییە، چونكە خوای گەورە دەربارەی ئەو ئافرەتانەی كە پیر بوون و بەتەمای شوكردنیش نەماون چ جای ئافرەتێكی گەنج دەفەرمێت:

﴿وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ﴾ [النور: ٦٠].

واتە: ئەو ئافرەتانەی كە پیر بوون و بەتەمای شوكردن نەماون ئەوا هیچیان لەسەر نییە ئەگەر ڕوویان دەربخەن بە مەرجێك لەنج ولاری نەنوێنن لە ڕۆیشتندا، وە جوانی بە ئەنقەست دەرنەخەن)[٢].

**بیانوی پێنجەم:** ئافرەتێكی تر ووتی: ئەگەر ببم بە باڵا پۆش دەترسم لە ئایندەدا وازی لێ بهێنم كە زۆر ئافرەتی وام بینیوەو وازیان هێناوەو بوونە بە سفور.

لەوەڵامدا دەڵێین: باشە ئەگەر هەموو كەس وەكو تۆ بیری بكردایەتەوە ئەوا وازی لە هەموو دین دەهێناو تەنانەت نوێژو ڕۆژوویشی واز لێ دەهێناو ئەنجامی نەدەدا، چونكە ئەترسا لەوەی ڕۆژێك وازی لێ بهێنێ...... بەڵام بەڕێزەكەم زۆر هەڵەی بزانە چۆن كەوتویتە داوی شەیتانەوەو ڕاستییەكانی لێ وون كردووی، لە كاتێكدا خوای گەورە زۆر شارەزا ترە لەوەی كە لە دڵی تۆدا هەیەو هیدایەتی تۆش تەنها بە دەستی خوایە، هەروەها بەردەوامی و دامەزراوی لەسەر كردارەكان خۆشەویسترین شتن بە لای خواوە وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمێت:

---

(٢) (توجيهات وفتاوى مهمة لنساء الأمة: ص٧).

(أحب الأعمال إلى الله أدومها وإن قل)[٣].

واتە: خۆشەویسترین کردەوە لای خوای گەورە ئەوەیە بەردەوام بیت لەسەری با کەمیش بێت.

باشە ئەی بۆچی لەو هۆکارانە ناترسیو لێیان دوور ناکەویتەوە کە ئەو کەسانەی بەرەو داماڵینی حیجاب برد تاکو تۆش وات لێ نەیەت، کە من پێم وایە پێچەوانەکەی بەکار بهێنیو بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێی کە دامەزراویو بەردەوامیت پێ دەبەخشێت لەسەر دینی خوا لەوانەش: (قورئان خوێندن و لێ وورد بوونەوەی، زۆر دوعا کردن، زیاد یاد کردنەوەی مردن، هاوڕێیەتی ئافرەتی چاك، وەرگرتنی ئامۆژگاری لە کەسی چاك.......).

وەك خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا﴾ [النساء: ٦٦].

واتە: ئەگەر ئەوانە بە ڕاستی بە گوێرەی ئامۆژگاریو فەرمانی ئێمە ڕەفتاریان بکردایە ئەوا چاکتر بوو بۆیانو دامەزراوترو چەسپاوتر دەبوون لەسەر حەقو ڕاستی.

**بیانووی شەشەم:** یەکێکی تر لەو ئافرەتانە ووتی: پێم دەڵێن ئەگەر بێت و حیجاب لەبەر بکەیت و ببیتە باڵا پۆش ئەوا کەس تۆی ناوێت و هەرگیز شوو ناکەیت بۆیە منیش تا شوو نەکەم حیجاب ناکەم.

لەوەڵامی ئەم خوشکەشدا دەڵێین: لە ڕاستیدا ئەو پیاوەی کە تۆی دەوێت بە مەرجی رووتی وسفوری ئەوا لە خوا یاخی بووەو یەکێکە لە بەچکەکانی شەیتان، بۆیە تۆش زۆر لەوە گەورەتری کە شوو بکەیتە یەکێك لە بێچوەکانی شەیتان، چونکە ئەو پیاوە شەرەفی تۆی پێ ناپارێزرێت وبیریش لە پاشەڕۆژی تۆ ناکاتەوە، بۆیە زانیاری بەرێزیشتە بنیات نانی خێزانێك لەسەر بەختەوەری و کامەرانی وخۆش گوزەرانی ئافرەت و پیاوە، کە ئەم بەختەوەرییەش تەنها لە ئیسلامدا هەیەو لای ئەو جۆرە پیاوانە دەست ناکەوێت، بەوەش کە حەوانەوەو جێ نشینگەی ئەو خێزانەش بە یادی خواوەیە، خوای گەورەش دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى﴾ [طه: ١٢٤].

واتە: ئەو کەسەی کە ڕوو وەربگێرێت لە یادو بەرنامەی خوا وپشتی تێ بکات بێگومان بۆ ئەو کەسانە ژیانێکی تەنگ و تاڵیان بۆ هەیەو لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشر دەکرێن.

---

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ١٦٣).

جا بۆیە لە ڕاستیدا پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری نیعمەتێکی خواییەو خوای گەورەیش بیەوێت دەیدات بە هەرکەسێك کە خۆی ویستی لێ بێت، کە ئاشکراشە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چەندان ئافرەتی سفور گەڕاونەتەوە باوەش ئیسلامە پاکەکەی خواو بۆیان دەرکەوتووە کە بەختەوەری تەنها لە ژێر چەتری ئەمدایە، وە ئەگەر دەیشڵێیت هەموو هیواو ئاواتم شوو کردنە بە ڕووتیو سفوری بەمەرجی دەگریت ئەوا بێگومان ئاواتی پاك وبێ گەرد بە هۆکاری پیس وچەپەڵ نایەتە دی، کەواتە چەندان ئافرەتی سفورو ڕووتیشمان بینی پرچی سپیان هۆنییەوە.

**بیانووی حەوتەم:** ئافرەتێکی تر ووتی: بۆیە حیجاب ناپۆشم دەمەوێت ئەم ئایەتەی خوا جێ بەجێ بکەم کە دەفەرمێت:

﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾ [الضحى: ١١]. واتە: باسی ئەو بەخشش ونیعمەتانە بکە کە خوای گەورە پێی بەخشیوی.

خوای گەورەیش قژێکی ناسك ولەش و لارێکی جوانی پێ داوم چۆن لە خەڵکی بشارمەوە؟.

لەوەڵامی ئەم ئافرەتەشدا دەڵێین: ئەم خوشکە وا خۆی نیشان دەدا کە خەمخۆری ئیسلامە وپابەندی قورئان و فەرموودە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) کە ئەو ئایەتە دەکاتە بەڵگە.

ئەی باشە بۆ نایات ئەم ئایەتەش بخوێنێتەوەو لە خۆیدا جێ بەجێی بکات کە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [النور: ٣١].

واتە: با جوانی ولەش ولاری خۆیان بەدەرنەخەن تەنها ئەوەندە نەبێت کە شەرع بۆیانی داناوە.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرمێت:

﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ﴾

[الأحزاب: ٥٩].

واتە: با پۆشاکی ئافرەتان هاودامان بێت و هەموو لاشەیان داپۆشێت.

کەواتە ئەم قسەیە هەڵبەستراو ویاسایەکی ئارەزووی خۆیەتی، بەڵام بە پێچەوانەوە نیعمەتی خوا بۆ تۆ باڵا پۆشیە نەك ڕووتیو سفوری، کەواتە تۆ نیعمەتی خوا کە حیجابە دەیشاریتەوە چونکە بریتییە لە ڕەوشت وپۆشاکی خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)کە

گەورەترین و بەڕێزترین دیاری خوایە بۆ تۆو هەموو ئافرەتێك، وە هۆكارێكی بەرزیشە بۆ سەربەرزی تۆو هەموو ئافرەتان لە دونیاو لە دوارۆژدا.

**بیانووی هەشتەم:** ئافرەتێكی تر ووتی: من لاریم لەوە نییە كە بالاْ پۆشی واجبێكی خوای گەورەیە بەلاْم كاتێك حیجاب دەپۆشم كە خوای گەورە هیدایەتم بدات.

بۆ وەلاْمی ئەم ئافرەتەش دەلێین: ئایا ئەگەر لێت بپرسین ئایا تۆ هیچ هەنگاوێكت ناوە بۆ هیدایەت دانت؟ چونكە دەبێت ئەوە بزانیت خوای گەورە بۆ هەموو شتێك هۆكارێكی داناوە وەك چۆن كەسێك كاتێك نەخۆش دەكەوێت پێویستە سەردانی پزیشك بكات بۆ ئەوەی دەرمانی بۆ دابنێت وبیخوات تا خوا شیفای بۆ دەنێرێت، یان كەسێك بیەوێت سەفەر بكات پێویستە هۆكاری سەیارە یان تەیارە بەكاربهێنێت، دەی خوشكی بەڕێز ئایا تۆ هیچ هۆكارێكت بەكارهێناوە تا خوای گەورە هیدایەتت بدات؟ هەروەك چۆن فەرزی كردووە لەسەرت ڕوو بكەیتە قیبلە و ڕۆژانە لە نوێژەكانتدا ١٧ جار بلێی:

﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ [الفاتحة: ٦].

واتە: خوایە ڕێنمونیم بكە بۆسەر ڕێگا ڕاستەكەی خۆت.

یان ئایا بەشداری هیچ كۆڕو كۆبونەوەیەكی خوشكانی موسڵمانت كردووە یان بەشداری دەرس ودەورەكانی ئافرەتان و وانەی دینیت كردووە؟ ئەگەر نا ئیتر چۆن خوای گەورە هیدایەتت بدات؟! ئەی نازانی ڕۆژێك دێت وتەوبە وەرناگیرێت و تۆش نازانیت ئەو ڕۆژە كەیە دەی ئیتر بۆ فەرمانی خوا دوا دەخەی:

﴿فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ﴾ [یونس: ٣٢].

واتە: چی هەیە لە دوای ئەم ڕاستیەوە جگە لە گومڕایی.

**بیانووی نۆیەم:** یەكێكی تر لەو ئافرەتانە ووتی: من ئێستاكە بچوكم كاتی پۆشینی حیجابم نەهاتووە واتە هێشتا گەنجم و بەبەرمەوە ماوە هەركات گەورە بووم ئەوسا دەیپۆشم.

بەڕاستی ئەمەش بیانوویەكی خۆهەڵخەڵەتێنەرەو یەكێكە لە هۆكارەكانی لە خشتە بردنی مرۆڤەكان لە لایەن شەیتانی جن ومرۆڤەوە، چونكە ئەی خوشكی بێ ئاگا ئەی نازانی (ملك الموت) ئامادەیەو هەركات فەرمانی پێ بكرێت ئاگادارت ناكاتەوەو هیچ مەجالت نادات؟ وە ئایا هیچ كەس پەیمانی ئەوەی پێ داوی كە تۆ بەم زووانە نامریت و تەمەنت درێژ دەبێت؟! ئەی نازانی خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ [الأعراف: ٣٤].

واتە: هەركاتێك كۆتایی بە تەمەنیان هات نە تاوێك دوادەكەون نە تاوێك پێش دەكەون چونكە ئەجەلیان دیاری كراوە. بەڵێ بە ڕاستی مردن واتە: دابڕانی ڕوح لە لاشە پچڕاندنی

پەیوەندی مرۆڤ و دونیا بێ گومان دەبێت هەموو كەس ئەو سەفەرە ئەنجام بدات بچوك بێت یان گەورە، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، دەسەڵاتدار بێت یان بێ دەسەڵات، ئەی خوشكی بەڕێز: بەڕاستی سەفەرەكە دووردرێژە تۆش گەشتیاری لەم دونیایەدا، ئەی هەژاری بێ توێشوو دەی بیهێنە بەرچاوی خۆت ئەوا (ملك الموت) گەیشتە سەرت ولە پشت سەرت دەوەستێت بۆ گیان كێشانت لەو كاتەدا سنگت دەتەقێو ڕوحت دەكەوێتە غەرغەرە، زمان لە دەمتا ناگەڕێت قسە قورس دەبێت بەلاتەوە، چاوەكانت دەچنە پشتی سەرت ودەرگای تەوبەیش دادەخرێت، كەواتە زوو پەشیمان ببەوە تاوەكو دەرگای تەوبەت لێ دانەخراوە، چونكە تۆ بە چەكی ڕووتیو سفوری جەنگت لەگەڵ خوادا بەرپا كردووە، بۆیە درەنگەو بگە بەكاروانی ئەو خوشكانەی كە پێش تۆ كەوتوون، خوای گەورەش دەفەرمێت:

﴿سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ [الحديد: ٢١].

واتە:پێشبڕكێ بكەن بۆ لێخۆشبوونی خوایی و بەهەشتێك كە پانایییەكەی وەك پانایی ئاسمان و زەوییە.

**بیانووی دەیەم:** كۆتا خوشك لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ووتی: ئەترسم لەوەی كە ئەگەر پابەندی حیجابی شەرعی ببم بمكەنە پاڵ حزب و كۆمەڵێك و منیش ڕقم لە حیزبایەتییە.

لەوەڵامدا دەڵێین: خوشكی بەڕێز واز لەو بۆچونە بهێنەو ئەو خەیاڵەش لە مێشكی خۆت دەربكە، چونكە كاتێك خوای گەورە فەرمانی كردووە بە حیجاب كردووە ئەوا نەك ناوی حیزب ئەوا هیچ جیاوازییەك نەبووە لە دەربڕینی ئەو بۆچونەدا، بۆیە لە ڕاستیدا لە قورئانی پیرۆزدا تەنها دووكۆمەڵ هەن كە خوای گەورە باسی كردوون وناویانی بردووە ئەوانیش (كۆمەڵی شەیتان) و(كۆمەڵی خوا) وەك خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ ﴿المجادلة: ١٩].

واتە: ئاگادارین بێگومان دەستەو تاقمی شەیتان لە خەسارەت مەندی و زەرەر مەندیدان.

كۆمەڵی یەكەم: واتەكۆمەڵی شەیتان: ئەو كۆمەڵەی كە دارودەستەكانی بەردەوام خەریكی بێ ئەمری خوان هەمیشەش لە بڵاوكردنەوەی خراپەو دووبەرەكیو تۆوی بەرەڵایدا دەستێكی باڵایان هەیە.

هەروەها كۆمەڵی دووەم: بریتین لە كۆمەڵی خوا كە ئەوانەن خوای گەورەو میهرەبان پشتیوانیانەو هەمیشە یارمەتیان دەدات بۆ هەموو كارێكی چاكەو خۆشیان ملكەچی فەرمانەكانی خوان وخۆیان بە دوور دەگرن لە سەرپێچی وشتی داهێنراوو دوور لە ئیسلام.

كەواتە: ئەگەر بەڕێزت یەکێکی لەو کەسانەی حیجاب دەپۆشیت و خۆت بە دوور دەگریت لە بێ فەرمانی خواو هەمیشە خەریکی کاری چاکەی ئەوا (یەکێکی لە کۆمەڵی خوا) بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر سفورو ڕووت بیت و لەش ولاری خۆت بۆ خەڵکی بێگانە دەر بخەیت ئـەوا یەکێکی لەو کەسانەی کـە سەرپێچـی فـەرمانی خـوا و پێغەمبـەری خـوات کـردووە (ﷺ) وە شایانی سزای خوای گەورەیت لە دونیا و دوا ڕۆژدا.

خوشکی بەڕێزم.... دڵنیابە باڵاپۆشی فەرمانی خوایەو پەیوەندی نىیە بە هیچ شـتێکەوە بۆیە نابێت لەبەر لۆمەی لۆمەکاران وخراپەی بێ باوەڕان پشت بکەیتە فەرمانی خواو بـەرەو لای شەیتان ڕابکەیت خوای گـەورەیش دەفـەرمێت: ﴿فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ إِنِّي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ [الذاريات: ٥٠].

واتە: بەپەلەو گورج وگۆڵ بن بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوا، دڵنیـاش بـن مـن (محمـد) (ﷺ) ترسێنەری ئاشکرام بۆتان.

کەواتە نوێژو ڕۆژوو بۆ کێ ئەنجام دەدەیت؟ ئەی بۆچی ئەنجامی دەدەیت؟

وەڵام: چونکە نوێژو ڕۆژوو بۆ خوا ئەنجام دەدەم، لەبەر ئەوەی فەرزی کردووە لەسـەرم، دەی کەواتە ئەو خوایەی نوێژوو ڕۆژووی لەسەرت فەرز کردووە هەر ئـەو خوایەشـە حیجـابی لەسەرت فەرز کردووە.

**بۆنی گوڵێك لە کۆتاییدا:**

ئەی خوشکی بەڕێزم..... ئەی ئەو کەسەی خوای گەورە ڕێزی لێ ناوی بۆچی خـۆت بـێ ڕێز کردووەو لە بازاڕی شەیتاندا نمایش دەکـەیت؟! ئایـا دەزانیـت بەهـەر خـۆ جـوان کـردن وڕازاندنەوەیەك دڵی هەر گەنجێك بـۆ لای خـۆت ڕادەکێشـیت وبێگومـانیش دەبیتـە هـەڵگری کۆڵی تاوانی چەندان کەسی تر، وە بیشزانە تۆ هەر ڕۆژێك لە تەمـەنت دەڕوات بـەرەو گـۆڕی خۆت نزیك دەبیتەوە، وەهەر کاتێك لە تەمەنت دەڕوات بەرەو نەمان دەچـیت وسـەرەنجامی خۆت دیاری دەکەیت.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك.

**www.ba8.org**

# زانستی ئایەتی مەککی و مەدەنی

م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله ومن والاه، وبعد:

یەك لەو شتانەی کە یارمەتیدەرێکی بەهێزە بۆ تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز بریتی‌یە لە زانینی قورئانی (مەککی) و (مەدەنی)، هەر بۆیەش هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وە کەسانی دوای ئەوان گرنگیان داوە بەم بابەتە، ئەوەتا (عبدالله ی کوڕی مسعود) (رضي الله عنه) فەرموویەتی:

( سوێند بەو خودایەی کە جگە لەو پەرستراوی حەق نی‌یە، هیچ سورەتێك نی‌یە لە قورئان ئیللا من دەزانم لە کوێ دابەزیوە، وە هیچ ئایەتێك نی‌یە لە قورئان ئیللا من دەزانم بۆ چ مەبەستێك دابەزیوە، وە ئەگەر بزانم کەسێك هەیە لەمن شارەزاتر بە قورئان کە بەسواری وشتر پێی بگەی ئەوا من دەچووم بۆ لای)[1].

باسی ئێمە بۆ ئەم بابەتە دەی خەینە ڕوو لەڕێگای چەند خاڵێکەوە:

**یەکەم: مانای قورئانی ( مەککی) و (مەدەنی).**

زانایان چەند بۆچونێکیان هەیە لەسەر پێناسەی (مەککی) و (مەدەنی)، بەڵام لەهەمووی بەهێزتر بریتی‌یە لەمەی باسی دەکەین .

١- قورئانی (مەککی): بریتی یە لەو قورئانەی (سورەت یان ئایەت) کە جبریل – علیه سلام – دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەر (ﷺ) لە پێش کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ(مەدینە)، باداگرتنەکە لەدەرەوەی (مەککە)ش بوو بێت.

٢- قورئانی (مەدەنی): بریتی‌یە لەو قورئانەی (سورەت یان ئایەت) کە جبریل – علیه سلام – دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەر (ﷺ) لە پاش کۆچکردن، باداگرتنەکە لە دەرەوەی (مەدینە)ش بوو بێت.

---

(١) (رواه البخاري).

**دووەم : تایبەت مەندیەکانی قورئانی (مەککی).**

بابـەت و ناوەڕۆکـەکانی قورئـانی (مـەککی) **زۆربـەی کـات** بریتـیـیـە لـە گرنگـی دان بـەم باسانەی لای خوارەوە:

١- بانگەوازکردن بۆ یەکخوا پەرستن (توحید العبادة) کـە هـاوەڵ بڕیـاردەران بڕوایـان پـێ نەبوو، هەروەکو خودا لەبارەیانەوە دەفەرمێت:

﴿إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوا آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ﴾ [الصافات: ٣٥ – ٣٦].

واتە: هاوەڵ بڕیاردەران گەر پـێ یـان بووترایـە بڵـێن: ( لا إلـه إلا الله) ئـەوا خۆیـان لـەوە بەگـەورەتر دەزانـی کـە بـەزوبان بیڵـێن، وەدەیـان ووت ئایـا ئێمـە واز لـە هـەموو پەرستراوەکانمان بێنین، بڕۆین بۆ پەرستنی تەنها یەك پەرستراو لەبەر قسەی شاعیرێکی شێت ( مەبەستیان پێغەمبەر بوو (ﷺ)؟.

بـێ گومـان هـۆی نـەوتنیان بـۆ (لا إلـه إلا الله) ئـەوەبوو کـە لەماناکـەی تـێ دەگەیشـتن، وەدەیان زانی بە ووتنیان بۆی پێویستە واز لە هـەموو جـۆرە پەرسـتراوێك بێـنن بـۆ غـەیری خودا.

٢- ووریاکردنـەوە لـەهاوەڵ بڕیـاردان لەپەرسـتندا، وەپووچـەڵ کردنـەوەی هـەرجۆرێك هاوەڵ بڕیاردان هەبێت، بۆ نموونە خودا دەفەرمێت: لەبارەی هاوەڵ بڕیاردەرانی سـەردەمی پێغەمبەرایـەتی: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ﴾ [يونس: ١٨].

واتە: هاوەڵ قەراردەران کەسـانێك دەپەرسـتن (بەپاڕانـەوە و قوربـانی و ...) لـە غـەیری خودا یان لەگەڵ خودا کە هیچ قازانج و زەرەری نـیـیـە بۆیـان، بـە پاسـاوی ئـەوەش دەیـان پەرستن کە دەڵێن ئەو پەرستراوانەمان لە خودا نزیکمان دەکەنەوە، وەنزامـان بـۆ لای خـودا بەرز دەکەنەوە. بەداخەوەش ئەم بۆچوونە هەڵەیە تەشەنە بووە لەناو موسڵمانانی ئـەمڕۆدا، هەربۆیە گەر پرسیارت کرد لـە موسـڵمانێك کـە هـاوار دەکاتـە غـەیری خـودا بـۆ ئـەم کـارە دەکەی؟ ئـەوا پێـت دەڵێـت: دەمـەوێ لـەخودا نزیـك ببمـەوە بـەهۆی ئـەو پیـاو چـاکانەوە، وەدەمەوێ شەفاعەتم بۆ بکەن لای خودا.

٣- بانگەوازکردن بۆ باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی، وەباس کردنی زیندووبوونەوەی خەڵکی، پاشان لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا ... چونکە بێ باوەڕان بڕوایان بەڕۆژی دوایی نەبوو، هـەروەکو خودا دەفەرمێت:

﴿زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنْ لَنْ يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ [التغابن: ٧] .

واتە: بێ باوەڕان گومانیان وابوو کە زیندوو ناکرێنەوە، تۆش ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێ یان بڵێ: بەڵێ سوێند بەخودا ئێوە زیندوو دەکرێنەوە، وەپاشان ئاگادار دەکرێنەوە لە هەموو ئەوانەی کردووتانە، ئەمەش لای خودا زۆر ئاسانە .

٤- هێنانەوەی بەڵگەی بینراوو عەقڵی لەسەر یەکخواپەرستی پەروەردگارێتی (توحید الربوبیة) چونکە باوەڕبوون بەم یەکخواپەرستیە واپێویست دەکات کە خاوەنەکەی بڕوای بە یەکخواپەرستن ببێت، بۆ نموونە خودا لەبارەی بێ باوەڕان دا دەفەرمێت:

﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ﴾ [الغاشية: ١٧ - ٢٠ ].

واتە: بێ باوەڕان بۆ سەیری ئەم شتانە ناکەن بەچاوێکی ڕوانین و سوود وەرگرتن، کە ڕۆژانە دەی بینن، بۆ سەیری وشتر ناکەن کە چۆن گرنگ دروست کراوە؟ وە بۆ سەیری ئاسمان ناکەن کە چۆن بەرزکراوەتەوە؟ وە بۆ سەیری چیاکان ناکەن کە چۆن جێگیر کراون؟ وە بۆ سەیری زەوی ناکەن کە چۆن تەخت کراوە بۆ هاتوو چۆ؟ بێ گومان ووردبوونەوە لەمانە بەڵگەن لەسەر شایستەیی خودا بۆ بە تەنها پەرستن .

٥- هاندانی موسڵمانان لەسەر ئارام گرتن بەرامبەر ئازاری ناموسڵمانان، بۆ نموونە خودا دەفەرمێت:

﴿وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ﴾ [ المزمل ١٠] .

واتە: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) (موسڵمانانیش بەدوای ئەوەوە) ئارام بگرە لەسەر ووتەی بێ باوەڕان ...

٦- تێکۆشان دژی بێ باوەڕان بەقورئان، وە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا بەباشترین ڕێگا، بەبەڵگەهێنانەوە، وە بەئامۆژگاری کردنیان بۆ هاتنە سەر ڕێگای ئیسلام. خودا دەفەرمێت:

﴿وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا﴾ [الفرقان: ٥٢]. واتە: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) تێ بکۆشە دژی بێ باوەڕان بە قورئان تێکۆشانێکی هەرە گەورە .

٧- هێنانەوەی چیرۆکی نەتەوە بێ باوەڕەکانی پێشوو وەکو قەومی (نوح) و (صالح) و (شعیب) و...هتد . مەبەست لەمەش ئەوەیە موسڵمانان پەند وەربگرن لەچاکەکارانی ئەو سەردەمانە، وەبێ باوەڕان وووریابن لەوەی کە هەمان سزای ئەو بێ باوەڕانە بەسەریان بێت.

کەوابوو بەکورتی دەڵێی : قورئانی (مەککی) بریتییە لەباس کردنی بیروباوەڕ و یەکخواپەرستی، وهاندانی موسڵمانان بۆ دەست گرتن پێوەی وبانگەوازکردن بۆی، وەهاندان لەسەر دەست گرتن بەئارامی...

**سێ یەم: تایبەتمەندییەکانی قورئانی (مەدەنی):**

بابەت و ناوەڕۆکی قورئانی (مەدەنی) زۆر کات بریتییە لەگرنگی دان بەم بابەتانەی خوارەوە:

١- بانگەوازکردنی موسڵمانان بۆ تێکۆشان و خۆبەخشین لەپێناو خودا (الجهاد في سبيل الله)، چونکە موسڵمانان لەکاتێکدا کۆچیان کرد لە (مەککە) وە بۆ (مەدینە) دەوڵەتی ئیسلامیان پێکهێنا، هەر بۆیەش پێویستیان بە بەرگری هەبوو لە ئاین و دەوڵەتی خۆیان، هەر بۆیەش لە قورئانی (مەدەنی) دەبینین هاندان هەیە بۆ تێکۆشان و جەنگ لەبەر خودا، هەروەکو خودا دەفەرمێت:

﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ [التوبة: ١١١ ].

واتە: بەڕاستی خوای گەورە نەفس و ماڵی ئیماندارانی کڕیوە بەرامبەر ئەوەی کە بەهەشتیان بۆ هەیە، ئەمەش بەوەی ئیمانداران جەنگ دەکەن لەپێناوی خوادا.

٢- باس کردن و ڕوون کردنەوەی حوکمەکانی ئیسلام وەکو باس کردنی سوو خواردن (الربا) کە خوای گەورە بڕیاری ئاشکرا کردنی جەنگی کردووە دژی ئەنجامدەری، هەروەکو دەفەرمێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ [ البقرة ٢٧٨-٢٧٩] .

واتە: ئەی ئیمانداران تەقوای خوا بکەن، وە وازبهێنن لەوەی ماوەتەوە لە بەردەستان لە سوو(ربا) گەرخۆتان بە ئیماندار دەزانن، جا ئەگەر واز نەهێنن ئەوا ئاگاداربنەوە بە جەنگێك لەلایەن خواو پێغەمبەرەوە(ﷺ) دژتان ...

٣- دانانی سزای دیاری کراو، واتە: (الحدود)، وەکو دانانی حەدی زیناو دزی وغەیری ئەمانە، بۆنمونە: خودا دەفەرمێت:

﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا﴾ [المائدة: ٣٨].

واتە: دز جا چ پیاو بێت یان ئافرەت ئەوا پێویستە دەستیان ببڕن .

٤- ئاشکرا کردنی خوڕەوشتە خراپەکانی دوو ڕووەکان، لەبەر ئەوەی لە قۆناغی (مەدینە) وە لەدوای جەنگی بەدردا دووڕوویی دەرکەوت، بۆ نموونە خودا دەفەرمێت:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ﴾ [البقرة: ٨ ] .

واتە: هەندێك لەخەڵکی هەیە (واتە دووڕووەکان ) دەڵێن بڕوامان هێناوە بەخواو ڕۆژی دوایی، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان ئیماندار نین.

٥- کپ کردنی دەمی خاوەن کتێبەکان (أهل الكتاب) لە جوولەکەو غەیری ئەوان، وەگفتوگۆکردن لەگەڵیاندا، بۆ ئەوەی قسەیان نەمێنێ . هەروەکو خودا دەفەرمێت:

﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ﴾[العنكبوت: ٤٦] واتە: گفتۆگۆ مەکەن لەگەڵ گاور و جولەکە بەباشترین شێواز نەبێت، بەزانیاری و ڕەوشتی جوان

و نەرمی ووتە و بانگەشە کردن بۆ چاکە .. بەلاَم ئەوانەی کە مەبەستیان حەق نیيە لەوان، بەڵکو تەنها دەیەوێ خۆی بیباتەوە ئەوا گفتۆگۆکردن سوودی نیيە لەگەڵیدا.

٦- باسکردنی سەرکەوتنی موسڵمانان لەجەنگەکانیاندا، خودا دەفەرمێت: ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ﴾

[ال عمران: ١٢٣] .

واتە: بەڕاستی خودا ئێوەی موسڵمانانی سەرخست لە غەزای بەدردا لەکاتێکدا ئێوە کەم و زەلیل بوون لەژمارەو چەکدا.

**چوارەم: سوودی زانینمان بە (مەککی) و (مەدەنی) .**

١-سوود وەرگرتن لێی لەڕاڤەکردنی قورئان، چونکە زانینی شوێنی دابەزینی قورئان (سوورەت یان ئایەت) یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتنی قورئان تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست، ڕاڤەکاری قورئان دەتوانێت - لەڕوانگەی ئەم زانستە - جیاکردنەوە بکات لەنێوان (ناسخ ) و (منسوخ) لەکاتی پێویستیدا بۆی، چونکە ئایەتی دواتر - لەدابەزین- نەسخی ئایەتی پێشتر دەکات بەچەند مەرجێك کەلەجێی خۆی باسکراوە .

٢-سوود بینین لەشێوازو بابەتە جۆراوجۆرەکانی بۆ چۆنێتی بانگەوازکردن بۆ ڕێگای خودا، چونکە هەموو شوێنێك قسەی تایبەتی خۆی هەیە، بەتێڕوانینمان لە شێواز و ناوەڕۆکی (مەککی) و (مەدەنی)، وە بەڕەچاوکردنی حاڵی خەڵکی دەوروپشت ئەوا ڕێبازێکی ڕوونمان بۆ دەردەکەوێت لەچۆنێتی قسەکردن و بانگەواز، بەجۆرێك کە گونجاو بێت لەگەڵ دەروونی بەرامبەرەکە(٢) .

٣-بەئاگابوون لەڕووداوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) لەڕێگای ئایەتەکانی قورئانەوە.

**پێنجەم: کەی کاردەکەین بەقورئانی (مەککی) و (مەدەنی)؟**

پێشەوا (إبن تیمیە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆچوونی وایە کە قورئانی (مەککی) کە بەنگەواز دەکات بۆ ئارام گرتن لەسەر ئازاری بێ باوەڕان، وەجەنگ نەکردن دژ بێ باوەڕان لەکاتێکدا کاری پێ دەکرێ کە موسڵمانان لەحاڵەتی لاوازیدان، بەلاَم قورئانی (مەدەنی) کە

---

(٢) کەوابوو خوای گەورە بەشەرعی پاکی خۆی بێ پێویستمانی کردووە لەوەی کە ناوەڕۆك و ڕێگای غەیرە شەرعی بەکاربهێنین بۆ قسەکردن لەگەڵ بەرامبەردا، وەکو ئەو نەخۆشیە بڵاوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین کە زۆر لە موسڵمانە خوێندەوارەکان کە خۆیان بە (ڕۆشنبیر) دەژمێرن پەنا دەبەنە بەر کتێبی (فەلسەفە) یان (منطق) یان (دەروون ناسی ئەورووپی) کە گوایە بۆ ئەوەی فێری بەڵگەو موناقەشەو شێوازی گفتوگۆبن، بەلاَم دەبینین لەئەنجامدا زۆر لەوانە دووردەکەونەوە لەقورئان و فەرموودە، وە دووردەکەونەوە لەپەیوەست بوون بەڕەوشتی موسڵمانان، وەئەگەری ئەوەی هەیە کە چەندەها گومان و شوبهەو بۆچوونی هەڵەیان بۆ دروست بێت، ئەمەش تەنها ئاماژەیەکی خێرایە، باسەکە زۆری دەوێ.

بانگەواز دەكات بۆ جەنگ كردن و بەكارهێنانی هێز جێبەجێ دەكرێ لەكاتی تواناو بەهێزی موسڵمانان، هەروەكو لەكتێبی (الصارم المسلول) دا دەفەرمێت: ... ئەو ئایەتانە (ئایەتی مەككی) لەبارەی كەسێكەوەیە كە ئیمانداریكی لاوازە، كە ناتوانێت پشتگیری ئایین بكات بەهێز وبەدەست و زوبان، ئەوا ئەوەندە پشتگیری ئایین دەكات كە لەتوانایەتی بەدڵی یان بەوەی كە پێی دەكرێ، وە ئایەتی زەلیل كردنی پەیمان لەگەڵ كراوەكان (ایات الصغار علی المعاهـــدين) (مەبەستی ئایەتی بەكارهێنانی توانا، ئایەتی جەنگ كردن) لەبارەی هەر ئیمانداریكەوە كە بەهێزە، وە دەتوانێت پشتگیری ئاین بكات بەدەست یان بەزوبان، وەبەم ئایەتانەش موسڵمانان كاریان دەكرد لەكۆتایی تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) وەلەسەردەمی خەلیفە ڕاشدێكان، هەر بەم شێوەیەش دەبێت تاوەكو ڕۆژی دوایی بەردەوام كۆمەڵێك هەیە لەموسڵمانان كە دەست گرتوون بەحەقەوە، وەهەردەم پشتگیری ئایین دەكەن بەو پەڕی پشتگیرییەوە، **جاهەركەسێك لەئیمانداران لەخاكێكدا بوو كە تێیدا لاوازبوو، یان لەكاتێكدا بوو كە تێیدا لاوازە ئەوا باكاربكات بەئایەتی ئارام گرتن و لێ بوردن بەرامبەر بێ باوەڕان، بەڵام موسڵمانانی خاوەن توانا و دەسەڵات ئەوا كاردەكەن بە ئایەتی جەنگ كردن دژی هەڵگرانی بێ باوەڕی كە تانە دەدەن لە ئایین، وەهەروەها كاردەكەن بەئایەتی جەنگ كردن دژی خاوەن كتێبەكان (أهل الكتاب) تاوەكو سەرانە (جیزیە) دەدەن بەوپەڕی زەلیلی).**

بێ گومان لەم قسەیەی (إبن تیمیە) زۆرشت دەردەكەوێ كە موسڵمان پێویستە جوان لێی ووردبێتەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕێبازی بانگەواز و ڕووكردنی خەڵكی بۆ ئیسلام – چ پێشەوا وە چ خەڵكی تر – چۆن دەبێت بۆی دەركەوێ.

والحمد لله رب العالمين

وەرگێڕانی لە (كيف نفهم القرآن) بەهەندێك دەستكاریەوە .

WWW.BA8.ORG

# وریاكردنەوەی موسڵمانان لە چەند كتێبێكی زیان بەخش

م / ســـــامی مستەفا ( زنجیرەی سێ یەم )

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين،

لەپاشاندا:

پاش ئەوەی لەم سەردەمەدا (بیدعە)[1] و بیدعە چێتی باڵی بە سەر موسڵماناندا كێشا، وە بیدعەچی‌یان بە تێگەیشتنی خۆیان و بۆ مەرامی خۆیان كەوتنە لێكدانەوەی قورئانی پیروز و فەرموودەكانی پێغەمبەر(ﷺ)، بەمە مەترسی‌یەكی یەكجار زۆر كەوتە سەر دوا رۆژی ئەم ئوممەتە، بۆیە زانا پایە بەرزەكانمان بۆ بەرگری كردن لەم دینە ولادانی ئەم مەترسی‌یە گەورەیە لەم سەردەمەدا گەڕان بە دوای قەڵغانێك كە رۆڵەكانی ئەم سەردەمە لەم شەپۆلە بیدعی‌یە بپارێزن، وە بیروباوەڕ و هەڵسوكەوتیان ببەستنەوە بە تێگەیشتنێكی راستی قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەر(ﷺ)كە ئەم تێگەیشتنەش بریتی‌یە لە تێگەیشتنی پێشینە چاكەكانی ئەم ئوممەتە (السلف الصالح) لە هاوەڵەكانی پێغەمبەر (ﷺ) و شوێنكەوتوانیان (التابعين) بۆ قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەر(ﷺ)... وە رۆژ بە رۆژ بانگەوازی ئەم زانا پایەبەرزانە[2] جێی خۆی دەكردەوە لە دڵی موسڵماناندا،

---

١) قال الشاطبي: البدعة عبارة عن: ( طريقة في الدين مخترعة تضاهي الشريعة يقصد بالسلوك عليها المبالغة في التعبد لله سبحانه). كتاب الاعتصام: (٢٥/١) ط: دار إحياء التراث العربي .

وكتاب الاعتصام تعتبر من أمهات المراجع السلفية و هو مطبوع مراراً، وقد طبع مؤخراً بتحقيق العلامة: مشهور آل سلمان في أربع مجلدات .

(٢) منهم: سماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز (رحمه الله) (ت١٤٢٠هـ)، و الشيخ محمد بن صالح العثيمين (رحمه الله) (ت١٤٢١ هـ)، و محدث العصر محمد ناصر الدين الألباني (رحمه الله) (ت١٤٢٠هـ).

وە باشترين دەربرِين بۆ ناوەرۆكی ئەم بانگەوازە پیرۆزە بریتی بوو لە وشەی: ((سەلەفیەت))[٣] كە پێشتریش گەورە زانایانی ئەم ئوممەتە پێناسەیان كردووە[٤] و بانگەوازیان بۆ كردووە [٥] .

وە كاتێ بانگەوازی ئەم زانا پایە بەرزانە لەم سەردەمەدا سەركەوتنی هێنا وە گەنجی موسڵمانی لە: حزبایەتی و سۆفێتی و دەمارگیری مەزهەبی و تەكفیركردنی موسڵمانان .... هتد رزگار كرد، وە لە بیدعەچیانی جیا كردەوە، بیدعەچیيان هەڵسان بە دژایەتی كردنی ئەم بانگەوازە پیرۆزە (سەلەفیەت) كە بانگەوازە بۆ راستی و رەسەنایەتی ئیسلام[٦] وە بۆ ئەم مەبەستەیان چەندین رێگایان بەكار هێنا، لەوانە: نوسینی چەندین كتێب[٧] بۆ شێواندنی ماناكانی ئەم بانگەوازە پیرۆزە، وە لەو كتێبانە كیتابی:

((السلفية مرحلةٌ زمنيةٌ مباركة لا مذهب إسلامي)) **نوسینی** ( محمد سعيد رمضان البوطي ).

بۆیەش ئەم پەرتوكەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە زنجیرەی سێیەمی وریا كردنەوەی موسڵمانان لە چەند پەرتوكێكی زیان بەخش، موسڵمانانی لێ ئاگادار بكەینەوە .

ناونیشانی ئەم پەرتوكە زۆر سەیرە، چونكە مانای ئەوەیە كە هاوەڵەكانی پێغەمبەر(ﷺ) و شوێنكەوتوانیان هیچ تێگەیشتنێكی دیاریكراویان نەبووە بۆ قورئانی پیرۆز و

---

(٣) أنظر: مجلة الأصالة العدد (٩) (ص٨٦) و فتوى لشيخ الألباني حول: لماذا التسمية بالسلفية؟! .... فهو هامٌ جداً، و حبذا لو ترجمت إلى اللغة الكردية و نشرت .

(٤) قال الإمام السمعاني ( ت ٥٦٢ ):

السَّلفي: بفتح السين و اللام و في آخرها فاء، هذه النسبة إلى السلف و انتحال مذهبهم على ما سُمعت منهم .

[ كتاب الأنساب: (٣ /٢٩٦) ط / دار الكتب العلمية].

و قد صحَّ عن النبيِّ(ﷺ) أنه قال في مرض موته لإبنته فاطمة ــ رضي الله عنها ــ : (( ... فاتقي الله واصبري، فإنه نِعمَ السَّلفُ أنا لكِ )) رواه مسلم: (٢٤٥٠) (٩٨) ط/دار إحياء التراث العربي .

(٥) قال شيخ الإسلام إبن تيمية: ( لا عيب على من أظهر مذهب السلف و انتسب إليه و اعتزى إليه، بل يجب قبول ذلك منه بالاتفاق فإن مذهب السلف لا يكون إلا حقاً ) .

[ مجموعة الفتاوى: (٤ /٩١) ط: دار الوفاء و مكتبة العبيكان: (١٤٩/٤) من الطبعة القديمة .

و أنظر ما يأتي من كلام الإمام الأوزاعي و أبو حنيفة النعمان و غيرهما في أواخر هذا المقال .

(٦) **بگەرێرەوە بۆ ژمارە (٣)ی گۆڤاری رێگای راست لاپەرە (٤٨ بۆ ٦٨) وە بابەتێك بە ناونیشانی (سەلەفیەت ئەو ئیسلامەیە كە پێشینە چاكەكانمانی لەسەر بوون نەك دینێكی تازە یان گروپێكی حیزبی ) نوسینی ماموستا:** عبد اللطيف أحمد .

(٧) و قد ذكر الشيخ مشهور آل سلمان في كتابه القيم: (كتب حذر منها العلماء ) كم هائل من تلك الكتب التي تطعن في الدعوة السلفية المباركة و علمائها مع ردود موجز و متين عليها. أنظر على سبيل المثال: ( ١ /١٩٨ ومابعده).

**فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)!!! . وە ناوەڕۆکەکەی سەیرترە کە تێیدا** (بوطي ) (غفر الله لە):

*** (سەلەفیەت) بە بیدعە لە قەڵەم دەدات!. .**

*** وە هێرش دەکاتە سەر هەڵگرانی مەنهەجی سەلەفی، لەوانە** (شيخ الإسلام ابـــن تيميـــة) و(شيخ الإسلام محمد ابن عبدالوهاب ) (رحمهم الله)!.

*** وە پشتگیری لە زۆر بیدعە دەکات، وەکو دوعای بەکۆمەڵ لە پاش نوێژ، وجگە لەمە[٨] !**

**وە لێرەدا ئێمە نامانەوێت یەك بەیەك هەڵە زۆرەکانی** (بـــوطي) **ڕاست بکەینەوە چونکە چەندین زانای پایەبەرز بەم ئەرکە هەڵساون لەوانە:**

***شێخ صالح الفوزان[٩]**

***والشيخ المنفيخی[١٠]**

***و أ. خالد السوسی[١١]**

**بەڵام چونکە وشەی (سەلەفیەت بدعەیە) یان (سەلەفیەت مەزهەبێکی نوێیە)، خەڵکانێکی زۆر ـ لەوانەی کە خۆیان بە شارەزا تێدەگەن لە ئایینی ئیسلام ـ بە ناحەق دوبارەی دەکەنەوە، بۆیە ناچارین وەڵامی** (بوطي ) **لەم خاڵەدا بدەینەوە، ئەمەش نەك لە ڕوانگەی مانای (سەلەفیەت) و بەڵگەکانی ڕاستی (مەزهەبی سەلەف ) وە (سەلەفیەت) کە ڕەسەنایەتی و ڕاستی ئیسلامە چونکە ئەمە زۆر باس کراوە[١٢]، بەڵکو تەنها بۆ یاد خستنەوەی ئەوەی کە** (بوطي) **وەکو هەر بیدعەچیەك حەق ویست نەبووە لە کتێبەکەی دا.**

(بوطي) **لە ژێر ناونیشانی:**( الدليل على أن التمذهب بالسلفية بدعة) **لە کتێبەکەیدا دەڵێت: ( هەزارو چوار سەد ساڵ لە مێژوی ئوممەتی ئیسلامی تێپەڕی لە هیچ زانایەکی ئەم ئوممەتە لەم هەموو چەرخانەدا نەمان بیست کە (سەلەفیەت) وپابەندبوون بە (مەزهەبی سەلەف ) بە**

---

(٨) انظر: كتب حذر منها العلماء: ( ١ /٢٠٦-٢٠٧ ).

(٩) في كتابه: (نظرات و تعقيبات على ما في كتاب السلفية لمحمد سعيد رمضان البوطي من الهفوات ).

(١٠) وذلك في ردود منشورة في مجلة الأصالة العدد(١٣).

(١١) في القسم الثاني من كتابه: ( نقض أوهام الاتهام ) .

وفي القسم الأول من كتابه يعقب على بعض تعقيبات الألباني في (تمام المنة) على سيد سابق . و كتابه مطبوع بدمشق دار المنير .

(١٢) أنظر: كتاب: (لماذا اخترت المنهج السلفي) لشيخ: سليم بن عيد الهلالي، ط دار الحديث .

**بەڵگەی پابەندبوونی موسڵمانان دابنێت بـە ئیسـلامێکی راسـتەقینه ...!!!)[١٣] . وەکـاتێ مروڤـ بیر لەم وشانەی** (بوطي) **دەکاتەوە لـە بەرامبـەر پرسـیارێکدا رادەوەسـتێ: تـۆ بلێـی** (بوطي) **مرۆڤێکـی کـەم خوێندنـەوە بێـت لەسەرچـاوەکانی ئیسـلام ؟!!... یـان مرۆڤێکـی دەمارگیرە ولەبەر دەمار گیرییەکەی خۆی لە گێلی دەدات ؟!! .**

**وەلامەکەش هەر چۆنێك بێت هەر بەسەر** (بوطي)**دا دەشکێتەوە، چونکە ئەگـەر** (بـــوطي) **مرۆڤێکی کەم خوێندنەوە بێت لە سەرچاوەکانی ئیسلام، ئەوا دەچێتە ژێر شـیعری شـاعیری عەرەب کە دەفەرمێت:**

فَدَعْ عَنْكَ الكتابةَ لَسْتَ مِنْهَا
ولـــو لَطَّخْتَ ثَوْبَكَ بِالمدادِ[١٤]

**بەلام ئەوەی بە دوری تێ دەگەین ئەمەیە، وە ئـەوەی دیـارە** (بـــوطي) **چـاو پۆشـی لـەو هەموو دەقانە دەکات کە رۆژانە لەپەرتوکی گەورە زانایانی ئەم ئوممەتەدا دەیخوێنێتەوە لە** (**أبو حنيفة**) **و** (**أوزاعي**) **یەوە تاوەکو** ( **إبن حجر العسقلاني** ) **و**( **سيوطي** ) ـــ رحمهـــم الله ـــ **کـە ئەمانـە بـە شـاهیدی** (بـــوطي ) **خـۆی کـە لـە پیـاوانی مەیـدانی نوسـین و فێرکـردن و پێشەوایەتین بۆ ئوممەتی ئیسلام . بۆیەش لێرەدا هەندێك دەقـی[١٥] ئـەم زانایانـە دەخەینـە پێش چاوی خوێنەر ـ کە لە لایەك بەڵگەی سەلەفیيەتی ئەم زانایانەیە، چونکە ئەم زانا پایە**

---

(١٣) أنظر: كتاب (نقض أوهام الاتهام) لخالد السوسي (ص٣٦٧) . وجديرٌ بالذكر أن خالد السوسي من تلامذة البوطي وقـــد أجاد في الرد عليه .

(١٤) هذا البيت لشاعر صالح ابن شرداد .

أنظر: معجم الأبيات الشهيرة لحسن نمر ( ص٧٩) ط جرس برس .

و حقٌ على كل مسلم يريد أن يكتب شيئاً عن دينه ـــ بعد ما أهله الله لذلك ـــ أن يجعل بين عينيه قول الشاعر:

وما من كاتبٍ إلا ســـــيفـــني
ويبقى بعـــــــد ما كتبت يداه
فـــلا تكتب بخطك غير شـــيء
يســـرك في القيامـــة أن تـــراه

البيتان في: معجم الإستشهادات لدكتور علي القاسمي (ص٤٧٩) ط: مكتبة لبنان .

(١٥) آثرنا النصوص التي فيها لفظ (السلفي) أو ( طريقة السلف ) ... ونحو ذلك، و إلا ففي معنى قول مالك بن أنس: ( لن يصلح آخر هذه الأُمة إلا بما صَلُحَ به أولها) كفايةٌ في دحض ما زعمه البوطي وأمثاله ـــ أنظر: [الشفا للقاضي عياض: (٦٧٦/٢) ط دار الكتاب العربي ت: البخاري . و قد عزا هذا الأثر الخطيب البغدادي إلي الإمام علي ـــرضي الله عنه ـــ في كتابه: موضح أوهـــام الجمع و التفريق (٢٧٥/١ ) ط: حيدر آباد ، في قصةٍ ] ـــ .

بەرزانە مەدحی زانایان بە وشەی ( سەلەفی) و (مەزهەبی سەلەفی ) ...هتد دەکەن ـ وە لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز بۆی روون ببێتەوە کە (بوطي) حەق ویست نەبووە لە نوسینی پەرتوکەکەی: (السلفیه ...) .

## چەند دەقێکی گەورە زانایانی ئەم ئوممەتە لەسەر ڕاستی پابەند بوون بە مەزهەبی سەلەف

* زانای پایە بەرز ( إبن حجر العسقلاني) ــ رحمه الله ــ (ت ٨٥٢ هـــ ) لە پەرتوکە بەنرخەکەیدا (لسان المیزان ) پاش ئەوەی مەدحی محمەدی کوری قاسمی مصری دەکات بە شارەزایی لە مەزهەبی مالك، و مێژوو، و ئەدەب، لە گەڵ دینداری و خواترسی، دەفەرمێت:
( وكان سَـــلَـــفيَّ المذهب)[١٦].

واتە: **سەلەفی مەزهەب بوو** .

* وە زانای پایە بەرز ( جلال الدين السيوطي) (ت ٩١١ هـــ ) لە کتێبە بەنرخەکەیدا (طبقات الحفاظ) پاش ئەوەی مەدحی (ابن صلاح) ی شارەزوری دەکات بە شارەزای لە زانستەکانی: (تفسیر ) و (حديث ) و (فقه ) ... هتد دەفەرمێت:
( ... يضرب به المثل، **سلفياً** زاهداً حسن الاعتقاد ..)[١٧] .

واتە: ( ... نمونەی پیاو چاکانە، وە مروڤێکی **سەلەفی** دونیا نەویست و بیرو باوەڕ خاوێن بووە ..) .

* و ئیمامی ( سمعاني ) (ت٥٦٢هـ) لە مەدحی: مەحمودی کوری جەعفەری کوسج دا دەفەرمێت:
( ثقة حافظ دِّين خيِّر حسن السيرة صحيح العقيدة **على طريقة السلف** الصالح)[١٨].

---

(١٦) لسان الميزان: (٥/٣٤٦ رقم: ٧٩٩٢ ) ط: دار الكتب العلمية، دراسة و تحقيق: الشيخ عادل عبد الموجود و الشيخ علـــي محمد معوض .

و في الطبعة التي قام بتحقيقها الشيخ عبد الفتاح أبو غدة ـــ مريسي العصرـــ: (وكان سلفي المعتقد) بدل (و كان سلفي المذهب ) ! فلا أدري هل هذا تحريفٌ من أبو غدة أم تحقيق ؟! أنظر: (٧/٤٥٢ رقم: ٧٣٢٢ ) من طبعة أبو غدة لـــ( لسان الميزان ) التي قام بطباعتها و نشرها: دار البشائر الإسلامية . و قوله(سلفي المعتقد) يشهد أيضاً لما نحن بصدده و الحمد لله .

(١٧) طبقات الحفاظ: ( ص٥٠٠) ط مطبعة الاستقلال الكبرى بالقاهرة، تحقيق: علي محمد عمر .

(١٨) من: نقض أوهام الاتهام لسوسي (ص٣٦٨) نقلاً عن الذهبي .

و لم أجد هذه العبارة في ترجمته في السير ( ١٨/٤٤٩) و ليس لمحمود بن جعفر الكوسج ترجمةٌ في كتاب: الأنساب لسمعاني، أنظر: الأنساب (٤/٤٥٩-٤٦٠ الأرقام: ٩١٦١، ٩١٦٢، ٩١٦٣) ط: دار الكتب العلمية . فيبحث في غيرهما .

واته: ( مرۆڤێكی (ثقة) و (حـــافظ)[١٩] و دینـدارو چاكەكارو ناوبـانگ بـاش و بـیرو بـاوەڕ خاوێن بووە، وە لەسەر ڕێگای **سەلەف صالح** بووە ).

* وە زانای پایە بەرز و مێژوو نووسـی ئیسـلام (الإمام الذهبي) (ت ٧٤٨ هـ ) لـە چـەندین لاپەڕەی كتێبە بەنرخەكەی (سير أعلام النبلاء) بە وشەی ( سـەلەف ) و (سـەلەفیەت) مـەدحی دەیان زانا دەكات لە وانە:

* لە مەدحی ( يعقوب الفسوي) دا دەفەرمێت:

( ...وما علمت يعقوب الفسوي إلا **سلفياً**، و قد صنَّف كتاباً صغيراً في السنة)[٢٠].

واتە: ( یعقوبی فەسەوی هەر بە **سەلەفی**م زانیوە، وەپەرتوكێكی بچوكی نوسیوە بە نـاوی (السنة ) ) .

وە كاتێ ئیمامی (الذهبي) دەفەرمێت: (یعقوبی فەسەوی) وەپـەرتوكێكی بچـوكی نوسـیوە بە ناوی (السنة )، مەبەستی بەڵگـەی سـەلەفیـیەتی ئـەوە، چـونكە (یعقـوبی فەسـەوی) لـە سـاڵی (١٩٠هـ ) لـە دایك بـووە، وە لـە سـاڵی (٢٧٧هـ ) كۆچـی دوایـی كـردووە، وە لـەو سەردەمەدا موسـڵمانان بـۆ خۆجیاكردنـەوە لـە ئـەهلی (بیـدع) وشـەی (الســنة) یـان بـەكار دەهێنا، وە زانایانی ئەو سەردەمە كتێبیان بەناوی (السنە) دەنوسی[٢١]، وە بانگەوازیان بـۆ ئەم نـاوە دەكـرد، تـاوەكو قـەڵغانێك بێـت موسـڵمانان دەسـتی پێـوە بگـرن، وە لـە فیرقـە وئەهلی بیدەعی ئەو كاتەی وەكو: (شیعە) و (جەهمی) و (قەدەری) و (جبری) و (مورجیئە) ....هتد جیا بكرێنەوە كە ئەوانیش خۆیان، بە ئیسلامێكی ڕاستەقینە دادەنا، بەڵام هەرگیز تێگەیشتنیان بۆ ئیسلام وەكو تێگەیشتنی هاوەڵەكانی پێغەمبەر(ﷺ) نـەبوو، هـەر بۆیـەش ڕقیان لە وشەی (السنة) و زانایانی ئەهلی سوننە بوو!

---

(١٩) ئەم زاراوانە تایبەتن بە ( علم الرجال ) وە وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی تر ڕەوا نی یە .

(٢٠) سير أعلام النبلاء: (١٨٣/١٣ ) ط: مؤسسة الرسالة ت: شعيب الأرنوؤط و معاونيه .

(٢١) وممن صنفوا باسم: (السنة ) في تلك الفترة:

- أبو بكر بن أبي شيبة العبسي ( ت ٢٢٥ هـــ ).
- الإمام أحمد بن حنبل ( ت ٢٤١ هـــ ).
- أبو بكر أحمد بن محمد الأثرم ( ت ٢٧٣ هـــ ).
- أبو علي حنبل بن إسحاق ( ت ٢٧٣ هـــ ).
- أبو داود سليمان بن الأشعث ( ت ٢٧٥ هـــ ).
- أبو بكر أحمد بن عمرو الشيباني ( ت ٢٩٠ هـــ).

و أنظر: الحاشية (٢٣) والحاشية (٣٢ ).

وەکو چۆن ئەمڕۆ رقیان لە وشەی (سلفی) و زانایانی سەلەفی‌یە، چونکە ئەم زانایانە بە هەمان ئەرکی زانایانی پێشین هەڵساون، و موسڵمانیان بە ئیسلامی راستەقینەوە بەستەوە– بە وشەی (سلفی)، وە پابەند بوون بە مەزهەبی سەلەفەوە لە (حیزبی) و (ئەشعەری) و (ماتوریدی) و (تەکفیری) ....هتد جیاکردەوە، کە گشتیان خۆیان بە ئەهلی سوننە دەزانن! ! بۆ ئەوەی تێگەیشتنیان وەکو تێگەیشتنی هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ)بێت بۆ قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ)[٢٢] ! ! ! !.

* هەروەها ئیمامی (الذهبي) لە مەدحی زانای بەناوبانگ ( ابن هبيرة) ی وزیر دەفەرمێت:

( ... شارك في علوم الإسلام و مهر في اللغة وكان يعرف المذهب والعربية والعروض، **سلفياً** أثرياً )[٢٣] .

واتە: بەشداری هەبووە لە زانستەکانی ئیسلام، وە لە زمانەوانی و(عروض) ی شعر شارەزا بووە، وە مروڤێکی **سەلەفی** و (أثر)[٢٤]ی بووە.

* وە لە مەدحی زانای جوانە مەرگ (سيف الدين )ی کوڕی(أحمد )ی کوری (عیسی) ی مەقدسی دا دەفەرمێت:

(... و كان ثقةً ثبتاً ذكياً **سلفياً** تقياً ذا ورع و تقوى )[٢٥].

* وەلە مەدحی ئیمامی (دارقطني)دا دەفەرمێت:

( لم يدخل الرجلُ أبداً في علم الكلام و لا الجدال ولا خاض في ذلك بل كان **سلفياً**)[٢٦]

واتە: ئەم پیاوە هەرگیز نەچۆتە ناو (علم الكلام)[٢٧] ... بەڵکو **سەلەفی** بووە .

---

(٢٢) أنظر: مقدمة كتاب: ( السنة) لعبدالله بن أحمد ( ٢١/١ وما بعدها ) ط: دار ابن القيم، ت: الدكتور محمد بن سعيد بن سالم القحطاني .

(٢٣) سير أعلام النبلاء (٤٢٦/٢٠ ) .

(٢٤) سئل رسول الله(ﷺ) أيُّ الناس خير؟

فقال: ( أنا والذين معي، ثم الذين على الأثر ثم الذين على الأثر) ثم كأنه رفض من بقي .

أنفرد أحمد بهذا اللفظ: (٨٤٨٣) و (٧٩٥٧)، و حسنه الشيخ الألباني (رحمه الله) في: (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤/ ٤٥٥).

(٢٥) سير أعلام النبلاء: (١١٨/٢٣) .

(٢٦) المصدر نفسه: (٤٥٧/١٦) .

(٢٧) قال الجرجاني (ت ٨١٦ هـ ) ـ في تعريف علم الكلام ـ: الكلام: علمٌ يُبحَثُ فيه عن ذات الله تعالى و صفاته و أحوال الممكنات من المبدء و المعاد على قانون الإسلام، و القيد الأخير لإخراج العلم الإلهي للفلاسفة . [كتاب التعرفات ص٢٦٦ دار النفائس ].

و هذا العلم مذمومٌ وإن قُيِّدَ بقيده الأخير في هذا التعريف . قال رسول الله(ﷺ):

**وه هەروەها ئیمامی** (الذهبي) ـــ رحمه الله- **لـه چـەندین پـەرتوکی تریـدا وەکـو** (تـذكرة الحفاظ)[٢٨] و(معجم المحدثين)[٢٩] **مەدحی زانایانی ئیسلام دەكات بەوەی كە سەلەف بوون .**

**وه هەروەکو چۆن باسمان کرد کە پێشەوایانی ئیسلام بە نـاوی (سـەلەف ) و (پابەنـدبون بە ڕێگای سەلەف) مەدحی زانایان دەکەن، هەروها لـە لایـەکی تـر بانگـەواز بـۆ ئـەم ڕێگایـە دەکەن:**

*** ئیمامی ئەوزاعی (ت ١٥٧ هـ ) دەفەرمێت:**

(إصبر نفسك على السنة و قِف حيث وقَف القوم و قُل بما قالوا وكف عما كفوا **و اسلك سبيل سلفك الصالح** فإنه يسعك ما وسعهم )[٣٠] .

---

(( تفكروا في آلاءِ الله، ولا تفكروا في الله عز وجل )).

أخرجه الطبراني في الأوسط والبيهقي في شعب الإيمان و غيرهما وحسَّنه الألباني في السلسلة الصحيحة: ( ٣٩٥/٤ ر ١٧٨٨) بمجموع طرقه، وأنظر التفصيل في تخريجها هنالك.

و إقتداءً بهذا الحديث الشريف و بما كان عليه الصحابة الكرام و تابعيهم بإحسان من البعد عن الكلام في ذات الله، ذمَّ علماء السلف علم الكلام وطريقة الفلاسفة .

قال الحافظ أبن حجر ـــ رحمه الله ـــ:

(...قلَّ من أمعن النظر في علم الكلام إلا و أدّاه اجتهاده إلى القول بما يخالف محض السنة. و لهذا ذمَّ علماء السلف النظر في علم الأوائل، فإن علم الكلام مولَّد من علم حكماء الدهرية . فمن رام الجمع بين علم الأنبياء عليهم السلام، وبين علم الفلاسفة بذكائه، لابدَّ وأن يخالف هؤلاء وهؤلاء. ومن كفَّ ومشى خلف ما جاءت به الرسل من إطلاق ما أطلقوه و لم يتحذلق ولا عَمَّق، فإنهم صلوات الله عليهم أطلقوا وما عمقوا، فقد سلك طريق السلف الصالح و سَلِمَ له دينه و يقينه نسأل الله السلامة في الدين . )

[ لسان الميزان: (٥٦١/٥) ط دار البشائر الإسلامية ] .

و كان شيخ الإسلام ابن تيمية ـــ رحمه الله ـــ الفارس القامع لأهل الكلام وله بمعنى ما سلف من كلام الحافظ ابن حجر الشيء الكثير، أنظر على سبيل المثال:

* كتابه العظيم:[ درء تعارض العقل و النقل (١١ /٤٨٤، ٣٤٦ الفهرس ) ط: الجامعة الإسلامية ت: الدكتور محمد رشاد سالم ].

* و كتابه العظيم: [منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة والقدرية: ( ٤١٨/٩،٤١٧، ٤٧٣ الفهرس ) ت: الدكتور محمد رشاد سالم] .

* و كتابه العظيم: [ الرسالة الصفدية ط: أضواء السلف ] و غير ذلك من كتبه .

(٢٨) أنظر: تذكرة الحفاظ: (١٤٣١/٤ ) ط دار إحياء التراث ـــ تصوير من الطبعة الهندية ـــ .

(٢٩) أنظر فيها ترجمة: موسى بن إبراهيم البعلبكي، قال فيه الحافظ الذهبي: ( و محاسنه كثيرة و كان متواضعاً **سلفياً**) من (نقض الأوهام ص٣٦٤ ).

(٣٠) شرح اعتقاد أهل السنة و الجماعة من الكتاب و السنة وإجماع الصحابة والتابعين من بعدهم، تأليف الإمام:هبة الله اللالكائي ( ت ٤١٨هـ) ط دار طيبة، ت: الدكتور سعيد بن حمدان الغامدي .

واتە: (لەسەر ڕێگای پێغەمبەر(ﷺ)ئارام بگرە، وە لەو شوێنە بوەستە كە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) و شوێن كەوتوانی لێی وەستاون، وە ئەوە بفەرموو كە ئەوان فەرمویانە ـ بە بێ كەم و زیاد ـ وە واز بێنە لەوەی ئەوان وازیان لێ هێناوە[٣١]، وە بە دوای ئەوان بكەوە كە سەلەفی صالحن ـ پێشینە چاكەكانن ـ بۆ تۆ، چونكە ئەوەی بۆ ئەوان بەس بێت بۆ تۆش بەسە ) .

* وە ئیمام (أبو حنيفه النعمان )

(ت ١٥٤ هـ) دەفەرمێت:

( عليك بالأثر وطريقة السلف وإياك وكل محدثة فإنها بدعة)[٣٢].

واتە :

بە (أثر)ەوە[٣٣]دەست بگرە و لەسەر ڕێگای سەلەفی صالح بە، وە ئاگاداربە لە هەمو زیادەیەك لە دیندا ـ نەك لە دونیادا ـ چونكە هەموو زیادەیەك لە دیندا بیدعەیە[٣٤].

وە هەر لە بەر ئەم مانایانە ئیمامی شافیعی (ت ٢٠٤هـ) شارەزایی زانا لە بیروڕا بەنرخەكانی **سەلەفی صالح** بە مەرجی (إجتهاد)[٣٥] دەژمێرێت، كە لە پەرتوكە بەنرخەكەیدا (الرسالة) دەفەرمێت:

( ولا يكون لأحدٍ أن يقيس حتى يكون عالماً بما مضى قبله من السنن و **أقاويل السلف**...)[٣٦] .

ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی سەلەفیەتی ئەم كەڵە زانایەیە كە سەرپێچی كردنی ووتە بەنرخەكانی سەلەف بە ڕەوا نازانێت .

---

(٣١) دەست گرتن بە فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) و شوێن كەوتنی خەلیفە كان و هاوەڵەكانی وشوێن كەوتووانیان، هەمووی بە مانای (السنة) دێت لە لای زاناكانی سەلەف، وە هاتنی (السنة) بە مانای فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) بە تەنها زاراوەیەكی زانستی (مصطلح الحديث)ە . ( أنظر: مقدمة كتاب السنة للإمام أبي العاصم: ١/٧ ت باسم الجوابرة ط: دار الصميعي ).

(٣٢) من الموسوعة الميسرة في الأديان و المذاهب و الأحزاب المعاصرة: ( ٢/ ١٠٧٢ – ١٠٧٣ ) ط: دار الندوة العالمية .

(٣٣) أنظر: الحاشية (٢٥) .

(٣٤) أنظر: الحاشية ( ٢) .

(٣٥) لمعرفة معنى الاجتهاد و تطبقاته، أنظر رسالة: (الاجتهاد بتحقيق المناط وسلطانه في الفقه الإسلامي) للأستاذ: عبد الرحمن زايدي . ط دار الحديث القاهرة .

(٣٦) الرسالة للشّافعي (ص٥١٠ رقم: ١٤٧١) ط المكتبة العلمية بيروت . ت / الشيخ أحمد شاكر .

**وه هەر لەم روانگەیەوە ئیمامی** (الذهبي) **بە سەلەفی بوون بە پێویستیەکی زانایان دەزانێت کە دەفەرمێت:**

(فالذي يحتاج اليه الحافظ أن يكون تقياً ذكياً نحوياً لغوياً زكياً حيياً **سلفياً** )(٣٧) .

**واتە :**

**ئەوەی** (حافظ) **پێویستی بێ بریتییە لەوەی کە دەبێ: خۆپارێز بێت، زیرەك بێت، لە زمان و رێزمانی عەرەبی شارەزا بێت، پاك بێت، هەست بە عەیب و گوناهی خۆی بکات بەرامبەر خودا(٣٨) سەلەفی بێت ....**

**ئیتر جارێکی تر دەپرسین: تۆ بلێی** (بوطي) **لەم هەموو دەقانە بێ ئاگابێ کە گەورە پێشەوایانی ئەم ئوممەتە فەرمویانە، یان دەمارگیری کوێری کردبێ و لە رقی** (ابن تيمية ) **دا چاوپۆشی لە ووتەکانی:** (ابو حنيفة ) و (أوزاعي) و (ابن حجر) و (سيوطي) ....**هتد بکات ؟!.کە دوێنێ** (محمدی **کوڕی** عبدالوهاب) **و ئەمڕۆ** ( محمد ناصر الدين الألباني ) **لەوانەوە فێری سەلەفیەت بوون؟!. رەحمەتی خوا لە هەر هەموویان بێت، وە خودا عاقیبەتی زیندوان خێربکات بە رەحمەت و کەرەمی خۆی** ....آمین .

**وە بۆ ئەوەی کۆتایی باسەکەمان (میسك) بێت بە ئامۆژگاریەکی زێڕینی ئیمامی** (آجري) **(ت٣٦٠هـ) کۆتای پێ دێنین کە دەفەرمێت:**

...و بعد هذا نأمر بحفظ السنن عن رسول الله(ﷺ)، و سنن أصحابه رضي الله عنهم، والتابعين لهم بإحسان، و قول أئمة المسلمين مثل: مالك بن أنس و الأوزاعي و سفيان الثوري وابن المبارك وأمثالهم، والشافعي و أحمد بن حنبل والقاسم بن سلاّم، ومن كان على طريقة هؤلاء من العلماء رضي الله عنهم، وننبذ من سواهم، ولا نناظر، ولا نجادل ولا نخاصم، و إذا لقي صاحب بدعة في الطريق أخذ في غيره، وإن حضر مجلساً هو فيه قام عنه، **هكذا أدبنا من مضى من سلفنا**)(٣٩) .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

www.ba8.org

---

(٣٧) سير أعلام النبلاء: ( ٣٨٠/١٣).

(٣٨) ( رجلٌ حييٌّ، ذو حياء ..) (لسان العرب ٤٢٩/٣ ط: دار إحياء التراث ) .

(٣٩) كتاب الشريعة: ص٧١،٧٢ ط: دار الكتاب العربي ت: عبد الرزاق المهدي .

# بەڵگە سەلەفییەکان بۆ بەرپەرچ دانەوەی بیدعەچییەکان

م/ عبدالكريم محمد قادر ( ئیمام ووتار بێژی مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی ) بەشی دووەم

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

**دوای روون بوونەوەی هەڵوێستی بیدعەچییەکان وکلکەکانیان بەرامبەر بە کۆڕای زانایان( إجماع العلماء) پێویستە ئاگاداری چوار بابەتی گرنگ بین:**

**١- إجماع لە رووی چەسپاندنییەوە: هەموو إجماعێك لەیەك پلەدا نییە، بەڵام کەمترین پلەی إجماع (الظن الغالب)ە.**

**پێشەوا إبن تیمیە دەفەرمێت: إجماع دوو جۆرە: قطعي وظني، پاشان دەفەرمێت:** (وتنازعوا في الإجماع هل هو حجة قطعية أو ظنية؟ والتحقيق أن قطعيه قطعي وظنيه ظني والله أعلم)[١].

**٢- زانایان لەسەر حوکمێك کۆ بن بێگومان ئەو حوکمە پاڵپشتی هەیە لەشەرعدا، هەیە پاڵپشتەکە کە بەڵگەیە ئەیزانێ، هەیشە نایزانێ، پێشەوا إبن تیمیە دەفەرمێت: (لەبەر ئەوەی هەر حوکمێك کە إجماعی زانایانی لەسەر بێت بێگومان بەڵگەیەك هەیە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بۆ پشتگیری ئەو إجماعە، پاشان فەرموویەتی: هیچ بابەتێك نییە کە إجماعی لەسەر بێت ئیلا روون کردنەوەی پێغەمبەر(ﷺ) هەیە لەسەر ئەو حوکمە ئەوەندە هەیە هەندێك لە خەڵکی نایزانێت، بێگومان هەر حوکمێك إجماعی لەسەر بێت بەڵگەی قورئان و سوننەتی لەسەرە، وەهەر حوکمێك قورئان بەڵگە بێت لەسەری لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەرگیراوە، قورئان وسوننەت هەردووکیان لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەرگیراون، هیچ بابەتێك نییە إجماعی زانایانی لەسەر بێت ئیلا بەڵگەی لەسەر هەیە، پاشان فەرموویەتی: هەموو إجماعەکانمان خوێندۆتەوە بینیومانە هەر هەمووی موافیقی کۆمەڵی زانایان بوونە)[٢].**

---

(١) مجموع الفتاوى: ( ١٩/ ١٤٥).

(٢) مجموع الفتاوى: (١٩/ ١١٦-١١٧).

٣- ئەگەر زانایان کۆبوون لەسەر حوکمێك مانای وایە ئەوە حەقە وحەقیش چەندێتی (تعدد) ی تێدا نییە، هەرکەسێك بڕیاری تر بدات ئەو بڕیارەی پێچەوانەی إجماعە وداهێنراوە، پێغەمبەریش(ﷺ) دەربارەی هەموو داهێنراوەکان فەرموویەتی: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد)[٣].

ئەمەش بۆچونی زۆربەی زانایانە وهەندێکیش فەرموویانە بۆچونی هەر چوار پێشەواکەیە(أبو حنيفه ومالك وشافيعي وأحمد) (رەحمەتی خوایان لێ بێت)[٤].

شيخ الإسلام ابن تيمية(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ئەو کێشانەی دوای إجماعی سەلەف پەیدا بووە هەڵەیەکی ئاشکرایە، وەکو کێشەی (خوارج ورافضة وقدرية ومرجئة) و وێنەی ئەمانە کە قسەیان پێچەوانەی بەڵگە شەرعیەکانە کە ئاشکرایە لای زانایان و إجماعی (هاوەڵان ﭫ)[٥].

**تێبینییەکی گرنگ:**

شيخ الإسلام ابن تيمية(رەحمەتی خوای لێ بێت)فەرموویەتی: ظاهریيەکان هەرقسەیەکیان کردبێت جیا بێت لە قسەی نەتەوەی ئیسلام بەگشتی بێگومان ئەو قسەیەیان هەڵەیە، بەڵام ئەگەر قسەی ظاهریيەکان جیاواز بێت لەگەڵ قسەی چوار پێشەواکە ئەوە قسەکەیان راستە چونکە کەسانێکی تر لەسەلەف وتوویانە بێجگە لە ظاهریيەکان لەبەر ئەوەی بۆچونی ظاهریيەکان لەسەدەی سێیەمدا پەیدا بووە بۆیە ئەگەر قسەیان پێچەوانەی ئوممەت بێت هەڵەیە.

٤.هەندێك لەبیدعەچییەکان وا گومان ئەبەن کە شوێن کەوتوانی سوننەت (إجماع) بەبەڵگەی شەرعی نازانن لەبەر ئەوەی إمامی ئەحمەد (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ( من ادعى الإجماع فهو كاذب لعل الناس اختلفوا) .

واتە: هەرکەسێك بانگەشەی إجماع بکات درۆزنە لەوانەیە خەڵکی بۆ چونیان جیاواز بێت .

ئەم گومانە خراپە بەشوێن کەوتوانی سوننەت بۆ چونی (بشر المريسى والأصم)ە ئەم گومانە هەڵەیە لەبەرئەوەی:

١- إمامی أحمد(رەحمەتی خوای لێ بێت) إجماعی کردووە بە بەڵگە لەگەلێك شوێندا، لەوانە فەرموویەتی: (دەربارەی خوێن خەڵکی جیاوازیان نییە، واتە: پیسە)[٦] .

لەتەفسیری ئایەتی:

---

(٣) (متفق عليه من حديث عائشة (رضي الله عنها) واللفظ لمسلم).

(٤) روضة الناظر: (٢/٤٨٨).

(٥) مجموع الفتاوى: ( ١٣/ ٢٦).

(٦) إغاثة اللهفان: (١/١٥١).

(وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) [الأعراف: ٢٠٤] **فەرموویەتی: (زانایان كۆن لەسەر ئەوەی ئەم ئایەتە بۆ ناو نوێژە، گوێ گرتن و بێدەنگ بوون لەكاتێكدا كە إمام قورئان دەخوێنێ)[٧] .**

**هەروەها فەرموویەتی: پێم باشە الله أكبر بكرێت لەبەیانی ڕۆژی عەرەفەوە تاكۆتایی ڕۆژی ( أيام التشريق) چوار ڕۆژی دوای نوێژی جەژنی قوربان، پێمان ووت بەچی بەڵگەیەك؟ فەرمووی بە إجماع)[٨] .**

**٢- ئیمامی أحمد إجماعی بە بەڵگە زانیوە وەكو فەرموویەتی: (ئەگەر (هاوەڵان ﭫ) بۆچونیان جیاواز بوو، لە قسەیان دەرمەچۆ، ئایا ئەگەر إجماعیان بوو بۆی هەیە لە قسەیان دەربچێت؟ دەرچوون لە إجماعیان قسەیەكی پیسە، قسەی بیدعەچییەكانە)[٩] .**

**كەواتە: بۆمان ئاشكرا بوو إمامی أحمد(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئینكاری إجماع ناكات، ئەی مانای قسەی پێشووی چییە؟**

**ئیبن حزم : فەرموویەتی: ڕاستی فەرموودەی أحمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەوەیە: هەركەسێك بانگەشەی إجماع بكات لە شتێكدا كە یەقینی نییە كە ئەوە قسەی هەموو زانایانە بێ گومان درۆی كردووە بەدەم زانایانەوە بەهۆی گومانی خۆیەوە پێغەمبەریش(ﷺ) فەرموویەتی:** (إياكم والظن فإن الظن أكذب الحديث)[١٠].

**گومان بەشێكی گەورەیە لە درۆ)[١١] .**

أبو يعلى الفراء **فەرموویەتی: (ڕووی ئاشكرای ئەم قسەی إمامی أحمد نادروستی (إجماع)ە بەڵام وا نییە بۆ خۆ پاراستنی فەرموویەتی نەوەكو (خلاف) بێت پێی نەگەیشتبێ)[١٢] .**

شيخ الإسلام ابن تيمية**(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئینكاری إمامی أحمد بۆ ئەو إجماعانەیە كەدوای صحابە و تابعین، یان دوای تەواو بوونی سێ سەدە پڕ خێركەیە بانگەشەی كرابێت)[١٣] .**

**إبن القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (فەرموودەكانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندە بەڕێز بووە لای ئیمامی أحمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆیە دەست پێشخەری**

(٧) مجموع الفتاوى: (٢٦٩/٢٣)).

(٨) الحرة في أصول الفقة لأبي يعلى: (١٠٦١/٤).

(٩) نفس المصدر.

(١٠) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: مشكاة المصابيح، رقم: ٥٠٢٨) .

(١١) المحلى: (٢٤٦/٣).

(١٢) الحرة: (١٠٦٠/٤).

(١٣) المودة: (ص٢١٦).

بانگەشەی إجماعیان نەکردووە تەنها لەبەر ئەوەی زانیاریان نىیە بە بۆچوونی جیاواز، بۆیە دروست نىیە بانگەشەی إجماع کردن لەبەر ئەوەی دوور نىیە بۆچوونی جیاواز بێت، لەبەر ئەم هۆیەیە إمامی أحمد و شافیعی (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ئینکاری بانگەشەی إجماعیان کردووە . نەك وەك هەندێك بەهەڵە تێگەیشتوون گوایە ئینکاری إجماعیان کردبێت کە ببێت، کەواتە دروست نىیە بۆ کەسانێك کە شارەزایی تەواویان نىیە بەقسەی زانایان نابێت بانگەشەی إجماع بکەن)(١٤).

یان مەبەستی ئەوە بووە کەدوای تەواو بوونی سێ سەدە پڕ خێرەکە بوونی إجماع شتێکی نەگونجاوەو ناتوانرێت قسەی هەموو زانایان کۆبکرێتەوە لەبەر زۆری بۆچوونی جیاواز کە دروست بووە .

٤. بنچینەی چوارەم: قورئان و سوننەت کە سەرچاوەی حەقەو لەکاتی ناکۆکیدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لایان، ئەو قورئان و سوننەتە بەڵگەن لەسەر ئەوەی تێگەیشتنی سەلەفی سالح بۆ قورئان و سوننەت بەڵگەن پێویستە (واجب) گەڕانەوە بۆ لای تێگەیشتنیان، لەو بەڵگانە :-

١- قال تعالى: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ [النساء: ١١٥] .

واتە: هەرکەسێك پێچەوانەی پێغەمبەر(ﷺ) بکات و شوێنی ڕێگەی غەیری موسڵمانان بکەوێت ئەو کەسە بەر هەڕەشەی خوا کەوتووە کە لەئایەتەکەدا هاتووە، ڕێگەی موسڵمانان لەم ئایەتەدا مەبەستی (هاوەڵانە ﷺ) کەواتە ئەوەی پێمان گەیشتووە لە (هاوەڵانەوە ﷺ) حەقەو شوێن کەوتنی واجبە. بۆیە هیچ کەس لە شوێن کەوتوان (تابعین) نىیە پێچەوانەی (هاوەڵان ﷺ) بکات . ئەگەر لەصحابە (هاوەڵانی بەڕێزەوە ﷺ) پێمان نەگەیشتبوو بەڵام لە(تابعین)ەوە هەبوو شوێن کەوتنی تابعین لەو کاتەدا واجبە . لەبەر ئەوەی خوای گەورە حەق ناشارێتەوە لەخەڵك وەکو پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:

( لاتزال طائفة من أمتي على الحق ظاهرين)(١٥).

واتە: بەردەوام کۆمەڵێك لە نەتەوەی من کە ئیسلامن و لەسەر حەقن و ئاشکران لەناو خەڵکیدا.

وە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:

(من أحدث في أمر نا هذا ماليس من فهو رد)(١٦).

---

(١٤) إعلام الموقعين: (١/٣٠).

(١٥) أخرجه مسلم عن ثوبان، وفي الصحيحين عن معاوية والمغيرة بن شعبة (رضي الله عنهما).

(١٦) متفق عليه من حديث عائشة (رضى الله عنها).

**کەواتە: هەرکەسێك تێگەیشتنێك دابهێنێت لەدیندا پێچەوانەی تێگەیشتنی سەلەفی ساڵەح بێت ئەو تێگەیشتنە بەتاڵە.**

**ئەگەر بە جوانی سەیری بەڵگەکانی (إجماع) بکەیت ئەبینیت هەمووی بەڵگەن لەسەر تێگەیشتنی سەلەفی ساڵەح . سەلەفی ساڵەح هەر تێگەیشتنێکیان بوو پێچەوانەیان نەبوو لە صەحابەی تر ئەوە إجماعی سەلەفی ساڵەحە لەسەر ئەو تێگەیشتنە .**

**٢.** عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم )[١٧].

**ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتنی سەلەفی ساڵح لەبەر ئەوەی هەموو خێرێك لەواندا کۆبۆتەوە، کەواتە تێگەیشتنی ئەوان بۆ بەڵگە شەرعی‌یەکان ئاشکرایە و پێچەوانەکردنیان گومڕایی‌یە.**

**إمامی ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداری کردوین کە خێرترین سەدە کە هەمووی خێر بێت ئەو سەدەیەیە کە خۆی تێیدا ژیاوە لەگەڵ(هاوەڵاندا رضي الله عنهم)، پاشان سەدەی تابعین دوای ئەوانیش تابیعی تابیعین، کەواتە پێویستە پێش بخرێن لەهەموو بوارێکی دینیدا)[١٨] .**

**٣.** عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه) قال: قال رسول(ﷺ): ( النجوم أمنة للسماء فإذا ذهبت النجوم أتى السماء ما توعد، وأنا أمنة لأصحابي، فإذا ذهبت أتى أصحابي ما يوعدون، وأصحابي أمنة لأمتي فإذا ذهب أصحابي أتى أمتي ما يوعدون )[١٩].

**واتە: تا ئەستێرەکان لە ئاسماندا بن ئاسمان ئەمێنێتەوە، کاتێك ئەستێرەکان کەوتنە خوارەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئاسمانیش نامێنێت، بوونی پێغەمبەریش(ﷺ) هۆیەکە بۆ سەلامەتی صحابە لەشەڕو ئاژاوە، کاتێك کە پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کرد گەلێك ئیسلام پاشگەز بوونەوە و دڵەکان جیاوازی تێکەوت، بوونی صحابەش هۆیە بۆ سەلامەتی ئایینی ئیسلام لەبیدعەو خورافات و پارچە پارچە بوون، کاتێك کە صحابە نەمان ئایینی ئیسلام توشی دووبەرەکی و شەڕو ئاژاوە و پارچە پارچەیی هات .**

**یەکەم: ئەم فەرموودەیە یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لەبەر ئەوەی هەر هەمووی ڕووی داوە .**

---

(١٧) متفق عليه.

(١٨) إعلام الموقعين: (١٣٦/٤).

(١٩) رواه مسلم (٢٥٣١)

**دووەم: زانای بەناو بانگ (إبن القيم ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی چەند (هاوەڵان ﷺ) پێویستی یان بە پێغەمبەر(ﷺ) هەبوو ئێمەش ئەوەندە پێویستمان بە تێگەیشتنی(هاوەڵان ﷺ) هەیە .**

**کەواتە پێویستە ڕێنمونی صحابە وەربگرین ناکرێت بۆترێت(هاوەڵان ﷺ) نەیان پێکاوە و دوای ئەوان پێکاویانە ئەمەش ناپەسەندە)[٢٠] .**

٤. عن العرباض بن سارية (ﷺ) قال: صلى بنا رسول الله ذات يوم ثم أقبل علينا فوعظنا موعظة بليغة، ذرفت منها العيون ووجلت منها القلوب فقال قائل: يارسول: كأن هذه موعظة مودع فماذا تعهد ألينا؟ فقال: أوصيكم يتقوى الله والسمع و الطاعة وإن عبدا حبشيا، فإنه من يعيش منكم بعدي فسيرى اختلافا كثيرا فعليكم بسنتي و سنة الخلفاء المهديين الراشدين تمسكوا بها و عضوا عليها بالنواجذ، وايأكم و محدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة)[٢١].

**واتای فەرموودەکە:**

**(عرباضی) کوڕی ساریە(ﷺ) فەرموویەتی: پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاری کردین، ئامۆژگاریەکی کاری گەر کە دڵەکانی ڕاچەڵەکاند وچاوەکانی هێنایە گریان، ئێمەش وتمان ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ئامۆژگاریەکەت وا دەردەکەوێت کە ئامۆژگاری ماڵ ئاوایی بێت، کەوا بوو وەسیەتێك هەیە پێمان ڕابگەیەنە، فەرمووی: وەسێتان بۆ دەکەم لە خوا بترسن و پارێزگاری سنورەکانی بن و لەفەرمانی دەرنەچن، هەروەها گوێ بیست و گوێ ڕایەڵی گەورەکانتان بن و لەفەرمانیان دەرنەچن با گەورەکەتان بەندەیەکیش بێت، بەڕاستی هەریەك لەئێوە دوای من بمێنێ جیاوازی و دوبەرەکی و ناکۆکی‌یەکی زۆر دەبینێ لەنێوان موسڵمانان، جا ئێوە لە کاتی سەر هەڵدانی ناکۆکی‌یەکان شوێنی سوننەتەکانی من و سوننەتی ئەو خەلیفانە بکەون کە ڕێنمایی کراون، ددانەکانی دواوەی لێ گیر بکەن و بەری مەدەن، وە وریای خۆتان بن لەو بۆچون و کارانەی کەدا دەهێنرێت لەدیندا چونکە بیدعەن، وەلەراستیدا هەموو بیدعەیەکیش مایەی سەر لێشێوان و گومڕایە، وە هەموو گومڕایی-یەکیش لەئاگردایە، واتە: خاوەن گومڕایی‌یەکە.**

**ئیمامی ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەر(ﷺ) سوننەتی خەلیفەکانی لەگەڵ سوننەتی خۆی پێکەوە بەستووە، وە فەرمانی کردووە بە شوێن کەوتنی سوننەتی خەلیفە بەڕێزەکانی هەروەکو چۆن فەرمانی کردووە بە شوێن کەوتنی سوننەتەکانی خۆی بەشێوەیەك فەرمانی کردووە کە جێگەی گرنگی پێدانی زۆرە، فەرموویەتی: ددانەکانی دواوەی لێگیر بکەن و بەری مەدەن، ئەمەش مانای ئەوە**

---

(٢٠) إعلام الموقعين: (١٣٧/٤).

(٢١) (أخرجه أبو داود واللفظ له والترمذي و صححه، وصححه أبو نعيم و البزار وابن عبدالبر، وصححه أيضا الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢/ ٦١٠) .

ئەگەیەنێت فەتوای خەلیفەکان وەرگرن ئەگەر سوننەتی خۆیشی نەبووە چونکە ئەگەر سوننەتی خۆی بوو سوننەتی خۆی لەپێش ترە، کەواتە فەتوای هەموویان یان زۆربەیان یان هەندێکیان پێویستە وەربگیرێت، کەواتە سوننەتی هەریەکەیان لەکاتی خۆیدا بە سوننەتی هەر چواریان ئەژمێردرێت لەبەر ئەوەی ئاشکرایە هەر چواریان لەیەك کاتدا خەلیفە نەبوون .

ابن القیم دەفەرمێت: نیسبەی (هاوەڵان ﷺ) بۆ دواوەی خۆیان وەکو نیسبەی پێغەمبەر(ﷺ) وایە بۆ (هاوەڵان ﷺ)، وە وەکو نیسبەی ئەستێرەش وایە بۆئاسمان، شتێکی ئاشکراشە ئەم لەیەك چواندنە (تشبیه) مانای ئەوە ئەگەیەنێت واجبە لەسەر نەتەوەی ئیسلام ڕێنمونی لە(هاوەڵانەوە ﷺ) وەربگرن هەروەکو چۆن (هاوەڵان ﷺ) ڕێنمونی‌یان لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەرگرتووە، هەروەها وەکو وێنەی ڕێنمونی خەڵك لەسەر زەوی بۆ ئەستێرەکان . مانەوەی (هاوەڵان ﷺ) هۆی مانەوەی نەتەوەی ئیسلام بوو لە شەڕو ئاژاوە.

٥- عن المغيرة بن شعبة(ﷺ) قال: سمعت رسول الله(ﷺ) يقول (لن يزال قوم من أمتي ظاهرين على الناس، حتى يأتيهم أمر الله وهم ظاهرون)(٢٢) .

ئەم فەرموودە(متواترە) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شوێن کەوتوانی حەق بەردەوام بونیان هەیە لەهەموو ڕۆژگارێکدا لەڕۆژی (هاوەڵانەوە ﷺ) تا کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەت .

جا هەرکاتێك باسێکی بیرو باوەڕیت بینی یان بڕیارێکی مەنهەجی دوو بۆچوون لەسەری هەبوو: یەکێکیان: بۆچوونی پێشینی بوو(سەلەفی) شوێن بۆچوونی سەلەفی‌یەکە بکەوە لەبەرئەوەی حەقە، لەبەر ئەوەی شوێن کەوتوانی سەلەفی صالح کۆمەڵی سەرکەوتوون بەسەر ناحەزو دوژمنانیان بە بیروباوەڕی ڕاست و ڕەوشتی جوان و بەڵگەی پتەوەی دین تا پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت .

بەڵام تێگەیشتنی ناحەزەکانی شوێن کەوتوانی سەلەفی ساڵح داهێنراوەو دروست نی‌یە شوێن کەوتنیان .

ئیمامی إبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەگەر سەلەفی ساڵح قسەیەکیان کرد هەموویان یان هەندێکیان پاشان ناحەزەکانیان دژایەتیان بکەن، قسەی ناحەزەکانیان بیدعەیەو دروست نی‌یە شوێن کەوتنیان)(٢٣) .

بەڵگە زۆرە لەسەر ئەوەی تێگەیشتنی سەلەفی ساڵح بۆ قورئان و سوننەت بەڵگەیەکی شەرعی‌یە (حجة شرعية) پێویستە گەڕانەوە بۆ تێگەیشتنیان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) .

---

(٢٢) متفق عليه واللفظ لمسلم.

(٢٣) إعلام الموقعين: (١٥٠/٤)

هەروەها قسەی زانایان زۆرە لەسەر تێگەیشتنی سەلەفی صالّح بۆ قورئان سوننەت لەوانە:

١– إمام الأوزاعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ڕێگەو ئاسەواری پێشین بگرە ئەگەر خەڵکیش تۆیان نەویست بەهۆی شوێن کەوتنت بۆ سەلەفی صالّح، وە ئاگات لە خۆت بێت و دوورکەوە لە ڕاو بۆچوونی خەڵکی تر ئەگەر بەوتەی جوانیش بۆیان ڕازاندیتەوە...)[٢٤] .

٢–ئیمامی أحمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (سەرچاوەکانی سوننەت لای ئێمە دەست گرتنە بەو مەنهەجەی کە (هاوەڵانی ﭫ) رسول الله (ﷺ) لەسەری بووەو شوێن کەوتوانیان)[٢٥].

٣– ئیمام إبن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (شوێن کەوتن تەنها بۆ قورئان و سوننەت و ڕێگەی پێشینیەکانە، دروست نیە سەلماندنی هیچ حوکمێکی شەرعی بەبێ ئەو سێ سەرچاوە ( کتاب الله و سنة رسول الله(ﷺ) وسبیل السابقین الأولین)[٢٦] .

بنچینەی پێنجەم: کۆمەڵی سەرفراز و ڕزگاربوو (السلفیین) هەموو حەقیان تیا کۆبۆتەوە بەڵام غەیری ئەوان ئەوەندە حەقیان لایە کە گونجاو بێت لەگەڵ سەلەفدا.

ئەم بنچینە گرنگە ڕوون ئەبێتەوە بە تێگەیشتنی بنچینەکانی پێشوو تێگەیشتنێکی ڕاست کە پۆخڵەواتی تێدا نەبێت بە تایبەتی بنچینەی سێیەم و چوارەم . لەبەرئەوەی پێشەوای سەلەفیەکان رسول الله(ﷺ) و (هاوەڵانە ﭫ) کە هەموویان لەسەر ئەو حەقە بوون کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنمونی کردون بۆی. دوای (هاوەڵانیش ﭫ) ئەوانەن کە شوێن هەمان مەنهەجی سەلەف کەوتون لەم ڕۆژگارەدا تا ڕۆژی قیامەت .

نیشانەی ناسینەوەی سەلەفیەکان ئەوەیە شوێن سوننەت ئەکەون و بیدعە ناکەن لەهیچ بوارێکدا لەدیندا ئەوەی شوێن سوننەت نەکەوێت لەهەموو ڕوویەکەوە ئەوە بیدعەچیە .

أبو الدرداء (ﭬ) فەرموویەتی: (کەم سوننەت ئەنجام دان خێرترێکە لە زۆر تێکۆشان و هەوڵدان بۆ بیدعە کردن، تۆی بڕوادار ئەگەر شوێنی سوننەت بکەوێت خێر ترە بۆت نەك بیدعە بکەیت، ڕێگای ڕاستت لێ وون نابێت تا شوێنی سوننەت بکەویت)[٢٧].

إمام أبو المظفر السمعاني(ڕەحمەتی خوای لێبێت)فەرموویەتی: (دورشم و ناونیشانی شوێن کەوتوانی سوننەت شوێن کەوتنیانە بۆ سەلەفی صالح و دورکەوتنەوەیانە لەهەموو داهێنراوەکان)[٢٨].

---

(٢٤) أخرج الخطيب البغدادي والآجري وابن عبدالبر.

(٢٥) رواه اللالكائي.

(٢٦) الإقتضاء: (٦٩٣/٢).

(٢٧) رواه المروزي في السنة رقم: (١٠٢).

هەروەها فەرموویەتی: (هەموو کۆمەڵێك لەبیدعەچییەکان بانگەشەی ئەوە ئەکات کە بیروباوەڕی بیروباوەڕی پێغەمبەرە(ﷺ)، لەبەر ئەوەی هەموویان بانگەشەی شوێن کەوتنی ئیسلام ئەکەن و بۆچونیان وایە کە حەق ئەوەیە کەپێغەمبەر(ﷺ) هێناویەتی بەڵام شوێن کەوتنیان بۆ بیدعە لەڕێگای ڕاست دوری خستونەتەوە، چەندەها بیدعەیان لەدیندا دروست کردوە کە خوای گەورە و پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگەیان پێنەداوە.

هەموو بیدعەچییەك بەگومانی خۆی شوێن کەوتەی ئیسلامە و حەقیش ئەوەیە کە ئەو لەسەریێتی و پیادەی دەکات . بەڵام خوای گەورە نەی ویست حەق و بیروباوەڕی ڕاست بەتەواوی ببێت ئیلا لای شوێن کەوتوانی سوننەت نەبێت لەبەر ئەوەی دین و بیروباوەڕی ڕاستیان چین بەچین لەیەکتری وەرگرتووە تا ئەگاتە رسول الله(ﷺ)، هیچ ڕێگایەك نییە بتگەیەنێت بە تێگەیشتن لەو بانگەوازەی کە پێغەمبەر (ﷺ) کردویەتی بۆ ڕێگای ڕاست تەنها ئەو ڕێگایە نەبێت کە شوێن کەوتوانی سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) گرتویانەتە بەر و بانگەوازی بۆ دەکەن لەهەموو کات و شوێنێکدا)[٢٩] .

وەلەبەر چاك شوێن کەوتنیان بۆ قورئان و سوننەت و مەنهەجی(هاوەڵان ﷺ) قسەکانیان لەبیروباوەڕدا هیچ جیاوازی تێدا نییە .

إمام أبو المظفر السمعاني(ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: بەڵگە لەسەر ئەوەی شوێن کەوتوانی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر حەقن ئەوەیە ئەگەر تۆ هەموو نووسراوەکانیان بخوێنیتەوە لەسەرەتایانەوە تاکۆتایان و ڕابردو و ئێستایان لەگەڵ جیاوازی شوێنی نیشتەجێ بوونیان و دوریان لەیەکەوە ئەبینین هەموویان لەسەر یەك بیروباوەڕن و لەسەر یەك ڕێگای ڕاستن و لانادەن و قسەیان یەکەو کردەوەیان یەکەو هیچ جیاوازی و ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوانیاندا نییە ولله الحمد، بەڵکو ئەگەر قسەکانیان کۆبکەیتەوە و لەگەڵ قسەی پێشینیەکانیاندا ئەبینیت وەکو ئەوە وایە لەیەك دڵەوە هاتبێت و یەك زوبان وتبێتی ئایا بەڵگەی لەمەزیاتر هەیە بۆ ناسینی حەق و ئاشکرابوونی؟

خوای گەورە فەرموویەتی:

(أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ اخْتِلاَفًا كَثِيراً)

[النساء: ٨٢].

واتە: بۆ بیر لەواتاو سەرئەنجامی قورئان ناکەنەوە، وەئەگەر قورئان لەلایەن غەیری خوداوە بوایە ئەوا جیاوازی زۆریان ئەدی.

وەخودا فەرموویەتی:

---

(٢٨) الإنتصار لأصحاب الحديث: (ص٣١).

(٢٩) الإنتصار: (ص٤٣).

(وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا) [آل عمران ١٠٣].

واتـە: هـەموو دەسـت بگـرن بـەدینی خـواوە و لێـك جیامەبنـەوە، وە ئێـوە یـادی ئـەو بەخششـەی خـوای گـەورە بکەنـەوە بەسـەرتانەوە کاتێـك ئێـوە دوژمنـی یـەکتری بـوون ویەکتریتان دەکوشت، بەهۆی ئیسلامەوە خوای گەورە دڵتانی یەکخست وهەمووتانی کرد بە برای یەکتر.

بەلاّم ئەگەر سەیری بیدعەچییەکان بکەیت ئەوانـەی شـوێن هەوەسـی خۆیـان کـەوتوون ئەبینین لێك جیابونەوە کردەوەیەکی ئاشکرایانە چەندەها گروپ و حیزبیان دروست کردووە دەست ناکەوێت لەگەڵ یەکدا جۆربن بەحەقیقـەت بـە بیروباوەڕیانـدا هەنـدێکیان هەنـدێکی تریان بەبیدعەچی لەقەڵەم ئەدات و بەڵکو جاری وا هەیە یـەکتری بـەکافر دائـەنێن و نـەفرین لەیەکتری دەکەن کوڕ باوك بەکافر ئەزانێت و برای موسـڵمان بـرای موسـڵمانی خـۆی بـەکافر ئەزانێت و تاگەیشتۆتە دراوسێ بۆ دراوسێ .

ئـەبینێت بـەردەوام لەکێشـە و مـل ملانێـدان لەگـەڵ یـەکتری و ڕق بونـەوە لەیـەکتری . تەمـەنیان بـردە سـەر لەسـەر یـەك قسـە پێـك نـەهاتن بەڕواڵـەت وا ئـەزانی یـەکن بـەلاّم لەناوەڕۆکدا دڵەکانیان جیاوازە لەبەر ئەوەی قەومێکن عاقڵ نابن.

نەتبیستووە (معتزلە) کان لەژێر ئەم دورشمەدا یەکن بەلاّم(معتزلە) بغدادی حوکمی کوفر دەدات بەسەر (معتزلە) بەصرەدا . بەهەمان شێوە بەصرییەکان بۆ بەغدادیـیەکان، شـوێن کەوتوانی (أبی علی الجبائی) حوکمی کوفریان داوە بەسەر کوڕی جبائیدا کە (أبـو هاشـم )ە بەهەمان شێوەش شوێن کەوتوانی (أبو هاشم ) بۆ باوکی أبو هاشم.

هەموو سەرکردەکانیان وایە لەگەڵ یەکتریدا ئەگەر جوان قسەکانیان بخوێنیتەوە ئـەبینی جیاوازن و نەفرین لەیەکتری ئەکەن، بەهەمان شـێوە (خـوارج)ەکـان و (روافـض) ەکـان) لەنێوانیاندا حوکمی کوفر بەسەر یەکتریدا دەدەن و نەفرین لەیەکتری دەکـەن . بیدعەچـی-یەکانی تریش هەر بەهەمان شێوەن.

ئایا بەڵگەی زیاترت ئەوێ بۆ بەتاڵی بیدعەچییەکان؟

خوای گەورە فەرموویەتی:

(إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ) [الأنعام: ١٥٩] .

واتە: بەڕاستی ئەوانـەی کـە ئاینەکـەی خۆیـان پارچەپارچـە و بـەش بـەش کـرد وەبـوون بەچەن دەستەو تاقمێك وەهەر دەستەو تاقمێك شوێنی پێشەوایەکی خۆی کـەوت و دەسـتی گرت بە بەش و پارچەیەك لەئاینەکەی خۆی، تۆ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لێپرسراوی ئەوان

نیت ( تۆ دووری لەوان و هیچ پەیوەندی‌یەکت پیَ وە نی‌یە) وەکاری ئەوانە هەر ئەگەڕێتەوە بۆلای خوا.

هۆی یەکڕیزی شوێن کەوتوانی سوننەت ئەوەیە دینیان لەقورئان و سوننەت وەرگرتووە بەتێگەیشتنی سەلەفی صالح بۆیە تەبان و پێکەوە هەڵئەکەن . بەڵام بیدعەچی‌یەکان دینیان بەعەقڵی خۆیان و پێشەواکانیان وەرگرتووە بۆیە جیاوازی و دووبەرەکی و ناکۆکیان تێدایە .

دوای ئاشکرابوونی ڕاستیەکان پێویستە بزانین قسە وتن بەسەلەفی صالح قسە وتنە بە رسول الله(ﷺ) و(هاوەڵان ﷺ) لەبەر ئەوەی مەنهەجی سەلەفیەکان مەنهەجی رسول الله(ﷺ) وەمەنهەجی(هاوەڵانە ﷺ) .

جا هەر کەس و کۆمەڵێك پێچەوانەی مەنهەجی سەلەفی صالح بکات و بانگەشەی سەلەفی‌یەت بکات بانگەشەکەی بەتاڵە و وەرناگیرێت، ڕاستی ئەوەیە بەکردەوە بسەلمێت نەك بەبانگەشە پڕو پوچ .

بەم شێوەیە ئاشکرابوو بۆچی سەلەفیەکان هەموو حەقیان پێکاوە بەڵام ناحەزەکانیان ئەوەندە گونجاوبن لەگەڵ بۆچونی سەلەفیدا ئەوەندە لەسەرحەقن . چاك وایە چەند خاڵێك بخەمە ڕوو:

١- شوێن کەوتوانی سوننەت کەسانێکن کۆن لەسەر حەق، بەڵام شوێن کەوتوانی بیدعە کەسانێکن جیاوازو ناکۆکن لەگەڵ یەکتریدا . لەبەر ئەوەی أصحاب و خەڵکی لەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر سوننەت بوون، هەرکەسێك لەو سوننەتە دەربچێت ئەچێتە ڕیزی بیدعەچی یەکانەوە وبانگەواز بۆ پارچە پارچە کردنی دین دەکات . جاهەرکەسێك بینی بانگەوازی خەڵکی ئەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ مەنهەجی پێغەمبەر (ﷺ) و (هاوەڵان ﷺ) چاك بزانە ئەو بانگەواز کارە بانگەوازی بۆ کۆبوونەوەیە لەسەر حەق و گەڕاندنەوەی لادەرانە بۆ مەنهەجی موسڵمانانی پێشووی ئەم نەتەوەی ئیسلامە .

زانایانی تەفسیر فەرموویانە بیدعەچی‌یەکان ئەوانەن کە دینیان پارچە پارچە کردووە و شوێن ڕێگە گومڕای‌یەکان کەوتوون.

٢- شوێن کەوتوانی سەلەفی صالح سەرچاوەیەك کە بگەڕێنەوە بۆ لای لەهەموو کاتێکدا تەنها قورئان و سوننەت وڕێگای پیاوچاکەکانی سەلەفی صالحە. پێشەوایان تەنها پێغەمبەرە(ﷺ) بە پێچەوانەی کۆمەڵە گومڕاکان و شوێن کەوتوانی حیزبە داهێنراوەکان. (جهمية)کان سەرکردەیان (جهمی کوڕی صفوان) ە، (معتزلة) کان سەرکردەیان ( واصلی کوڕی عطا) یە .

ئیمام إبن القيم فەرموویەتی: (نیشانەکانی شوێن کەوتوانی سوننەت ئەوەیە نیسبەتی خویان نادەنەپاڵ نوسراوێکی تایبەت یان کەسێکی تایبەت بێجگە لە پێغەمبەر(ﷺ) . هیچ

نازناوێکیان نی‌یه ته‌نها شوێن که‌وتنی سوننه‌ت نه‌بێت . به‌ڵام بیدعه‌چی‌یه‌کان نیسبه‌تیان بۆنووسراوو بۆچوونی تایبه‌ته وه‌ك (قدرية) کان و (مرجئة)کان یان نیسبه‌تیان بۆلای که‌سانێکی تایبه‌ته وه‌ك (هاشمیه – نجاریة – ضراوية)، یان نیسبه‌تیان بۆلای کرده‌وه‌یه وه‌ك: (خوارج) و(روافض) به‌ڵام شوێن که‌وتوانی سوننه‌ت به‌رین له‌م هه‌موو نیسبه‌ته بیدعی‌یانه ونیسبه‌تیان ته‌نها بۆلای فه‌رمووده و سوننه‌ته)[٣٠] .

٣- هه‌رکه‌سێك له‌سه‌ر حه‌ق بێت ئه‌وه کۆمه‌ڵی حه‌قه شرعاً با ته‌نها که‌سێکیش بێت، ئه‌وه‌ی پێچه‌وانه‌ی حه‌ق بێت ئه‌وه پێچه‌وانه‌ی کۆمه‌ڵی حه‌قه با هه‌زاره‌ها که‌سیش بن . ڕاستی به‌گوێره‌ی حه‌قه نه‌ك به‌زۆری ژماره . له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌وانه‌ی پێچه‌وانه‌ی کۆمه‌ڵی سه‌له‌فی صالحن بیدعه‌چین و گومڕان و لاده‌رن له‌حه‌ق و ڕێگای ڕاست. (أبو عصمة پرسیاری کرد له إمام أبوحنیفه (ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت) کێ کۆمه‌ڵی حه‌قه؟ فه‌رمووی: هه‌رکه‌سێك ڕێزی أبوبکر و عمر(رضي الله عنهما) ی دا به‌سه‌ر هه‌موو أصحابی تردا . وه‌خۆشه‌ویستی ببێت بۆ (عثمان و علی) (رضي الله عنهما)، وه‌باوه‌ڕی به‌قه‌ده‌ر هه‌بێت به‌خێرو شه‌ڕی، وه‌مه‌سح بکات له‌سه‌ر خوفه‌کانی، وه‌هیچ خاوه‌ن باوه‌ڕێك به‌کافر نه‌زانێت کاتێك گوناحێك ده‌کات . ده‌رباره‌ی خواش به‌عه‌قڵی خۆی قسه‌نه‌کات)[٣١] .

ئه‌بینین ئیمام أبوحنیفه (ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت) لێکدانه‌وه‌ی بۆ کۆمه‌ڵی حه‌ق به‌شوێن که‌وتنی حه‌ق ده‌بێت.

هه‌روه‌ها (عه‌مری کوڕی مه‌یمون) پرسیاری کرد له عبدالله ی کوڕی مسعود(ﷺ) (ووتی چۆن بین به‌رامبه‌ر کۆمه‌ڵی خه‌ڵکی؟ عبدالله فه‌رمووی: ئه‌ی عه‌مری کوڕی مه‌یمون زۆربه‌ی خه‌ڵك پێچه‌وانه‌ی کۆمه‌ڵی حه‌قیان کردووه؟ کۆمه‌ڵی حه‌ق ئه‌وه‌یه گونجاوبێت له‌گه‌ڵ گوێڕایه‌ڵی کردنی بۆ خودا ئه‌گه‌ر ته‌نهاش بێت)[٣٢] .

(ئیمام إبن القیم (ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت) فه‌رموویه‌تی: وه بزانه ودڵنیابه الإجماع و الحجة والسواد الأعظم هو العالم صاحب الحق، وإن كان وحده، وإن خالفه أهل الأرض .

ئیمام نعیم بن حماد (ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت) فه‌رموویه‌تی: ئه‌گه‌ر کۆمه‌ڵی موسڵمانان خراپ بوون پێویسته بگه‌ڕێنه‌وه بۆ پێش خراپ بونیان ئه‌و کاته‌ی که‌له‌سه‌ر حه‌ق بوون با ته‌نها خۆشت بیت و دڵنیابه تۆ ئه‌وکاته کۆمه‌ڵی حه‌قی)[٣٣] .

ئه‌وه ڕێگه‌ی سه‌له‌فی ساڵحمان بووه ئێمه‌ش پێویسته وابین .

---

(٣٠) مختصر الصواعق: (ص٥٠٠).

(٣١) الإعتقاد والهداية الى سبيل الرشاد للبيهقي: (ص١٠٧).

(٣٢) رواه اللالكائي: (١٠٩/١).

(٣٣) ذكرها البيهقي وغيره.

**بنچینەی شەشەم:** سەلەفىیەكان پشت بەقورئان و سوننەت ئەبەستن بەتێگەیشتنی سەلەفی صالْح . پشتیوانی قسەكانیان ئەكەن بە قسەی ئەو زانایانەی كە جێگەی متمانەن لە دیندا . بۆیە هەر قسەیەك بكەن لەبواری بیروباوەڕدا بەبەڵگەی شەرعی پێشەوایان سەلەفی صالْحە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە شوێن قسەی ئەو زانایانە بكەون بەتەنها بەڵكو شوێن قسەی زانایان ئەكەون ئەگەر بەڵگەی شەرعیان پێ بوو. (إمام مالك و أحمد (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) فەرموویانە هیچ كەسێك نىیە دوای پێغەمبەر(ﷺ) ئیلا قسەی لێ وەرئەگیرێت وقسەشی بەرپەرچ ئەدرێتەوە بەبەڵگەی شەرعی تەنها پێغەمبەر(ﷺ) نەبێت كە قسەی هەمووی وەرئەگیرێت لای شوێن كەوتوانی سوننەت)[٣٤] .

ئەمە قسەی إبن عباس و مجاهدیشە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت).

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (زانایانی ئیسلام یەك دەنگن لەسەر ئەوەی هەركەسێك سوننەتێكی لە پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ڕوون بووەوە بۆی نىیە وازی لێ بهێنێت بۆ قسەی هیچ كەسێك)[٣٥] .

**ئاگاداركردنەوەیەك:**

زانایەك نىیە هەڵەی نەبێت و هەموو سوننەتی پێغەمبەری(ﷺ) كۆكردبێتەوە . بەڵكو هەموو زانایەك هەندێك سوننەتی بەدەست نەگەیشتووە . إمام ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ووتنی قسەیەك كە گوایە زانایەك شارەزای بە هەموو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەیە قسەی ئاوا گونجاو نىیە، سەیری خەلیفەكان بكە كەشارەزاترین كەس بوون بەكاروباری پێغەمبەر(ﷺ) و سوننەتەكانی، بەتایبەت أبوبكر الصدیق(رضي الله عنه)كە لەسەفەر و شوێنی نیشتەجێ بونیدا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووە، بەڵكو زۆربەی كات لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووە تەنانەت شەویش لەگەڵیدا دەمایەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وكاری خەڵكی، بەهەمان شێوە (عومەری كوڕی خطاب) یش(رضي الله عنه).

زۆر جار پێغەمبەر(ﷺ) ئەیفەرموو (دخلت أنا وأبوبكر وعمر، وخرجت أنا وأبوبكر و عمر).

واتە: چومە ژورەوە لەگەڵ أبوبكر وعمر، چوومە دەرەوە لەگەڵ ابوبكر وعمر. لەگەڵ ئەوەشدا پرسیار كرا لە أبوبكر(رضي الله عنه) دەربارەی میراتی نەنك فەرمووی: میراتی لەقورئاندا نىیە شارەزایم نىیە لەسوننەتیشدا هەبێت بەڵام پرسیار لەخەڵكی بكە . پرسیاری كرد، موغیرەی كوڕی شوعبە محمدی كوڕی مەسلمە هەستان و شایەتی یان دا كە پێغەمبەر(ﷺ)

---

(٣٤) جامع بيان العلم وفضله وأصول الأحكام لابن حزم (١٤٥/٦١-١٧٩)، ومسائل أبي داود، وفتاوى السبكي: (١٤٨/١)، وصفة صلاة النبي (ﷺ): (ص٤٩).

(٣٥) إعلام الموقعين: (٢٦٣/٢)، ومدارج السالكين: (٣٣٥/٢)، والروح: (ص٢٤٦).

شەش یەکی میراتی پێ داوە، زانینی هەمان حوکم لای عیمرانی کوڕی حوصەین هەبوو، پلەی ئەم سیانە ناگاتە پلەی أبوبکر و خەلیفەکانی تر، پاشان ئەم سێ صحابە تایبەت بوون بەزانینی ئەو سوننەتە کە نەتەوەی ئیسلام یەك دەنگن لەسەر کردەوە پێ کردنی .

بەهەمان شێوە عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) سوننەتی چونەماڵەوەی نە ئەزانی تا أبو موسی ئاگاداری کردو (أنصارە) کانی کرد بەشایەت . لەگەڵ ئەوەشدا کە إمامی عمر(رضي الله عنه) شارەزاتر بوو، پاشان إمام ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (هەرکەسێك بیروباوەڕی وابێت کە هەموو فەرموودەیەکی صحیح گەیشتووە بەهەموو یەکێك لەزانایان یان یەك زانایان ئەو کەسە بەهەڵەدا چووە هەڵەیەکی زۆر گەورە و خراپ)(٣٦) .

تەنها ئەوە هەیە کەزانایان لەدین و بڕیارەکانیاندا پێچەوانەی پێش خۆیان ناکەن . لەبیروباوەڕیاندا شوێن بەڵگەی صحصح ئەکەون و مل کەچی ئەبن بۆیە جیاوازی لەبیرو باوەڕ دا کەمە هەرکەسێکیان بەهەڵەدا چووبێت هەڵەکەی ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە وەنەك بدرێتە پاڵ بیروباوەڕی سەلەف. هەروەها زانایان لەبواری (فیقهدا) لەقسەی زانایانی پێش خۆیان دەرناچن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی جیاواز زۆرە لەبواری فیقهدا.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**www.ba8.org**

---

(٣٦) مجموع الفتاوى: (٢٠/٢٣٣-٢٣٨).

# ئايا نوێژ كردنەكەت
# وەك نوێژ كردنی پێغەمبەرە ﷺ؟

بەشی: سێیەم

م/ لقمان حسن أمين

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين وبعد:**

**سيانزەیەم: چونە ركوع** (الركوع):

ثم كان اذا فرغ من القراءة سكت سكتة ثم رفع يديه على وجوه المتقدمة في تكبيرة الافتتاح، وكبر وركع وامرهما(المسي صلاته) فقاله له:

(إنه لا تتم صلاة أحدكم حتى يسبغ الوضوء كما أمره الله فيغسل وجهه ويديه إلى المرفقين ويمسح رأسه ورجليه إلى الكعبين ثم يكبر الله ويحمده ويمجده ويقرأ ما تيسر من القرآن مما علمه الله وأذن له فيه ثم يكبر فيركع فيضع يديه على ركبتيه ويرفع حتى تطمئن مفاصله وتسترخي ...... .....)[1].

**واتە: پێغەمبەر(ﷺ) كە لە خوێندن تەواو بوایە ئەوا ماوەیەك بێ دەنگ دەبوو ئنجا هەردوو دەستی بەرز دەكردەوە وەكو لەمەو پێش باسمان كرد لە(تەكبیرەی ئیحرام) ئینجا تەكبیری ئەكردو كرنۆشی ئەبرد، ئەو بێ دەنگیەی دوای خوێندنەكەی(ابن القیم) وچەند زانایەكی تر ماوەیەكیان بەوەندە داناوە تاوەكو هەناسەكەی هەڵدەكێشێت دوای خوێندنەكەی.**

**چواردەیەم: چۆنێتی چونە ركوع** (صفة الركوع):

**و(كان**(ﷺ) يضع كفيه على ركبتيه)[2]. (وكان يأمرهم بذلك)[3]. وأمر به أيضاً المسيء صلاته كما مر آنفاً، و(كان يمكِّنُ يديه من ركبتيه كأنه قابض عليهما)[4]، (وكان يفرج بين أصابعه)[5]، وأمر به

---

(١) ( أبو داود والنسائي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٤٢٠).

(٢) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٥٣٦).

(٣) (رواه البخاري ومسلم).

(٤) (رواه البخاري).

المسيء صلاته فقال: (فإذا ركعت فضع راحتيك على ركبتيك ثم فرج أصابعك ثم اسكن حتى يأخذ كل عضو مأخذه)(٦).

(كان إذا ركع سوى ظهره حتى لو صب عليه الماء لاستقر)(٧). وقال ل (المسيء صلاته): (فإذا ركعت فاجعل راحتيك على ركبتيك وامدد ظهرك ومكن لركوعك)(٨).

(لا يصب رأسه ولا يقنع)(٩). (ولكن بين ذلك)(١٠).

**واته: پێغەمبەر(ﷺ) هەردوو ناو پێ دەستی لەسەر هەردوو ئەژنۆی دا ئەناو فەرمانی پێیان دەکرد بەمە، هەروەها هەردوو ناولەپی دەچەسپاند لە ئەژنۆی وەکو ئەوەی کە چنگی پیا کرد بێت، و پەنجەکانی ئەکردەوەو هەردوو ئانیشکی رووویان بەرەو لاتەنیشتی بوون، وەکاتێ کە دەچووە رکوع پشتی بە ڕاستی دائەنا بە شێوەیەك ئەگەر ئاویان بکردا یە بە سەر پشتیدا ئەوا لە سەری ئەوەستا. وە هەروەها ملی شۆڕ نەئەکردەوەو بەو شێوەیەیش بەرزی نەئەکردەوە کە لە پشتی بەرز تر بوایە بەڵکو لە ئاستی پشتی بوو.**

**پانزەیەم: دڵنیا بوون پێویستە لە چونە رکوع (وجوب الطمأنينة في الركوع):**

و(كان يطمئن في ركوعه) وأمر به (المسيء صلاته)، وكان يقول: (أقيموا الركوع والسجود فوالله إني لأراكم من بعد ظهري إذا ركعتم وإذا سجدتم)(١١)، (رأى رجلا لا يتم ركوعه وينقر في سجوده وهو يصلي فقال رسول الله (ﷺ) لو مات هذا على حاله هذه مات على غير ملة محمد(ﷺ) ثم قال رسول الله(ﷺ): مثل الذي لا يتم ركوعه وينقر في سجوده مثل الجائع يأكل التمرة والتمرتين لا تغنيان عنه شيئا)(١٢).

وقال أبو هريرة (رضي الله عنه): (نهاني خليلي عن ثلاث: نهاني عن نقرة كنقرة الديك وإقعاء كإقعاء الكلب والتفات كالتفات الثعلب)(١٣).

(أسوأ الناس سرقة الذي يسرق من صلاته، قالوا يا رسول الله وكيف يسرق من صلاته؟ قال لا يتم ركوعها ولا سجودها)(١٤) .

---

(٥) (رواه الحاكم، و وصححه الشيخ الألباني في: صحيح أبي داود: ٨٠٩).

(٦) (رواه ابن خزيمة وابن حبان، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: ١١٥٥).

(٧) (رواه ابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٧٣٢).

(٨) (صحيح الجامع الصغير: ٣٢٤).

(٩) ( صحيح ابن ماجة: ١٠٦١).

(١٠) (رواه مسلم).

(١١) (صحيح الجامع الصغير: ١١٨٦).

(١٢) (صحيح الترغيب والترهيب: ٥٢٨)

(١٣) (رواه أحمد وأبو يعلى، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: ٥٥٥).

(١٤) (رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في مشكاة المصابيح: ٨٨٥).

وكان النبي يصلي (فلمح بمؤخر عينه رجلا لا يقيم صلاته يعني صلبه في الركوع والسجود فلما قضى النبي صلى الله عليه وسلم الصلاة قال: يا معشر المسلمين لا صلاة لمن لا يقيم صلبه في الركوع والسجود)(١٥)، (لا تجزئ صلاة الرجل حتى يقيم ظهره في الركوع والسجود)(١٦).

**واتە: پێغەمبەر(ﷺ) دڵنیا ئەبوو لە چونە ركوعدا و ئەیفەرموو: بەتەواوی ركوع و كڕنۆش بەرن، سوێند بێت بەوەی كە گیانی منی بەدەستە من لە پشتمەوە ئەتانبینم كە ركوع وكڕنوش دەبەن، هەروەها: جارێكیان كابرایەكی بینی كە ركوعەكەی بە تەواوی نابات و دەنوك ئەدات لە كاتی كڕنوشەكەیدا فەرمووی: ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە بمری ئەوا لەسەر میللەتی محمد(ﷺ) نامری، چونكە وەكو قەلە ڕەش دەنوك ئەدات لە خوێن، وە ئەو كەسەی كە ركوع بە تەواوی نابات و دەنوك ئەدات لە كڕنوشدا وەكو كەسێكی برسی وایە كە خورمایەك یان دووان دەخوات و پێشی تێر نابێت.**

**وە** ابوهريرة (ﷺ) **دەفەرمێت: خۆشەویستەكەم سێ شتی لێ قەدەغە كردم: دەنوك دان لە نوێژدا وەكو كەڵەشێر، ئاوڕدانەوە وەكو ڕێوی، دانیشتنی وەكو سەگ.**

**وە لە فەرموودەكەی تردا دەفەرمێت: خراپترین دزی ئەو دزیەیە كە لە نوێژەكەی دزی دەكات. ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن لە نوێژەكەی ئەدزێت؟ فەرمووی: بە تەوای ركوع و كڕنووش نابات.**

**وە جارێكیان بە لاچاوی پیاوێكی بینی كە پشتی بە ڕاستیو ڕێك و پێكی دانانێت لەركوع و كڕنووشدا كاتێك نوێژەكەی تەواو كرد فەرمووی: ئەی موسوڵمانان نوێژ بۆ ئەو كەسە نییە كە پشتی بە ڕاستی دانانێت لە ركوع وكڕنووشدا).**

**لە فەرمودەیەكی تردا ئەفەرمێت: نوێژی ئەو كەسە تەواو نییە و لێی وەرناگیرێت كە پشت ڕاست ناكاتەوە لە ركوع و كڕنوش بردندا).**

**شانزەیەم: نزاكانی ركوع (أذكار الركوع):**

أ- وكان يقول في هذا الركن أنواعاً من الأذكار والأدعية، تارة بهذا، وتارة بهذا:

١-(سبحان ربي العظيم وبحمده) – ثلاثا(١٧).

٢- (سبوح قدوس رب الملائكة والروح)(١٨).

---

(١٥) ( صحيح ابن ماجة: ٨٧١).

(١٦) (صحيح الجامع الصغير: ٧٢٢٤).

(١٧) (رواه أبو داود وأحمد، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٧٣٤).

(١٨) (رواه مسلم وأبو عوانة، وانظر: صحيح سنن أبي داود: ٨٧٢).

٣- (سبحانك اللهم ربنا وبحمدك اللهم اغفر لي)، وكان يكثر منه في ركوعه وسجوده، يتأول القرآن[١٩].

٤- (سبحان ذي الجبروت والملكوت والكبرياء والعظمة)، وهذا ما قاله في صلاة الليل[٢٠].

٥- (اللهم لك ركعت وبك آمنت ولك أسلمت وعليك توكلت أنت ربي خشع سمعي وبصري ودمي ولحمي وعظمي وعصبي لله رب العالمين)[٢١] .

**ب-(سبحان ربي العظيم وبحمده) ئەم نزایە لـە هـەمووان زیاتر لـە نێوان موسڵماناندا باوە کـە بخوێنرێت لەبەر ئەوە ماناکەی بە ووردی لێرەدا باس ئەکەم:**

سبحان/ (تنزيه)**ی خوایە، واتە: پاکردنەوەی خوایە لە هەموو کەم و کوڕیەك.**

ربی العظيم/ **خوای گەورەم.**

وبحمده/ **سوپاس و ستایشی خوا هەموو دڵ و دەروونمی داپۆشیوە لەبەر بێ گەردی و تـەواوی ناوە جوانەکان و سیفەتە بەرزەکانی.**

**واتە: خوای گەورەم پاك دەکەمەوە لە هەموو کەم و کوڕیەك، وخوای گەورەم خاوەنی هەموو ناوێکی جوان و سیفەتێکی بەرزەو لەبەر ئەوەشە کە سوپاس و ستایشی هـەموو دڵ و دەروونمـی داپۆشیوە.**

**وە پێغەمبەر(ﷺ) رکوع و کڕنوش و هەڵسانەوەی لـە رکـوع و دانیشـتنی نێوان سـوجدەکانی وەك و یەك تێیدا ئەمایەوەو نزاو دوعای ئەخوێند، هەروەها قورئان خوێندنی قەدەغـە کـردووە لـە رکوع و کڕنۆشدا.**

(وكان(ﷺ) يجعل ركوعه وقيامه بعد الركوع وسجوده وجلسته بين السجدتين قريباً من السواء)[٢٢].

(وكان ينهى عن قراءة القرآن في الركوع)[٢٣]، وكان يقول: (ألا وإني نهيت أن أقرأ القرآن راكعا أو ساجدا فأما الركوع فعظموا فيه الرب وأما السجود فاجتهدوا في الدعاء فقمَن أن يستجاب لكم)[٢٤].

**حەڤدەیەم: ڕاستەوە بوون دوای رکوع (الإعتدال من الركوع):**

ثم كان يرفع صلبه من الركوع قائلاً: (سمع الله لمن حمده)[٢٥]، وأمر بذلك (المسيء صلاته) فقال له: (إنه لا تتم صلاة أحدكم حتى...... ثم يقول: سمع الله لمن حمده فيستوي قائما)[٢٦].

---

(١٩)(رواه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح سنن أبي داود: ٨٧٧).

(٢٠) (رواه أبو داود والنسائي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٨٧٣).

(٢١) (رواه مسلم وأبو عوانة، وانظر: صحيح سنن النسائي: ١٠٥١).

(٢٢) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: إرواء الغليل: ٣٣١).

(٢٣) (رواه مسلم وأبو عوانة، وانظر: صحيح الترمذي: ٢٦٤).

(٢٤) (رواه مسلم وأبو عوانة، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢٧٤٦).

(فإذا رفع رأسه استوى حتى يعود كل فقار مكانه)[٢٧].

(ثم يقول وهو قائم ربنا ولك الحمد)[٢٨]، وأمر بذلك كل مصل مؤتما أو غيره فقال: (صلوا كما رأيتموني أصلي)[٢٩]. وكان يقول:

(إنما جعل الإمام ليؤتم به .......وإذا قال سمع الله لمن حمده فقولوا اللهم ربنا ولك الحمد)[٣٠].

و(كان يرفع يديه عند هذا الإعتدال على الوجوه المتقدمة في تكبيرة الإحرام، ويقول-وهو قائم- كما مر آنفاً، ربنا ولك الحمد، وتارة يقول: ربنا لك الحمد، وتارة يضيف الى هذين اللفظين قوله: اللهم)[٣١]، وكان يأمر بذلك فيقول: (إذا قال الإمام سمع الله لمن حمده فقولوا: اللهم ربنا لك الحمد فإنه من وافق قوله قول الملائكة غفر له ما تقدم من ذنبه)[٣٢].

وكان تارة يزيد على ذلك فيقول: (ملء السموات وملء الأرض وملء ما بينهما وملء ما شئت من شيء بعد أهل الثناء والمجد أحق ما قال العبد وكلنا لك عبد اللهم لا مانع لما أعطيت ولا معطي لما منعت ولا ينفع ذا الجد منك الجد)[٣٣].

وتارة يقول: (ربنا ولك الحمد حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه)[٣٤].

**ڕاستەوە بوون دوای ڕکوع بە گوێرەی ئەم فەرموودانە بەم شیوەیە دەبێت:**

**پێغەمبەر(ﷺ) پشتی ڕاست ئەکردەوە لە ڕکوع و ئەیووت:**

(سمع الله لمن حمده) **هە تاوەکو پشتی ڕاست ئەکردەوەو ئەوەستا، واتە: ئەم نزایە لەسەرەتای جوڵانەوە دەست پێ ئەکات کە ئەتەوێ پشتت ڕاستەوە بکەیت هە تاوەکو ڕاوەستان، وە نابێت نزاکە دوا بخەیت هەتاوەکو پشتت ڕاستەوە ئەکەیت، چونکە ئەمیش نزایەکی تری هەیە کە ئەویش وتنی:** (ربنا ولك الحمد)**ە، وە کاتێك کە سەری بەرز ئەکردەوە پشتی ڕاست ئەکردەوە هەتاوەکو هەموو جومگەو ئیسکەکانی بڕبڕەی پشتی جێی خۆیان ئەگرتەوەو هەردوو دەستی بەرز ئەکردەوە وەکو لەمەو پێش باسمان کردو ئەیووت:** (ربنا ولك الحمد)**، یان** (ربنا لك الحمد) **هەندێ جاریش**(اللهم) **بۆیان زیاد ئەکرد.**

---

(٢٥) (رواه البخاري ومسلم).

(٢٦) (رواه أبو داود والحاكم، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٤٢٠).

(٢٧) (رواه أبو داود،، وصححه الشيخ الألباني في: مشكاة المصابيح: ٧٩٢).

(٢٨) (رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في: إرواء الغليل: ٣٣١).

(٢٩) (رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في: إرواء الغليل: ٢٦٢).

(٣٠) (رواه مسلم وأبو عوانة، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢٣٥٩).

(٣١) (رواه البخاري ومسلم).

(٣٢) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح سنن أبي داود: ٨٤٨).

(٣٣) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الكلم الطيب: ٩٣).

(٣٤) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٧٧٠).

ب–سمع الله لمن حمده/ ئەوەی ستایشو سوپاسی خوا بكات ئەوا خوا ئەیبیستێت ئەم بیستنەیش بە مانای وەڵام دانەوە دێت، واتە: خوای گەورە كێ سوپاسو ستایشی بكات ئـەوا داواكارییـەكانی بۆ جێ بەجێ ئەكات، وەكو چۆن زەكەریا لە سورەتی آل عمران بە خوای گەورە دەفەرمێت: (إنك سميع الدعاء ) واتە: (مجيب الدعاء ).

ربنا ولك الحمد/ ئەی خوای گەورە هەموو ستایشێكمان بـۆ تۆیـەو هـەر تـۆیش شایستـەیت كـە ستایش بكرێیت و داواكارین كارەكانمان و داواكارییەكانمان بۆ جێبەجێ بكەیت.

ملء السموات وملء الأرض وملء ما بينهما وملء ما شئت من شيء بعد/

واتە: سوپاسو ستایشـت ئەكـەین پـڕ بـە ئاسمانـەكان و زەوی ونێوانیـان و هەرچـی شـتێكی تریش كە تۆ بتەوێت دوای ئەمانە.

أهل الثناء والمجد/ هەر تۆ شایەنی ستایشو بەرزی و گەورەییو فراوانیت.

احق ما قال العبد/ حەق ترین شت كە بەندە بڵێت ئەم سوپاس و ستایشانەو بە گەورە زانینـەیـە كە ئاراستەی تۆمان كرد.

وكلنا لك عبد/ هەمووومان بەندەی تۆینو ملكەچی فەرمانەكانتین و هەر تۆ ئەپەرستین.

اللهم لا مانع لما اعطيت/ خوای گەورەم ئەو شتەی تۆ بیدەی بە بەندەكەت كەس ناتوانێت ڕەتی كاتەوەو بەربەستی بۆ دانێت ئەویش لە بەتواناییو بەهێزی و بەخشندەیت.

ولا معطي لما منعت/ ئەو شتەی تۆیش بەربەستی بۆ دانێیت كەس ناتوانێت بیبەخشێت ئەمـەش هەمووی بە دانایی خوای گەورەیە بێ ستەم كردن لە كەس.

ولا ينفع ذا الجد منك الجد/ ئەو كەسەی كە لـە دونیـا بەختـەوەرەو مـاڵ و منـداڵ و پایـەی پـێ دراوە سودی بۆی نییەو ڕزگاری ناكات لە تۆ خوای گەورە ئەگەر بێت و خراپە كار بێت.

بەڵكو ئەوەی ڕزگاری ئەكات خوا پەرستیو چاكە كارییە.

پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ڕاوەستانەی زۆر درێژ ئەكردەوە هەتاوەكو ئەیانووت لە بیری چووە بچێت بۆ سوجدە

[(كان يقوم أحياناً حتى يقول القائل قد نسي(من طول مايقوم)](٣٥).

وە هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) ئەیفەرموو: خوای گەورە سەیری بەندەیەك ناكات كە پشتی ڕاست ناكاتەوە لە نێوان ركوع و كڕنووشدا (لاينظر الله عز وجل إلى صلاة عبد لايقيم فيها صلبه بين ركوعها وسجودها)(٣٦).

---

(٣٥) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: إرواء الغليل:٣٠٧).

(٣٦) (رواه أحمد والطبراني، وصححه الشيخ الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٥٣٦).

**تێبینی: هەندێك لە زانایانی حیجاز خوا بیانپارێزێت و لێیان خۆش بێت فەرموودەیەکی پێغەمبەریان(ﷺ) کردووە بە بەڵگە بۆ ئەوەی کە دوای ڕاستەوە بوون لە ڕکوع دەستی ڕاستت بخەیتە سەر دەستی چەپ هەروەکو چۆن لە ڕاوەستانی یەکەمدا داتنابوو وە بیخەیتە سەر سینگت فەرموودەکەیش:** (ثم ارفع رأسك حتى تعتدل قائماً فيأخذ كل عظم مأخذه)[٣٧]، وفي رواية: (فإذا رفعت رأسك فأقم صلبك حتى ترجع العظام إلى مفاصلها)[٣٨].

**وە ئیمامی ئەلبانی ئەفەرمێت: ئەوەی کە بە ڕوونو ئاشکرا دیارە کە مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوەیە لە کاتی هەڵسانەوە دڵنیا بێت و پشتی ڕاستەوە بکات لەبەر ئەوەی ئەم شێوەیە لە ڕاوەستانی یەکەم بە هیچ جۆرێك باس نەکراوە لە هیچ ڕێگەیەکی فەرموودەکانو ووشەکانیدا، کە وابێت چۆن ئەبێت تەفسیری** (الأخذ) **بکرێت بە دەستی ڕاست خستنە سەر دەستی چەپ؟ تێگەیشتن لەم فەرموودەیە بەم شێوەیە نییە، چونکە مەبەست لە** (العظام) **ئێسك ئێسکی پشتە وەکو باسمان کرد، پاڵپشتی ئەم ووتنەیش کاری پێغەمبەرە(ﷺ)**(.... استوى حتى يعود كل فقار مكانه) .

**واتە: ڕاست بەرەوە هەتاوەکو هەموو ئێسك و جومگەکانی پشتت جێی خۆیان ئەگرنەوە، (هەروەها ئیمامی ئەلبانی بە بیدعەی دائەنێت) ئەمە بە کورتی تێبینییەك بوو دەربارەی ئەم شێوە وەستانە دوای ڕکوع، سەیری کتێبی**(صفة صلاة النبي) **ئیمامی ئەلبانی بکە.**

**ووتم: فەرموودەی دووەم لە(لە سوجدە بردندا) بەڵگەیە بۆ چوونەکەی ئیمامی ئەلبانی.**

**هەژدەیەم: سوجدە بردن (السجود):**

(ثم يقول الله أكبر حين يهوي ساجدا)[٣٩]. وكان إذا أراد أن يسجد كبر،( فيجافي يديه عن جنبيه)[٤٠] ثم يسجد، (وكان أحياناً يرفع يديه إذا سجد)[٤١] و(كان يضع يديه قبل ركبتيه)[٤٢]، وكان يأمر بذلك فيقول: (إذا سجد أحدكم فلا يبرك كما يبرك البعير وليضع يديه قبل ركبتيه)[٤٣]، [ وكان يعتمد على كفيه(ويبسطهما) ويضم أصابعهما، ويوجهها قبل القبلة]، و(كان يجعلهما حذو منكبيه)[٤٤]،

(٣٧) (رواه البخاري ومسلم).

(٣٨) (رواه الدارمي والحاكم، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: ٣٢٤).

(٣٩) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٣٦).

(٤٠) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٧٣٠).

(٤١) (رواه النسائي والدارقطني).

(٤٢) (صحيح إبن خزيمة: ٦٢٧).

(٤٣) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٤٠).

(٤٤) (مشكاة المصابيح: ٨٠١).

وأحياناً(حذو أذنيه)، و(كان يمكن أنفه وجبهته من الأرض)[٤٥]، وقال ل(المسيء صلاته) (إذا سجدت فمكن لسجودك)[٤٦]، وفي رواية: (إذا أنت سجدت فأمكن وجهك ويديك حتى يطمئن كل عظم منك الى موضعه)[٤٧]، وكان يقول: (لا صلاة لمن لا يصيب أنفه من الأرض ما يصيب الجبين)[٤٨]، و(كان يمكن أيضاً ركبتيه وأطراف قدميه)[٤٩] و(يستقبل بصدور قدميه وأطراف أصابعهما القبلة)[٥٠]، و(يرص عقيبيه)[٥١] و(ينصب رجليه)[٥٢]و( أمر به) وكان (يفتح أصابع رجليه)[٥٣] وقد جعل العضوين الأخيرين كعضو واحد في السجود حيث قال: (أمرت أن أسجد على سبعة أعظم: على الجبهة-وأشار بيده على أنفه- واليدين والركبتين وأطراف القدمين ولا نكفت الثياب والشعر)[٥٤]، وكان (لا يفترش ذراعيه)[٥٥]، بل (كان النبي (ﷺ) إذا سجد فرج بين يديه حتى يبدو بياض إبطيه)[٥٦]، (ولا يفترش أحدكم ذراعيه افتراش الكلب)[٥٧].

**واتە: سوجدە بردن دەبێت بە گشتی بەم شێوەیە بێت وەکو لەم فەرموودانەدا هاتووە:**

**پێغەمبەر(ﷺ) تەکبیری ئەکرد دوای ڕاستەوە بوون لە رکوع و سوجدەی ئەبردو هەردوو دەستی لەم لاو ئەو لای لا تەنیشتەکانی‌یەوە لەلەشی دوور ئەخستەوەو سوجدەی ئەبرد کە (ئەمەیش بەڵگەیە دەستی لەسەر سینگی نەبووە بەڵکو لە هەردوو لاتەنیشتی بووە) وە لەگەڵ تەکبیرەدا هەردوو دەستی بەرز ئەکردەوەو هەردوو دەستی لە پێش ئەژنۆکانی دائەنا لە زەوی‌و فەرمانی ئەکرد کە ئەگەر سوجدەمان برد وەکو وشتر نەبێت کە چۆکی پێش دەستی دائەنێت، وە دەستی لە زەویدا بەم شێوەیە دائەنا: ناولەپی لە زەوی دائەناو پەنجەکانی ڕائەکێشا بەرەو قیبلەو پەنجەکانی جووت ئەکردو لەبەرامبەر هەردوو لای شانی یان گوێچکەکانی دای ئەنا، وەلووتی‌و ناوچەوانی لە زەوی گیر ئەکرد، وە ئەبێت سوجدەکەت بە شێوەیەك بێت کە هەموو**

---

(٤٥) (مشكاة المصابيح: ٨٠١).

(٤٦) (رواه أبو داود، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٥٩).

(٤٧) (أخرجه ابن خزيمة بسند صحيح).

(٤٨) (رواه الدارقطني والطبراني).

(٤٩) (رواه البيهقي بسند صحيح).

(٥٠) (رواه البخاري وأبو داود).

(٥١) (رواه الحاكم وصححه، ووافقه الذهبي).

(٥٢) (رواه البيهقي بسند صحيح).

(٥٣) (رواه ابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في صحيح ابن ماجة: ١٠٦١).

(٥٤) (صحيح الجامع الصغير: ١٣٦٩).

(٥٥) (صحيح الجامع الصغير: ٥٩٦).

(٥٦) (مشكاة المصابيح: ٨٩١).

(٥٧) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٩٧).

ئیسکەکانی لەشت بچنەوە جێگای خۆیان ودڵنیا بیت، وە ئەو کەسەی لووتی وەکو ناوچەوانی لە زەوی گیر نەکات ئەوا نوێژەکەی وەرناگیرێت و بەتاڵە، هەروەها هەردوو ئەژنۆی وسەری پەنجەکانی پێی گیر ئەکرد لە زەوی وپەنجەکانی و ناولەپی پێی ئاراستەی قیبلە ئەکرد وفەرمانی بەم شێوانە ئەکرد کە سوجدە ببرێت وجاری وایش هەبوو لەسەر پەنجەکانی پێی دائەنیشت وپەنجەکانی پێی ئەنوشتاندەوە بەرەو ناو لەپی پێیو پشتی پەنجەکانی پێی لە قیبلە ئەکرد، وە هەروەها هەردوو باڵی لە زەوی ڕانە ئەکێشا بەڵکو بەرزیانی ئەکردەوەو لە لاتەنیشتی خۆی دووریانی ئەخستەوە هەتاوەکو سپێتی بن باڵی دەرئەکەوتن، وە فەرمانی ئەکرد کەس وەکو سەگ باڵی لە زەوی ڕانەکێشێت.

**نۆزدەیەم: نزاکانی سوجدە (أذکار السجود):**

وكان(ﷺ) يقول في هذا الركن أنواعاً من الأذكر والأدعية، تارة هذا وتارةهذا:

١- سبحان ربي الأعلى وبحمده (ثلاثاً)[٥٨] وكان أحياناً يكررها أكثر من ذلك.

٢-(سبحانك اللهم ربنا وبحمدك اللهم اغفر لي يتأول القرآن)[٥٩].

٣- (سبوح قدوس رب الملائكة والروح)[٦٠].

٤- (اللهم لك سجدت وبك آمنت ولك أسلمت اللهم أنت ربي سجد وجهي للذي خلقه وصوره وشق سمعه وبصره تبارك الله أحسن الخالقين)[٦١] .

٥- (اللهم اغفر لي ذنبي كله دقه وجله وأوله وآخره زاد بن السرح علانيته وسره)[٦٢].

لێرەدا ئەو نزایەمان هەڵبژاردووە بۆ شی کردنەوەی ماناکەی کە خوێندی زۆرتر باوە لە نێوان موسڵمانان‌دا، وە لەبەر درێژ نەبوونەوەی باسەکەمان چەندەها نزای تر هەیە نەمان هێناوەتەوە کە لە سوننەتی پێغەمبەردا(ﷺ) هاتووە.

(سبحن ربى الأعلى وبحمده).

سبحان/ خوای گەورە پاك ئەکەمەوە لە هەموو کەم وکوڕیەك وسیفات وناوی ناشیرین وخوای گەورەم شایستەی هەموو ناوێکی جوان وسیفاتێکی بەرزە.

ربى الأعلى/ خوای بڵندو بەرزم، وە بەرزی وبڵندی سێ جۆرە:

١- علــو الــذات (بەرزی زاتی خودی) واتە: زاتی پیرۆزی خوای گەورە لەسەر هەموو خەڵقەندەوەیەتی و لەسەر عەرشە.

(٥٨) (رواه أبو داود والدارقطني وأحمد، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٧٣٤).

(٥٩) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٧٧).

(٦٠) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٧٢).

(٦١) (رواه النسائي، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن النسائي:١١٢٨).

(٦٢) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٧٨ ).

٢- علو القدر(بەرزی گەورەیی‌و شایستەیی) واتە: خوای گەورە لە ناو وسیفاتدا بێ هاوتایەو لەسەرووی هەموو خەڵقەندەوەیەتی.

٣- علو القهر(بەرزی تواناو بەهێزو بەزاندن) واتە: خوای گەورە هێزو توانای هەموو کەس ئەبەزێنێت وهیچ کەس نییە بتوانێت بەرەنگاری خوای گەورە ببێتەوەو دەسەڵاتی لەسەرووی هەموو دەسەڵاتێکە.

وبحمده/ سوپاس وستایشی خوا هەموو دڵ ودەروونمی داپۆشیوە لەبەر بێ گەردی وتەواوی ناوە جوانەکان وسیفەتە بەرزەکانی.

**بیستەم: هەستانەوە لە سوجدە (الرفع من السجود):**

(جهر بالتكبير حين رفع رأسه من السجود)[٦٣]، وأمر بذلك(المسيء صلاته) فقال: (لها لا تتم صلاة أحدكم حتى......ثم يكبر فيسجد حتى تطمئن مفاصله وتسترخي ثم يكبر فيستوي قاعدا)[٦٤].

(كان يرفع يديه مع هذا التكبير)[٦٥] أحياناً، (يفرش رجله اليسرى وينصب رجله اليمنى)[٦٦]، (يستقبل بأصابعه القبلة)[٦٧].

واتە: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) سەری هەڵئەگرت لە سوجدە تەکبیرەی ئەکردو فەرمانیشی کرد بەو کەسەی کە نوێژەکەی بە چاکی نەکرد کە کاتێ سەری بەرز ئەکاتەوە لە سوجدە بڵێت: (الله اکبر)و بە جوانی دانیشێت، وە جاری وا هەبووە لەگەڵ ئەم تەکبیرەدا دەستی بەرز ئەکردەوەو قاچی چەپی ڕائەخست و بەدڵنیاییەوە لەسەری دائەنیشت، وە پێی ڕاستی ڕائەگرت لەسەر پەنجەکانی‌و رووی پەنجەکانی پێی ڕاست ئەکردە قیبلە، وە جاری وایش هەبووە لەسەر پاژنەی هەردوو پێی دائەنیشت‌و هەردوو پێی لەسەر پەنجەکانی ڕائەگرت:

[وكان أحياناً يقعي (ينصب على عقيبيه وصدور قدميه)][٦٨].

**بیست و یەکەم: پێویستێتی دڵنیا بوون لە نێوان هەردوو سوجدەکەدا: (وجوب الإطمئنان بين السجدتين):**

(كان(ﷺ) يجلس على رجله اليسرى حتى يرجع كل عظم الى موضعه)[٦٩]، (وكان يطيلها حتى تكون قريباً من سجدته)[٧٠] وأحياناً( يمكث حتى يقول القائل: قد نسي)[٧١].

---

(٦٣) (مشكاة المصابيح: ٨٠٦).

(٦٤) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٥٨)

(٦٥) (رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في إرواء الغليل: ٦٤١).

(٦٦) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٧٨٣).

(٦٧) (رواه النسائي بسن صحيح).

(٦٨) (رواه مسلم وأبو عوانة والبيهقي).

**واتە: پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ لە سوجدە هەڵئەسایەوە بە دڵنیاییەوە دائەنیشت هەتاوەکو هەموو ئێسکەکانی جێگای خۆیان ئەگرتەوەو درێژەی ئەکێشا جاری وا هەبوو هەتاوەکو ئەیانووت لە بیی چۆتەوە بچێتەوە بۆ سوجدە.**

**بیست و دووەم: نزاکانی نێوان سوجدەکان (الأذكار بين السجدتين):**

وكان (ﷺ) يقول في هذة الجلسة: (اللهم اغفر لي وارحمني وعافني واهدني وارزقني)[٧٢](رب اغفر لي وارحمني واجبرني وارزقني وارفعني)[٧٣]، (رب اغفر لي رب اغفر لي)[٧٤]، وكان يقولها في صلاة الليل[٧٥]، ثم (كان يكبر ويسجد السجدة الثانية)[٧٦] و(كان(ﷺ) يرفع يديه مع هذا التكبير) أحياناً[٧٧]، وكان يصنع في هذه السجدة مثل ما صنع في الأولى، ثم (يرفع رأسه مكبراً)[٧٨]، وأمر بذلك(المسيء صلاته) فقال له بعد أن أمره بالسجدة الثانية كما مر: (ثم يرفع رأسه فيكبر)[٧٩]، وقال له: (ثم اصنع ذلك في كل ركعة وسجدة، فإذا فعلت ذلك فقد تمت صلاتك، وإن أنقصت منه شيئاً أنقصت من صلاتك)[٨٠]، و(كان يرفع يديه )أحياناً[٨١].

**واتە: پێغەمبەر (ﷺ)لەم دانیشتنەدا ئەم نزایانەی ئەخوێند کەلەمەو پێش باسمان کرد، دوای ئەم دانیشتنە تەکبیرەی ئەکردو سوجدەی دووەمی ئەبردو دەستی بەرز ئەکردەوە هەندێ جارو لەم سوجدەیەیشدا وەکو سوجدەی یەکەم هەڵسوکەوت ئەکاتو نزاکان ئەخوێنێتو دوای ئەوە سەری بەرز ئەکاتەوەو تەکبیرە ئەکات.**

**مانای یەکەم نزا:**

اللهم اغفر لي/ **خوای گەورە تاوانەکانم داپۆشەو لێم خۆشبە.**

وارحمني/ **بەزەییت بەحاڵمدا بێتەوەو بەهەشتم پێ ببەخشە.**

---

(٦٩) (رواه ابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في صحيح إبن ماجة: ١٠٦١).

(٧٠) (رواه البخاري ومسلم).

(٧١) (رواه البخاري ومسلم).

(٧٢) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٥٠)

(٧٣) (رواه إبن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في صحيح ابن ماجة: ٨٩٨).

(٧٤) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٧٤).

(٧٥) ( ولا ينفي ذلك مشروعية هذه الأوراد في الفرض).

(٧٦) (رواه البخاري ومسلم) .

(٧٧) (رواه أبو داود بسند صحيح).

(٧٨) (رواه البخاري ومسلم) .

(٧٩) (رواه الحاكم وصححه، ووافقه الذهبي).

(٨٠) (رواه أحمد والترمذي، وصححه).

(٨١) (رواه أبو داود بسند صحيح).

واجبرني/ **بەهێزو توانام بکەیت بۆ ئەوەی فەرمانەکانت جێ بەجێ بکەم.**
وارفعني/ **ناوم بەرز بکەیتەوە بە بەندەیەکی چاك ئەویش بە هیدایەت دانە بۆ ڕێگای ڕاست.**
واهديني/ **هیدایەتم بدەیت بۆ ڕێگای ڕاست ئەویش هەموو جۆرە هیدایەتەکانە کە باسمان کرد.**
وعافني/ **لەش ساغم بکەیت ولە ئێش وئازار وسزا بە دوورم خەیت.**
وارزقني/ **ڕۆزیم بدەیت ئەویش بە رزقی حەلاڵ لە دونیا چ ماڵ بێت یان منداڵ یان کاری چاك.**

**بیست و سێیەم: دانیشتنی حەسانەوە (جلسة الإستراحة):**

ثم(يستوي قاعداً على رجله اليسرى معتدلاً، حتى يرجع كل عظم الى موضعه)(٨٢)

**دوای سوجدەی دووەم هەڵئەساو دائەنیشت لەسەر قاچی چەپیو بە ڕاستی و هەتاوەکو هەموو ئیسکێك ئەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.**

**بیست و چوارەم: خۆدان بەسەر هەردوو دەستدا لە هەستانەوەدا بۆ ڕکاتەکەی تر:**
**(الإعتماد على اليدين في النهوض الى الركعة الأخرى):**

ثم(كان(ﷺ) ينهض معتمداً على الأرض الى الركعة الثانية)(٨٣)، و(كان يعجن في الصلاة: يعتمد على يديه إذا قام)(٨٤)

**واتە: پێغەمبەر(ﷺ) کاتی هەستانی بۆ ڕکاتی دووەم خۆی ئەدا بەسەر زەویداو هەردوو دەستی ئەنوقاند(هەروەکو ئەو شێوەیەی کە بۆ هەویر شێلان ئامادەی دەکەیت) خۆی ئەدا بە سەریدا دوای ئەمە دەبێت هەردوو ئەژنۆت لە زەوی جیا بکەیتەوەو دوای ئەویش هەردوو دەستت بە شێوەیەك لە زەوی جیا ئەکەیتەوە کە پاڵ بە لەشتەوە بنێیت بۆ ئەوەی لەسەر پێت بوەستیت بۆ ڕکاتی دووەم.**

**بیست و پێنجەم: تەحیاتی یەکەم (التشهد الأول):**

وكان(ﷺ) يجلس للتشهد بعد الفراغ من الركعة الثانية، فإذا كانت الصلاة ركعتين كالصبح( جلس مفترشاً)(٨٥)، كما كان يجلس بين السجدتين، وكذلك(يجلس في التشهد الأول)(٨٦) من الثلاثية أو الرباعية، وأمر به (المسيء صلاته) فقال له: (فإذا جلست في وسط الصلاة فاطمئن، وافترش فخذك اليسرى ثم تشهد)(٨٧)، وقال أبو هريرة(رضي الله عنه): (نهاني (ﷺ)خليلي عن إقعاء كإقعاء الكلب)(٨٨)، و(كان

---

(٨٢) (رواه البخاري وأبو داود ).
(٨٣) (رواه البخاري).
(٨٤) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٦٧٤).
(٨٥) (رواه النسائي بسن صحيح).
(٨٦) (رواه البخاري وأبو داود).
(٨٧) رواه أبو داود، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٨٦٠).

ينهى عن عقبة الشيطان)(٨٩)، وكان إذا قعد في التشهد، وضع كفه اليمنى على فخذه(وفي رواية: ركبتيه) اليمنى، ووضع كفه اليسرى على فخذه(وفي رواية: ركبته) اليسرى[باسطها عليها](٩٠)، و(كان(ﷺ) يضع حد مرفقه الأيمن على فخذه اليمنى)(٩١)، و(نهى رجلاً وهو جالس معتمد على يده اليسرى في الصلاة فقال: إنها صلاة اليهود)(٩٢)، وفي لفظ: (لا تجلس هكذا إنما هذه جلسة الذين يعذبون)(٩٣)، وفي حديث آخر: (لا تقعد قعدة المغضوب عليهم)(٩٤).

**واتە: پێغەمبەر (ﷺ)دائەنیشت بۆ تەحیات خوێندن لە ڕكاتی دووەمدا ئەگەر نوێژەكە دوو ڕكاتی بووایە وەكو نوێژی بەیانی ئەوا وەكو دانیشتنی نێوان سوجدەكان دائەنیشت، وە ئەگەر سێ ڕكاتی یان چوار ڕكاتی بێت ئەوا لە یەكەم تەحیات خوێندن ئاوها دائەنیشت.**

**وە پێغەمبەر (ﷺ)دانیشتنی وەكو سەگی لە نوێژدا قەدەغە كردووە ئەویش بەو شیوەیەیە كەلەسەر كۆمت دانیشیت و هەردوو ئەژنۆت لە بەردەمتدا بێتو پێت لە زەوی بێتو لەگەڵ هەردوو دەستدا.**

**وە ئەگەر دانیشتایە بۆ تەحیات خوێندن ناولەپی دەستی ڕاستی لەسەر ڕانی (لە ڕێگایەكی ترەوە ئەژنۆی) ڕاستی دائەناو ناولەپی چەپی لەسەر ڕانی (لە ڕێگایەكی ترەوە ئەژنۆی) چەپی دائەناو لەسەری ڕای ئەكێشاو ئانیشكی دەستی ڕاستی لە ئاستی ڕانی ڕاستی بوو، وە قەدەغەی لە پیاوێك كرد كە دانیشتبوو خۆی دابوو بەسەر دەستی چەپیدا لە نوێژداو پێی ووت: ئەمە نوێژی یەهودیە، لە ڕێگایەكی ترەوە پێی ووت: بەم جۆرە دامەنیشە ئەمە دانیشتنی ئەوانەن كە ئازار ئەدرێن، وە لە فەرموودەیەكی تردا ئەمە دانیشتنی غەزەب لێ گیراوەكانە.**

**بیست و شەشەم: جولانەوەی پەنجە لە تەحیاتدا (تحريك الإصبع في التشهد):**

و(كان (ﷺ)يبسط كفه اليسرى على ركبته اليسرى، ويقبض أصابع كفه اليمنى كلها، ويشير بإصبعه التي تلي الإبهام الى القبلة، ويرمي ببصره إليها)(٩٥)، و(كان إذا أشار بإصبعه وضع إبهامه على إصبعه الوسطى)(٩٦)، وتارة(كان يحلق بهما حلقة)(٩٧)، و(كان رفع إصبعه يحركها يدعو بها)(٩٨) ويقول: (لهي

---

(٨٨) (رواه أحمد وابن أبي شيبة).

(٨٩) (مشكاة المصابيح: ٧٩١).

(٩٠) (مشكاة المصابيح: ٩٠٧).

(٩١) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٧٢٦).

(٩٢) (صحيح الجامع الصغير: ٦٨٢٢).

(٩٣) رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٩٩٤).

(٩٤) (صحيح الترغيب والترهيب: ٣٠٦٦).

(٩٥) (رواه مسلم وأبو عوانة).

(٩٦) ( مشكاة المصابيح: ٩٠٨).

أشد على الشيطان من الحديد، يعني: السبابة)[٩٩]، و(كان أصحاب النبي (ﷺ)يأخذ بعضهم على بعض، يعني الإشارة بالإصبع في الدعاء)[١٠٠]، و(كان يفعل ذلك في التشهدين جميعاً)[١٠١]، و(رأى رجلاً يدعو بإصبعيه فقال: أحِّد أحِّد)، و(أشار بالسبابة)[١٠٢].

**واتە: ناولەپی دەستی چەپی ڕائەكێشا لەسەر ئەژنۆی چەپی، وە هەموو پەنجەكانی دەستی ڕاستی ئەنوقاندوو ئەو پەنجەیەی پێش پەنجە كەڵەی ڕوو ئەكردە قیبلەو سەیری پەنجەكەی ئەكرد، وەئەگەر ڕووی ئەو پەنجەیەی بكردایەتە قیبلە ئەوا پەنجە كەڵەی لەسەر پەنجەی ناوەڕاست دائەناو جاری وا هەبووە لە شێوەی ئەڵقە بووەو پەنجەی بەرز ئەكردەوەو ئەیجوڵاندەوەو دوعای پێ ئەكردو دەیفەرموو ئەم پەنجەیە لەسەر شەیتان لە ئاسن ناخۆشترە كە بیدەی بەسەریدا، هاوەڵەكانی پێغەمبەریش (ﷺ) پەنجەیان دەجوڵاند لە كاتی دووعا كردن، وە هەروەها ئەم پەنجە جوڵاندنەوەی لە هەردوو تەحیات خوێندنەكەیدا ئەجوڵاندەوەو جارێكیان پیاوێكی بینی دوعای ئەكرد بە دوو پەنجە ئەویش پێی ووت: بەیەك پەنجە، بەیەك پەنجە، ئاماژەی بۆ پەنجەی پێش پەنجە كەڵكەی كرد.**

**بیست و حەوتەم: تەحیاتی دووەم (التشهد الأخیر):**

ثم كان (ﷺ)بعد أن يتم الركعة الرابعة يجلس للتشهد الأخير، وكان يأمر فيه بما أمر به في الأول، ويصنع فيه ما كان يصنع في الأول، إلا أنه (كان يقعد فيه متوركاً)[١٠٣] (أفضى بوركه اليسرى إلى الأرض وأخرج قدميه من ناحية واحدة)[١٠٤]، (جعل قدمه اليسرى تحت فخذه اليمنى وساقه)[١٠٥]، (ونصب اليمنى)[١٠٦]، وربما(فرشها)[١٠٧] أحياناً، و(كان يلقم كفه اليسرى ركبته، يتحامل عليها)[١٠٨].

---

(٩٧) (رواه أبو داود والنسائي).

(٩٨) رواه النسائي، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن النسائي: ٨٨٩).

(٩٩) ( مشكاة المصابيح: ٩١٧).

(١٠٠) (رواه ابن أبي شيبة بسند حسن).

(١٠١) (رواه النسائي والبيهقي بسند صحيح).

(١٠٢) (رواه النسائي وابن أبي شيبة).

(١٠٣) (رواه البخاري).

(١٠٤) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٩٦٥).

(١٠٥) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٩٨٨).

(١٠٦) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٩٦٥).

(١٠٧) (رواه مسلم وأبو عوانة).

(١٠٨) ( مشكاة المصابيح: ٩٠٨).

واتە: دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) ڕکاتی سێیەمو چوارەمیش هەر بەو جۆرە تەواو ئەکرد کە باسمان کرد، دائەنیشت بۆ تەحیاتی کۆتاییو هەر بەو شێوەیەی لە تەحیاتی یەکەمدا باسمان کرد تەنها ئەوە نەبێت کە بە (تَــوَرُّك)دائەنیشت ئەویش بەو شێوەیەیە کە ڕانی ڕاستی لە زەوی دائەنێت، وە هەردوو پێی لە لای ڕاستیەوە دەرئەکات، وە پێی چەپی لە ژێر ڕانو قاچی ڕاستی دائەناو پێی ڕاستی ڕائەوەستاندو هەندێ جاریش ئەیخەواند، وە چنگی چەپی ئەکرد بە چۆکی چەپیو خۆی ئەدا بە سەریدا.

**بیست و حەوتەم: نزاکانی تەحیات خوێندن:**

بەچەند شێوەیەك ئەم نزایانە هاتووەو هەریەك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بە شێوەیەك خوێندوویەتی کە جیاوازیەکی کەم لە چەند ووشەیەکدا هەیە لێرەدا ئەوەی ابن مسعود(رضي الله عنه) ئەهێنمەوە بۆ نمونە لەبەر ئەوەی زیاتر موسڵمانان بەم شێوەیە ئەخوێنن:

التحيات لله والصلوات/ هەرچی ووشەیەك کە بەڵگەیە لەسەر ئاشتیو مانەوەو موڵك هەمووی بۆ خوای گەورەیە وهەرچی دوعایەك کە مەبەست گەورە کردنی خوای گەورە بێت ئەوا هەر خۆی شایانێتیو بۆ کەسی تر ناشێت.

والطيبات/ خۆشترین قسەو گفتوگۆو جوانترین ستایش بۆ ستایش کردنی خوای گەورەیە، نەك ئەو سیفاتانەی کە ئەدرایە پاڵ پاشاکانی دونیاو کە کەمو کوڕیە بۆ خوای گەورە.

السلام عليك ايها النبي/ ناوێکە لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە، واتە: خوای گەورە بتپارێزێتو هاوکارت بێتو کۆمەکت بکات وهەردەم لەگەڵتا بێت.

ورحمة الله وبركاته/ لەگەڵ بەزەییو بەخشندەییو هەموو خێرو خۆشیەکی خوای گەورە بەبەردەوامیو زۆریو پڕ بەرەکەت.

السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين/ خوای گەورە بمانپارێزێت لە هەموو ترسو ناخۆشیەکی دونیاو قیامەت و کۆمەکمان بکات ئێمەو پیاو چاکان. ئەو کەسەی ئەمە ئەڵێت هەموو بەندەیەکی چاك ئەگرێتەوە لە ئاسمان و زەوی.

أشهد أن لا إله إلا الله/ واتە: شایەتی ئەدەم کە وا هیچ خوایەك نیە شایانی پەرستن بێت تەنها خوای گەورە نەبێت واتا نابێت تۆ ئەم ووشەیە بڵێیت وقەبر بپەرستیت وهاوار و داواکردنت لە مردوو لە پیاو چاکان بێت، چونکە ئەوانە هەمووی پەرستنە ئەبێت ئاراستەی خوای گەورە بکرێت بەتەنها.

وأشهد أن محمداً رسول الله/ وە شایەتی ئەدەم کە محمد(ﷺ) نێردراوی خودایە بۆ هەموو کەسێك واتە: ئەبێت پەیڕەوی هەموو فەرموودەکانی بکەیتو بە بیدعە خواپەرستی نەکەیتو لە خۆتوماڵو مناڵت زیاتر خۆشت بوێت بۆ خوا، چونکە هەموو خۆشەویستیەکی شەرعی لەبەر

ئەوەیە کە خوای گەورە فەرمانی پێمان کردووە تـەنها خۆشەویستی خـوای گـەورە نـەبێت لەبـەر خودی خۆی خۆشمان ئەوێت لەبەر ئەوەی خاوەنی هەموو ناوێکی جوانو سیفەتێکی بەرزە.

اللهم صلِّ على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم/

واتە: ئەی خوای گەورە ستایشی پێغەمبەر (ﷺ) بکەو بەرزی کەرەوە خۆیو شـوێنکەوتووانی بەو شێوەیەی کە ابراهیم وشوێنکەوتوانیت ستایش کردووە وبەرزیانت کردەوە.

وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم/ واتـە: هـەموو خێـرو خۆشییەك بدەیت بە محمد(ﷺ)و شـوێن کـەوتووانیو زیـاتری بکـەیتو بـەردەوام بێـت هـەر بـەو شێوەیەی دات بە ئیبراهیم و شوێن کەوتووانی.

في العالمين/ لە هەموو جیهان.

إنك حميد/ هەر تۆیت خۆت لە خۆتا شایانی سـوپاسو ستایشـیت ئـەویش لەبـەر تـەواویو بـێ کەمو کوڕی ناوە جوانەکانتو سیفەتە بەرزەکانتە.

مجيد/ مانای گەورەییو فراوانیو بەردەوامی لە خۆ ئەگرێت واتە: کەس ئەو سیفەتەی نیـیە کـە فراوانو بەردەوام بێت چ لە سیفاتی خۆی یان بەخشینو پێ دان کە لێرەدا باسی کراوە.

اللهم إني أعوذ بك من عذاب جهنم/ پـەنا ئـەگرم بـە تـۆ ئـەی خـوای گـەورەم لـە ئەشـکەنجەی دۆزەخ.

ومن عذاب القبر/ وە هەروەها لە ئازارو ئەشکەنجەی گۆڕ.

ومن فتنة المحيا والممات/ وە لەوەی کە تووشی سەر لێ شێوان بم لـە دوونیـاو دوای ئارەزووەکـانم بکەوم یان دوای کۆمەڵە گومڕاکان بکـەوم ولەسـەرەمەرگدا بمپارێزیـت لـەوەی کـە شـەیتان فریـوم بداتو بێ بڕوا بێم بۆ لات.

ومن شر فتنة المسيح الدجال/ وە لە شەڕی ئەو دەجالەی کە پێغەمبەر(ﷺ) بۆمانی باس کردووە کە سەرم لێ نەشێوێتو بە سیحرەکانیو ئەو کردارانەی بڕوا بکـەم کـە خـوای گـەورە بـۆی بـەجێ دێنێ بۆ تاقی کردنەوەی بەندەکانی، وە (إبن تيمية) دەفەرمێت: لەوەڵامدانـەوەی پرسـیارێکدا کـە ئێمە بۆ چی پەنا ئەگرین بەخوا لە دەجالو دەجالیش لە نزیکی کۆتای ژیانی سـەر زەویـدا پـەیدا دەبێت؟ فەرمووی: مەرج نییە ئێمە خودی دەجال ببینین بەڵکو هەر فیتنەیەك کە(خارق العـــادة) بێت واتە: کارێك بکرێت کە لە لای خەڵکی باو نەبێت وەکو سیحر ئـەوا لـە فیتنـەی دەجالـە وەکـو ئەوەی کە ئەمڕۆ دەروێشو سۆفییـەکان ئەیکـەن ئـەوەی کـە دوایـان بکـەوێت ئـەوا تووشـی ئـەو فیتنەیە بووە، کەواتە ئێمە پەنا دەگرین بـە خـوای گـەورە کـە بـە سـیحری شـێخو سۆفیـیەکان هەڵنەخەڵەتێین.

وە لە دوای ئەمەشەوە چەند دوعای تر هەن کە سوننەتە موسوڵمان بیخوێنێت لەبەر درێژە پێ نەدان بۆتانم نەهێناوەتەوە.

**بیست و هەشتەم: سەلام دانەوە (السلام):**

( أن رسول الله(ﷺ) كان يسلم عن يمينه السلام عليكم ورحمة الله حتى يرى بياض خده الأيمن وعن يساره السلام عليكم ورحمة الله حتى يرى بياض خده الأيسر)(١٠٩)، وكان يزيد أحياناً في التسليمة الأولى (وبركاته)(١١٠).

**واتە: دوای تەواو بوونی دوعاکانی تەحیاتی دووەم پێغەمبەر (ﷺ)بە لای ڕاستدا سەلامی ئەدایەوەو ئەیفەرموو: (السلام عليكم ورحمة الله) بە شێوەیەکی وا ئاوڕی ئەدایەوە کە سپێتی ڕوومەتی ڕاستی ئەبینرا، وە هەر بەم جۆرەش بەلای چەپداو هەندێ جاریش سەلامی لای ڕاستی(وبركاته)ی بۆ زیاد دەکرد، وە پێویستە لەسەر موسڵمان کە نوێژەکەی بە سەلام دانەوە تەواو بکات لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەفەرمێت: (تحليلها التسليم)(١١١).**

## المصادر


١- صفة صلاة النبي من التكبير الى التسليم.

٢- فتح الباري بشرح صحيح البخاري.

٣- مجموع الفتاوى لابن تيمية.

٤- جلاء الأفهام لابن القيم.

٥- شرح ثلاثة الأصول لابن عثيمين.

٦- تفسير السعدي.

٧- تفسير اضواء البيان للشنقيطي.

٨- تفسير إبن كثير.

٩- التفسير القيم لابن القيم.


وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

www.ba8.org

(١٠٩) (رواه النسائي، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن النسائي: ١٣٢٥).

(١١٠) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود: ٩٩٧).

(١١١) (رواه أبو داود والحاكم، وصححه الشيخ الألباني في: إرواء الغليل: ٧٣٣).

# ( آمين ) ی نوێژ:

## واتا و، چاکە و، حوکم و، شوێن و، شێوازی وتنی

له ڕوانگەی

م عدنان بارام

## فەرموودە ( صحيح ) ەکانی پێغەمبەر ﷺ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين وبعد:

### واتای ( آمين ) له زمانەوانيدا :

( **الصاحب بن عباد** ) سەبارەت بە ووشەی ( **آمين** ) فەرموويەتی: (والتَّأْمِيْنُ: مِن قَوْلِكَ آمِيْنَ، ومَعْنى آمِيْنَ: اللَّهُمَّ افْعَلْ، وقيل: افْعَلْ هكذا، وقيل: أَجَلْ)[1] .

واتە: ( **تأمين** ) لەوەوە وەرگيراوە کە بڵێيت ( **آمين** )، واتاکەشی: خوايە ئەوە ئەنجام بدە، وە ووتراوە: خوايە بەو شێوە بکە، وە ووتراوە: بەڵێ .

وە شێخ ( **محمد بن صالح العثيمين** )يش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە لێکدانەوە و واتاکردنی ئەم ووشەيەدا فەرموويەتی: (وقوله: «بآمين»: معناها: اللَّهُمَّ اسْتجبْ)[2]، واتە: کە فەرموويەتی: ( **آمين** ) واتاکەی: خوايە وەڵام بدەرەوە، وە شێخ ( **مقبل بنَ هادي الوادعي** ) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموويەتی: (معنى التأمين في اللغة: اللهم استجب لنا)[3]،

واتە: خوايە وەڵامان بدەرەوە، وە ( **د ـ سعدي أبو حبيب** ) هەمان واتا دووبارە دەکاتەوە، دەيداتە پاڵ زۆرينەی زانايانی زمانەوانی، و شەرع زانان، ئەوەش لەو ووتەيەيدا کە

---

(١) (المحيط في اللغة: ٢ / ٤٧٦) .

(٢) (الشرح الممتع على زاد المستقنع: ١ / ٥٣٩) .

(٣) (رياض الجنة في الرد على أعداء السنة: ٢٧) .

فەرموویەتی: (آمين: اللهم استجب، وهو قول الجمهور من أهل اللغة والفقه)[٤]، (**آمین**) واتە: خوایە وەڵام بدەرەوە، ئەمەش ووتەی زۆرینەی زانایانە لە زمانەوانی و شەرع زانان .

## چاکەی ووتنی (آمین):

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: " ما حسدتكم اليهود على شيء ما حسدتكم على السلام والتأمين [ خلف الإمام ] " [٥].

واتە: جوولەکە لە هیچ شتێکدا حەسادەتی پێنەبردوون وەکو حەسادەتتان پێدەبەن لە سەلام کردن، و (**آمین**) کردنتان لە دوای پێش نوێژ خوێندا .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی:

" فقولوا: آمين يجبكم الله " [٦].

واتە: بڵێن (**آمین**) خوای پەروەردگار وەڵامتان دەداتەوە .

وە سەبارەت بە پێش نوێژ خوێن دەیفەرموو:" إذا قال الإمام:

﴿ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾ فقولوا: آمين، [ فإن الملائكة تقول: آمين وإن الإمام يقول: آمين ] ( وفي لفظ: إذا أمن الإمام فأمنوا )، فمن وافق تأمينه تأمين الملائكة ( وفي لفظ آخر: إذا قال أحدكم في الصلاة: آمين، والملائكة في السماء: آمين، فوافق إحداهما الآخر ) غفر له ما تقدم من ذنبه "[٧].

واتە: ئەگەر پێش نوێژ خوێن ووتی: ﴿غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾، بڵێن: (**آمین**)، چونکە فریشتەکانی خوای پەروەردگاریش دەڵێن: (**آمین**)، وە پێش نوێژ خوێنیش دەڵێت: (**آمین**)، لە گۆ (**لەفز**) یکی تردا هاتووە: ئەگەر پێش نوێژ خوێن ئامینی کرد لە پاش ئەو ئێوەش (**آمین**) بکەن )، چونکە ئەو کەسەی (**آمین**)ەکەی لەگەڵ (**آمین**)ی فریشتەکانی خوادا جوت بوو (لە گۆیەکی تردا هاتووە: ئەگەر یەکێ لە ئێوە لە نوێژدا ووتی: (**آمین**)، فریشتەکانی خوای پەروەردگاریش ووتیان: (**آمین**)، هەردووکیان لەگەڵ یەکدا جووت بوون ) ئەوا خوای پەروەردگار لە هەموو گوناهەکانی خۆش دەبێت .

کەواتە ووتنی (**آمین**) وەکو ئەوەی کە لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا هاتووە ﷺ جێگەی حەسادەتی گاورەکانە، چونکە شتێکی بەنرخ و بەڕێزە، ئەوەش بەوەی کە دەبێتە هۆی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوای پەورەدگار، و هۆکاری لێخۆشبوونیەتی لە هەموو ئەو

(٤) (القاموس الفقهي: ١ / ٢٦) .

(٥) قال العلامة الألباني في: (صفة صلاة النبي: ص١٠٢) : (رواه البخاري في " الأدب المفرد " ، وابن ماجه وابن خزيمة وأحمد والسراج بسندين صحيحين) .

(٦) (رواه مسلم في صحيحه: ٣ / ٢٢٢ ـــ ٢٢٣، برقم: ٤٠٤) .

(٧) قال العلامة الألباني في: (صفة صلاة النبي: ص١٠١): (( رواه الشيخان والنسائي، والدارمي، والزيادة للأخيرين)).

تاوانانەی کە لە پێشدا کردوومانە، ئەگەر ووتەمان لەگەڵ ووتەی فریشتەکانی یەك بگرێتەوە.

## حوکمی ووتنی؟

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە ووتنی لە لایەن پێش نوێژ خوێنەوە فەرموویەتی:" إذا قال الإمام:

﴿ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾ فقولوا: آمين... ( وفي لفظ: إذا أمن الإمـــام فأمنوا)... " (٨) .

واتە: ئەگەر پێش نوێژ خوین ووتی: ﴿غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾، بڵێن: (**آمین**)، ... وە لە گۆیەکی تردا هاتووە: ئەگەر پێشنوێژ ئامینی کرد لە پاش ئەو ئێوەش (**آمین**) بکەن ) .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ووتنی ئەم ووشەیە لە لایەن پێش نوێژ خوێنەوە یان کەسێك کە بە تەنها نوێژ دەکات جیاوازە لە گەڵ حوکمی کەسێك لە دوای پێش نوێژ خوێنێکدا نوێژ دەکات، **ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە:**

**١/ حوکمی بۆ پێش نوێژ خوێن یان نوێژگەرانی تاك:**

لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە شێوازی هەواڵ (**الإخبار**) باسی (**آمین**)ی پێش نوێژ خوێنی کردووە، و هیچ فەرمانێکی بە پێش نوێژ خوێن نەکردووە بەو کردارە کە بەڵگە بێت لە سەر واجبێتی ئەو ووتنە لە سەر پێش نوێژ خوێن، هەروەکو فەرمویەتی:

" **إذا أمن الإمام** ... "،

واتە: ئەگەر پێشنوێژ ئامینی کرد...، دەبینین پێشەوا (**ابن حزم**) فەرموویەتی: (( وأما قول (آمين) فإنه كما ذكر: يقوله الإمام والمنفرد ندباً وسنّة ))،

واتە: سەبارەت بە ووتنی (**آمین**) هەروەکو باسکراوە، پێش نوێژ خوێن و ئەو کەسەش کە بە تەنها نوێژ دەکات ئەیڵێن حوکمەکەشی سوننەتە بۆیان .

وە پاشان هەمان فەرموودەی باسکراوی هێناوەتەوە لە سەر ووتەکەی(٩) .

**٢ / حوکمی بۆ ئەوانەی کە بە دوای پێش نوێژ خوێندا نوێژ دەکەن:**

واجب و پێویستە لە سەر ئەوانەی کە بە دوای پێش نوێژ خوێندا نوێژ دەکەن، ئەوەش لە بەر فەرمانکردنی پێغەمبەر ﷺ بەو کردارە، هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە کە فەرموویەتی: " **إذا قال الإمام:** ﴿ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾ **فقولوا:** (**آمين**) ... " یان " **إذا أمن الإمام** فأمنوا "، کە ئەمەش هەردووك بەڵگەن لە سەر واجبێتی،

---

(٨) (رواه البخاري)، و(مسلم) .

(٩) (المحلى: ٣ / ٢٦٢ ــ ٢٦٣) .

چونكه: ( **كل أمر للوجوب ما لم تصرفه قرينة** )، واته: **هەموو فەرمانێك بۆ واجبێتییە ئەگەر بەڵگەیەك نەبێت ئەو واجبێتییە بگۆڕێت بۆ سوننەت، بۆیە دەبینین پێشەوا ( ابن حزم ) فەرموویەتی:** (( وأما قول (آمين) ....، ويقولها المأموم فرضاً ولا بد )) (١٠).

واتە: سەبارەت بە ووتنی ئامین ....، واجب و پێویستە لە سەر ئەوانەی کە بە دوای پێش نوێژ خوێندا نوێژ دەکەن بیڵێن، وە ناش بێت وازی لێ بێنن .

## دەنگ بەرزکردنەوەی پێش نوێژ خوێن ونوێژگەرانی دواى پێشنوێژ تیایدا :

سوننەتە پێش نوێژ خوێن دەنگی بەرز بکاتەوە بە ووتنی ( **آمين** ) دوای تەواو بوونی خوێندنەوەی سورەتی ( **الفاتحة** ):

لە ( **أبو هريرة** ) ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی:

" كان رسول الله ﷺ إذا فرغ من قراءة أُم القرآن رفع صوته، وقال: آمين " (١١) .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کە کۆتایی بەخوێندنی سورەتی ﴿الفاتحة﴾ بهێنایە، دەیفەرموو: (آمين) ئامین و دەنگی تیادا بەرز و درێژ دەکردەوە .

لەم فەرموودەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە سوننەتە پێش نوێژ خوێن دەنگ بەرز بکاتەوە بە ووتنی ( **آمين** )، و (( ئەمەش ووتەی پێشەوایان: ( **الشافعي** ) و ( **أحمد** ) و ( **إسحاق** ) و جگە لەوانیشە، و بۆچوونی پێشەوا ( **البخاري** ) یشە کە لە ( **صحيح** ) ەکەیدا ناونیشانێکی نووسیووە بەم شێوەیە: ( باب جهر الإمــام بالتــأمين )، و چەندەها ( **أثــر** ) و فەرموودەی هێناوەتەوە لە سەر ئەو ووتنە )) (١٢) .

وە پێشەوا ( **ابن حجر العسقلاني** ) فەرموویەتی: ((وإذا ترّجّح أن الإمام يؤمّن، فيجهر به في الجهريّة، كما ترجم به المصنّف ــ أي الإمام البخاري ــ وهو قول الجمهور، خلافــاً للكــوفيين ورواية عن مالك فقال: يسرّ به مطلقاً . ووجه الدّلالة من الحديث: أنه لو لم يكن التأمين مسموعاً للمأموم لم يعلم به . وقد علق تأمينه بتأمينه)) (١٣) .

واتە: وە ئەگەر ئەوەمان لە لا جێگیر بوو کە پێش نوێژ خوێن ( **آمين** ) دەکات، و دەنگیشی تێدا بەرز دەکاتەوە لەو نوێژانەی کە دەنگی تێدا بەرز دەکرێتەوە، هەروەکو نووسەر ناونیشانی بۆ داناوە ـ مەبەستی پێشەوا بوخاریيە ـ کە ووتەی زۆرینەی زانایانیشە، بە پێچەوانەی ووتەی کوفییەکان، ئەو ڕیوایەتەش کە لە مالکەوە دەکرێت کە فەرموویەتی: بە بێدەنگی دەیڵێت لە هەموو نوێژێکدا، ڕووی هەڵێنجاندنی بەڵگەش لە فەرموودەکەوە ئەوەیە: ئەگەر ( **آمين** ) ی پێش نوێژ خوێن بیستراو نەبووایە لە لای ئەو کەسانەی کە

---

(١٠) (المصدر السابق) .

(١١) صححه العلامة الألباني في: (السلسلة الصحيحة: ١ / ٨٣١ ، برقم : ٤٦٤) .

(١٢) (القول المبين في أخطاء المصلين: ص٢٣٧) .

(١٣) (فتح الباري: ٢ / ٢٦٤) .

**بەدوایدا نوێژ دەکەن، ئەوا نەیاندەزانی کە پێش نوێژ خوێن (آمین) ی کردووە، کەچی پێغەمبەری خوا ﷺ ووتنەکەی پەیوەست کردووە بە ووتنی ئەوەوە .**

**وە زانای پایە بەرز** (محمد بن صالح العثيمين) **فەرموویەتی:** (( أما الإمام فواضح أنـه يجهـر بآمين؛ لأن ذلك ثَبَتَ عن النبي ﷺ في قوله: " **إذا أمَّنَ الإمامُ فأمِّنوا** " فعَلَّق تأميننا بتأمين الإمام، ولولا أننا نسمعُهُ لم يكن بتعْليقه بتأمين الإمامِ فائدة، بل لكان حَرَجاً على الأمة، ولأنَّ النبي ﷺ كان يجهرُ بآمين حتى يَمُدَّ بها صَوتَه .

وكذلك المأمومون يجهرون بها، كما كان الصَّحابةُ يجهرون بذلك خلفَ النبي ﷺ حتى يرتجَّ المسجدُ بهم وهذه السُّنَّةُ صحيحةٌ ثابتة))[١٤] .

**واتە: سەبارەت بە پێش نوێژ خوێن ئاشکرایە کە بە دەنگی بەرز (آمین) دەکات، چونکە ئەوە جێگر و سەلمێنراوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەوەش لەو فەرموودەیەدا کە تێیدا فەرمویەتی:** " إذا أمَّنَ الإمامُ فأمِّنوا "، **واتە: ئەگەر پێش نوێژ خوێن ئامینی کرد، ئەوا ئێوەش (آمین) بکەن، دەبینیت پێغەمبەری خوا ﷺ (آمین)ەکەمانی پەیوەست کردووە بە (آمین) ی پێش نوێژ خوێنەوە، جا ئەگەر (آمین) ی پێش نوێژ خوێن بیستراو نەبووایە لە لامان، ئەوا پەیوەست کردنی ووتنی ئێمە بە ووتنی پێش نوێژ خوێنەوە هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو قورسکردنەوە بوو لەسەر ئوممەتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەنگی بەرز دەکردەوە بە ووتنی (آمین)، و دەنگیشی پێ درێژ دەکردەوە .**

**هەروەها ئەو کەسانەش کە بەدوای پێش نوێژ خوێندا نوێژ دەکەن دەنگی پێ بەرز دەکەنەوە، هەروەکو هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەنگیان پێوە بەرز دەکردەوە بە دوای پێغەمبەردا ﷺ، بە شێوەیەك لە مزگەوتەکەدا دەنگی دەدایەوە، ئەو سوننەتەش سوننەتێکی جێگیر وسەلمێنراوە .**

## شوێن و کاتی ووتنی:

**پێش نوێژ خوێن دوای خوێندنەوەی سورەتی** (الفاتحة) (آمين) **دەکات، ئەوەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە لە** (أبو هريرة) ﷺ **دەگێڕنەوە، فەرموویەتی:**

" كان رسول الله ﷺ إذا فرغ من قراءة (أُم القرآن) رفع صوته، وقال: آمين "[١٥] .

**واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کە کۆتایی بەخوێندنی سورەتی** ﴿ الفاتحة ﴾ **بهێنایە، دەیفەرموو: (آمین) و دەنگی تیادا بەرز و درێژ دەکردەوە .**

**زانای پایە بەرز** (محمد بن صالح العثيمين) **فەرموویەتی:** (( متى يقول آمين ؟ فالجواب: أما الإمامُ فإذا انتهى من قوله: ﴿ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ وكذلك المنفرد ))[١٦] .

---

(١٤) (الشرح الممتع على زاد المستقنع: ١ / ٥٣٨) .

(١٥) صححه العلامة الألباني في: (السلسلة الصحيحة: ١ / ٨٣١ ، برقم : ٤٦٤) .

واتە: ئەگەر ووترا کەی دەبێت (**آمين**) بکرێت؟ ئەوا وەڵام ئەوەیە کە بووترێت: سەبارەت بە پێش نوێژ خوێن ئەگەر کۆتایی بە سورەتی (**الفاتحة**) هێنا، دوای ووتنی ﴿ وَلا الضَّالِّينَ ﴾ (**آمين**) دەکات، هەروەها ئەو کەسانەش کە بە تەنها نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن .

بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی کە بە دوای پێش نوێژ خوێندا نوێژ دەکەن ئەوا پێویستە ووتنەکەیان لەگەڵ ووتنی پێشنوێژدا بێت، ئەوەش بە کۆی هەموو ئەو فەرموودانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون، و ناشبێت پێشی بکەون بە هیچ شێوەیەك ـ **هەروەکو زۆرینەی موسڵمانی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن !!!** ـ چونکە ئەو پێشکەوتنە پێچەوانەی سوننەتە .

زانای پایە بەرز (**محمد بن صالح العثيمين**) فەرموویەتی: (( سەبارەت بەو کەسانەی کە بە دوای پێش نوێژخوێندا نوێژ دەکەن، هەندێك لەزانایان فەرموویانە: لە کاتێکدا (**آمين**) دەکەن کە پێشنوێژ لە (**آمين**) ەکەی دەبێتەوە .

بەڵگەشیان ڕووکەشی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە فەرموویەتی: " **إذا أمَّنَ الإمامُ فأمِّنوا** " وە فەرموویانە ئەمە وەك ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەرە ﷺ فەرموویەتی: " **إذا كبَّر فكبِّروا** "، زانراویشە کە (**الله أكبر**) ناکەی تاکو پێشنوێژ لە (**الله أكبر**) ەکەی نەبێتەوە، بۆیە واتی فەرموودەی: " إذا أمَّنَ "

واتە: ئەگەر لە (**آمين**) کردنەکەی بووەوە.

بەڵام ئەم ووتەیە لاوازە، چونکە بە ڕاشکاوی لە گێڕەیەکی تردا باسکراوە: " إذا قال الإمام: ولا الضَّالين، فقولوا: آمين".

وە لە سەر ئەمە: واتای ( إذا أمَّن ) واتە: ئەگەر گەشتە ئەوەی کە (**آمين**) ی لە سەر بکرێت کە ووتنی: ﴿ وَلا الضَّالِّينَ ﴾ ە، یان دەست بکات بە ووتنی (**آمين**) ئێوە (**آمين**) بکەن، بۆ ئەوەی لە گەڵیدا بن .

بەڵام هەندێك جار گوێبیستی هەندێك کۆمەڵ دەبین کە پەلە دەکەن، بە شێوەیەك پێش نوێژ خوێن هێشتا نەگەشتووەتە پیتی ( **ن** ) لە ﴿ وَلا الضَّالِّينَ ﴾ دا، دەبینیت ئەوانەی کە بە دوایدا نوێژ دەکەن (**آمين**) یان تەواو کردووە، ئەمەش پێچەوانەی سوننەتە، و جۆرێکە لە جۆرەکانی پێشکەوتنی پێش نوێژ خوێن، چونکە پێش نوێژ خوێن نەگەشتۆتە ئەو شوێنەی کە (**آمين**) ی لە سەر بکرێت، کە ئەویش لێبوونەوەیەتی لە ﴿ وَلا الضَّالِّينَ ﴾))(١٧).

(١٦) (الشرح الممتع على زاد المستقنع: ١ / ٥٣٩) .

(١٧) (الشرح الممتع على زاد المستقنع: ١/ ٥٣٨ــ ٥٣٩.

خاوەن پەڕتوکی ( **عون المعبود** ) فەرموویەتی: (( (إِذَا أَمَّنَ الْإِمَام فَأَمِّنُوا):...، وَجَمَعَ الْجُمْهُور بَيْن الرِّوَايَتَيْنِ بِأَنَّ الْمُرَاد بِقَوْلِهِ: " إِذَا أَمَّنَ "، أَيْ: أَرَادَ التَّأْمِين لِيَقَع تَأْمِين الْإِمَام وَالْمَأْمُوم مَعًا )) .

واتە: زۆرینەی زانایان بەو شێوەیە هەردوو ڕیوایەتەکەیان کۆکردووتەوە: کە مەبەست بە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: " إِذَا أَمَّنَ ... "، ئەوەیە: ئەگەر ویست ومەبەستی ئامین کردنی هەبوو، بۆ ئەوەی (**آمين**) ی پێش نوێژ خوێن و شوێنکەوتوانی لە گەڵ یەك بن .

بۆیە زانای پایە بەرز (محمد ناصرالدين الألباني) فەرموویەتی: (( ووتنی (**آمين**) لە پاش پێش نوێژ خوێنەوە بە ئاشکرا و لەگەڵ ئامینی پێش نوێژ خوێندا دەبێت، و نابێ پێشی بکەون بە ووتنی (**آمين**) هەروەکو کرداری زۆربەی موسڵمانانە، وە ناشبێ لێی دوابکەون، ئەمەش دوا ووتەیە کە بەڕەوای دەزانم، و لە زۆر لە نووسراوەکانمدا باسم لێوە کردووە، **لەوانە**: (سلسلة الأحاديث الضعيفة: ٩٥٢ ) وە (صحيح الترغيب والترهيب: ١ / ٢٠٥ )))[١٨].

وە حیکمەتیش لەم هەوڵەدا بۆ یەکگرتنەوەی ووتەی پێش نوێژ خوێن و شوێنکەوتوانی لە گەڵ ووتنی فریشتەکان ئەوەیە کە (**ابن المنير**) فەرموویەتی: ((الْحِكْمَةُ فِي إِثْبَاتِ الْمُوَافَقَةِ فِي الْقَوْلِ وَالزَّمَانِ أَنْ يَكُونَ الْمَأْمُومُ عَلَى يَقَظَةٍ لِلْإِتْيَانِ بِالْوَظِيفَةِ فِي مَحِلِّهَا )) [١٩] .

واتە: حیکمەت بۆ یەکگرتنی ئەو ووتنە لە یەك کات و شوێندا بۆ ئەوەیە کە شوێنکەوتوانی پێش نوێژ خوێن بە ئاگا بن بۆ ئەنجامدانی ئەو گوفتار لە شوێنی خۆیدا .

## شێوازی ووتنی ئامین و ئەو شێوازە هەڵانەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێت:

پیتی (آ) ی ووشەی (**آمين**) درێژکردنەوەیەکی تێدایە پێی دەوترێت (**مدَّ البدل**) کە دوو حەرەکە درێژ دەکرێتەوە، هەر وەکو چۆن پیتی سەرەتای ووشەی ئادەم دەخوێنرێتەوە، پیتی (آ) ی ووشەی (**آمين**) دەخوێنرێتەوە، نەك وەك ئەوەی کە ئیستا کە دەبینیت نوێژگەران زیاد لەخۆی درێژ دەکرەنەوە.

وە پیتی (**ي**) ی ووشەی (**آمين**) درێژکردنەوەیەکی تێدایە دەتوانرێت دوو یان چوار یان شەش حەرەکە درێژ بکرێتەوە.

وە پیتەکانی تری ئەم ووشەیە وەکو شێوازی ئاسایی خۆیان دەردەبڕێن، بەڵام نوێژگەران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چەند هەڵەیەك لە گۆکردنی ئەم ووشەیەدا دەکەن، هەروەك لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون دەکرێتەوە:

---

(١٨) (چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ: نووسینی: محمد ناصرالدين الألباني، پەراوێزی: ١٥٠) .

(١٩) (نيل الأوطار: ٣ / ٣٨٥) .

**١ / درێژكردنەوەی (آ) ئامین زیاد**
**لە سنووری خۆی:**

شێخ (**مشهور**) فەرموویەتی: ((التمطيط في مدّ (آمين) فيمدّون مدّ البدل الذي في أوّلها أكثر من حركتين، بل قد يوصلونها إلى ستة كما في بعض المساجد))[٢٠] .

درێژكردنەوەی (آ) ی سەرەتای ووشەی (**آمين**) كە پێی دەوترێت (**مدّ البدل**) زیاد لە دوو حەرەكە، بەڵكو جاری وا هەیە لە هەندێك مزگەوتدا دەیگەیەنن بە شەش حەرەكە .

**٢ / گرتنی پیتی میم (تشدید) كردن و دەربڕینی بەشێوەیەك وەكو ئەوەی كە پیتێكی دوبارە بوو بێت:**

گۆكردنی ووشەی (**آمين**) بە شێوەیەك كە پیتی میمی ووشەكە وا دەركەوێت كە دوو پیتە (**آمّين**) گۆكردنێكی هەڵەیە، لەو كاتەدا بەم شێوەیە بەر گوێ دەكەوێت (**ئـاممين**)، و ئەم شێوەیەش واتای ووشەكە دەگۆڕێت، هەروەكو (**د ـ سعدي أبوحبيب**) دەڵێت: ((وقد تشدد الميم عند بعض العلماء، فتكون بمعنى قاصدين إليك، وهذا خطأ في قول مشاهير أهل العلم، لانه يحيل معناها عقب الفاتحة، فيجعله بمعنى قاصدين كما في الآية الكريمة: ﴿ وَلا آمِّينَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ ﴾ (المائدة: ) ))[٢١] .

كەواتە لەم بارەدا واتاكەی دەگۆڕێت بۆ: ( قاصدين إليك )، واتە: مەبەستمان هاتن و سەردانی تۆیە .

بۆیە دەبینین ئەو شێوازە حەرامە و ڕەنگە ببێتە هۆی پوچەڵبوونەوەی نوێژەكەشی، زانای پایە بەرز (**محمد بن صالح العثيمين**) فەرموویەتی: (( قال الفقهاء: فإن شدَّدَ الميمَ ــ في (آمين) ــ بطلت الصَّلاةُ ؛ لأنَّ معناها حينئذ (قاصدين)؛ ولهذا قالوا: يحرم أن يُشدِّد الميم، وتبطل الصَّلاةُ ؛ لأنه أتى بكلامٍ مِن جنسِ كلام المخلوقين ))[٢٢] .

واتە: شەرع زانان فەرموویانە: ئەگەر پیتی (**میم**) شەدە بكرێت لە (**آمين**) نوێژەكەی پوچەڵ دەبێتەوە، چونكە واتاكەی لەو كاتەدا دەبێتە: (**قاصدين**)، واتە: مەبەستمان هاتن و سەردانی تۆیە، بۆیە دەفەرموون: حەرام و قەدەغەیە پیتی (**میم**) شەدە بكرێت، و نوێژەكەشی پوچەڵ دەبێتەوە، چونكە بەو كردارەی ووتەیەكی ووتووە كە ووتەی مرۆڤە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أن الحَمْدُ لِلهِ رَبِّ العَالَمِينَ

**www.ba8.org**

---

(٢٠) (القول المبين في أخطاء المصلين: ٢٣٨) .

(٢١) (القاموس الفقهي: ١ / ٢٦) .

(٢٢) (الشرح الممتع على زاد المستقنع: ١ / ٥٣٩) .

# ئاگادار كردنەوەی باوەڕداران لە كردەوەی نەفرەت لێكراوان

بەشی دووەم

**وەرگێڕانی:** دایكی ئالاء

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

لە بەشی یەكەمدا باسی مانای نەفرەت وحوكمی نەفرەت كردن وهەندێك لە نەفرەت لێكراوانمان كرد بە پشتیوانی خوای گەورە لەم بەشەیشدا باسی هەندێكی تر لە نەفەرەت لێ كراوان دەكەین بۆ ئەوەی خۆمان لەو كردەوانە بپارێزین كە دەبنە هۆی نەفرەت لێ كردنمان ودورخستنەوەمان لە سۆز وبەزەیی خوای گەورە:

**پێنجەم: دووڕووەكان:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ وَعَدَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُقِيمٌ﴾ [التوبة: ٦٧-٦٨].

واتە: دووڕووەكان ئافرەتانیان وەكو پیاوانیان وان لە بێباوەڕی ودووری لە باوەڕەوە، فەرمان دەكەن بە خراپەو بەرهەڵستی دەكەن لە چاكە، وە ڕەزیلن ودەستیان دەگرنەوە لە خێر وچاكە وبەخشین لە پێناوی خوای گەورەدا، خوای گەورەیان لە یاد كردووە ولە سزای ئەمەیشدا خوای گەورە ئەوانی بێئاگا كردووە لە بەزەیی خۆی، بەڕاستی دووڕووەكان لەڕێدەرچوون، خوای گەورە پەیمانی دۆزەخی بە دووڕەكان وكافران داوە كە بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، كە دۆزەخ بەسیانە بۆ سزادانیان، وەخوای گەورە نەفرەتی لێ كردون، وەسزایەكی بەردەوامیان بۆ هەیە.

دووڕوویی مانای شاردنەوەی كوفرو بێ باوەڕی ودەرخستنی ئیمانە، هەركەسێك بەم حاڵە بێت زۆر خراپترە لە كافرو بێباوەڕەكان، بۆیە سەرەنجامیان نزمترین شوێنی ناو دۆزەخە، وەكو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا﴾ [النساء: ١٤٥].

واتە: بەڕاستی دووڕووەکان لە نزمترین پلە وخوارەوەی دۆزەخن، وەنابینیت کەسێك هەبێت رزگاریان بکات لەو شوێنە.

ئەم جۆرەیش دووڕوویی گەورە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە ئیسلام دەردەکات، وە شایەنی مانەوەی هەمیشەیی‌یە لە ئاگری دۆزەخدا.

دووڕوویی بچوك: مرۆڤ لە ئیسلام ناکاتە دەرەوە، وە بە هەمیشەیی لە ناو ئاگردا نایهێڵێتەوە، وەلە شەرعدا ئەو ناوە دراوە بەسەر کەسێکدا کە خاوەنی ئیمانە بە خواو پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڵام درۆیش دەکات لە قسەکردندا، وە سەرپێچی پەیمانی دەکات، وە ستەم وخراپەکاریش دەکات، هەروەکو چۆن پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

(أربع من كن فيه كان منافقا خالصا ومن كانت فيه خصلة منهن كانت فيه خصلة من النفاق حتى يدعها إذا حدث كذب وإذا وعد أخلف وإذا عاهد غدر وإذا خاصم فجر)[1].

واتە: چوار سیفات هەیە هەر کەسێك تێیدا بێت ئەوا دووڕوویەکی تەواوە، وە هەرکەسێك یەك سیفەتی تێدا بێت ئەوا سیفەتی دووڕوویی تێدایە هەتا وازی لێ دێنێت: کە قسە بکات درۆ دەکات، وە بەڵێن بدات دەیشکێنێت، وە پەیمان بدات ستەم دەکات، وە ڕووبەڕوو بێتەوە خراپە کاری دەکات.

**شەشەم: جوێندەران بە هاوەڵانی(رضي الله عنهم) پێغەمبەر(ﷺ)**

لە ئیبن عومەرەوە (رضي الله عنه) فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

(من سب أصحابي فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين)[2].

واتە: ئەوەی جوێن بە هاوەڵانم بدات ئەوا نەفرەتی خواو فریشتەکان وهەموو خەڵکی لەسەر بێت.

**حەوتەم: درۆزنەکان:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَمَنْ حَاجَّكَ فِيهِ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْا نَدْعُ أَبْنَاءَنَا وَأَبْنَاءَكُمْ وَنِسَاءَنَا وَنِسَاءَكُمْ وَأَنْفُسَنَا وَأَنْفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَلْ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ﴾

[آل عمران: ٦١].

واتە: هەرکەسێك لە گاورەکان دەمەقاڵێی لەگەڵ کردیت لەسەر ئەوەی کە عیسی(ﷺ) خوایە، یان کوڕی خوایە ئەوا ئەی محمد(ﷺ) تۆ پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن وەرن با

---

١- (صحيح الجامع الصغير: ٨٩٠).

٢- (صحيح الجامع الصغير: ٦٢٨٥).

هەر یەكێك لە ئێمە بانگی منداڵ وخێزان وخۆمان بكەین وپاشان موباهەلە بكەین (واتە: دەست لە خوا بەرز بكەینەوە ولێی بپاڕێینەوە بەوەی كە **نەفرەت** وسزای خۆی بنێرێت بۆ سەر درۆزن) بەڵام گاورەكان نەیان وێرا چونكە دڵنیا بوون كە ئەگەر بیان كردایە ئەوا خوای گەورە لە پێش چاوی خەڵكی سزای بۆ دەناردن.

وە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

**(وإياكم والكذب فإن الكذب يهدي إلى الفجور وإن الفجور يهدي إلى النار وما يزال الرجل يكذب ويتحرى الكذب حتى يكتب عند الله كذابا)**[3].

واتە: خۆتان بپارێزن لە درۆ چونكە درۆ بەرەو خراپەتان دەبات، وە خراپەیش بەرەو ئاگرتان دەبات، وە پیاوی وا هەیە ئەوەندە درۆ دەكات تا لای خوای گەورەیش بە درۆزن ناونوس دەكرێت.

**هەشتەم: ستەمكاران:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَنْ لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ [الأعراف: ٤٤].

واتە: بانگەرێك لەلایەنی خوای گەورەوە بانگ دەكات لە نێوان ئەهلی دۆزەخ وبەهەشتدا ودەڵێت: **نەفرەتی** خوا لە ستەمكاران بێت.

وە پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمێت:

**(اتقوا الظلم فإن الظلم ظلمات يوم القيامة)**[4].

واتە: خۆتان لە ستەم بپارێزن چونكە ستەم كردن تاریكیيە لە ڕۆژی دواییدا.

**نۆیەم: خراپەكاران وئەوانەی پەیوەندی خزمایەتی ناگەیەنن:**

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ أُولَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ﴾ [محمد: ٢٢-٢٣].

واتە: ئایا وادەزانن كە ببن بە كاربەدەست ئاشوب دەنێنەوە لەسەر زەوی وخوێن دەڕژێنن بە ناحەق، وپەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن، ئەمانە خوای گەورە **نەفرەتی** لێ كردوون وكەڕی كردوون لە ئاستی بیستنی حەق وكوێری كردوون لە ئاستی بینینی حەق.

وە لە ئاشوب نانەوە لەسەر زەویدا: یەكەم: ڕێگری لە دینی خوا.

---

٣- (صحيح الجامع الصغير: ٤٠٧١).

٤- (صحيح الجامع الصغير: ١٠١).

دووەم: بچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی کە خوای گەورە فەرمانی بە گەیاندنی کردووە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:

(الرحم معلقة بالعرش تقول من وصلني وصله الله ومن قطعني قطعه الله)[٥] .

واتە: پەیوەندی خزمایەتی هەڵواسراوە بە عەرشی خواوە ودەڵێت: هەرکەسێك بمگەیەنێت خوا ڕەحم وبەزەیی خۆی پێ بگەیەنێت، وەهەرکەسێکیش نەمگەیەنێت خوا ڕەحم وبەزەیی خۆی پێ نەگەیەنێت.

**دەیەم: کوشتنی بەناحەق:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ٩٣].

واتە: هەرکەسێك باوەڕدارێك بکوژێت بە قەستی وبەبێ حەق ئەوا سزاکەی دۆزەخە وبەنەمری تێیدا دەمێنێتەوە وخوای گەورە لێی توڕە دەبێت ونەفرەتی لێ دەکات وسزایەکی زۆر گەورەی بۆ داناوە.

لەم ئایەتەدا سزای بکوژی بەناحەق دیاری کراوە کە ئەمانەن:

یەکەم: سزای ناو دۆزەخ.

دووەم: مانەوەی لە ناو دۆزەخدا بە نەمری.

سێیەم: توڕەیی خوای لەسەرە.

چوارەم: نەفرەتی خوای لەسەرە ودەردەچێت لە ڕەحمەتی خوا.

پێنجەم: وەسف کردنی سزاکەی بەوەی کە سەخت وگەورەیە.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت:

(لا يحل دم امرئ مسلم يشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله إلا بإحدى ثلاث: الثيب الزاني والنفس بالنفس والتارك لدينه المفارق للجماعة)[٦].

واتە: خوێنی هیچ موسڵمانێك حەڵاڵ نییە بڕژێندرێت کە شایەتی بدات بە: لا إله إلا الله ومحمد رسول الله ئیللا یەکێك لەم سێ شتە نەبێت: زینا کردن لە پاش زەواجێکی شەرعی، کوشتنی بە ناحەق، وازهێنان لە دین دورکەوتنەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان .

**یانزەهەم: سووخۆر**

خوای گەورە دەفەرمێت:

---

٥-(صحيح الجامع الصغير: ٣٥٤٩).

٦-(صحيح الجامع الصغير: ٧٦٤٣).

﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ [البقرة: ٢٧٥].

واتە: ئەوانەی سوو دەخۆن لە ڕۆژی قیامەتدا ڕاست نابنەوە ئیللا وەکو ئەو کەسە نەبێت کە شەیتان دەستی لێ وەشاندوە وشێت بووە، لەسزای ئەوەی کە دەیان ووت: کڕین فرۆشتنیش وەکو سوو وایە، بەڵام ڕاست ناکەن چونکە خوای گەورە کڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سووخواردنی حەرام کردووە.

وعن جابر بن عبد الله(رضي الله عنه) قال:

(لعن رسول الله(ﷺ) آكل الربا ومؤكله وكاتبه وشاهديه وقال هم سواء)(٧).

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) نەفرەتی کردووە لە سوو خۆر وپێ سپێراو ونوسەر وهەردوو شایەتەکەی، وە فەرمووی: هەموویان یەکسانن.

**دوانزەهەم: لەکەدارکەرانی ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاک:**

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [النور: ٢٣].

واتە: ئەوانەی کە ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاکی بێئاگا لە داوێن پیسی لەکەدار دەکەن ئەوانە نەفرەتیان لێ کراوە لە دونیا و دوا ڕۆژدا، وە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە.

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

(اجتنبوا السبع الموبقات، قالوا: يا رسول الله وما هن؟ قال: الشرك بالله، والسحر، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق، وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولي يوم الزحف، وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات)(٨).

واتە: خۆتان دوور بخەنەوە لە حەوت تاوانە گەورە بە هیلاك دەرە، هاوەڵان(رضي الله عنهم) فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چین ئە حەوت تاوانە؟ ئەویش فەرمووی: هاوەڵ دانان بۆ خوای گەورە، وجادووکردن، و کوشتنی بە ناحەق، و سووخواردن، و خواردنی ماڵی هەتیو بەناحەق، وهەڵهاتن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا، و لەکەدار کردنی ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاکی بێئاگا لە داوێن پیسی.

**سیانزەهەم: شاردنەوەی حەق ونکوڵی کردن لێی:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

---

٧- (صحيح الترغيب والترهيب: ١٨٤٧).

٨- (مشكاة المصابيح: ٥٢).

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ﴾ [البقرة: ١٥٩].

واتە: ئەو کەسانەی کە ئەو بەڵگە رون وئاشکرایانە دەشارنەوە کە ئێمە دامانبەزاندووە لە پاش ئەوەی کە ئێمە خۆمان رونمان کردۆتەوە بۆ خەڵکی لە قورئاندا ئەوانە خوای گەورە هەموو نەفرەتکاران **نەفرەتیان** لێ دەکەن.

هەرچەندە ئەم ئایەتە بۆ سەر زانایانی جولەکە دابەزیووە کە نکوڵی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەریان دەکرد(ﷺ) ودەیان شاردەوە، بەڵام هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە زانیاریەکی هەبێت ولە نکوڵی کردن وبەدرۆخستنەوەدا بیشارێتەوە، وەخوای گەورەیش قەدەغەی شاردنەوەی حەقی کردووە چونکە زیانێکی زۆری هەیە، لەوانە:

نەمانی حەق و بڵاوبونەوەی نەزانی، وە بەدرۆخستنەوەی راستگۆ، وبەراست زانینی درۆزن، وبڵاوبونەوەی بیدعەو خورافات، وحەڵاڵ کردنی حەرام، وحەرام کردنی حەڵاڵ، وشوێن کەوتنی ئارەزوو....

**چواردەهەم: جوێن دان بە دایک وباوک وئازاردانیان:**

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمێت:

**(لعن الله من لعن والديه)**[٩].

واتە: خوای گەورە **نەفرەتی** کردووە لەو کەسەی کە نەفرەت لە دایك وباوکی دەکات.

وەدەفەرمێت:

**(ملعون من عق والديه)**[١٠].

واتە: **نەفرت** لێ کراوە هەرکەسێك کە ئازاری دایك وباوکی بدات.

خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین کە سوپاسی دایك باوکمان بکەین وچاکەیان لەگەڵدا بکەین.

**پازەهەم: سەربڕین بۆ جگە لە خوای گەورە:**

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

**(لعن الله من ذبح لغير الله)**[١١].

واتە: خوای گەورە **نەفرەتی** کردووە لە کەسێك کە شتێك سەربڕێت بۆ جگە لە خوای گەورە.

---

٩- (صحيح الجامع الصغير: ٥١١٢).

١٠- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٢٠).

١١- (صحيح الجامع الصغير: ٥١١٢).

سەربڕین جۆرێکە لە پەرستن کە دروست نیە بۆ جگە لە خوا جێبەجێ بکرێت.

* هەرکەسێك خۆی نزیك بکاتەوە لە جگە لە خوا بە ڕشتنی خوێن، وەك دیاری و قوربانی ئەوا هاوەڵی بۆ خوا داناوە، وەکردەوە چاکەکانی پێ پوچەڵ دەبێتەوە.

ئیمامی نەوەوی دەفەرمێت: مەبەست پێی سەربڕینە بۆ جگە لە خوا وەکو سەربڕین بۆ بتێك، یان خاچێك، یان بۆ موسی، یان بۆ عیسی (عليهما الصلاة والسلام) یان بۆ کەعبە یان بۆ کەسێك، هەموو ئەمانە حەرامن، وە ئەو گۆشتە حەڵاڵ نیە ئیتر ئەگەر ئەوەی سەری دەبڕێت موسڵمان بێت یان گاور بێت یان جولەکە.

**شانزەهەم: مەی خۆرو پارەتی دەری:**

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:

(لعن الله الخمر وشاربها وساقيها وبائعها ومبتاعها وعاصرها ومعتصرها وحاملها والمحمولة إليه وآكل ثمنها)(١٢).

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە مەی ومەی خۆر و تێکەر وفرۆشیار وکڕیار و گوشەر و بۆ گوشراو هەڵگر وبۆ هەڵگیراو و بخۆری پارەکەی.

وەدەفەرمێت:

(لا تشربوا الخمر فإنها مفتاح كل شر)(١٣)

واتە: مەی مەخۆنەوە چونکە دەرگای هەموو خراپەیەکە.

* مەی دایکی خراپەکانە چونکە بۆ خراپەکاریەکانی تری جگە لە خۆیت دەبات، ئەوەی مەی خۆر بێت هەموو تاوانەکانی تری لە لا ئاسانە وەك زینا کردن ودزی وکوشتن و....

وە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾ [المائدة: ٩٠-٩١].

واتە: ئەی باوەڕداران بەڕاستی مەی وقومار و بت و یانصیب پیسن ولە کردەوەی شەیتانن، بۆیە ئێوە خۆتانی لێ دوور بخەنەوە بە ڵکو سەرکەوتوو سەرفراز بن، تەنها شەیتان دەیەوێت بەهۆی مەی خواردن وقومارکردنەوە دوژمنایەتی ورق وکینە بخاتە

---

١٢- (صحيح الجامع الصغير: ٥٠٩١).

١٣- (صحيح الجامع الصغير: ٧٣٣٤).

نێوانتانەوە، وەبەربەستتان بکات لە یادی خوا و نوێژکردن ئایا ئێوە تەواو بوون ووازی لێ دەهێنن؟

**حەڤدەهەم: دز:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [المائدة: ٣٨].

واتە: دزی پیاو وژن دەستیان ببڕنەوە وەکو سزایەك بۆ ئەو کارەیان، وە وەکو سەرزەنشت کردنێك لە خوای گەورەوە بۆیان، بەڕاستی خوای گەورە بەدەسەلات وکاربەجێیە.

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(لعن الله السارق يسرق البيضة فتقطع يده ويسرق الحبل فتقطع يده)[١٤].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە دزێك کە هێلکەیەك دەدزێت ودەستی لەسەری دەبڕدرێت.

ئەم فەرموودەیە ناشیرینی دزی روون دەکاتەوە لەگەڵ توندی ئەو سزایەی کە بۆ دانراوە کە دەست بڕینە.

وە دزی بەڵگەیە لەسەر ناپاکی، وە بەرهەمی تەماح و ئیرەیی و رق و کینە ودژایەتی و رازی نەبوونە بە بەشی خوا، وەهەر دزیە دەبێتە هۆی کوشتن وستەم کردن وڕێ بڕین و بڵاوبوونەوەی ترس لە ناو کۆمەڵدا.

**هەژدەهەم: حەڵاڵ کەر وحەڵاڵ بۆکراو:**

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

(لعن الله المحلل والمحلل له)[١٥].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە حەڵاڵ کەر وحەڵاڵ بۆکراو.

حەڵاڵ کەر ئەو کەسەیە کە ئافرەتێکی تەڵاق دراو مارە دەکات لە خۆی یان لە کەسێکی تر، پاشان تەڵاقی دەدات بۆ ئەوەی بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵ بێتەوە، کە ئەمەیش یاری کردنە بە شەرعی خوا بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) نەفرەتی لێ کردوون.

---

١٤- (صحيح الجامع الصغير: ٥٠٩٧).

١٥- (صحيح سنن أبي داود: ٢٠٧٦).

**نۆزدەهەم: نێربازی:**

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لعن الله من عمل عمل قوم لوط قالها ثلاثا)[١٦].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە هەر کەسێك کە کاری نەتەوەکەی لــوط (ﷺ) دەکات، سێ جا پێغەمبەر (ﷺ) دووبارەی کردەوە.

وەدەفەرمێت: (إن أخوف ما أخاف على أمتي من عمل قوم لوط)[١٧] .

واتە: ترسناکترین شت کە لە ئوممەتەکەم دەترسم توشی بن کردەوەی نەتەوەکەی (لوط)ە (ﷺ)

وەدەفەرمێت:

(من وجدتموه يعمل عمل قوم لوط فاقتلوا الفاعل والمفعول به)[١٨].

واتە: هەر کەسێکتان بینی کردەوەی نەتەوەکەی (لوط) ی(ﷺ) دەکرد ئەوا هەردووکیان بکوژن.

**بیستەم: هەرکەسێک بچێتە لای خێزانی لە دواوە:**

پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت:

(ملعون من أتى امرأته في دبرها)[١٩].

وەدەفەرمێت:

(من أتى حائضا أو امرأة في دبرها أو كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد)[٢٠].

واتە: هەرکەسێك بچێتە لای خێزانی لەکاتی بێ نوێژیدا، یاخود لە دواوە، یاخود بچێت بۆلای فالچی وبەڕاستی بزانێت، ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی کە دابەزیووە بۆ سەر محمد (ﷺ).

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

www.ba8.org

---

١٦- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٢١).

١٧- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤١٧).

١٨- (صحيح سنن أبي داود: ٤٤٦٢).

١٩- (صحيح سنن أبي داود: ٢١٦٢).

٢٠- (صحيح سنن ابن ماجة: ٦٣٩).




## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين.

ڕەنگە شتانێك كە خەڵكێكی كەم تا زۆر هۆگری بوون نامۆبن بەو حوكمەی ئایا لەلایەن شەرعەوە ڕێگە پێدراوە یان نا، یاخود ببێتە تەوەری گفتوگۆ لای هەندێكی تر.

بەباشمان زانی كە گۆرانی و ئاواز وەتێڕوانینی شەریعەتی ئیسلام لەم بارەیەوە بخەینە ژێر ڕۆشنایی ئایەتە پیرۆزەكانی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) و ووتەی زانایانەوە، ئەو ئایەتانەی كە زانایان دەیكەنە بەڵگە بۆ حەرامێتی و ڕێگەنەدان بەگۆرانی و ئاواز، خودای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾ [لقمان: ٦] .

زۆربەی زانایانی تەفسیر لەسەر ئەو بۆچوونەن كە ووشەی (لهوالحديث) لەئایەكەدا هاتووە مەبەست پێی گۆرانی‌یە . كەواتە واتای ئایەتەكە بەوشێوەی لێ دێت (كەسانێك هەن لەخەڵكی ئارەزووی ووتەی بێ سوود وەك گۆرانی و ئاواز دەكەن و دەیكەن بۆ لادان لەڕێگەی خودا و دەیكاتە گاڵتەجاڕی، ئەو كەسانە سزایەكی ئابروبەریان بۆهەیە). لەو زانایانەش إبن كثير لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمێت ( باسی حاڵی سەرپێچی كەران دەكات، ئەوانەی پشتیان هەڵكردووە لەسوود وەرگرتن لەووتەكانی خودا و ڕوویان وەرگێڕاوە بۆ گوێ گرتن لە زوڕنا و گۆرانی بەئاوازو ئامێرەكانی ژەنینەوە )[١] .

وە هەروەها عبدالله ی كوڕی مسعود (رضي الله عنه) سوێندی خواردووە كە مەبەست بە لهو الحديث گۆرانی‌یە[٢]، وەبەهەمان شێوەی ئەم لێكدانەوەیەش إبن عباس وجابر وعكرمة وسعيد بن جبير ومجاهد و مكحول و عمر بن شعيب و علي بن بذيمة هەمان بۆچونیان هەیە[٣] .

---

(١) (تفسير ابن كثير: ٣/٤٤٢).

(٢) (المصدر السابق).

(٣) (المصدر السابق).

وە پێشەوا (قرطبي) دەفەرمێت: ووشەی (لهو الحـديث) بریتـیـیە لـە: گۆرانی لـە ووتـەی ابـن مسعود و ابن عباس و جگە لەوانیش نحاس کە قەدەغەیە بە قورئان و سوننە[٤] .

لەئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفـەرمێت: ﴿وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِمْ بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا﴾ [الإسراء: ٦٤].

لەم ئایەتەدا خوای گەورە بە (شەیتان) دەفەرمێت: (هەرکەسێك لەوانە هانیان بـدە ئەوەنـدەی دەتوانیت بەدەنگت و گۆرانیەکانت هاواربکە بەسەریاندا بەسوارەو پیادەکانتەوە و هاوبەشیان بکە لەسامان و ماڵ و منداڵانیاندا وە بەڵێنیان پێ بدە وە شەیتان بەڵێنیان پـێ نـادات تـەنها فریـودان نەبێت ).

پێشـەوا قـــرطبي دەفـەرمێت: (لەئایەتەکـەدا بەڵگـەی تێدایـە لەسـەر حـەرامێتی شمشـاڵ و (هاوشێوەکانی) و گۆرانی و ئامێرەکانی مۆسیقا)[٥]، وەلەتەفسیری (الجلالین) دا هاتووە: (بـەبانگ کردنت بە گۆرانی و شمشاڵ و زوڕنا، وەهەموو بانگ کردنێك بۆ سەرپێچی خودا بێت)[٦]، وەمجاهد دەفەرمێت: (بصوتك) مەبەست پێی گۆرانی و شمشاڵە[٧] .

وە خودای گەورە لەئایەتێکی تردا دەفـەرمێت: ﴿أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ وَتَضْحَكُونَ وَلَـا تَبْكُونَ وَأَنْتُمْ سَامِدُونَ﴾ [النجم: ٥٩ – ٦١] .

واتە: ( ئایا ئێوە بەم قورئانـە سەرسـام دەبـن، وە پێدەکـەنن و نـاگرین، وەبێئاگـان و خۆتـان سەرقاڵ کردووە بەگۆرانیەوە).

لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا (الفريابي وە أبوعبيد لـە فضائل دا وعبد بن حميد وابـــن أبي دنيـــا لـە ذم الملاهي دا وە البزار وابن جرير و ابن أبي حاتم و البيهقي لـە سنن دا دەفـەرموون: (أنـــتم ســـامدون) بریتـیـە لەگۆرانی (الغناء) بەزاراوەی یەمەنی)[٨] . وە هەروەها ابن الجوزی دەفـەرمێت: بـەزاراوەی یەمەنی ئەڵێن (اسمد لنا) أی (تغن لنا) واتە: گۆرانیمان بۆ بڵێ[٩]. لەوەی کە ڕابـوورد بۆمـان ڕوون بووەوە لە لێکدانەوەی زانایانی تەفسیر بۆ ئایەتەکان بریتی بوو لە حـەرامێتی گۆرانی و مۆسـیقا، وە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ڕێ پـێ نـەدانی شـەریعەت بـۆ گـۆرانی و مۆسـیقا لەوانەش:

عن أبي عامر – أو أبي مالك – الأشعري (رضي الله عنه) قال: سمعت النبي (ﷺ) يقول: (ليكونن من أمـــتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف...)[١٠] .

(٤) (تفسير القرطبي: ١٠/٢٩٠).

(٥) (تفسير القرطبي: ١٠/٢٩).

(٦) (تفسير الجلالين).

(٧) (مختصر تفسير ابن كثير: ٢/٤٧٧).

(٨) (فتح القدير: ٥/١١٩).

(٩) (رواه عكرمة عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، (زاد الميسر): (٨/٨٦).

(١٠) (أخرجه البخاري: ٥٥٩٠)، و(البيهقي: ٥٨٩٥) (٢٠٧٧٧)، و(الطبراني في الكبير: ٣٤١٧).

**واتە لەئوممەتی مندا گەلانێك پەیدا دەبن كە داوێن پیسی و حەریر و مادە بێ هۆش كـەرەكان و مۆسیقا حەڵاڵ دەكەن.**

عن أنس بن مالك (ﷺ) قال: قال رسول الله (ﷺ): (صوتان ملعونان في الدنيا والأخرة: مزمار عند نعمة ورنة عند المصيبة)(١١) .

**واتە: دوو دەنگ نەفرەت لێ كراوە لە دونیاو ئاخیرەت دا ( ئاوازو مۆسیقا لەكاتی خۆشـیدا، وە دەربڕینی دڵتەنگی بەدەنگ لەكاتی نەهامەتیدا.**

وعن عبدالله بن عباس (ﷺ) قال: قال رسول الله (ﷺ): (إن الله حرم علـيكم الخمـر، والميسـر، والكوبة، وقال كل مسكر حرام)(١٢) .

**واتە: خودا لەسەرتانی حەرام كردووە خواردنەوە بێ هۆش كەرەكان و قوماركردن و تەپڵ، وە ووتی هەموو مادەیەكی سەرخۆشكەر حەرامە.**

وعن عمر بن حصين قال: قال رسول الله (ﷺ): ( يكون من أمتي قذف، ومسخ، وخسف، قيـل: يارسول الله ومتى ذلك؟ قال: إذا ظهرت المعازف، وكثرت القيان، وشربت الخمور)(١٣).

**واتـە: (لەئوممـەتی مـن دا تێگـرتن و ڕەمـی كـردن، وەگـۆڕینی مرۆڤـ بـۆ ئـاژەڵ، وەڕۆچـوون (بەزەویدا) ڕوودەدات، ووترا ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) كەی ئەمە دەبێت؟ فەرمووی: كاتێـك كـە مۆسیقاو ئاواز دەركەوتن، وە زۆربوونی كەنیزەكی گۆرانی بێـژ، وە خواردنـەوەی مـادە بـێ هـۆش كەرەكان).**

**ئەم فەرموودانەی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخـات كـە گـۆرانی و مۆسـیقا خودای گەورە حەرامی كردووە لەسەر موسڵمانان وەلەگەڵ مادەی سەرخۆش كەر و قوماردا باسی كردووە .**

**كۆدەنگی زانایان (الإجماع) لەسەر حەرامێتی گۆرانی و مۆسیقا**

قال الإمام الطبري (فقد اجمع علماء الأمصار على كراهة الغناء والمنع منه)(١٤) .

**واتە: زانایانی شارەكان كۆدەنگن وەهاو دەنگن لەسەر نەویستراوی گۆرانی و ڕێ گرتن لێی.**

وقال الإمام القرطبي: ( أما الغناء فلاخلاف في تحريمه لأنه من اللهو واللعب المذموم بالإتفاق)(١٥).

**واتە: گۆرانی ناكۆكی نیە لەسەر حـەرامێتی چـونكە لەهۆیـەكانی ڕابـواردن و گاڵتەچـێتیـە و سەرزەنشت كراوە بەڕێكەوتنی (زانایان) .**

وقال البغوي: (واتفقوا على تحريم المزامير، والملاهي، والمعازف)(١٦).

---

(١١) (ترغيب الترهيب: ٥٣٥٣)، و (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٢٧)

(١٢) (أخرجه أبو داود: ٣٦٩٦)، و(أحمد: ٣١٠٤)، والبيهقي ( ٢٠٧٧٩ ، ٢٠٧٨٠)، وفي أبوداود معه، قال سفيان: فسـألت عليَّ بن بذيمة عن الكوبة، فقال الطبل . وصححه الألباني في الصحيحة: (٢٤٢٥).

(١٣) أخرجه الترمذي(٢٢١٢) ، وفي الصحيحة: (١٦٠٤).

(١٤) تلبيس إبليس (٢٦٣).

(١٥) نقلته من شرح سنن ابن ماجة (٩٢/١).

واته: (زانایان) ڕێکەوتوون و هاوڕان لەسەر حەرامێتی زوڕناو ئامێرەکانی ڕابواردن و مۆسیقا.

وەهەروەها (ابن صلاح) یش کۆدەنگی زانایانی ئاماژە پێ کردووە[١٧].

وە ئوممەتی ئیسلام هەرگیز لەسەر شتێك هاودەنگ نابن کە پێچەوانەی ڕاستی بێت هەروەکو پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت:

(إن أمتي لاتجتمع على الضلالة)[١٨].

وەزۆرێك لە پێشین سەرزەنشتی گۆرانی و مۆسیقا و ئەو کەسانەیان کردووە کە گوێی لێ دەگرن یاخود خۆیان بەم کارەوە خەریك دەکەن و دەیکەن بەکردەوەی خۆیان وە لەوانەش هەندێك لەهاوەڵان و چوار پێشەواکەن، لەو وتانەش:

-ابن عباس(رضي الله عنه)دەفەرموێت:

(الدف حرام، والعازف حرام، والكوبة حرام، والمزمارحرام)[١٩] .

واتە دەف حەرامە، وەمۆسیقا حەرامە، وەتەپڵ حەرامە، وەشمشاڵ و هاوشێوەکانی حەرامن.

-وە عبدالله ی کوڕی مسعود (رضي الله عنه) دەفەرموێت:

(الغناء ينبت النفاق في القلب)[٢٠] .

واتە: گۆرانی دووڕوویی دەچێنێت لەدڵدا.

-وە فضيل بن عياض دەفەرموێت:

(الغناء رقية الزنا)[٢١] .

واتە: گۆرانی گەیەنەرو بەرەو پێش چوونی داوێن پیسییە.

-وەهەروەها پێشەوا (أبي حنيفة) ڕقی لەگۆرانی دەبووەوە و بەتاوان و سەرپێچی داناوە[٢٢] .

-پێشەوا شافعی لە (الأدب القضاء) دەفەرموێت:

(إن الغناء لهو مكروه يشبهه الباطل والمحال ومن استكثر منه فهو سفيه ترد شهادته)[٢٣].

واتە: گۆرانی بێ هودەو ناپەسەندە، هاوشێوەی ناڕەوایی و ساختەییە وە هەرکەسێك زیادەڕەوی تێدا بکات ئەوا گەمژەیەو شایەتی دانی ڕەت دەکرێتەوە.

-وەپرسیار لەپێشەوا مالك کرا دەربارەی گۆرانی، لەوەڵامدا فەرموی:

(إنما يفعله عندنا الفساق)[٢٤] .

---

(١٦) شرح السنة (٣٨٣/١٢)، نقلته من موسوعة المناهي الشرعية.

(١٧) (فتاوى ابن الصلاح: ٥٠٠/٢).

(١٨) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٣٣١).

(١٩) (أخرجة البيهقي: ٢٠٧٨٩).

(٢٠) (مدارج السالكين: ٤٨٧/١).

(٢١) (تلبيس إبليس: ص ٢٦٨).

(٢٢) (إغاثة اللهفان: ٢٢٧/١).

(٢٣) (إغاثة اللهفان: ٢٢٧/١).

واتە: لای ئێمە تەنها خراپەكاران خەریكی ئەو كارەن .

–وە لەڕێڕەوی پێشەوا ئەحمەد دا شمشاڵ و نای و زوڕنا و سەمتور و مۆسیقا ژەنین و ڕەبابە و هاوشێوەكانی حەرامن، وە پێشەوا ئەحمەد دەقی لەسەر ئەمە داوە[٢٥]

پاش ئەوەی بۆمان ڕوون بووەوە كە گۆرانی و مۆسیقا حەرامن بەبەڵگەی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) وە كۆدەنگی زانایان، بەڵام زانایەكی وەكو پێشەوا ابن حزم الظاهري (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەم بارەیەوە پێچەوانەی كۆدەنگی زانایان دەكات و لەم بارەیەوە چەند بەڵگەیەك دەهێنێتەوە بۆ ڕێگەپێدراوی گۆرانی و مۆسیقا لەشەریعەتی ئیسلام دا، وە زانایانیش وەڵامیان داوەتەوە ئێمەش لێرە دا بەڵگەكان و وەڵامەكانیان دەخەینە ڕوو بەكورتی .

–ئەو فەرموودانەی كە پێشەوا ابن حزم پشتی پێ دەبەستێت بۆ ڕێگەپێدانی گۆرانی و مۆسیقا، وە وەڵامی زانایان بۆی ئەمانەن:

**فەرموودەی یەكەم**

عن عائشة (دخل علي رسول الله (ﷺ) وعندنا جاريتان {من جواري الأنصار} (وفي رواية: قينتان) في أيام منى، تدفقان وتضربان} تغنيان بغناء، (وفي رواية: بما تقاولت، وفي اخرى تقاذفت) الأنصار يوم بعاث، {وليستا بمغنيتين}، فاضطجع على الفراش، وحول وجهه، ودخل أبوبكر(رضي الله عنه) {والنبي متغش بثوبه} فانتهرني (وفي رواية: فانتهرهما) وقال: مزمارة (وفي رواية: مزمار) الشيطان عند (وفي رواية: امزامير الشيطان في بيت) رسول الله (ﷺ) (مرتين)؟

فأقبل عليه رسول الله (ﷺ) (وفي رواية: فكشف النبي (ﷺ) عن وجهه) فقال: دعهما {يا أبابكر(ف) إن لكل قوم عيدا وهذا عيدنا} فلما غفل غمزهما فخرجتا"[٢٦] .

لەعائیشەوە پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلام وە دووكەنیزەكم لابو {لەكەنیزەكەكانی ئەنصار} (لەڕیوایەتێكدا: دووكەنیزەك كەگۆرانی وتنیان دەزانی ){لەڕۆژانی مینا[٢٧] بەگوڕەوە دەفیان لێ دەدا} گۆرانیان دەوت بەگۆرانی (لەڕیوایەتێكدا: ئەیان ووت، وەلەیەكێكی تردا هەڵیان ئەدا ) ئەنصار لەڕۆژی بعاث[٢٨] {بەڵام گۆرانی بێژ نەبوون}، لەسەر جێگاكە پاڵ كەوتوو ڕووی وەرگێڕا، وە أبوبكر(رضي الله عنه) هاتە ژوورەوە {پێغەمبەر (ﷺ) بەجلەكانی خۆی داپۆشیبوو} هاواری كرد بەسەرمدا واتە: أبوبكر (لەڕیوایەتێكی تردا: هاواری كرد بەسەریاندا

---

(٢٤) (تلبيس إبليس: ص٢٦١).

(٢٥) (تلبيس إبليس: ص٢٧٩).

(٢٦) فەرموودەكەم لەكتێبی (تحريم آلات الطرب)؛ شێخی ئەلبانی یەوە وەرم گرتووە بەڕیوایەتەكانی تریەوە تا زیاتر جێی گفتوگۆ بێت و بابەتەكە دەوڵەمەندتر بكات ، سەیری (تحريم آلات الطرب ص ١٠٦ ، ١٠٧ ) بكە .

(٢٧) (منى): شوێنێكە لەنزیك مەككە حاجیان لێی دادەبەزن لەڕۆژانی (تشريق) .

(٢٨) (بعاث): جەنگێك بوو لەنێوان هەردوو تیرەی (أوس و خزرج)، وە بعاث بریتی یە لەقەڵای (أوس).

): وە ووتی ئاوازی (لەڕیوایەتێکی تردا: ئاوان) شەیتان لەلای (لەڕیوایەتێکی تردا: ئایا مۆسیقاکانی شەیتان لەماڵی) پێغەمبەری خودادایە (ﷺ) (دووجار)؟ .

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕووی تێکـرد (وە لەڕیوایـەتێکی تـردا: پێغەمبـەر (ﷺ) دەمووچـاوی ئاشکرا کردوو جلەکانی لەسەر لادا) ووتی: وازیان لێ بهێنە{ ئەی أبوبکر هـەموو میللـەتێك جـەژنی خۆی هەیە وە ئەوەش جەژنمانە}.

ابن حزم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەمە دەکاتە بەڵگە بەوەی ئەگەر مۆسـیقاو گۆرانی حـەرام ببوایە ئەوا پێغەمبەر (ﷺ) نکۆڵی لە أبوبکر (رضي الله عنه)نەدەکرد

وەزانایانیش بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە

١–نکۆڵی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە أبوبکر تەنها لەسەر دوو کەنیزەکە بوو لەبـەر ئـەو هۆیـەی کـە فـەرمووی "هـەموو میللـەتێك جـەژنی خـۆی هەیـە ئەمـەش جەژنمانـە" ئەمـەش لەڕەوانبێـژی پێغەمبەر بوو (ﷺ) لەدان پێدانان لەسەر نکۆڵی أبوبکر بـۆ ئاوازەکـە وەك بنـەڕەت، وە بەهـەمان شێوە دان پێدانان بۆ کردەوەی دوو کەنیزەکەکە لە گۆرانیەکەیان بەدەف بـە ئامـاژە پێکـردن بـە بەوەی ئەوە جیا دەکرێتەوە لەبنەڕەتەکـە ( المستثنى من الأصـــل) واتـە: هـەروەکو ئـەوە وایـە بـە أبوبکر(رضي الله عنه) بڵێت پێکاوتە لەدەست گرتنت بە بنە ڕەتەوە، بەڵام هەڵـەت کـردووە لەسـەر زەنشـت کردنەکەت بۆ دوو کەنیزەکەکە چونکە لەڕۆژی جەژندایە(٢٩). چونکە لە شەریعەتی ئیسلامدا هەندێ شت بەگشتی حەرام دەکرێت بەڵام لەهەندێ ڕووەوە بەشـێوەیەکی تایبـەتی ڕێگـەی پـێ دەدرێـت لەهەندێ بارودۆخدا کە دیاری کراوە .

١– ابن جوزی (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) دەفـەرموێت: ( ڕووکـەش وایـە ئـەو دووکەنیزەکـە لەتەمەندا بچووك بوون، چونکە عائیشە کاتێك منداڵ بـوو، پێغەمبـەر (ﷺ) کەنیزەکـەکانی بـۆلای دەنارد تا یاری لەگەڵدا بکەن)(٣٠) .

١–أبوالطيب الطبري دەفەرموێت:

(ئەم فەرموودەیـە بەڵگـەی ئێمەیـە، چـونکە أبـوبکر(رضي الله عنه) نـاوی لێ نـا بـەمزماری شـەیتان، وە پێغەمبەر (ﷺ) نکۆڵی نەکرد لە أبوبکر(رضي الله عنه) لەسەر ئەو قسەیەی)(٣١) .

وە ئەگەر بهاتایەو ئەو ووتەیەی أبوبکر (رضي الله عنه) هەڵە بوایە ئەوا بێگومان پێغەمبەری خـودا (ﷺ) نکۆڵی لێـدەکرد چـونکە هـەر کـردارو وتەیـەکی هەڵـە بکرایـە نکـۆڵی لێـدەکرد، وە هـەر کـردارو گوفتارێکی باشیش هەبوایە ئەوا فـەرمانی پێـدەکرد و خـەڵکی ڕێنمـونی دەکـرد، هـەروەکو خـوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾[الأعراف: ١٥٧].

**فەرموودەی دووەم**

---

(٢٩) کورتەیەك لەوەڵامی (شيخ محمد ناصرالدين الألباني) بۆ ابن حزم لە: (تحريم آلات الطرب: ص ١٠٨).

(٣٠) (تلبيس إبليس: ص٢٥٧).

(٣١) (تلبيس إبليس: ص٢٧١).

عن نافع مولى ابن عمر(رضي الله عنه): أن ابن عمر(رضي الله عنه) سمع صوت زمارة راع، فوضع إصبعيه في اذنيه، وعدل راحلته عن الطريق وهو يقول: يا نافع أتسمع؟ فأقول: نعم، فيمضي، حتى قلت: لا، فوضع يديه وأعاد راحلته الى الطريق، وقال: "رأيت رسول الله (صلى الله عليه وسلم) وسمع صوت زمارة راع، فصنع مثل هذا" (٣٢) .

**واتە: (ابن عمر) (رضي الله عنه) گوێی لە دەنگی شمشاڵی شوانێك بوو، پەنجەی خستە ناو گوێ یەكانیەوە، وە ووشترەكەی لە ڕێگە لاداو دەیووت: ئەی نافع گوێت لێیە؟ ووتم بەڵێ، هەردەڕوویشت، تا ووتم نەخێر، ئینجا پەنجەكانی لە گوێیەكانی دەركرد، وە ووشترەكەی گەڕاندەوە سەر ڕێگاكەو ووتی: پێغەمبەری خودام بینی (صلى الله عليه وسلم) وە گوێی لەدەنگی شمشاڵی شوانێك بوو، بەو شێوەیەی كرد .**

**بەو پێیەی كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەندێ شتی بۆخۆی پێ ناخۆش بووە نەك لەبەر حەرامێتی بەڵكو بۆ نزیك بوونەوە لەخودا بۆیە گوێی خۆی گرتووەو فەرمانی بەحەرام بوونی نەكردووە لەشوانەكە كە وازی لێ بهێنێت . وە هەروەها ابن عومەریش(رضي الله عنه) ڕێگری لەشوانەكە نەكرد.**

**لەم بارەیەوە شێخ ئەلبانی وەڵامی ابن حزم دەداتەوە بەم شێوەیە كە ئەمە كورتەكەیەتی:**

**١-جیاوازی هەیە لەنێوان گوێ لێ بوون (السماع) لەگەڵ گوێ گرتن (الإستماع) چونكە گوێ لێ بوون بەبێ هەڵبژاردە و ویستی كەسەكەیە، بەڵام گوێ لێ گرتن بەویست هەڵبژاردەی كەسەكە دەبێت .**

**٢-مەرج نیە كە شوانەكە لەلایەوە یان لە نزیكیەوە بووبێت تا ڕێگری لەو كارەبكات بەڵكو پێ دەچێت نەیبینیبێت و تەنها گوێی لێ بوو بێت ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە وە پێ دەچێت كە شوانەكە موكەللەف نەبووبێت و تاوانی لەسەر نەبێت.**

**٣-حەرامێتی گۆرانی و مۆسیقا گەورەتر نیە لەحەرامێتی مادده بێ هۆش كەرەكان كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ناو هاوەڵانیدا دەژیاو ئەوانیش دەیان خواردەوە پێش ئەوەی كە حەرام بكرێت وەدانی پیا دەناو ڕێگری لێ نەدەكردن . بۆیە پێ دەچێت ئەم كردەوەپێش حەرام بوونی گۆرانی و مۆسیقا بووبێت.**

**٤-ئەگەر گریمانەیەك دروست بێت كە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەكی تایبەت كراوە بۆ حەڵاڵێتی شمشاڵ كە ئامێرێكی سەرەتایی و (كلاسیكی) یە نەك بە ئامێرەكانی ئەم سەردەمە كە كاریگەریان زۆرترە لە سەر جوڵاندنی حەزو ئارەزووەكان بەڵكو لەڕاستیدا ڕاستر ئەوەیە كە نابێتە بەڵگە بۆئەوەش بەڵكو بەڵگەیە لەسەر نەویستنی و ڕق لێبونەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ دەنگی شمشاڵی شوانەكە، وەخوای گەورەش دەفەرموێت:** ﴿ لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة﴾ ،

(٣٢) (أخرجه أحمد: ٤٣٠٧)، و(أبوداود: ٤٩٢٤ – ٤٩٢٦)، و(البيهقي: ٢٠٧٨٦)، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٤٩٢٤).

هەر بۆیە عبدالله ی کوڕی عمر(ﷺ) بەهەمان شێوەی کردەوەی پێغەمبەری (ﷺ) دووبارە کردۆتەوە[٣٣] .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ابن حزم[٣٤] (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) نەیپێکاوە جگە لەوەی بۆچوونی پێچەوانەی بەڵگەکانی پێشووە کۆ دەنگی زانایان کە باسمان لێوەکرد وەبێگومان هەریەکێك لەزانایانی ئیسلام پایەی خۆیان هەیە لە هەمان کاتدا کە هەموویان کۆششیان کردووە وەهەندێ جاریش لە ڕاو بۆچوونەکانیان نەیان پێکاوە بەڵکو ئێمە کام ڕاو بۆچوونەیان نزیکترە لە قورئان و سوننەوە ئەوە وەردەگرین . وە بەوەرگرتنی هەموو ڕێگە پێدراوی زانایان و کۆکردنەوەیان وکارپێ کردنیان دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی هەموو جۆرە خراپەیەك هەروەکو سلێمانی التمیمی ئەفەرمووێت: ( إن كنت أخذت برخصة كل عالم اجتمع فيك الشر كله)[٣٥] .

واتە: ئەگەر شوێنی روخسەتی هەموو زانایەك بکەویت ئەوا هەموو شەڕ وخراپەیەکت تێدا کۆدەبێتەوە.

**گۆرانی بەبێ مۆسیقا**

گۆرانی بێ ئاواز زیاتر هۆنراوە یاخود شیعر دەگرێتەوە . پرسیارکرا دەربارەی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی هۆنراوە فەرمووی: (كلام فحسنه كحسن الكلام وقبيحه كقبيح الكلام)[٣٦] .

واتە: ووتەیەکە باشەکەی وەکو ووتەی باش وایە، وناشرینەکەی وەکو ووتەی ناشرین و خراپ وایە .

بۆیە دەتوانین بیکەین بەدوو بەشەوە:

یەکەم: ئەو هۆنراوانەی کە بەهەموو شێوەیەك حەرامن ئەو هۆنراوانە دەگرێتەوە کە هەڵەی ئیمانی تێدایە وەکو کوفرو گومڕایی و هاوبەشی بۆ خودای گەورەو هاوشێوەکانی، یاخود ئەو هۆنراوانەی تایبەتن بەبابەتی ئەڤینداری و ڕەگەزی بەرامبەر و وەسفی ئەندامانی ڕەگەزی بەرامبەری تێدا دەکرێت، یاخود هۆنراوەکانی داشۆرین کە ووشەی ناشیرین و جنێوی تێدا بەکار هاتووە و هاوشێوەی ئەمانە .

دووەم: جگە لەوانەی سەرەوە ئەو هۆنراوانەی کە باشن دەربارەی ئاین یاخود سروشتی و چاکەکاری... ئەمانە شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی پێداوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە چەند مەرجێك بێتە جێ .

---

(٣٣) (تحريم آلات الطرب: ص١١٧ – ١١٩) بەکورت کراوەیی.

(٣٤) جگە لەم بەڵگانەی ابن حزم فەرموودەکەی بخاری کە لە یەکەم فەرموودە باسمان کرد لاواز دەکات لەکاتێکدا زانایانی تری وەك: (بخارى، النووي، ابن حجر، الأصبهاني، ابن صلاح، وغيرهم ) بە صحيح يان داناوە، بڕوانە: "تحريم الات الطرب".

(٣٥) (إبن عبدالبر في جامع بيان العلم وفضله: ٢/ ٩١)، (٩٢) نقلته من: (تحريم آلات الطرب).

(٣٦) (انظر: السلسلة الصحيحة: ٤٤٧).

١-نەكرێتە عادەت خو لەهەموو یان زۆربەی كاتدا بەڵكو هەندێ بۆنەو كاتی دیاریكراو وەكو شێخ ئەلبانی لەم بارەیەوە دەڵێت: ( وەبیرهێنانەوەی مردن، یان بیركردنی كەس و كارو وڵات، یاخود بۆ پشووی دەروونی ولەكاتی بارگرانی و ناڕەحەتی سەفەردا، وە لەوشێوانە)[٣٧] .

نموونەی ئەمەش لەكاتی كاركردن لەكەندڕی خەندەقدا پشتیوانەكان دەیان ووت :

نحن الـــــذين بايعوا محمداً

على الجـــهاد ماحيينا أبـــداً

وە پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی دانەوە:

اللهم لاخير إلاخير الأخرة فأغـــفــر للأنصـــــار والمـــهاجـــرة[٣٨]

٢-دوور كەوتنەوە لەو هەڵوێستانەی كە لەسنوور دەرچوون و جوامێری مرۆڤ كەم دەكەنەوە وەك سەر لەقاندن لەكاتی ووتنی هۆنراوەكەدا یاخود پێدان بەزەویدا وئەم شێوازانە. كاتێك عائیشە(خوای لێ رازی بێت) بەلای كەسێكدا ڕۆیی لەماڵەكەیدا بینی گۆرانی دەڵێت و سەری دەجولێنێت پێی ووت: (شەیتان شەیتان وە فەرمانی كرد بەدەركردنی)[٣٩].

وە ابن جوزی لە ئایین زانەكانیانەوە دەڵێت: (شایەتی دان لەگۆرانی بێژو سەماكەر وەرناگیرێت)[٤٠] .

ئەو دووسیفەتەش پێچەوانەی مەرجەكانی سەرەوەن .

**سروودە ئیسلامی‌یەكان**

سروودی ئیسلامی بەو شێوەیەی كە ئەمڕۆ گوێ بیستی دەبین كەبە دەف ومۆسیقاوە لێ دەدرێت یەكێكە لە تازەداهێنراوەكان لە دین دا چونكە لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی دا نەبووە، لەم بارەیەشەوە پرسیاركرا لە ئیمامی( الشـــاطبي) كەسانێك كە خۆیان دەدەنە پاڵ صۆفیەكان و یادی خوا بەدەنگی بەرز دەكەنەوە و پاشان گۆرانی دەڵێن و سەما دەكەن؟ لەوەڵامدا دەفەرموێت: (ئەمانە هەمووی لەتازە داهێنراوەكانن (بدعە) كە پێچەوانەی ڕێگەی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانێتی و شوێن كەوتوانیان بەچاكەیە)[٤١] .

وەشێخی ئیسلام ابن تیمیە دەفەرموێت: (من اتخذ الغناء والتصفيق عبادة وقربـــة فقـــد ضـــاهي المشركين في ذلك و شابههم)[٤٢] . واتە: هەركەسێك گۆرانی و چەپڵە لێدان بكاتە بەندایەتی و نزیك بونەوە لەخودا ئەوە خۆی چواندووە بە هاوبەش پەیداكەران لەو كارەدا .

---

(٣٧) (تحريم آلات الطرب: ص١٢٩).

(٣٨) (الإعتصام: ١/ ٣٤٦).

(٣٩) (البيهقي: ٢٠٧٩٩).

(٤٠) (تلبيس إبليس: ٢٦٣).

(٤١) (الإعتصام: ١/ ٣٣٧).

(٤٢) (مجموعة الفتاوى: ٥٩٦/١١).

**وەهـەروەها دەفـەرمووێت:** (من جعل هذا دينا و طريقا الى الله تعالى فهو ضال مضل مفتر مخـــالف لإجماع المسلمين)(٤٣) .

واتە: هەركەسێك ئەمە بكاتە دیـن و ڕێگـەی بـەرەو خـودا ئـەوە گـومڕاو گومڕاكـەرە و بوختـان كەرەو پێچەوانەی كۆدەنگی موسڵمانانە .

وە ئەو سرودانەی كە ئێمە گوێ بیستی دەبین چەند زیانێكی لێ بەدەردەكەوێت:

١–هۆیەكە بۆ واز هێنان و دووركەوتنەوە لەگوێ گرتن لـەقورئان كەئەمـەش سـیفەتی هاوبـەش پەیداكەران بوو هەروەكو خودا دەفەرمووێت:

﴿وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا﴾ [الفرقان: ٣٠] .

٢–بەكارهێنانی ئامێرە مۆسیقیەكان بەهەموو جۆرەكانیەوە .

٣–بەكارهێنانی دەنگی ئافرەت بەجیاوازی تەمەنیانەوە لەهەندێك لەو سرودانەدا كاریگەری بـۆ سەرجولاندنی ئارەزووی گەنجان هەیە .

٤–بەفیڕۆدانی سامان و كاتێكی زۆر بەهۆی ئەنجام دان و گوێ گرتن لەم سرودانەی كە ئـامێرە مۆسیقیەكانیان تیا بەكاردێت لەبری فێربوونی زانستی شەرعی . وەچەند زیانێكی تریش.

لەكۆتایی باسەكەماندا ئەو ئەنجامە بەدەست دەهێنین كە گۆرانی و مۆسیقا زیانی زۆریان هەیە بۆ سەر موسڵمانان . وە ئەوەی شایەنی باسكردنە كە لەوەی باسمان كرد دەركەوت كە گـۆرانی و مۆسیقا بەشێوەیەكی گشـتی نەویسـتراوە تـەنها هەنـدێك تایبـەت كراو نـەبێت وەكـو دەف لێـدان لەكاتی مارەبڕینی ژنان دا لەلایەن ئافرەتانەوە(٤٤)، وە لەكاتی چـەژن لەلایـەن كیژۆڵـەی منداڵـەوە وە گۆرانی بێ مۆسیقا بەو شێوەی كە باسمان كرد بەمەرجەكانیەوە جگە لەمانە هەمووی دەچێتە بازنـەی حەرامەكانـەوە و سەرپێچـی فەرمانـەكانی خـودا و پێغەمبەرەكەیـەتی (ﷺ) . بـە هیـوای ئەوەی موسـڵمانان لەسـەر چـاو ڕۆشـنی لەبابەتـەكان بكۆڵنـەوە و بـدوێن تـا وەكـو بـە فێڵـەكانی شەیتان فریو نەخۆن .

سبحانك اللهم وبحمدك، أشهد أن لا إله إلا أنت، أستغفرك وأتوب إليك

www.ba8.org

(٤٣) (مجموعة الفتاوى: ١١/٦٣٣)

(٤٤) بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە دەفەرموێت: (فصل ما بين الحرام والحلال، ضرب الدف )، ئەم فەرموودەیە باسی (نكاح) دەكات و تایبەتە بە ژن هێنان و شوكردنەوە: بڕوانە: (آداب الزفاف: ص ١٧٩ – ١٨٣) .

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

م / خليل أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين وبعد:**

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای زانایان و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی فیقە و حەدیس و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە شەریعەتەوە هەیە لە ئامێز دەگرێت، بە ویستی خوای گەورە لە هەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بەنرخەدا ژمارەیەك فەتوا و وەڵامی بە سوودی زانایانی متمانە پێکراو و سەرچاوەی متمانە پێکراو دەخەینە بەر دەستی خوێنەران ئەمەش وەڵامی چەند پرسارێکە:

**پ١/ ئەگەر هاوڕێیەکم هەبوو کارو کاسپیەکەی حیلەو فێڵ بوو لەکاتێکدا منیش هەردەبوو سەردانی بکەم بۆنمونە کەسێکی بەڕەحم بوو ئایا تاوانم ناگات نانی بخۆم؟**

وەڵام /

ئەگەر خودی ئەو خواردنەی پێشکەشی دەکات بەحەرام بەدەستی هێنا بوو یان ماڵەکەی هەموو بەحەرام بەدەست هێنابوو ئەوا دروست نیە ئەو خواردنە بخۆیت، بەڵام ئەگەر ماڵەکەی تێکەڵ بوو لەحەرام وحەڵاڵ ئەوکاتە دروستە خواردنی بخۆیت لەسەر ڕای دروست وپەسەند کراوی زانایان)[1].

**پ٢/ کەسێک کەڕاوی ماسی دەکات پێش ئەوەی کەتۆڕەکەی بخاتە ئاوەکەوە، سەبەتەیەکی کارەباوی (واتە: کارەبای لەسەر بێت) دەخاتە ناو ئاوەکەوە وئاوەکە دەکاتە کارەبا وپاشان ماسیەکان کارەبایان دەچێتە سەرو**

---

(١) بڕوانە کتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٣٣).

**دەمرن، ئەنجا کەسی ڕاو چی ڕاویان دەکات ئایا ئەمە حەرامە یان حەلاڵ، وەئایا خواردنی دروستە؟ هەروەها کەسێک مادەیەکی تەقێنەر دەخاتە ناو ئاوی دەریاوە لەناو ئاوەکە دا دەتەقێتەوە وماسیەکان دەمرن لەزۆری کاریگەری پاڵەپەستۆی دەنگی تەقینەوەکەدا ئایا ڕای شەرع چیە؟**

وەڵام / ئەوەی کەباسکرا دروستە و خواردنیشی دروستە بەمەرجێك زیانی تێدا نەبێت بۆ هیچ کەسێك[٢].

**پ٣/ باوکم لاڵەو قوربانیشمان بۆ سەردەبڕێت، ئایا لەبری ئەو ناوی خوا لەسەر قوربانیەکە بێنم؟**

وەڵام/ کەسی لاڵ ناوی خوا لەسەر قوربانی دێنێت بەپێی توانا ومەبەستی لەدڵدا لەگەڵ ئاماژەدا هەر ئەوەندەش بەسە ناشبێت وتەواویش نیە کەسی تر لەبری ئەو ناوی خوا بێنێت[٣].

**پ٤/ ئایا دروستە کەسێک لەشی گران بێت مریشک سەرببڕێت، ئایا دەست لەخەنە گرتن بۆ پیاوان و ئافرەتان دەسنوێژ بەتاڵ دەکاتەوە؟**

وەڵام :

أ ـ کەسی لەشگران دروستە مریشك وئاژەڵی تر کەگۆشتیان دەخورێت سەرببڕێت وە إن شاء الله هیچی تێدا نیە.

ب ـ دەستنوێژی کەسێك کەدەستی گرتبێت لەخەنە دروستە پیاو بێت یان ئافرەت[٤].

**پ٥/ ئایا دروستە ئافرەتان حەیوان سەرببڕن یان سەربڕاوی ئافرەتان خواردنی دروست نیە؟**

وەڵام/ بنچینەکانی کارپێکراو لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەوەیە کەپیاوان و ئافرەتان هاوبەشن وەك یەك وان مەگەر بەڵگە شتێك تایبەت بکات بەیەکێکیانەوە، سەر بڕینیش لەو حوکمانەیە کەتێیدا هاوبەشن، ئێمە هیچ بەڵگەیەك نازانین هەبێت وەسەربڕین تایبەت

(٢) بڕوانە كتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣١٣ ــ ٣١٤) .

(٣) بڕوانە كتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٧٢).

(٤) بڕوانە كتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣١٥).

بکات بەپیاوانەوە، ئەو بەڵگە گشتیانەش کەبەڵگەن لەسەر دروستێتی سەربڕینی پیاوان و ئافرەتان دەگرێتەوە[٥].

**پ٦/ ئایا دروستە بۆمان لەو گۆشتە سەربڕاوانە بخۆین لەجەژنی موشریکەکاندا سەردەبڕێن وەک جەژنی لەدایک بوونی پێغەمبەر عیسی سەلامی خوای لە سەر بێت[٦] وەکو گاور و جولەکە بانگەشەی بۆ دەکەن ئەگەر کەسێ لە مەسیحیان هەستان بەسەربڕینی و لە بازاڕدا فرۆشرا ئایا دروستە لێی بکڕین؟**

وەڵام/ ئەم سەربڕینانەی کەسەر دەبڕێن لەپێناو جەژنەکانی موشریکەکان یان لەشوێنی سەر بڕینی ئەوان دروست نییە موسڵمان بیان خوات هەروەها بیان کڕێت أبوداود لە (ثابت)ی کوڕی (الضحاك)ەوە دەیگێڕێتەوە ئەڵێ: (پیاوێك لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) نەزری کرد لە (بوانة) وشترێك سرببڕێت بەنەزر، جا هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

(هل كان فيها وثن من أوثان الجاهلية يعبد؟) قالوا: لا، قال: (هل كان فيها عيد من أعيادهم؟ قالوا: لا، قال رسول الله (ﷺ): (أوف بنذرك فإنه لاوفاء في معصية الله ولا فيما لا يملك ابن آدم) وسنده صحيح[٧].

واتە: ئایە ئەو جێگایە بتێکی تێدا نییە لە بتەکانی سەردەمی نەفامی؟ ووتیان: نەخێر. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا ئاهەنگ وکۆبوونەوەکانی تێدا ناکەن؟ ووتیان: نەخێر. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو نەزرەی کردووتە بە ئەمەك بەو ئەنجامی بدە، بۆیە ئەمەم ووت چونکە نابێت نەزرێك بکەیت کە تاوان بێت، یان نەتوانیت ئەنجامی بدەیت.

**پ٧/ أ- خاوەنی کۆمپانیایەک پرسیار دەکات وئەڵێت: کۆمپیانیەکەمان بەنیازە دەزگایەکی ئۆتۆماتیکی سەر بڕین بکڕێت لەبری بەکار هێنانی چەند کەسێک چونکە ژمارەی سەربڕاوەکان یەجگار زۆرن ئایا دروستە؟**

وەڵام/ بەڵێ دروستە دەزگای ئۆتۆماتیکی بکڕن بۆ سەربڕینی ئەو حەیوانانەی گۆشتیان دەخورێت .

**ب - ئایا ناوی خوا هێنان (بسم الله أكبر) تەنها لەکاتی هەڵکردنی دەزگاکە دروستە؟ لەکاتێکا ناوی خوا هێنان بۆ سەر بڕین تەنها یەک جار**

---

(٥) بڕوانە کتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٧٥).

(٦) کە سەری ساڵی زاینی دەکرێت .

(٧) بڕوانە کتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٤٣٨ ــ ٤٣٩).

**لەکاتی هەڵکردنی دەزگاکە دەکرێت؟**

وەڵام/ تەنها یەك جار ناوی خوا هێنان (بسم الله الله أكبر) بۆ سەر برین دروستە بۆ کەسێ دەزگاکە هەڵکات کەبیەوێت بەو هەڵکردنەی کۆمەڵێك سەر ببڕێت بەمەرجێك دەبێ ئەو کەسە موسڵمان بێت یان ئەهلی کیتاب بێت (گاور یان جولەکە)[٨].

**پ٨/ پیاوێک سامان ومالێکی زۆری لەحەلاڵ وحەرام و پێک هێناوە، بەو پارەیە خانووبەرەیەکی دروست کردووە تێیدا نیشتەجێ بووە چەند بەشێکی لەو خانووەش داوە بەکرێ پاشان گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا وەک خۆی دەڵێ ـ تەوبەی سەرزەنشت کەری کردووە ئێستا چی لەوخانووە بکات؟ ئەوەش بزانن ناوبراو لەوڵاتێکدا دەژی کەخەڵکی ئەو وڵاتە تەنگی شوێنی نیشتە جێبوون دەچێژن، ئایا لەو دەست کەوتی ڕۆژانەی ببەخشێت یان چی بکات، حەرام وحەلاڵ تێکەڵ بوون؟**

وەڵام/ پێویستە ماڵی حەرام بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی یان میراتگرانی ئەگەر ئەمەی نەتوانی لەبەر نەناسینەوەیان یان هۆکاری تر وەك ئەم هۆکارە ئەو کاتە دەیبەخشێت بۆ خاوەنی پارەکە بەسەر هەژاراندا لەگەڵ پەشیمان بوونەوە لەو کارەو داوای لێخۆش بوون لەخودا و دڵ دابەستن لەسەر نەگەڕانەوە بۆ ئەم جۆرە هۆکارانە[٩].

**پ٩/ سیستەمی سەربڕین لەوڵاتی میسر زۆر جار بەو شێوەیەیە (قەسابەکە حەیوانەکان دەنێرێت بۆ کەوڵ گەو شوێنی سەربڕینی ئاژەڵەکان) ئەو قەسابەو ئەوانەی کاروباری کەوڵ گە بەڕێوە دەبەن هەڵدەستن بەسەربڕینی حەیوانەکان وناردنی بەپاک کراوی بۆ قەسابەکانی تر بۆ فرۆشتن، ئێمە نازانین ئەوانەی کەهەڵدەستن بەسەربڕینی ئایا ناوی خوا دێنن (بسم الله ألله أكبر) دەکەن یان نا؟ هەروەها نازانین ئەوانە نوێژ دەکەن یان نوێژ ناکەن؟ یان جوێن بەئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەدەن یان نا؟ ئایا لەسەر من واجبە کوڵیان لێبکەرم و هەواڵیان بزانم بۆئەوەی بزانم ناوی خوا دێنن یان نوێژ دەکەن یان واجب نیە ئەوەش دەخەمەوە یادی بەڕێزتان لەم ڕۆژگارە ئەوە زۆر بووە کەسێک نوێژ دەکات بەڵام ئەگەر تووڕە بوون زۆری بۆ هێنا کوفر دەکات؟**

(٨) بڕوانە کتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٤٦٢ ــ ٤٦٣).

(٩) بڕوانە کتێبی: (فتاوي اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٣٢ ــ ٣٣٣).

وەڵام/ بنچینەی کارپێکراو بۆ سەربڕاوی موسڵمان ئەوەیە کەدروستە بوخرێت تاکو شتێك جێگیر دەبێت کەحەرامی بکات وەك کافر بوونەوە یان نەهێنانی ناوی خوا (بسم الله الله أکبر) بەئەنقەست هەروەها شتانی وەك ئەمانە[10].

**پ١٠/ کەسێک پرسیار دەکات وئەڵێ: ئێمە لەئەمریکا دەخوێنین، ئایا دروستە بۆئێمە لەو گۆشتەی ئەوان بخۆین کەئەوان لەو وڵاتەدا دەیخۆن؟ وەڵاممان بدەنەوە خوای گەورە پاداشتتان باتەوە .**

وەڵام/ بۆ موسڵمان دروستە سەربڕاوی ئەهلی کیتاب بخوات کەبریتین لە گاورو جولەکە ئەگەر سەربڕاوەکە لەوانە بوو کەلە شەریعەتی ئیسلامدا خواردنی بۆ ئێمە حەڵاڵ کراوە وەك: وشتر ومەڕو بزن ومریشك و ئەوانەی بەبەڵگەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت:

﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلُّ لَّهُمْ﴾ [المائدة: ٥] .

خوای گەورە سەربڕاوی ئەمانی بۆ حەڵاڵ کردووین لەناو خەڵکانی تردا چونکە ئەمان سەربڕاو بۆ غەیری خوا بەحەرام دەزانن مەبەستمان بە (**الطعام**) لەم ئایەتەدا بریتی‌یە لە سەربڕاوەکان. ئەگەر بتوانن نەیخۆن ئەوە باشترە بۆتان پارێزراو ترە بۆ دینەکەتان وەهەر کەس خۆی لەشتی گومان لێکراو بپارێزێ ئەوە ئاین و سومعەتی خۆی پاراستووە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾ [ الطلاق: ٢-٣] . بەڵام کەسانی تر جگە لەئەهلی کیتاب وەك ئاگرپەرستەکان و بت پەرستەکان وشیوعیەکان وئەوانەی هیچ ئاینێکیان نی‌یە ئەوە بۆ موسڵمان دروست نی‌یە لەسەربڕاوەکانیان بخوات چونکە خوای گەورە کاتێ خواردنی سەربڕاوی ئەهلی کیتابی بەحەڵاڵ داناوە ئەوە بەڵگەیە جگە لەوان کەسانی تر لەکافران لەسەر حوکمی گشتی قەدەغەو حەرامێتی دەمێننەوە[11].

**پ١١/ ئایا بەڵگەی حەرامێتی مادە بێهۆش کەرەکان چی‌یە،ئایا (حەشیش) دروستە یان حەرامە ئەگەر حەرام بێت من کەسێکم باوکم لەگەڵ کەسێکی تردا لەو کارە شەریکن لەدوکانی بازرگانی (سەوزە فرۆشی) ئایا دروستە بۆ من لەو پارەی ئەو حەشیش فرۆشتنە ببەم وخەرجی خۆمی لێدەر بکەم؟**

---

(١٠) بڕوانە کتێبی: (فتاوي اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٦٨) .

(١١) بڕوانە کتێبی: (فتاوي اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٤١١ ــ ٤١٢) .

وەلاّم/ مادە بێهۆشکەرەکان پیسن خوای گەورە هەموو شتێکی پیسی لەسەر بەندەکانی حەرام کردووە تەنها شتی پاکی بۆ حەلاّل کردوون وەك خوای گەورە لەسورەتی مائیدەدا دەفەرموێت : ﴿يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ﴾ [سورة المائدة : ٤] هەروەها ئایەتی (١٥٧) لە سورەتی ئەعراف لە وەسفی پێغەمبەردا (ﷺ) : ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ هەروەها بەلگەی فەرمودەی (ئوم سەلەمە) کە (ابو داود) ریوایەتی دەکات کە پێغەمبەر (ﷺ): ((نهى عن كل مسكر ومُفتِّر))*.

زانراویشە مادە بێهۆش کەرەکان لەرەگەزی (مفترات)ەکانە هەروەها مادە بێهۆشکەرەکان زیانێکی گەورەو خراپیان هەیەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمویەتی: ((لا ضررَ ولا ضرار))(١٢)، فرۆشتن وکڕینی (حەشیش) بەکارهێنانی بۆ خواردن وخواردنەوە ولەدەمنانی (مضغ) حەرامە چونکە بێهۆشکەرەو زیانی زۆری تێدایە بۆ مرۆڤ، لەشەریعەتی ئیسلامدا ئەو شتانەی بێهۆش کەر بن قەدەغە کراون لە صەحیحی موسلیمدا وەلە (سنن) ی أبوداود لە (ابن عمر)ەوە (خوایان لیّ ڕازی بێت) فەرمویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ((كل مسكر خمر وكل خمر حرام))، وە لە(ابن عباس) ەوە خوایان لێڕازی بێت لەپێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرمویەتی : ((كل مسكر حرام))، هەروەها دروست نیە لەسودی ئەو کارە بخورێت(١٣).

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه و سلم.

www.ba8.org

* رواه أبو داود: (٣٦٧٩)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: (٦٩٧٧)، أما لفظه: (ومفتر) ضعيف، ضعفه الشيخ الألباني في ضعيف الجامع الصغير: (٦٠٧٧)، وسلسلة الأحاديث الضعيفة: (٤٧٣٢).

(١٢) أخرجه الحاكم (٢/٥٧ــ٥٨) والبيهقي (٦/٦٩ــ ٧٠) والدار قطني (٥٢٢، ٣٢١) وابن ماجة (٢/٥٧) وأحمد (١/٣١٣) وابن أبي شيبة وعبدالله بن أحمد في (زوائد المسند) (٥/٣٢٦)) والطبراني في معجم الأوسط والكبير برقم (١١٥٧٦) ورقم (١١٨٠٦) وأبو يعلى ورواه مالك مرسلاً في الموطأ (٢/٢١٨) ورواه أبو داود في سننه بلفظ (من ضارّ ضارّ الله به ومن شاق شق الله عليه) أنظر عون المعبود (١٠/٦٤) الطبعة الثانية المكتبة السلفية بالمدينة النبوية، وصححه الألباني في الصحيحة رقم: (٢٥٠).

(١٣) **بڕوانە کتێبی**: (فتاوي اللجنة الدائمة): (٢٢ / ١٣٧ ــ ١٣٨) .

# شۆڕشی خەوارج بەردەوامە

م/ محمد عبدالله

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين وبعد:**

لەم سەردەمەدا لە جیهانی ئیسلامی‌دا چەند دیاردەیەکی پێچەوانەی ئیسلام بڵاو بوەتەوە، کە خۆی بە بەرگی ئیسلام پۆشیوە، وەك توندوتیژی و حیزبایەتی و زێدەڕەوی، کە بۆتە هۆی وەرگێڕانی بانگەواز بۆ خوا لە ململانێ لەگەڵ شیرك و بیدعە وجێبەجێ کردنی شەهادەتین و پەروەردەکردنی خەڵکی لەسەر بیروباوەڕێکی راست و پەرستشێکی دروست بۆ ململانێ لە پێناو کورسی و دەسەلات، کە سەرئەنجامەکەی پەنابردن بوو بۆ توندڕەوی و ترساندن لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئامانجێکی رامیاری کە گومان لەوەدا نی‌یە ئیسلام ئەوجۆرە هەڵوێست و هەنگاوانە رەت ئەکاتەوە، چونکە بەم شێوەیە مەسەلەکان ئاڵۆزتر ئەبن و دوژمنانی ئیسلام سوود مەندتر ئەبن و کۆمەڵگای ئیسلامیش زیاتر دوور ئەکەوێتەوە لە تێگەیشتن لە ئایین، بەڵکو بەربەستێك دروست ئەبێت لە رووی گەنجانی موسڵمان بۆ شارەزابوون لە بیروباوەڕی راست بە هۆی گوشاری خاوەن دەسەڵاتەکان کە کاردانەوەی هەڵوێستی هەڵەی ئەو سەر لێشێواوانەیە.

## دەست گرتن بە قورئان و سوننەت:

خودای پەروەردگار فەرمانی کردووە بە موسڵمانان بەیەك خستنی بۆچونەکانیان و کۆکردنەوەی بیرو ڕاکانیان و دەست گرتن بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و ئاگاداریانی کردۆتەوە لە جیابوونەوە و دووبەرەکی، هەروەك خوای مەزن دەفەرموێ:

﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا﴾ [آل عمران:١٠٣]

واتە: وەهەموو دەست بگرن بە دینی خواوە ولێك جیا مەبنەوە، وە بەنیعمەتێك کە خوا پێی داون بیهێننەوە بیر، ئەو دەمەی دوژمنی یەکتری بوون، جا ئەو دڵ و دەرونی ئێوەی یەك خست، جا بەنیعمەتی خوا بوونە برای دینی یەکتر[1]. وە دەفەرموێ:

﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [آل عمران:١٠٥]

---

(١) (تەفسیری قورئانی پیرۆز بە کوردی وبەکورتی، وەرگێڕانی: محمد صالح إبراهیمی.

واتە: خوای گەورە نەهی‌مان لێ دەکا لە دووبەرەکی وەك چۆن جولەکە و گاورەکان دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە دوای ئەوەی کە ئایەتی ئاشکرایان بۆ هات کە حەقی تێدا روون کرا بوو. ئەوانە سزای سەختیان بۆ هەیە.

ئیمامی شەوکانی ئەفەرمێت: ئەوانەی دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە بیدعەچی‌یەکانی ئەم ئوممەتەن.

وە دەفەرموێ:

﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾ [الانعام:١٥٩ ].

واتە: ئەوانەی دینەکەیان بەش بەش کردو هەندێکیان وەرگرت و هەندێکیان وازلێ هێنا و بوون بە کۆمەڵ کۆمەڵ و حیزب حیزب، تۆ بەریت لە بیدعەکانیان و جیابونەوەیان بەڵکو ئاگادار کردنەوە کاری تۆیە[٢].

پێشەوا ناصر السعدی دەڵێت: ئەم ئایەتە هەڕەشەی پەروەردگارە بۆ ئەوانە کە دینەکەیان دابڕ دابڕ کردوە وە هەریەکە ناوێکی لەخۆی ناوە کە هیچ سوودێکی بۆ ئایینی ئادەمیزاد نی‌یە وەك جولەکایەتی وگاورێتی و ئاگر پەرستی.

یان بەم ناوانە ئیمان کامڵ نابێ. وەك بەشێك لە شەریعەت بگرێت و بیکات بە دینی خۆی، وە دەست بەرداری بەشەکانی تری شەریعەت بێت. ئەمەش حاڵی ئەوانەیە کە دینیان بەش بەش کردووە، لە بیدعەچی‌یەکان و گومڕاکان کە دووبەرەکی‌یان خستۆتە نێوان ئوممەتەوە. وە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئایینەکەمان فەرمانمان پێ دەکات بە کۆبوونەوە و گونجاندن، وە دابڕ دابڕی ودووبەرەکی‌مان لێ قەدەغە دەکات لە بنەڕەتی دین و هەروەها هەموو بابەتەکانی شەریعەت[٣].

وە ئەگەر جیاوازی و دووبەرەکی خراپ بێت لە هەموو حاڵێکدا ئەوە جیاوازی راو بۆچوون و دووبەرەکی لە باوەڕدا و دەرچوونی هەندێك (فِرَق) لە رێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت خراپ ترە و زیاتر دەبێتە هۆی بە هیلاك چون.

ئیمامی موسلم (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە ئەبو هورەیرەوە(ﷺ) بۆمان ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: (( فإنما هلك مَن كان قبلكم بكثرةِ مسائلهم واختلافهم على أنبيائهم))[٤].

واتە: بەڕاستی هۆی بەهیلاك چوونی ئوممەتەکانی پێش ئێوە زۆر پرسیار کردنیان و سەرپێچی کردنیان بوو لە فەرمانی پێغەمبەرەکانیان.

(٢) زبدة التفسير من فتح القدير للشوكاني، د. محمد سليمان عبدالله الأشقر: ص١٩١.

(٣) (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان للشيخ: عبد الرحمن بن ناصر السعدي).

(٤) (صحيح الجامع الصغير: ٥٨١٠).

وە جونەیدی کوڕی عبدالله ی بەجەلی (رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەگێڕێتەوە کەفەرموویەتی: ((اقرأوا القرآن ما ائتلفت عليه قلوبكم فإذا اختلفتم فقوموا))[٥].

واتە: قورئان بخوێننەوە تا دڵەکانتان جووت بێت لەسەری، وە ئەگەرجیاوازی کەوتە نێوانتانەوە ئەوە هەستن، واتە: بێ دەنگ بن و وازی لێ بێنن .

عرباضی کوڕی ساریە(رضي الله عنه) فەرمووی: ڕۆژێکیان پێغەمبەرﷺ نوێژی پێکردین، ڕووی تێ کردین و ئامۆژگاریەکی ڕەوانی کردین، چاوانمان فرمێسکی باران و دڵکانمان لەرزی، کابرایەك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوداﷺ ئەڵێی ئەمە ووتاری ماڵ ئاوایی کردنە، چیمان پێ ڕادەسپێری؟ فەرمووی:

((أوصيكم بتقوى الله والسمع والطاعة وإن عبداً حبشياً فإنه من يعيش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء المهديين الراشدين تمسكوا بها وعضو عليها بالنوجذ وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة))[٦].

واتە: وەسێتتان بۆ دەکەم بەتەقوای خوا وگوێڕایەڵی کردن ئەگەر تەنانەت کۆیلەیەکی حەبەشی بوو بە کاربەدەست، چونکە هەرکەسێ لە ئێوە بژێت جیاوازی یەکی زۆر دەبینێ — وە بۆچارەسەر کردنی ئەم جیاوازی یە فەرمووی —ئێوەش دەست بگرن بە ڕێبازی من و ڕێبازی نیشتەجێیەکانی من، بە توندی بیگرن و بەدان بیگەزن— کینایەتە لەسەر بایەخ پێدان و دەست پێوەگرتنی— وە ئاگادار بن کاری نوێکاری مەخەنە ناو ئەم دینەوە چونکە هەموو نوێکاری یەك لە دین بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەك گومڕایە ...

## سەرەتای دەرکەوتن و سەرهەلدانی خەواریج:—

وە لەگەڵ ئەم ئاگادار کردنەوە توندوتیژە لە پێغەمبەری خواوەﷺ لە داهێنان لە دیندا بەڵام تاقمانێك پەیدا بوون ئەم ئامۆژگاری یەیان وەرنەگرت و نوێ کاری یان خستە ناو دینی خودای بێ هاوتاوە، دەرچوون لە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت. وە لەو موبتەدیعانە کۆمەڵی خەواریج کە بنچینەو سەرەتایان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پیاوەی کە نارەزایی دەربڕی بەرامبەر فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بە بۆچونی هەڵەی خۆی، هەروەك لە(صحیحین)دا هاتووە لە فەرموودەی ئەبو سەعیدی خودری(رضي الله عنه) کە دەفەرمێت: ئیمامی عەلی(رضي الله عنه) لە یەمەنەوە هەندێ زێری خامی نارد بۆ پێغەمبەرﷺ ئەویش دابەشی کرد بەسەر چوار کەسدا : ئەقرەعی کوڕی حابسی حنظلي، عویەینەی کوڕی بەدری فەزاری، عەلقەمەی کوڕی عەلاثە ی عامر و.... ئەبو سەعید(رضي الله عنه) فەرمووی: قورەیش تورە بوون و وتیان: بە پیاوانی نەجد ماڵ ئەبەخشێ و واز لە ئێمە دێنێ؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

---

(٤) (متفق عليه، وانظر: السلسلة الصحيحة، رقم: ٣٩٩٣).

(٦) (رواه أبو داود والترمذي، وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: ٢٥٤٩).

(( إني إنما فعلت ذلك لأتآلفهم )) .

**واتە: من ئەو کارەم کرد بۆ ئەوەی دڵەکانیان نەرم بکەم بۆ ئیسلام... کابرایەك هات: ریش پڕ، روومەت بەرز، چاو بەقوڵاچوو، نێوچەوان بەرز و دەرپۆقیو،سەرتاشراو. ووتی: لە خوا بترسێ ئەی محمدﷺ، ئەبو سەعید(ﷺ) ووتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:**

(( فمن يطع الله إن عصيته أيأمنني على أهل الارض ولاتأمنوني؟))[7].

**واتە: ئەوە کێیە گوێڕایەڵی خوا ئەکات ئەگەر من یاخی بم لە فەرمانەکانی. ئایا خوای گەورە منی کردووە بە ئەمینی سەرخەڵکی زەوی وەئێوە دڵەکانتان لە من پاك نییە و لە من بە گومانن. لە پاشان پیاوەکە پشتی هەڵکردو رۆیشت، پیاوێك داوای مۆڵەتی کوشتنی کرد– ئەڵێن خالیدی کوڕی وەلید بوو(ﷺ)– پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

(( إن من ضئضئ هذا قوم يقرأون القرآن لايجاوز حناجرهم يقتلون أهل الإسلام ويدعون أهل الأوثان: يمرقون من الإسلام كما يمرق السهم من الرمية، لئن أدركتهم لأقتلهم قتل عاد))[8] .

**واتە: لە وەچەو نەوەی ئەمە قەومێك دەردێن، قورئان دەخوێننەوە لە گەرویان تێ ناپەڕێ –لێی تێ ناگەن– کوشتاری موسڵمانان دەکەن. واز لە بت پەرستان دێنن. لە ئیسلام دەردەچن هەروەك چۆن تیر لە نیشانەوە دەردەچێت، ئەگەر پێیان بگەم ئەیان کوژم وەك کوشتنی عاد. لە لەفزێکی تردا:**

((آيتهم رجلُ اسود إحدى عضديه مثل ثدي المرأة أو مثل البضعة تدردر يخرجون على حـين فرقة من الناس))[9] .

**نیشانەیان پیاوێکی رەشتاڵەیە بازویەکی وەك مەمکی ژن وایە وەك پارچە گۆشتێك وایە ئەلەرێتەوە، لەکاتێکدا دەردەکەون ناکۆکی لە نێوان موسڵماناندا پەیدا دەبێ.**

**ئەبو سەعید(ﷺ) ووتی: گەواهی ئەدەم(أشهد) کە من گوێم لەم ئاخاوتنە بووە لە پێغەمبەری خوا ﷺ، وە گەواهی ئەدەم عەلی کوڕی ئەبو طالـب(ﷺ) جەنگا لەگەڵیان ومنیش لەگەڵیدا بووم. فەرمانی دا ئەو پیاوە بێنن بە دوایدا گەڕان هەتا هێنایان منیش تەماشام کرد بەو وەسفە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفی کرد.**

**ئەمەش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی کە هەواڵی دا بە دەرچوونی خەوارج، هەرچۆنی فەرموو ئاوها بوو سەلات و سەلامی خودای لەسەر، کاتێك دەرکەوتن کە جیاوازی لە نێوان موسڵمان هەبوو لە نێوان ئیمامی عەلی و موعاویە (رەزای خوایان لێ بێت). پێغەمبەری خواﷺ باسی کردن کە موسڵمانان دەکوژن، واز لە بت پەرستان دێنن ئەوانیش ئاوەهابوون .**

---

(٧) (رواه النسائي، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن النسائي: ٢٥٧٨).

(٨) (صحيح الجامع الصغير: ٢٢٢٧).

(٩) (البخاري ومسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٨٩٤).

## چەند سیفاتێکی خەوارج:-

پێویستە نیشانەو سیفەتەکانی خەوارج بزانرێت و بەراورد بکرێت لەگەڵ سیفەتی ئەم گروپانەی ئەم سەردەمە، بۆمان دەرئەکەوێت چەند لەیەك ئەچن. ئەویش بەکورتی لەم سیفەتانە کۆ ئەبنەوە:-

### یەکەم:- ماڵ و سامان و ململانێ لە پێناو وەرگرتنی دەسەڵات لە دەسەڵاتداران.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(( لكل أمة فتنة و فتنة أمتي المال))[١٠] .

وەکاتێك ذوالخويصره هاتە لای پێغەمبەر ﷺ کە خەراجی بەحرەینی دابەش ئەکرد پێی ووت "إعدل يا محمد" ئەم ووشەیە دائەنرێت بەدەرچوون(خروج) بە ووشەی دژی پێغەمبەر ﷺ ئەمەیش لە ژێر دروشمی دادپەروەری و داواکردنی مافەکان کە بووە هۆی تاوانبارکردنی باشترین مەخلوقی خوا لە دادپەروەری و ئەمانەتدا.

### دووەم/داهێنان لە پەرستندا:-

ئەو حەلەقە زیکرانەی کە لە مزگەوتی کوفە هەبوون بەشێوەیەکی داهێنراو، وەعبدالله کوری مسعود (رضي الله عنه) نەهی لێ کردن وە سەرەنجامیان گەیشتە بە تەکفیر کردنی(هاوەڵان رضي الله عنهم) و شەرکردن لە دژیان لە ڕۆژی نەهرەوان. کەوابوو وەسفێکی ئەم گروپە داهێنانی زیکر بە حەلەقە وگۆڕینی ڕێگای بانگەوازکردن بووە.

### سێیەم/ تەکفیر کردنی خاوەن گوناهە گەورەکان:-

وە لە نیشانەکانی خەواریج کافر کردنە بە گوناه، بەوەی کە هەرکەسێك گوناهی گەورە بکات ئەگەر لە شیرك بەخواریش بێت ئەوە لە ئیسلام ئەچێتە دەرەوە. وەلەم چەرخەدا چرۆی تازە پشکوت دەرکەوتووە صالحان بە کافر دەزانن، وە توانج و تەشەر لە عەدالەتی پێشەوایانی ئوممەت ئەدەن. بۆیە دڵەکانیان لە یەك دەچن، هیچ جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەوانەی دوای شوێنەواری ئەوان کەوتوون لەم سەردەمەدان(ابن باز) یان (ابن عثيمين) یان هەر یەکێك لەپێشەوایانی ئیسلام کافر بکەن.

چونکە فیتنەی بە کافرکردن تووشی باشترین کەسانێك بووە لە دوای پێغەمبەران، وەئەگەر تووشی لەوان کەم تر بێت ئەوە زۆر ئاسان ترە لای زیاد ڕەوانی تەکفیر ئەگەر بێتو تەکفیر کردنی (هاوەڵان رضي الله عنهم) بێنینە بیری خۆمان.

---

(١٠) (رواه الترمذي، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢١٤٨).

تائێستا ئەو بۆ چوونە((التكفير بالمعصية)) بەردەوامە زۆربەی بانگەوازکارە حیزبی یەکان هەڵیان گرتووە، وەبایەخیان داوە بە بلاو کردنەوەی هەندێك کتێب کە کۆمەڵانی موسڵمان کافر دەکات هەر کوت ومت بۆچوونی خەواریجی تێدایە لە کافر کردن بە گوناه.

## چوارەم/لادان لە ڕێبازی بەڵگە هێنانەوە و تێنەگەیشتن لە قورئان (يقرأون القرآن لايجاوز تراقيهم)

وە لە نیشانەکانیان لادانیان لەشێوەی ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتانەی کە دەربارەی بێباوەڕان دابەزیوە، ئەوان لەسەر موسڵمانان بە کاری دێنن، وەتاکو ئەم کاتەش ئەو ڕێبازە هەڵەیە بەردەوامە لای خاوەن هەوا و بانگەوازکارانی حیزبایەتی، ئەو فیتنەیەی کە خەواریج توشی بوون هەر عەینی ئەو فیتنەیەیە کە توشی حزبی یەکان بووە کە هیوایەتیان دەسەڵاتە و ململانێیە لەگەڵ کاربەدەستان لەسەر حیسابی خەڵکێکی موسڵمان کە لە مەرامەکانی ئەوان تێ نەگەیشتووە و شارەزاییەکی تەواوی لە دینەکەی خۆی نییە، چونکە خەواریج ئەیان ووت:

((لا حكم إلا لله)) وە حزبییەکان ئەڵێن: ((الحاكمية لله)).

وە حزبییەکان ئایاتی حوکم بە غەیری ئەوەی کە خوا دایبەزاندووە هەروەك خەواریجەکان تەفسیری دەکەن و بەکوفری گەورەی دادەنێن، جیاوازی ناخەنە نێوان ئەوەی بە حەڵاڵی ئەزانی و ئەوەی بە حەرامی ئەزانی[11].

چونکە خۆشیان ئامانجی سەرەکیان هەر حوکمە. هەر بۆ ئەوەیش هەوڵ و کۆشش ئەکەن، بۆیە مەسەلەی حاکمیەت بە گەورەتر ئەزانن لە یەکخواپەرستی((توحيد الألوهيـــة)) کە لە پێناویدا خوای گەورە ((انس و جن))ی دروست کردووە و پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە وکتێبەکانی داگرتووە و جیاوازی خستۆتە نێوان خەڵکییەوە– وکۆمەڵێ ئیماندار و کۆمەڵێ بێ باوەڕ –.

بەلام لای گروپە حزبییەکانی ئەم سەردەمە جیاوازی لە نێوان (مُوَحِّد) و (رافضي) و (طُرُقِي) نییە تەنها بە ئینتمای حزبی نەبێ، ئەوەی حزبی بێ ئەوە خۆشەویست و نزیکە، وە ئەوەی لە گەڵیان نەبێ ئەوە دوور و نامۆیە.

### خەواریج هەر ماون:–

وەهەندێ کەس وا گومان دەبەن کە خەواریج کۆمەڵێك بوون هەر لەو سەردەمەدا ئیتر لە ناوچوون و نەماون، ئەم ووتەیە کەسێك ئەیڵێت کەهیچ دەربارەی خەواریج نەزانێ، بەڵکو ئەوان بە درێژایی مێژوو هەن، ئیمامی ئەلبانی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە زنجیرە

---

(١١) شارحی طحاوی دەفەرمێت: لێرەدا باسێك هەیە ئەوەیە کە حوکم بە غەیری ئەوەی کە خوای گەورە دایبەزندووە هەندێك جار کوفرێکە مرۆڤ لە دین دەردەکات، وەهەندێك جاریش تاوانە: یان گەورە یان بچوك.

بەنرخەکەیدا بەرگی پێنج لە ژێر ناونیشانی(استمرار خـروج الخـوارج)دا، فەرموودەیـەکی هێنـاوە لـە عبـدالله ی کـوڕی عومـەرەوە(رضي الله عنه) فـەرمووی: گـوێم لێ بـوو پێغەمبـەر ﷺ ئـەی فەرموو:

( ينشأ نَشء يقرؤون القرآن، لايُجاوِزُ تراقيهم، كُلَّما خَرَجَ قَرْنٌ قُطِعُ حتّى يَخرُجَ في أعْراضِهِمُ الدَّجالُ)[١٢].

واتە: کۆمەڵێك پەیدا ئەبن قورئـان ئەخوێننـەوە لـە گـەرویان تـێ ناپـەڕێ و ناچـێتە نـاو دڵیانەوە و لێی تێناگەن، هەر کاتێ کۆمەڵێکیان دەرئەچن بن بڕ ئـەکرێن تـا وەکـو لـە نـاو سوپای ئەواندا دەجال دەر ئەچێ.

پێشەوا شیخ الاسلام إبن تیمیه لـە دوای باسـکردنی هەنـدێ نیشـانەیان ئەفـەرمێت: (ئەم نیشانەیە کە پێغەمبەرﷺ باسی کرد–مەبەست ئەو پیاوەیە کە باڵی وەك مـەمك وایـە– نیشانەی یەکەم تاقمیانە کە دەرئەچن، تایبەت نین بەو زەمانەوە و بـەو نیشـانەوە، چـونکە پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەی تر باسیانی کردووە کە ئەوان بەبەردەوامی دەر ئەچن تا وەکـو سەردەمی دەجال، وە موسڵمانان یەك دەنگن کە خەواریج تایبەت نین بـەو سـوپایەوە کـە ئەو پیاوەی تێدا بوو ..)[١٣].

بەم بەڵگانە روون بووەوە کە خەواریج هەر ماون و بەردەوام ئەمێنن تـا وەکـو دەجـال دەرئەچێ، وە تاوەکو دەرکەوتنی نیشانە گەورەکانی دوا ڕۆژ، لەوانە:–

<u>یەکەم</u>:– (الإباضية) کە لە وولاّتی سەڵتەنەتی عوممان هـەن، ولـە هەنـدێ شـوێنی وولاّتـە عەرەبییەکانی تر –المغرب العربی–.

<u>دووەم</u> : ئەو کۆمەڵانەی کە زیاد ڕەوی دەکەن لە مەسەلەی بە کافرکردنی موسڵمانان، کە ئەوانیش هەر لەسەر ڕێبازی خەواریج ئەڕۆن کە موسڵمانانیان کافر کرد، هـەروەها خـوێن وماڵی موسڵمانانیان حەڵاڵ کردوە و فەسادیان بڵاو کردۆتەوە، ئـەوان پاشمـاوەی خـەوارجن ئەگەر چی تەبـەڕایان لێ بکـەن و بـە کافریـان بـزانن، چونکە عیـبرەت بـەناو نـیـیە، بـەڵکو زۆربەی ئەو کۆمەڵ و حیزبانەی کە زیادڕەوی لە کافر کردنی کۆمـەڵگا ئەکـەن، حـوکمی بـێ باوەڕیـان داوە بەسـەر موسـڵماناندا مەگـەر ئەوانـە نـەبێت کـە هـاو فیکریـانن، تاڕادەیـەك یەکتریش کافردەکەن، وەکۆمەڵی خۆیان بە جەماعەی موسڵمانان ئەزانن.

وە ئەم کۆمەڵانە جـۆراو جـۆرن، وەك کـافرکردن بـەگوناە یـان زیـادڕەوی لـە لایـەنێك لـە لایەنەکانی ئـایین وەك حـوکم کـردن بـەوەی کـە پـەروەردگار دایبەزانـدووە، وە دۆسـتایەتی ئیمانداران و دژایەتی بێ باوەڕان و کافرکردنی کـافر، گومـان لـەوەدا نـیـیە کـە ئـەم شـتانە

---

(١٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة): (٥/ ٥٨٢) رقم: ٢٤٥٥).

(١٣) (مجموع الفتاوى): (٢٨/ ٤٩٥-٤٩٦)، الخوارج أول الفرق في تاريخ الإسلام، د. ناصر عبدالكريم العقل: ص٥٢).

شەرعین، بەڵکو لە کارە گرنگەکانی شەرعن، بەڵام ئەوەی نابەجێیە و خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ ئاگادارمان ئەکەنەوە لێی زێدەڕەوی یە، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِنْ قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيرًا وَضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ [المائدة: ٧٧].

مەبەستمان لێرەدا ئەوانەیە کە دەرچوون بە زێدەڕەوییەکەیان لە عەقیدەی ئەهلی سەننەت و جەماعەت و بوونەتە هۆی بە جورئەت کردنی نەزانان و نەفامان بۆ کافرکردنی موسڵمانان، ئەبینی یەکێکیان دەست نوێژ بە ڕێکی نازانێت، وە شارەزایی نییە لەمەسەلە گرنگەکانی ئایین، چەند زوبان درێژە لە فەتواداان بە کافرکردن بەبێ روون کردنەوە و بەبێ هیچ شەرم و بیرکردنەوەیەك.

ئەمەیش بەڵگەیەکە لەسەر لاوازی ئیمان(١٤) و نەمانی ترس لە پەروەردگار، چونکە هەر کەسێ بەبێ زانیاری فەتوا بدات لەم مەسەلە سامناکە ئەوە دیارە ترسی خوا لە دڵی دا زۆر کزە یان لە دڵی دا نییە، ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾ [الإسراء: ٣٦].

زۆربەی زیادڕەوان لە کافر کردنی کۆمەڵگای موسڵمان، بە چاوی سووك تەماشای زانا و پێشەوایانی ئیسلام ئەکەن، چ زانایانی پێش یان ئەم سەردەمە.

خاوەنی کتێبی: (إعلان النكير على غلاة التكفير) ئەڵێت: یەکێك لە شوێن کەوتوانی(شكري مصطفى) کە بەناوبانگە بە(التكفير و الهجرة) هەوڵی سەرلێ شێواندنی دابوو لەگەڵ برایەکدا لە ئەهلی سوونەت تا مەسەلەکانی لێ ئاڵۆز کردبوو، پاشان هاتن گفتوگۆ لەگەڵ من بکەن دەربارەی ئەوباسە، منیش چەند شتێکم بۆیان باس کرد لەوانە کە ئیمامی بوخاری بابێکی داناوە لە(صحيح)ەکەیدا، (باب أن المعاصي من أمر الجاهلية ولا يكفر صاحبها إلا بالشرك) داوام لێ کردن کە پرسیار لەو سەرلێشێواوە بکەن دەرباری حوکمی بوخاری لایان، ئەویش ووتبووی: بێژەری ئەم ووتەیە کافرە.

هەروەها یەکێك لەو گومڕایانە کاتێك کە یەك لە زانایان دانووستانی کرد لە گەڵدا پێ ووتبوو: پەروەردگار ئەفەرمێ: ((وعصى آدم ربه فغوى))، ئایا ئادەم کافر بوو؟ ئەو تاوانکارە بێ شەرمە ووتی:"بەڵێ ئادەم کافر بوو".

ئەم بەدبەخت و چارە ڕەشانە حاڵیان گەیشتووە بەم جورئەتە کە قسەی وا بکەن کە خۆی لە خۆی دا بێ باوەڕییەکی ئاشکرایە، لەگەڵ ئەوەیش وا گومان ئەبات هەر ئەو و هاوبیرانی موسڵمانن، پەنا بەخوا لە کوێری.

---

(١٤) ئەو نەفامانە دینی مرۆڤ ئەپێون بە زۆری کافر کردن، چەندێك خەڵکی زۆرتر کافر بکات ئەوە زیاتر پلەو پایەی بەرز وبڵندتر دەبێت، وەشایەتی بەهێزی دین وباوەڕی بۆ دەدرێت.

وە هـۆی تێکـەوتنی ئـەو گێـژاوە دووریـیە لـە تێگەیشـتنی پێشـینی صـاڵحان و عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

شایانی باسە ئێمە ناڵێین کـە هـەموو تـەکفیری‌یـەکان گەیشـتوونەتە ئـەم ئاسـتە لـە گومڕایی، بەڵکو ئەوان گروپی زۆرن و کۆمەڵ و ئەحزابن. لەوانەیە چەندان کەسیان تێدا بێت هەق ویست بێت، بەڵام لێی شێواو و تێکەڵە.

وە هەنـدێك شـبوهات یـان بـۆ پەیـدا بـووە نـاتوانن بـەرەنگاری بکـەن لەبـەر کـەمی زانستی شەرعی.

## هۆی ڕەواجی شبوهاتی خەواریج (هۆی بە هێزبونی زێدەڕەوان):-

ئێمە لە کۆمەڵگایەك ئەژین کە فیتنە و گونـاە و بـێ ئـەمری پـەروەردگاری تێـدا زۆر بووە لە ناو هەندێك لە توێژەکانی کۆمەڵگا، تا ئەگاتە ئیلحاد و لادان لە دین.

هەروەها گوشاری کاربەدەستان لە سەر بانگەوازکارانی هەق و ئەزیت دانیان، وە زۆر جار نەیان هێڵاوە کە دینی خوا فێری خەڵکی بکـەن کـە خۆشـبەختی دونیـا و قیامـەتی تێدایـە، ئەوا حەقیقەتێکی ڕاستەوانەیە هەرچەندە گوشار و ئـەزێت دان پـتر بێـت بـۆ بانگـەوازکارانی هەق ئەوەندە گروپی زیادڕەوی زیاد ئەبن و ژمارەیان زیاد ئەکات.

بێجگەلە لە ئەم هۆیانە شەیتان زۆر سورە لە سـەر ئـەوەی خـەڵکی سـوکایەتی بکـەن بـە زانایان و پێشەوایانی ئیسلام، تا زمان درێژیان کرد بە سـەر(هـاوەڵان ﷺ) شـەیتانەکانیان پێان دەووتن بڵێن: "هم رجالُ ونحن رجال" لە خۆبایی بوون لە ڕاستەڕێ دوریانی خستەوە، وە گومان ئەبەن ئەو هەوا و ئارەزووەی کە ناویـان لێ نـاوە "عقـل" ڕێنمونیـان ئـەکات و لـە سەرلێشێواوی ڕزگاریان ئەکات، بۆیە فورسەتی کەمی ئەهلی عیلم و کەمی ئـەهلی عەمـەلیان قۆستەوە، بەڵام شەمشەمە کوێرە لە تاریکی ئەفرێ و پێشەوایان و زانایان چرای ڕێنمـونی و سەرچاوەی ڕاستی و بەردەوامی‌یەتن.

### پرسیارێك و وەڵامەکەی:

لە زانای پایە بەرز شێخ (عبدالعزیز بن باز) پرسیار کرا: هەندێك هەن ئەڵێن: ئارام گرتن لەسـەر جەور و ستەمی کاربەدەسـتان کـارێکی ترسـنۆکانەیە؟ لـە وەڵامـدا (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) فەرمووی:

ئەم بۆچوونە هەڵەیە و کەم تێگەیشتنە لە لایەن ئەوکەسـەوە کـە شـتی وا ئـەڵێت، چـونکە لـە سوننەت تێنەگەیشتوون و نەیانزانیوە وەك پێویست، بەڵام خوێن گەرمی و غیرەت وای لێ کردوون کاتێ بیانەوێ کارێکی ناشەرعی نەهێڵن خۆشیان تووشی کاری نابەجێ ئـەبن هـەروەك خـەواریج و

موعتەزیلە تووشی بوون، خۆشەویستیان بۆ سەرخستنی هەق وای لێ کردوون کە تووشی کاری بەتاڵ و ناشەرعی بېن، تاگەیشتە ئەوەی موسڵمانان بە گوناه کافر بکەن ...

هەموو ئەو بۆچونانە گومڕایییە.

وە ئەوەی ئەهلی سوننەت لەسەرین هەر ئەوە هەقە کە گوناهکار کافر نابێت ئەگەر گوناهەکەی بە حەلاڵ نەزانێت.... بەلام کافرکردنی خەڵکی لە لایەن خەواریجەوە کارێکی بەتاڵە بۆیە پێغەبەر ﷺ دەربارەیان فەرمووی: ((يمرقون من الإسلام ثم لا يعودون فيه))[١٥]، ((يقاتلون أهل الاسلام و يدعون أهل الاوثان))

ئەمە حاڵی خەواریجە بە هۆی زیادەڕەوی و نەفامی و گومڕاییيانەوە، بۆیە شیاو نییە بۆ گەنج و غەیری گەنجیش کە تەقلیدی خەواریج و موعتەزیلە بکەن، بەڵکو پێویستە کە لەسەر بۆچوونی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بڕون بە گوێرەی بەڵگە شەرعی یەکان.... .

**مەبەستمان لە نووسینی ئەم بابەتە:-**

بۆ ئەوانەی کە هەقیان لێ شێواوە و مەبەستیان هەقە و بۆئەوانەی راستی یەتی رێبازی زیادڕەوانی تەکفیر نازانن، کە مەترسی ئەوەیان لێ ئەکرێ کە تووشی ئەو دەردەبن ئەم لێکۆڵینەوەیەمان نووسی، وە رەچاوی ئەوەمان کردووە کە وشەی زیادڕەو بەکار بێنین، چونکە تەکفیر کردن خۆی لە خۆیدا هەقە ئەگەر بە گوێرەی سنوورەکانی شەرع بێت.

وە زۆر کەس هەن نەرم و نیانی یەکی زۆریان نیشان داوە لەم بوارەدا، تاڕادەیەك خەڵکانێك یەهود و نەصاری بە کافر نازانن، ئەمەیش تێنەگەیشتنە لە دینی خوای گەورە، وەلەگەڵ دەقەکانی قورئاندا ناگونجێ.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه و سلم

www.ba8.org

(١٥) (أخرجه البخاري).




✍ : م/ صلاح الدين عبدالكريم

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين، وبعد:

**هەر لەو ڕۆژەوەی کە خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەرە مەزنەکەی محمد (ﷺ) ناردو ئاییني پیرۆزی ئیسلامی وەکو دیاری ڕزگار کەر بۆ گرۆی ئادەمیزاد ناردو هەموو ئایینەکانی تری پێ پوچەڵ و بەتاڵ کردەوەو ڕایگەیاند کە تەنها ئاییني پێڕازی بوو وراست ودروست بریتییە لە ئیسلام، دوژمنانی خوا لە هاوبەش بڕیاردەران و دووڕووەکان و جولەکەو گاورەکان و کلکەکانیان کەوتنە دژایەتی کردنی ئەم دیارییە خواییە و پیلان دانان دژی و پڕو پاگەندە کردن و درۆ هەڵبەستن بۆی، تا ناشیرینی بکەن لە پێش چاوی خەڵکی و ڕەونەق و ڕووناکی ودرەوشاوەییەکەی داپۆشن و نەهێڵن بگاتە خەڵکی، بۆ ئەم مەبەستە جۆرەها ڕێگاو هۆکار و شێوازیان گرتەبەر ، یەکێك لەو هۆکارە شەیتانیانەیان بریتی بوو لەوەی کە بە شوێن کەوتوانی خۆیان دەوت: ﴿آمِنُوا بِالَّذِي أُنْزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾** [آل عمران: ٧٢].

**واتە: بە بەیانیان باوەڕ بهێنن بەو قورئانەی کە بۆ موسڵمانان دابەزیووە و لە ئێوارەدا پەشیمان ببنەوە لێی وپاشگەز ببنەوە بەڵکو موسڵمانانیش لەگەڵ ئێوەدا پاشگەز ببنەوە لێی.**

**هەروەها شەیتان بەردەوام شەڕو خراپەکاری بۆ دەڕازاندنەوە بۆ ئەوەی خراپەکاری و مشت و مڕو دەمەقاڵێی پێ بکەن لەگەڵ موسڵماناندا:**

**﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ﴾** [الأنعام: ١٢١] .

**ئەوانیش جۆرەها پرسیاریان ئاراستەی پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد بۆ گومان دروست کردن بۆ موسڵمانان و توشی دوو دڵی کردنیان، وەکو پرسیار کردنیان دەربارەی: (هاوەڵانی ئەشکەوت،** ذوالقرنين، و روح **ویەکەم خواردنی ئەهلی بەهەشت و....) بەڵام تاکو سروش بەردەوام بوو خوای گەورە وەڵامی هەموو جۆرە پرسیار وگومانەکانیانی دەدایەوە: ﴿وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا﴾** [الفرقان: ٣٣] .

واتە: **هاوبەش** بڕیاردەران هیچ نمونەو پێشنیار وگومانێكت بۆ ناهێننـەوە ئـیلا ئێمـە وەڵامێكـی ڕاست ودروسـت وحـەقێكی جـێگیر وباشـترین ڕوون كردنـەوەت بـۆ دێـنین كـە گومانـەكانی ئـەوان بەتەواوی بڕەوێنێتەوە.

وە یەكێك لەو گومانانەی كە لە كۆن و تازەدا وەكو توتی دەیڵێنـەوە بـە بـێ بـیر لێ كردنـەوەو گەڕانەوە بۆ مێژوو بریتیـیە لەو گومانەی كە دەڵێن: ئیسـلام بـە زەبـرو زۆری شمشـێر بڵاوبۆتـەوە نەك بەویست و خواستی خەڵكی خۆیان!!!.

ئێمەش لێرەدا بەم زانیارییە كەمەی كە هەمانە وەڵامی ئەم گومانە فـێڵاویـیـەیان دەدەینـەوە بە چەند خاڵێك:

**یەكەم:** چەندەها دەق هەیە كە ڕوون و ئاشكران بە ڕاشكاوی خوای گەورە باسی ئەوە دەكـات خەڵكی بە زۆر ناكرێن بە موسڵمان و ئازادن كە لەسەر دینی خۆیان دەمێننەوە، یاخود بـە ویسـت وڕەزامەندی خۆیان موسڵمان دەبن و دێنە ناو دینی ئیسلامەوە وەكو دەفەرمێت:

﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾ [البقرة: ٢٥٦].

واتە: زۆر لێكردن لە دیندا نییە، وكـەس بـەزۆر ناكرێـت بـە موسـڵمان، وڕێگـای ڕاسـت وبـاوەڕ جیاكراوەتەوە لە ڕێگای خراپ وكوفر.

وەدەفەرمێت:

﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ [الكهف: ٢٩].

واتە: ئەو ئایینە حەقەی كە لـە پەروەردگارتانـەوە بۆتـان هـاتووە بـە خـەڵكی ڕابگەیـەنن، جـا هەركەس ویستی لێیە با باوەڕ بهێنێت وموسڵمان بێت، وەهەركەسیش وویستی لێیە با كافر بێـت، چونكە تەنها زیان بەخۆی دەگەیەنێت.

وەدەفەرمێت:

﴿وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ﴾ [البلد: ١٠].

واتە: ئێمە ڕێگای ڕاست وڕێگای خراپـان بـۆ مرۆڤـ ڕوون كردۆتـەوە وهـەردوو ڕێگاكـەمان پـێ ناساندووە.

وەدەفەرمێت:

﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾ [الإنسان: ٣].

واتە: ئێمە ڕێگای ڕاست وڕێگای خراپـان بـۆ مرۆڤـ ڕوون كردۆتـەوە وهـەردوو ڕێگاكـەمان پـێ ناساندووە، جا یان ئەوەتا سوپاسگوزار دەبێت وموسڵمان دەبێت، یاخود كافرو بێباوەڕ دەبێت.

**دووەم:** لەسـەرەتای هـاتنی ئیسـلام موسـڵمانان زۆر لاوازو بـێ دەسـەڵات بـوون ودەچەوسـێنرانەوەو ئـازار دەدران و دەردەكـران و ئابڵوقـەی ئـابوری وڕامیـاری و كۆمەڵایـەتی دەخرایە سەریان لە لایەن بێ باوەڕانەوە بۆ ئەوەی خەڵكی موسڵمان نەبن، بەڵام لەم بارە سەخت و دژوار و ناهەموارەدا خەڵكی بەویستی خۆیان موسڵمان دەبوون وباوەشیان بە ئیسلامدا دەكردو

خۆیان توشی ئازار وئەشکەنجەی بێ باوەڕان دەکرد لە خۆشەویستی ئیسلامدا، لێرەدا بۆمان دەردەکەویت کە ئیسلام بە زەبرو زۆری شمشێر بڵاو نەبۆتەوە بەڵکو کافران هەموو زوڵم و ستەمێکیان دژی موسڵمانان بەکار دەهێنا، بەڵام خوای گەورە ڕێگای بە موسڵمانان نادا کە دەستیان لێ بکەنەوە، بەڵکو فەرمانی پێ دەکردن بە ئارام گرتن ونوێژ کردن و خوا پەرستی:

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ [النساء: ٧٧].

واتە: ئایا تەماشای ئەو کەسانە ناکەیت کە لەمەککەدا پێیان ووترا دەستتان بگرنەوە لە کوشتار وکوشتاری بێباوەڕان مەکەن، بەڵکو تەنها نوێژ بکەن وزەکات بدەن.

کەواتە زەبرو زۆری شیرو تیرو تۆقاندن پیشەی بێ باوەڕانە نەك موسڵمانان، بەڵام ئەوان دەستی چەوری خۆیان بەسەر موسڵماناندا دەساون:

(رمتني بدائها وانسلت).

**سێیەم:** پێغەمبەری خوا (ﷺ) موعازی کوڕی جەبەلی (رضي الله عنه) نارد بۆ یەمەن بۆ ئەوەی بانگەوازی خەڵکەکەی بکات بۆ ئیسلام و ئیسلامیان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە خەڵکی یەمەن زۆربەیان جولەکەو گاور بوون، وە لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکی یەمەن موسڵمان بوون و هاتنە ناو ئیسلامەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە پرسیارێك ئاڕاستەی ئەو کەسانە بکەین کە ئەم جۆرە گومانە بڵاودەکەنەوە ئایا تەنها یەك کەس یان دوو کەس (جارێکی تر ابو موسای ئەشعەری (رضي الله عنه) لەگەڵ نارد) دەتوانن ووڵاتێك بە زۆر بکەن بە موسوڵمان؟! بێگومان هەموو مرۆڤێکی ژیر ڕاستەوخۆ وەڵام دەداتەوە بە نەخێر، چونکە تەنها یەك کەس یان دووکەس توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی دێ-یەکیان نیە چ جای شارێك چ جای ووڵاتێك، لێرەدا ئەو گومانە پوچەڵ دەبێتەوەو دەدرێتەوە بەسەر بێژەرەکانیانداو دەردەکەوێت کە خەڵکی بە ویستی خۆیان موسڵمان بوونە.

بەهەمان شێوە خەڵکی مەدینە لەسەر دەستی موصعەبی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه) موسڵمان بوونە، هەروەها هۆزی(غفار) لەسەر دەستی ابو زەڕی غەفاری (رضي الله عنه) موسڵمان بوونە، وەبەهەمان شێوە زۆر شارو ووڵات وهۆز وعەشیرەت لەسەر دەستی تەنها یەك کەس موسڵمان بوونە هەر کە ئیسلامیان پێ گەیشتووە بە سۆزو خۆشەویستییەوە باوەشیان پیا کردووە وموسڵمان بوونە.

**چوارەم:** خوای گەورە جیهادی تەشریع کردووە لەبەر دوو مەبەستی سەرەکی:

١- بۆ بەرگری کردن لە ئیسلام و لە موسڵمانان کە ئەمەش مافێکی ئاسایییەو کە هەموو ئایین ومەزهەب ومیللەتان کۆن و یەکدەنگن لەسەر دروستێتی.

٢- بۆ بڵاو بوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەیاندنی بانگەوازی حەقی خوای گەورە بە بەندەکانیو جێگیر کردنی دادپەروەری لە نێوان خەڵکیدا و شکاندن و لابردنی ئەو بەربەستانەی کە نایەڵن بانگەوازی یەکخواپەرستی بگات بە گەلان و دەیانچەوسێننەوە وبۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دێنن و نایەڵن ئەو ڕووناکی و نوورەیان پێ بگات، چونکە دەزانن خەڵکی ژێر دەستیان

چەند تینوی ئازادی وسەربەستین ودژی کۆیلایەتی وچەوساندنەوەن وهەر ئەو بانگەوازە پاکەیان پێ بگات یەکسەر بە پیریەوە دەچن و وەڵامی دەدەنەوەو پێشوازی لێ دەکەن، بۆیە نایانەوێت بانگەوازی ئیسلام بێتە ناو گەلانیانەوە، بۆیە ئیسلام ناچارترین ڕێگا دەگرێتە بەر بۆ لەناو بردنی ئەو چەوسێنەرە ستەم کارە هەلپەرستە تاریك وویستانە، چونکە ئیسلام بۆ بڵاوبوونەوەی بەرنامە خوایی یەکەی یەکێك لەم سێ هەڵبژاردنانە دەخاتە ڕوو:

١- یان ئەوەتا ئەو حکومەتە چەوسێنەرانە موسڵمان دەبن ودێنە ناو ئیسلامەوە، ئەو کاتە کێشەکە کۆتایی پێ دێت وبانگەوازی ئیسلام بەسەربەستی وئازادی بڵاودەبێتەوە لەناو خەڵکیدا.

٢- یاخود سەرانە (جزية) بدەن بە موسڵمان، کە ئەمەش وا دەخوازێت کە ڕێگا بە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام بدەن لە ناو میللەتەکانیان، کە ئەم سەرانەیە لە بری ئەوەیە کە ئیسلام وڵاتەکەیان دەپارێزێت لە هێرشی دەرەکی، وەهەموو جۆرە مافێکیان پارێزراو دەبێت، وەخەڵکی ئازادن لەوەی کە موسڵمان دەبن یان نا.

٣- یاخود چارەسەری ناچارو پێویست کە ئەویش کوشتار کردنە لەگەڵ ئەو کاربەدەستە ستەمکارە بێ باوەڕانە، کەمەبەست پێی سەربەستی بانگەواز کردنە بۆ ئیسلام وجێگیر کردنی دادپەروەری لە نێوان خەڵکیدا.

کاتێك کە نوێنەری موسڵمانان لە شەڕی قادسیە(ربعی کوڕی عامر) لە لایەن گەورەی فارسەکانەوە پرسیاری لێ کرا ئێوە بۆچی هاتوون وچیتان دەوێت؟ ئەویش لەوەڵامدا پێی ووتن:

(جئنا لنخرج العباد من عبادة العباد الى عبادة رب العباد، ومن جور الأديان الى عدل الإسلام، ومن ضيق الدنيا الى سعة الدنيا والآخرة)

واتە: بۆ ئەوە هاتووین تا خەڵکی دەرکەین لە پەرستنی بەندە بۆ پەرستنی پەروەردگاری بەندەکان، وە لەستەمی دینەکانی تر بۆ دادپەروەری ئیسلام، وەلە تەسکی دونیا بۆ فراوانی دونیاو قیامەت.

**پێنجەم:** جیهاد کردن بەمەبەستی بانگەواز کردن بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام وگەیاندنی ئایینی خوای گەورە بەخەڵکی تەنها دژی کاربەدەستە بێ باوەڕە ستەمکارەکان بووە نەك دژی میللەتان، وە کاربەدەستان بە زەبرو زۆر خەڵکیان ڕووبەڕووی ئیسلام کردۆتەوە بە بەڵگەی ئەوەی خەڵکی کە هەر بانگەوازیان پێ گەیشتووە یەکسەر موسڵمان بوونە و وەڵامیان داوەتەوە، بۆ نمونە کە فارسەکان لە شەڕی قادسیە شکان خەڵکەکە زۆر بە پەرۆشەوە بوون بۆ ئیسلام وبە وویستی خۆیان موسڵمان بوون ورزگاریان بوو لەدەسەڵاتی کاربەدەستانی خۆیان کە باج و خەراجێکی زۆریان خستبوە سەر خەڵکەکە وخەڵکیان دەچەوساندەوە.

**شەشەم:** جیهاد کردن بەمەبەستی بڵاو بوونەوەی دینی خوای گەورە تەنها لە ئیسلامدا تەشریع نەکراوە بەڵکو لە دینەکانی تری وەکو یەهودیەت و نەسرانیەت تەشریع کراوە وئەوانیش پێی هەستاون، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ﴾ [التوبة: ١١١].

واتە: خوای گەورە نەفس وماڵی موسڵمانانی کڕیوە بەوەی کە بەهەشتیان پێ دەدات، کوشتار دەکەن لە پێناوی خوای گەورەدا وبێ باوەڕان دەکوژن و ئەوانیش ئەمان دەکوژن، ئەمە پەیمانێکە خوای گەورە داوێتی **لە تەورات وئینجیل وقورئان.**

وە دەفەرمێت:

﴿يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ قَالُوا يَا مُوسَى إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا حَتَّى يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُوا عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ قَالُوا يَا مُوسَى إِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا أَبَدًا مَا دَامُوا فِيهَا فَاذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ﴾ [المائدة: ٢١-٢٤].

واتە: موسی(ﷺ) بە بەنو ئیسرائیلی فەرموو: بچنە ئەو زەویە پیرۆزەوە کە خوای گەورە بۆتانی نوسیوە، وەپاشگەز مەبنەوەو هەڵمەگەڕێنەوە چونکە دوایی زەرەر مەند دەبن، ئەوانیش ووتیان ئەی موسا(ﷺ) خەڵکانێکی زاڵ وبەتواناو بەدەسەلاتی تێدایەو ئێمەش ناچینە ژوورەوە تا ئەوان لێی دەرنەچن، هەر کە ئەوان دەرچن ئەوا ئێمە دەچینە ژوورەوە...... ووتیان ئەی موسا هەتا ئەوانی لێ بن ئێمە ناچینە ژوورەوە **تۆ خۆت و پەروەردگارت بڕۆن کوشتار بکەن ئێمە لێرە دادەنشین**( لەترسنۆکی وبێ غیرەتیدا نەچونە ژوورەوە وئەم قسەیەیان کرد وکوشتاریان نەکرد) .

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئایینەکانی تریش هەستاون بە جیهاد کردن لە پێناوی خوای گەورەدا و تەنها ئیسلام نەبووە، وەلە تەوراتدا هاتووە کە: (خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر موسی(ﷺ) دەکات کە جەنگ بەرپا بکات دژی چەند نەتەوەیەك کە جگە لە خوای گەورە دەپەرستن، وە هەموو وێنەکانیان بسڕێتەوە، وە هەموو بتەکانیان بشکێنێت)(١) .

وە بەهەمان شێوە لە ئینجیلدا لەسەر زمانی پێغەمبەر عیسی(ﷺ) هاتووە کە دەفەرمێت: (لا تظنوا أني جئت لأرسى سلاماً على الأرض، ما جئت لأرسى سلاماً بل سيفاً)(٢).

واتە: وا گومان نەبەن کە من بۆ ئەوە هاتووم ئاشتی بڵاوبکەمەوە لەسەر زەویدا، بۆ ئەوە نەهاتووم ئاشتی بڵاوبکەمەوە بەڵکو شمشێر بڵاوبکەمەوە.

ئەم دوو دەقەی تەورات وئینجیلیش دیسان ئەوە دەردەخەن کە ئایینەکانی تریش جیهاد کردنیان تێدا بووە لە پێناوی خوای گەورەدا -هەرچەندە ئێستا بەتاڵ بونەتەوە ودروست نییە کاریان پێ بکرێت- بەڵام نابینین کەس ڕەخنە لە ئایینەکانی تر بگرێت وتەنها ڕووی ڕەخنە

(١) (سفر العدد، الإصحاح الثالث والثلاثون، الآيات: ٥٠-٥٣).

(٢) (إنجيل متى، الإصحاح العاشر، آية: ٣٤-٣٦).

گرتنیـان ئاراسـتەی ئیسـلام دەكـەن كـە ئەمـەش رق وكینـی سـەختیان دەردەخـات بەرامبـەر بـە ئیسلام!!

**حەوتەم:** وەكو ووتمان جیهاد كردنی ئیسلام حـەق ودروسـت بـووە، چـونكە بـۆ ڕزگـار كردنـی گەلان بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەند قەید وبەستەرەوە ومەرجی بۆ دانراوە، وەكو نەكوشـتنی ئافرەت و پیرو منداڵ وكەم ئەندام و ئەوانەی كە شەڕیان نەكردووە وپیاوانی ئایینی، تەنانەت كـە پێغەمبەر (ﷺ) كە سوپایەكی ناردووە ئامۆژگاری كردوون بە سەرنەبڕینی ئاژەڵ ونەبڕینەوەی دارو نەڕوخاندنی خانوو، بەڵكە تەنها كوشتاری ئەو جەنگاوەرانـە كـراوە كـە بەربەسـت بوونـە لـە ڕێی گەیاندنی بانگەواز بە خەڵكی.

كە ئەمیش سۆز وبەزەیی موسڵمانانمان بۆ دەردەخات بە پێچەوانەی كافران و بێ بـاوەڕان كـە دەسـتیان لەكـەس نەپاراسـتوە وناپـارێزن وهـەموو هۆكارێـك بـەكاردەهێنن بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەكانیان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت: (لا تغلوا ولا تغدروا ولا تمثلوا ولا تقتلوا وليدا)[٣].

واتە: لەو غەنیمەتـەی كـە دەسـتتان دەكـەوێت هیچـی بـۆ خۆتـان لێ هەڵمـەگرن، وە لـە كـاتی جەنگدا غەدرو ستەم لە دوژمنانتان مەكەن، وەلاشەی كوژراوەكانیان مەشێوێنن (وەكو ئەوەی كـە لوت وگوێیان ببڕن)، وە منداڵ مەكوژن.

وە: (نهى عن قتل النساء والصبيان)[٤].

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی كوشتنی ئافرەت ومنداڵی كردووە.

(غوستاف لوبون)ی ڕۆژهەڵات ناس دەربـارەی فـەتحی موسـڵمانان دەڵێـت: (مێـژوو هـیچ كـات ڕزگار كەرێكی وەكو موسڵمانانی بەڕەحم و سۆزی بە خۆیەوە نەبینیوە).

هەر بۆیە كاتێك موسڵمانان لە جەنگێكـدا بشـكانایە وشـوێنێكیان بـەجێ بهێشـتایە خـەڵكی نـا موسڵمانیش ئاخی بۆ هەڵدەكێشان، چونكە دەیانزانی كەس لە موسڵمانان بـە ڕەحـم وبـەزەیی تـر نـیـە و نـەبووە ونابێـت لەگەڵیانـدا تەنانـەت هاودینـەكانی خۆیـانیش، هـەروەكو چـۆن ئـەدیبی فەڕەنسی گەورە(اناتول فرانس) بە خەفەتەوە دەڵێت: (خۆزگە شـارل مارتـل دەسـتی ببڕایەتـەوە بەڵام سەرنەكەوتایە بەسەر سەركردەی موسڵمانان (عبدالرحمن الغافقی)، چـونكە سـەركەوتنی بـە سەریدا ئەم شارەی چەند سەدەیەك بەرەو دواوە برد).

چونكە موسڵمانان هەر شوێنێكیان ڕزگار دەكرد گرنگیان پێ دەدا و ئاوەدانیـان دەكـردەوە، و وەكو داگیر كەران نەدەچوون ئەو وولاتە بڕوتێننەوە و هەموو خێرو بەرهەم وسامانێكی بۆ خۆیـان ببەن، بەڵگەش لەسەر ئەمە دورگەی عەرەب بەگشتی وهەردوو شاری مەككە ومەدینە بـە تایبـەتی

---

(١) (صحيح الجامع الصغير: ١٠٧٨).

(٢) (رواه الجماعة إلا النسائي، وانظر: إرواء الغليل، رقم: ١٢١٠).

کە فەتحی موسڵمانان لەوێوە دەستی پێ کرد دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی هەژارو نەدار تر بوون وشێوازی دەوڵەمەندی وبیناسازی وخۆشگوزەرانی‌یان پێوە دیار نەبوو تا کەمێك پێش نیوەی سەدەی بیستەم ودەرکەوتنی نەوت، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە لە بواری بیناسازی و پێشکەوتنەوە پەرە بسەنێت وخەڵکی ئەم ناوچەیە گوزەرانیان باش بێت، بەڵام بە ئاشکرا وڵاتە ئازاد کراوەکان شارستانی ئیسلامیان پێوە دیار بووە وەکو شام وعیراق وتورکیا ومیسر وئەندەلوس و ئێران.....هتد.

بەڵام وڵاتە داگیر کەرەکان کاتێك شوێنێکیان داگیر دەکرد هەموو خێرو بێرێکی ئەو شوێنەیان بۆ خۆیان دبرد و بە هەژاری ونەداری دەیانهێشتەوە، زەق ترین وتازەترین نمونە کە خۆمان تێیدا دەژین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە عێراقی داگیر کردووە هەموو خێرێکی عێراق بۆ خۆی دەبات، بە تایبەتی نەوت کە عێراق لە سەر دەریایەك لە نەوتە بەڵام خەڵکی زۆر بە زەحمەت تا تەنها ١٠٠ لیتر نەوتیان دەست دەکەوێت.

تەنانەت ئیسلام کە زەکاتیشی فەرز کردووە لە سەر دەوڵەمەندەکان ئەوە نی‌یە ئەو زەکاتە بۆ مەککەو مەدینە بگەڕێتەوە بەڵکو دابەش دەکرێت بەسەر هەژارو نەداری ئەو شوێنە خۆیان، و هەتا هەژارانی ئەو شوێنە هەبن دروست نی‌یە بدرێت بە هەژارانی شوێنەکانی تر، بەڵگەش لەسەر ئەم شتە کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) موعازی کوڕی جەبەلی (رضي الله عنه) نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو:

(إنك تأتي قوما أهل كتاب فادعهم إلى شهادة أن لا إله إلا الله وأني رسول الله، فإن هم أطاعوك لذلك فأعلمهم أن الله افترض عليهم خمس صلوات في كل يوم وليلة، فإن هم أطاعوك لذلك فأعلمهم أن الله افترض عليهم صدقة في أموالهم تؤخذ من أغنيائهم وترد في فقرائهم، فإن هم أطاعوك لذلك فإياك وكرائم أموالهم، واتق دعوة المظلوم فإنها ليس بينها وبين الله حجاب)[٥] .

واتە: ئەی موعاز(رضي الله عنه) تۆ دەچیت بۆ ناو گەلێك کە گاورو جولەکەن، با یەکەم شت کە بانگیان دەکەیت بۆی بریتی بێت لە: لا إله إلا الله محمد رسول الله، ئەگەر گوێڕایەڵیتیان کرد ئەوا فێریان بکە خوای گەورە لە شەوو ڕۆژێکدا پێنج نوێژی لەسەریان فەرز کردووە، ئەگەر گوێڕایەڵیتیان کرد ئەوا فێریان بکە خوای گەورە زەکاتی لەسەریان فەرز کردووە **لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێتو دەدرێتەوە بە هەژارەکانی خۆیان**، ئەگەر گوێڕایەڵیتیان کرد ئەوا نەکەی ماڵە باشەکەیان وەربگریت بۆ زەکات، چونکە ئەمە ستەمە، وە خۆت بپارێزە لەوەی ستەم بکەیت چونکە ستەم لێکراو پەردە لە نێوان ئەو وخوای گەورەدا نی‌یەو دوعاکەی وەرگیراو ڕەت ناکرێتەوە.

**حەوتەم:** ووتمان ئیسلام فەتحی هەر شوێنو وڵاتێکی کردبێت ئەوا خەڵکەکەی زۆر بەزوویی‌و بێ بەرەنگاری زۆر بە خۆشحاڵی‌یەوە موسڵمان بوونە، چونکە بە عەمەلی بینیویانە کە ئیسلام لە زوڵمو ستەمی کاربەدەستە بێ باوەڕەکانیان ڕزگاریانی کردووەو ڕەحمەت بووە بۆیان

---

(٣) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن ابو داود، رقم: ١٥٨٤).

ودادپەروەری بڵاو کردۆتەوە لە نێوانیاندا، نەك ئەوەندە بەڵکو کاتێك داگیر کەران وڵاتە موسڵمانەکانیان داگیر کردووە وهاتوونەتە ناوی‌یەوە لە پاش تێکەڵ بوونیان لەگەڵ موسڵماناندا دەبینین سوپای داگیر کەرانیش موسڵمان بوونە، کە ئەمە شتێکی بێ وێنەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە سوپای داگیرکەر بۆ داگیر کردن وکوشتن وبڕین وتاڵانی هاتووە بەڵام لە پاش ئەوەی ئیسلامیان بۆ دەردەکەوێت موسڵمان دەبن، دیارترین بەڵگە لەسەر ئەمە سوپای مەغۆل و تەتار کە لە ساڵی ٦٥٦ز شاری بەغدادیان داگیر کرد بە خراپترین ودڕندەترین شێواز کوشتاری خەڵکیان کرد، تا لە کەلە سەری زانایان منارەیان بەرز کردەوە، وە هەموو پەرتووکە بەنرخەکانیان کردە ناو ڕووباری دیجلەوە تا ڕەنگی ئاوەکە گۆڕا، وە لە هەندێ شوێنەوە ئەوەندە پەرتووکیان هەڵدابوە ناو ئاوەکە تا خەڵکی دەیانتوانی وەکو پرد لەسەری بپەڕێنەوە، خەلافەتیان ڕووخاندو شارستانی خەلافەتی ئیسلامیان لەناو برد، ئەوەی لە دەستیان هات لە کوشتن وخراپە وئاشوب کردیان کە لێرەدا بواری باس کردنی نی‌یە، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە لەپاش چەند ساڵێکی کەم ئەم سوپا بێ‌بەزەیی‌یە وێرانکەرە داگیرکەرە دڕندەیە بە خۆی وزۆربەی سەرکردەکانیشیەوە موسڵمان بوون و هاتنە ناو ئیسلامەوە.

کە ئەمەش زەبرێکی تر لەو کەسانە دەدات کە دەڵێن ئیسلام بە زەبرو زۆری شیرو تیر بڵاوبۆتەوە!!!.

کوا شیرو کوا تیر لە پاش ڕووخاندنی خەلافەت و لەناوبردنی و وێرانکردنی بە ویستو ئارەزووی خۆیان موسولمان بوون کێ دەیتوانی لەو سەردەمەدا زۆر لە سوپای تەتەر بکات؟!!.

**هەشتەم:** ئەگەر ئەو وڵاتانەی کە فەتحی ئیسلامیان پێ گەیشتووەو موسڵمان بوونەو موسڵمان بوونەکەیان بەویستی خۆیان نەبوایە وبە زۆر بوایە ئەوا دەبوایە لە پاش نەمانی خەلافەتی ئیسلامی‌و هێزو دەسەڵاتی موسڵمانان پاشگەز ببونایەتەوە، چونکە کەسێك کە بە زۆر شتێکی پێ بکرێت هەر کە زۆرەکە نەما ئەوا یەکسەر واز لەو شتە دێنێت کە بە زۆر پێی کراوە، بۆ نمونە کەسێك کە بەند دەکرێت هەر کە بوارێکی بۆ ڕەخسا یەکسەر هەڵدێتو ڕادەکات وخۆی دەرباز دەکات، گەلان ومیللەتانیش ئەگەر بە قسەی ئەو کەسانە بێت کە ئیسلام بە زۆر بڵاوبۆتەوە دەبوایە ئێستا لە ئیسلام پاشگەز ببوونایەتەوە، بەڵام ئەم شتە نابینین بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە!!! ئەو گەل ونەتەوە و وڵاتانەی کە ئیسلام بوونە تا ئێستایش موسڵمانن و شانازی دەکەن بە ئیسلام وموسڵمانێتیکەیانەوە، چونکە ئیسلام گفتوگۆ لەگەڵ عەقڵدا دەکات وقەناعەت بەخەڵکی دەکات، بۆیە هیچ ئایین وبەرنامەیەکی وەکو ئیسلام دادپەروەریان بە خۆیانەوە نەبینیووە.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو زۆرێك لە موسڵمانان لە جیهاندا چەوسێنراونەتەوەو ئاوارەو دەربەدەر کراون لە لایەن کاربەدەستانی بێ باوەڕەوە و ویستراوە بە زەبرو زۆری ئاسن وئاگر وایان لێ بکەن تا لە ئیسلام پاشگەز ببنەوە، بەڵام موسڵمانان وەکو شاخ دامەزراو بوونەو خۆڕاگر بوونە بەرامبەر

هەر زوڵمو ستەمێك کە لێیان کرابێت وبەردەوام بوونە لەسەر ئایینە پیرۆزەکەیان، بۆ نمونە لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو زیاتر لە (٣٠)ملیۆن موسڵمانی تێدا بووە جۆرەها جەنگیان دژ ئەنجام دراوەو خوێندنی ئیسلامیان لێ قەدەغە کراوەو مزگەوتەکانیان لێ داخراوە، تا زیاتر لە (٢٠)هەزار مزگەوتیان داخستووە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو کراون بە ناوەند بۆ زۆر ئیشو کاری نزمو بێ ڕێز، وە خەڵکی چەوسێنراونەتەوەو سزا دراونو بێ بەش کراون ودورخراونەتەوە لە هەموو جۆرە مافێکی ئاسایی خۆیان بە بەرچاوی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بانگەشە کەرانی ئازادیو سەربەستی!!!.

بەڵام موسڵمانان دامەزراو بوونە ئامادە بوونە کە دەستبەرداری هەموو شتێکیان ببن لە پێناوی پارێزگاری کردن لە ئیسلام، هەربۆیە تا ئێستایش ئیسلام لەناویاندا ماوەتەوە ولەپەرە سەندندایە وشانازی دەکەن بە ئیسلامەوە، ئەگەر ئەم نەتەوە و میللەتانە کاتی خۆی بە زەبرو زۆری شمشێر موسڵمان کرابێتن ئەوا دەبوایە لە پاش نەمانی ئەو زەبرو زۆرە وازیان لە ئیسلام بهێنایە، بەڵام ماڵ و سامان وگیانیان کردووە بە قوربانی ئایینە شیرین وخۆشەویستەکەی ئیسلام، کە ئەمەش دەم کوت کردنیکی ترە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئیسلام بە زەبرو زۆری شیرو تیر بڵاوبۆتەوە!!!.

هەروەها لە وڵاتی هیند زیاتر لە(١١١)ملیۆن موسڵمانی تێدایەکە ئەمانیش ڕووبەڕووی زۆر نەهامەتیو چەوساندنەوەو کوشتنو بڕینو پێشێل کردنی مافەکانیان دەبن لە لایەن هیندۆس وبوزی ومانگا پەرستەکانەوە، وە مزگەوتەکانیان بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە دەڕوخێنن کە ناودارترین و کۆنترین مزگەوتیان لە هیند ڕووخاند کە مزگەوتی (بابری) بوو، ئەمانیش سەرەڕای ئەو زوڵم و ستەمەی کە لێیان دەکرێت واز لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ناهێنن ودەست بەرداری نابن، وە هەمان پرسیار ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەینەوە و پێیان دەڵێین: ئەگەر بە زەبرو زۆری شمشێر موسڵمان بوونە بۆچی ئێستا ئەو هەموو زوڵم وستەم وچەوساندنەوەیە قەبوڵ دەکەن لە پێناوی ئیسلامدا و بۆ دەست بەرداری ئیسلام نابن؟؟!! خۆ ئێستا بە پێچەوانەوەیە زەبرو زۆری شمشێریان لەسەرە کە واز لە ئیسلام بهێنن؟!!!!.

وە نموونەی تری لەو شێوازە زۆرە وەکو: بۆسنە وهەرسك وکۆسۆفۆ وپێشتریش ئەندەلوس کە خەڵکەکەی خراپترین سزا دەدران لەسەر ئەوەی کە موسڵمان بوونە، بەڵام کوشتنیان هەڵدەبژارد بەسەر پاشگەز بوونەوە لە ئیسلام، کە ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر پوچەڵی و بەتاڵی ئەو تۆمەتەی کە دەیدەنە پاڵ ئیسلام.

**نۆیەم:** زەبرو زۆرو کوشتن وبڕین وترساندن وتۆقاندن وهەڕەشە وستەم هەمیشە پیشەی بێباوەڕان وکافران بووە گەر دەسەڵاتیان بووبێت نەك پیشەی ئیسلام، ئیسلام کاتێك لە لوتکەی دەسەڵاتدا بووە لێبوردە ولێخۆش بوو بووە، وتۆڵەی لەو کەسانە نەسەندووە کە هەموو هەوڵ وتواناکیان خستبووە گڕ بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام و لەکاتی دەسەڵاتیاندا موسڵمانانیان

دەچەوساندەوە بە خراپترین شێواز، وەهیچ هۆکارێکی خراپە نەما کە نەیگرنە بەر دژی ئیسلام وموسڵمانان، بەڵام کاتێك کە بکەوتنایەتە ژێردەستی موسڵمانانەوە جگە لە لێخۆش بوون ولێبوردن وئازاد کردن هیچ شتێکی تریان بەرامبەر نەدەکرا، دیارترین نمونە لەسەر ئەم شتە کافرەکانی مەککە بوو کە کاتێك بەدەسەڵات بوون جۆرەها زوڵم وستەمیان لە موسڵمانان دەکرد وبە خراپترین شێوە سزایان دەدان لەسەر ئەوەی کە موسڵمان بوونە، وەهەموویانیان دەربەدەر وئاوارە کرد، دەستیان گرت بەسەر هەموو ماڵ و سامانێکیاندا، بەڵام کاتێك کە موسڵمانان باڵادەست بوون وفەتحی مەککەیان کرد وکەوتنە ژێر دەستی موسڵمانانەوە خۆیشیان ئەو شایەتی‌یەیان دا کە پێغەمبەر(ﷺ) جگە لە چاکەو لێبووردن هیچ شتێکی تری لێ ناوەشێتەوە کاتێك کە پرسیاری لێ کردن چاوەڕێی چ شتێکم لێ دەکەن؟ ئەوانیش هەموو بەیەك دەنگ ووتیان: برایەکی بەڕێزیت وتەنها چاوەڕێی چاکەو لێخۆش بوونت لێ دەکەین، ئەویش هەموو خەڵکەکەی ئازاد کرد و تۆڵەی لێ نەسەندن.

**دەیەم:** ئەگەر تەماشایەکی ئەو جەنگانە بکەین کە لە پێش ئیسلام وپاش ئیسلامدا بەرپاکراوە لەلایەن بێباوەڕانەوە دەبینین زۆربەیان لەسەر شتی هیچ و کەم وبێ نرخ بووە، یان شایانی ئەوە نەبووە کە جەنگی لەسەر هەڵبگیسرێنێت، بەڵام جەنگی گەورە گەورەیان لەسەر بەرپا کردووە، جاری وا هەبووە لە پێش ئیسلامدا جەنگێك نزیکەی (٤٠) چل ساڵی خایاندووە لەسەر کوشتنی سەگێك، یاخود لەسەر تیر دان لە گوانی وشترێك، وەکو جەنگی (الداحس والغبراء) لە نێوان(عبس وذبیان) دا، یاخود هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم ودووەم کە زیاتر لە (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملێون کەس بوون بە قوربانی، وچەندەها وڵات کاول کرا وبە ملێونەها خەڵکی تر ماڵ وێران کرا، وە ئەو جەنگانەی تریش کە لەم سەردەمەی خۆماندا روودەدەن زۆریان لەسەر شتی بێ مانا وبەرژەوەندی وڵاتێکە، بەڵام ئەوان هەموو ئەمانەی خۆیان لێ دیار نی‌یەو رەخنە لە ئیسلام دەگرن بۆ ئەوەی خەڵکی سەرقاڵ بکەن وتاوانەکانی ئەوانیان لە یاد نەمێنێت ورووی رەخنە گرتنیان ئاراستە نەکەن.

**یانزەیەم:** پرسیار لەو کەسانە دەکەین کە سینگی خۆیان دەکوتن ودەگرین بۆ ئەوەی کە ئیسلام بڵاوبۆتەوە وجێگەی ئاین وبیروباوەڕە پوچەڵەکانی تری گرتۆتەوە پێیان دەڵێین: ئایا بە هاتن وبڵاوبوونەوەی ئیسلام چ شتێك بەرپا بوو، وە چ شتێك نەما ولەناو چوو؟!

ئەگەر بێتوو وەکو نمونە دورگەی عەرەبی وەربگرین کە سەرەتا بانگەوازی ئیسلام لەوێوە بڵاو بووەوە، دەبینین ئیسلام ئەم گۆڕانکاری‌یانەی تێیاندا دروست کرد بە ماوەیەکی کاتی دیاری کراو:

١- گۆڕینی عەرەبی دڕندەی بت پەرستی بێباوەڕ بۆ عەرەبی موسڵمانی یەکخواپەرستی شارستانی.

٢- زاڵ بوون بەسەر دزی وڕێگری وتاڵانی وگۆڕینی بۆ هێمنی وئارامی ئاسایش.

٣- گۆڕینی رق وکینەو دژایەتی وشەڕ وئاژاوە بۆ برایەتی وخۆشەویستی

٤- گۆرینی چەوسانەوە وتاکرەوی بۆ راوێژ وپرس ورا.

٥- نەهێشتنی بەدرەوشتی وداوێن پیسی ورەوشت وئاکاری نزم وخراپ، وگۆرینی بۆ دەم پاکی ودەست پاکی وداوێن پاکی وئاکار وخورەوشتی جوان وبەرز.

٦- نەهێشتنی پارچە پارچەیی وجیاوازی وپەرتەوازەیی وگۆرینی بۆ یەك کیان وبوون ودەسەڵاتێکی بەهێز.

ئیتر نازانم بۆچی کەسانێك تا ئێستا رەخنە لە ئیسلام دەگرن؟! ئایا چ شتێکی باش وچاك هەبووە وئیسلام نەیهێشتووە؟! یاخود ئەو کەسانە چاویان بەو هەموو گۆران وچاکانەی ئیسلامدا هەڵ نایات ونایبینن؟!

داواکارم لە خوای گەورە رێنمایی ئێمەو ئەو کەسانەیش بکات بۆ ئیسلام بەبەڵگە ولێکۆڵینەی زانستی دور لە دەمارگیری وچاولێکردن ولاسایی کردنەوەی کوێرانە.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

www.ba8.org

١٤٢٨ ك

# پەرتوكخانەی سەلەفی كوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

موسڵمانانی خۆشەویست بۆ زانیاریتان سەبارەت بە پەرتوكی كوردی بەسود وپاك لەسەر قورئان وسوننەت بە تێگەیشتنی پێشینە چاكەكانی ئوممەت پەرتوكخانەی سەلەفی كوردیتان پێشكەش دەكەین، تا پەرتوكخانەكانتانی پێ دەوڵەمەند بكەن وسودمەند بن بە ویستی خوای گەورە.

**بیروباوەڕ:**

١- خوا پەرستی نەك شەخس پەرستی .
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى

٢- چیرۆكی مەسیحی دەججال و دابەزینی عیسی عليه السلام، نوسینی: شێخ محمد ناصرالدين الألباني، وەرگێڕانی:
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى

٣- لا الـه الا الله، ماناكەی، فەزڵ وگەورەیی، پلەو پایەی، شوێنەواری لەتاك وكۆمەڵدا.
نوسینی: شێخ صالح بن فوزان الفوزان ،
وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم.

٤- راستێتی شایەتیدان بە محمد رسول الله، نوسینی: شێخ عبدالعزیز آل الشیخ ،
وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم.

٥- بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە، نوسینی: شێخ محمد بن صالح العثیمین، وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم.

٦- جێگیرکردنی بەڵگەکان لەسەر حوکمی کەسێك کەداوای فریاکەوتن بکات لە جگە لە خوای گەورە، یاخود هەواڵدەرانی غەیب وفاڵچیان بەڕاست بزانێت، نوسینی: شێخ عبدالعزيز بن باز، وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم.

٧- العقيدة الإسلامية، نوسینی: شێخ محمد بن جمیل زینو، وەرگێڕانی: یوسف رشید.

٨- خۆشەویستی ورق لێبوون لە ئیسلامدا، کۆکردنەوە وئامادەکردنی: سەنگەر صابر .

٩- ئەستێرەکانی بەخت هاوەڵ بڕیاردانێکی کۆنە لە پۆشاکێکی نوێدا! نوسینی: م/ عدنان بارام.

١٠- بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکانی، نوسینی: شێخ عبدالعزيز بن باز، وەرگێڕانی: م/ خليل أحمد .

١١- پلەو پایەی سوننەت لە ئیسلامدا، وە تەنها قورئان بەس نییە، نوسینی: شێخ عبدالعزيز بن باز ، وەرگێڕانی: م/ خليل أحمد .

١٢- نەهێشتنی گومان لەسەر خواپەرستی موسڵمانان، نوسینی: شێخ محمد عبدالوهاب، وەرگێڕانی: م/ خليل أحمد .

١٣- بیروباوەڕت وەربگرە لە قورئان وسوننەت، م/ محمد عبدالرحمن.

**فیقه:**

١٤- تێکۆشان لە پێناوی خوادا .
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى.

١٥- حەج و عەمرە فەزڵ و چۆنێتی و حوکمەکانی .
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى

١٦- حوکمەکانی هەردوو جەژن لە سوننەتی پاککراودا .

نوسینی: شێخ علی حسن الحلبی . وەرگێڕانی: صلاح الدین عبدالکریم ١٧- گەڕانەوە لە جگەرە کێشان، وەرگێڕانی: صلاح الدین عبدالکریم.

١٨- چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ لە تەکبیرەی ئیحرامەوە تاکو سەلام دانەوە، نوسینی شێخ:

محمد ناصرالدین الالبانی،

وەرگێڕانی: م/ عدنان بارام.

١٩- چۆنیتی رۆژوی پێغەمبەر ﷺ لەرەمەزاندا، نوسینی: سلیم الهلالی و علی حسن الحلبی،

وەرگێڕانی: م/ عدنان بارام.

٢٠-چۆنێتی حەج کردنی پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیەی کە جابر (ڕەزای خوای لێ بێت) لێی دەگێڕێتەوە، نوسینی: شێخ محمد ناصرالدین الألبانی، وەرگێڕانی: م/ عدنان بارام.

٢١- بیرخستنەوەیەك لە چۆنیتی دەستنوێژو نوێژی پێغەمبەر ﷺ نوسینی: علی حسن الحلبی وەرگێڕانی: م/ عدنان بارام .

٢٢- کاتی پارشێوو بەربانگ لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.

٢٣- چۆنێتی قوربانی کردن لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.

٢٤- چۆنێتی ئەنجام دانی نوێژی جەنازە،

نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.

**مەنهەج:**

٢٥- نیشانەی ئەهلی بیدع لەکەدارکردنی مامۆستایانی شوێن کەوتەی سەلەفە.

م/ عبداللطیف أحمد مصطفی

٢٦- براءة السلفیة وأتباعها من التفجیرات وأنصارها،

م/ عبداللطيف أحمد مصطفى

٢٧- بەرائەتی سەلەفیەت و شوێن کەوتوانی لە تەقینەوەو پشتیوانانی، نوسینی: م/ عبداللطیف أحمد

وەرگێڕانی: صلاح الدین عبدالکریم.

٢٨- وریاکردنەوەی موسڵمانان لە پەلە کردن لە بەکافردانان،

نوسینی: محمد بن ناصر العرینی، وەرگێڕانی: صلاح الدین عبدالکریم.

٢٩- کۆکردنەوەی دوڕو مرواری بڵاو لە وتەی پێشین وشوێنەوار، نوسینی: جمال بن فریحان الحارثي، وەرگێڕانی: صلاح الدین عبدالکریم.

٣٠- پێویستێتی گەڕانەوە بۆ قورئان وسوننەت و وازهێنان لە لاسایی کردنەوە، نوسینی: علي خشان ، وەرگێڕانی: صلاح الدین عبدالکریم.

٣١- هەڵوێستی موسڵمانان لە کوشتارکردن لەکاتی فیتنەدا

نوسینی د.عثمان بن معلم محمود الصومالي، وەرگێڕانی: کامران خالد.

٣٢- ئەوەیە سەلەفیەت بیناسن، نوسینی: سمیر مبحوح،

وەرگێڕانی: عبدالوالی عبدالرحیم.

٣٣- ڕوون کردنەوەی پێویست بۆ خەلەف بەدروستێتی لایەنگیری بۆ سەلەف، کۆکردنەوەی: عبدالوالی عبدالرحیم.

٣٤- چەواشەکاری و ئاوەژوکردنی ڕاستیە مێژوییەکان، لێکۆڵینەوەیەکی شەرعی وزانستی و لۆژیکیە، لە مەڕ ئەوەی ( کە ئایا پێغەمبەر ﷺ کەسێکی نەخوێندەوار یان خوێندەوار بووە؟؟!) ئامادەکردنی: م/ عدنان بارام.

٣٥- ڕێگەکانی بەرەو سەلەفیەت چون وچۆنێتی ناسینەوەو جیاکردنەوەی حزبیەکان، وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە: م/ عدنان بارام.

٣٦- هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بەو تەقینەوەو خۆ تەقاندنەوانەی کە لەکوردستان و عێراق و جیهاندا ڕوو دەدەن،

نوسین و ئامادەکردنی: باوکی چاوان کوردی .

٣٧- كێشەی تەكفیر لەنێوان ئەهلی سوننەو تاقمە گومڕاكان، نوسینی: سعید علي وهب القحطاني،

وەرگێڕانی: م/ خلیل أحمد .

٣٨- قەرزاوی ڕابەری بیدعەكارانی سەردەم، لەگەڵ كۆمەڵە ناوێزە ووتەكانی،

نوسینی: م/ ستار ئاریانی .

٣٩- نامەیەكی برایانە، بۆچی وازم لە بانگەشەی (إخوان المسلمین) هێناو دوای مەنهەجی سەلەفی كەوتم؟، دانانی: فیصل بن عبده الحاشدي اليمني، وەرگێڕانی: كامەران خالد.

٤٠- یاداشتەكانی سیخوڕی ئینگلیزی (هامفەر) لەتەرازوودا،

بە پێنوسی: مالك حسن،

وەرگێڕانی: كامەران خالد.

٤١- ئەو سیاسەتەی كە سەلەفی‌یەكان دەیانەوێت، بە پێنوسی: أبو عبیدة مشهور حسن سلمان، وەرگێڕانی: كامەران خالد.

**ئافرەتان:**

٤٢- ئافرەتان و فێربونی زانستی شەرعی،

نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.

٤٣- زاناترین ئافرەتی دنیا، نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.

٤٤- لەدایك بونی كچان و سەرهەڵدانەوەی خەسڵەتێكی سەردەمی جاهیلی و نەفامی، نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.

٤٥- گوڵی كۆمەڵگا ئاگاداری ئەو دەستانە بە كە دەیانەوێ هەڵت وەرێنن،

نوسینی: باوكی فریشتە .

٤٦-چەند چرپەیەك بە گوێی گوڵی كۆمەڵگادا،

نوسینی: باوكی فریشتە .

٤٧- حوكمی عەبای ئافرەتان و مەرجەكانی: م/ عدنان بارام.

**ئاداب:**

**٤٨- حوكم و ئادابەكانی قەرزدان و قەرزكردن و قەرزدانەوە:**

**نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.**

**٤٩- برایەتی نێوان موسڵمانان، نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.**

**٥٠- ئاداب ودەستوری گفتوگۆكردن: ئامادەكردنی: م/ ستار ئاریانی.**

**٥١- نیعمەتی برایەتی، گرنگێتی، ئادابەكانی، مافەكانی،**

**دانانی:** فيصل بن عبده الحاشدي اليمني، **وەرگێڕانی: كامەران خالد.**

**فەتوا:**

**٥٢-گوڵبژێرێك لە فەتواكانی شێخ محمد بن صالح العثیمین،**

**وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم.**

**٥٣- فەتوای گەورە زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە** ( ابن باز و البانی و ابن عثـيمين والوادعي وصالح الفوزان ) **سەبارەت بەروونكردنەوەی حوكمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچە گەرپتی،**

**نوسینی: م/محمد عبدالرحمن .**

**٥٤- فەتوایەك سەبارەت بە ئاشوب وخراپەی رۆژنامە وگۆڤارەكان، نوسینی: شیخ محمد بن صالح العثیمین،**

**وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم.**

**ژیاننامە:**

**٥٥- زانای پایە بەرز أحمدی كوری حەنبەل، نوسینی: باوكی یوسف مجید حمید مجید.**

**٥٦- شێخی ئەلبانی، ژیاننامەو سەنای لەلای زانایان:**

**ئامادەكردنی: م/ ستار ئاریانی.**

**٥٧- ربیع بن هادی بانگێژكاری سەلەفی،**

**نوسینی: د. مبارك بن سيف الهاجری،**

**وەرگێڕانی بەدەستكاریيەوە: م/ ستار ئاریانی .**

**گشتی:**

٥٨– كاتی داهاتوو(كۆمەڵێك چیرۆك وبەسەرهاتی ڕاستەقینە)،

نوسینی: عبدالملك القاسم،

وەرگێڕانی: م/ صلاح الدین عبدالكریم.

٥٩– بگە بەكاروانی خۆشەویستانی خوا،

نوسینی: م/ محمد عبدالرحمن.

٦٠– برای لاوم چۆن بەرەنگاری ئارەزووەكانت دەبیتەوە؟

نوسینی: محمد عبدالله الدویش، وەرگێڕانی: فلاح حسن.

٦١– سەرەتایەك بۆ ناسینی فەرموودە لاوازو هەڵبەستراوەكان:

محمد ناصرالدین الالبانی، وەرگێڕانی: م/ ستار ئاریانی.

٦١– (٢٠) ئامۆژگاری بەخەلات بۆ تالبی ڕێگای نەجات:

ئامادەكردنی: م/ ستار ئاریانی.

٦٢– ڕێگامان بۆ دڵان، (٣٥) ڕێگا بۆ بەدەست هێنانی دڵانی خەڵكی،

دانانی: فیصل بن عبده الحاشدي اليمني، وەرگێڕانی: كامەران خالد.

٦٣– هۆی دابەزینی ئایەتەكان لە صەحیحی فەرموودەكان،

نوسین و ئامادەكردنی: كامەران خالد.

٦٤– لەگەڵ كێدا دادەنیشیت و هاوەڵێتی كێ دەكەیت؟

م/ محمد عبدالرحمن

www.ba8.org